MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای

موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

پێگەی یاسایی

هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان

# پێگەی یاسایی
# هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان

**فەرسەت سۆفی عەلی**

**هەولێر - ٢٠٠٨**


دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **پێگەی یاسایی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان**
- نووسینی: فەرسەت سۆفی عەلی
- نەخشەسازی ناوەوە: طــه حسین
- بەرگ: ئاسۆ مامزادە
- ژمارەی سپاردن: (١٨٣٥)
- نرخ: (٣٥٠٠) دینار
- چاپی یەکەم : ٢٠٠٨
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب (٣١٣)**



هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە



ماڵپەڕ: **www.mukiryani.com**

ئیمەیل: **info@mukiryani.com**

# ناوەڕۆك


پێشەکی ١

**بەشی یەکەم**

چەمکی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان ٧
کورتەی مێژوویی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان ٩
هەرێمە بەنێو دەوڵەتی کراوەکان لە سەردەمی کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان تا ساڵی ١٩١٩ ١١
هەرێمە بەنێو دەوڵەتی کراوەکان لەسەردەمی کۆمەڵەی گەلان ١٩
هەرێمە بەنێو دەوڵەتی کراوەکان لەسەردەمی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) ٢٩
پێناسە و تایبەتمەندی و ماف و ئەرکی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان ٤٣
پێناسەی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان ٤٥
تایبەتمەندی و مەرجەکانی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان ٥١
ماف و ئەرکی هەرێمە بەنێو دەوڵەتی کراوەکان ٦١

بەشی دووەم

هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان و سیستەمە هاوشێوەکانی ٦٧
دوڵەتانی سەروەری ناتەواو- هەرێمە بەخودموختاری نەگەیشتوەکان ٦٩
سیستەمی پاشکۆیەتی و پارێزگاری ٧١

**تەوەری دووەم**

سیستەمی ماندێت و راسپاردەیی ٧٥
هەرێمە بەخودموختاری نەگەیشتووەکان ٨٣
ئەو یەکانەی بارێکی تایبەتیان هەیە ٨٩
حکومەتی تاراوگە — هەرێمە دیفاکتۆکان ٩١
ڤاتیکان- دەوڵەتانی هەمیشە بێلایەن- مایکرۆ دەوڵەتەکان ١٠٣
سیستەمی یەك دەوڵەت و دوو رژێم ١١٧
خاڵە لێکچوو جیاوازەکان لە نێوان هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان ١٢٧
هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان و دەوڵەتانی سەروەری ناتەواو ١٢٩
هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان و ئەویەکانەی بارێکی تایبەتیان هەیە ١٣٣

**بەشی سێیەم**

کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی و دانپێدانان بە هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان ١٣٩
کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی و هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان ١٤١
چەمکی کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی ١٤٥
کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان ١٥٣
دانپێدانان و هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان ١٥٧
چەمکی دانپێدانان ١٥٩
دانپێدانان بە هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان و هەندێ یەکەی دیکە ١٦٩

**بەشی چوارەم**

توێژینەوەی باری یاسایی هەندێ نموونە ١٧٩
پێگەی یاسایی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ژێر بڕیاری (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایش ١٨٣
سروشت و بنەماکانی بڕیاری (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایش ١٨٥
پارێزگاری نێودەوڵەتی و پێگەی یاسایی هەرێمی کوردستانی عێراق ١٩٧
تەیموری خۆرهەڵات لە قۆناغی گواستنەوە (١٩٩٩-٢٠٠٢) ٢٠٥
کورتەیەك لە مێژووی تەیموری خۆرهەڵات ٢٠٧
بەنێو دەوڵەتی کردنی تەیموری خۆرهەڵات لە قۆناغی گواستنەوە ٢١٣
هەرێمی کۆسۆڤا ٢٢٩
دەروازەیەك بۆ ناسینی هەرێمی کۆسۆڤا ٢٣١
بەنێو دەوڵەتی کردنی هەرێمی کۆسۆڤا ٢٣٥
هەرێمی دارفۆر ٢٤٥
پێناسەیەك بۆ هەرێمی دارفۆر ٢٤٧
ئاراستەکانی بەنێودەوڵەتی کردنی هەرێمی دارفۆر ٢٥١
کۆتایی ٢٥٩

له بنەڕەتدا ئەو پەرتوکەی بەردەستتان بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەست هێنانی ماستەرنامەی نووسەر کە بە پلەی زۆر باشە پەسەند کرا و هەریەکە لەم بەڕێزانەی خوارەوە لیژنەی گفتوگۆکردن بوون:

١- پ. ی. د. شێرزاد ئەحمەد نەجاڕ- سەرۆك

٢- پ. ی. د. پشتیوان عەلی عەبدولقادر- ئەندام

٣- د. عەبدولمەلیك یونس حەمەد- ئەندام

٤- د. نەژدەت سەبری ئاکرەیی- ئەندام و سەرپەرشتیار

# پێشەکی

سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردن لەسەدەی نۆزدەیەم سەری هەڵداوەو دواتریش لەسەردەمی کۆمەڵەی گەلان و نەتەوە یەکگرتووەکان کۆمەڵێك شارو هەرێم بەنێودەوڵەتی کران. ئەو سیستەمە لە پێناو بەرجەستەکردنی چارەسەری گونجاو بۆ ناکۆکی و بەرژەوەندییە هاودژەکان هاتۆتەدی و پشتی بەستووە بە عورفی نێودەوڵەتی. لەژێر سەرپەرشتی رێکخراوی نێودەوڵەتی یان بە پێی پەیماننامەیەکی بە کۆمەڵ بەرێوە دەبرێن و سیستەمەکەش بەردەوامە و گرنگی تایبەتی خۆشی هەیە، بۆیە هەوڵمانداوە لەم توێژینەوەیە بە پشت بەستن بە کۆمەڵێك سەرچاوەی زانستی پێگەی یاسایی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان دیاری بکەین.

**یەکەم: گرنگی توێژینەوە**

١- بەو پێیەی بەنێودەوڵەتی کردن سیستەمێکی تارادەیەك نوێیە و توێژینەوەی یاسایی کەمی لەسەرکراوە، بۆیە ئامادەکردنی توێژینەوەیەك بۆ دیاری کردنی پێگەی یاسایی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان گرنگی خۆی هەیە.

٢- بوونی توێژینەوەیەکی یاسایی زانستی بە زمانی کوردی هەنگاوێکی باشە و درێژە پێدەری چەند نموونەیەکی تری کەمە لەم بوارە. نەخاسمە ئەو ناونیشانە کە ئەتوانین بە نۆبەرە لە نێو زمانی کوردی هەژماری بکەین.

٣- لەم توێژینەوەیە وێرای هەرێمە بە نێودەوڵەتی کراوەکان کۆمەڵێك سیستەم و قەوارەی تریش باس کراون. ئەمەش بۆ هەرێمی کوردستان گرنگی خۆی هەیە، بەشێوەیەك کە بتوانین سوود لە ئەزموون و تایبەتمەندی ئەو سیستەم و قەوارانە وەربگرین.

٤- خاڵێکی تری گرنگ بریتییە لە بەردەوامی و کاریگەری سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردن.

٥- یەکێك لە پرنسیپە سەرەکیەکان بۆ ئەو هەرێمانەی بەنێودەوڵەتی کراون پێگەیاندن و پێشخستنی هەرێمەکانە، هەروەها لە بەر چاوگرتنی خواستی دانیشتوانیانە بۆ دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان، ئەمەش بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق گرنگە، بەڵکو بەنێودەوڵەتی کردن



بۆ ئاینده یەکێك بێت لە داخوازیەکانمان و بتوانین لە ژێر سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان مافی چارەنووسی خۆمان دیاری بکەین.

**دووەم: ئامانجەکانی توێژینەوە**

١- هەوڵدانێکە بۆ دیاری کردنی پێگەی یاسایی ئەو هەرێمانەی بەنێودەوڵەتی کراون، بەتایبەتی کە ئەو هەرێمانە نەکەوتوونەتە ژێر رژێمێکی یاسایی جێگیر و دیاری کراو.

٢- بە خوێندنەوەو هەڵێنجان (استنباط) لە باری هەرێمە بە نێودەوڵەتی کراوەکان و ئەو سیستەم و قەوارانەی بارێکی تایبەتیان هەیە دەتوانین پێگەی یاسایی هەرێمی کوردستانی عێراق دیاری بکەین.

٣- بەو پێیەی کە مافی چارەنووسی پرنسیپێکی سەرەکییە لە سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردن، مەبەستمانە کە سیستەمەکە بۆ ئەو گەلانەی پیادەی مافی چارەنووسیان نەکردووە بە رێگا چارەیەکی پۆزەتیڤی دابنێین.

٤-ئامانجمانە کە سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردن وەك رێگە چارەسەرێکی ئاشتیانەی ناکۆکییەکان بناسێنن.

**سێیەم: دیاری کردنی کێشەی توێژینەوە**

١- لە بنەڕەتدا سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردن کێشەی ئەو هەرێم و ناوچانە دەخاتە روو کە ململانێیان لەسەرە. لە پێناو زاڵ بوون بەسەر ناکۆکییەکان و دۆزینەوەی رێگە چارەسەری ئاشتیانە ئەو هەرێم و ناوچانە دەخرێنە ژێر سەرپەرشتی و چاودێری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان لە زۆربەی بارەکان گرنگی ستراتیجیان هەیە، جا چ لە بواری نەتەوەیی بێت یان ئابوری و ئاینی یان هەر لایەنێکی دیکە. بەو پێیەی کە سیستەمەکە نەکەوتۆتە چوارچێوەی رژێمێکی یاسایی جێگیر و پشتی بەستووە بە عورفی نێودەوڵەتی، تا ئاستێکی زۆر رەهەندی سیاسی بەسەر سیستەمەکە دا زاڵە و بەرژەوەندی دەوڵەتانی زلهێز رۆڵ دەبینێ لە ئایندەی ئەو هەرێمانەی خراونەتە ژێر سیستەمەکە.

٢- لایەنێکی تری کێشەی توێژینەوەکەمان ئەوەیە کە ئێمە لە هەرێمی کوردستانی عێراق نەمان توانیوە رەهەندی نێودەوڵەتی بۆ مەسەلەی کورد بقۆزینەوە، بەتایبەتی ئەو بارودۆخەی کە لە ژێر بڕیاری (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ هەرێمی کوردستان هاتەدی.

٣- هەروەها کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی و دانپێدانان بە هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان تێڕوانینی جیا هەڵدەگرێت ئاخۆ ئەو هەرێمانە کەسێتی نێودەوڵەتیان هەیە، ئەگەر هەیانە چ جۆرە کەسێتییەکی نێودەوڵەتییە؟. بۆ دانپێدانانیش بە هەمان شێوە.

**پێنجەم: بەربەستەکانی بەردەم توێژینەوە**

کەمی سەرچاوەی زانستی پێویست و نەبوونی ئەحکامی یاسایی لەسەر هەرێمە بەنێو دەوڵەتی کراوەکان، یەکێك بوو لەو خاڵانەی کە کێشەی بۆ دروست کردین لە نووسینی ئەو توێژینەوەیە. بۆیە زیاتر پشتمان بە هەڵێنجان و بەراووردکردن بەست. هەروەها زۆربەی هەرە زۆری ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستمان بوو بە زمانی عەرەبی نووسرابوون، وەرگێرانیان بۆ زمانی کوردی لایەنێکی تری گرفت بوو. هەروەها هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان لەگەڵ کۆمەڵێك سیستەم و باری تری تایبەت زۆر لێك نزیکن، بۆیە جیاکردنەوەو هەڵاوێرکردنیان ئاسان نەبوو.

**شەشەم: میتۆدی توێژینەوە**

١- لەم توێژینەوەیە بە پلەی یەکەم پشتمان بەستووە بە میتۆدی شیکاری.

٢- هەروەها توێژینەوەی بار (دراسة الحالة) وەك میتۆدێك بۆنووسینی توێژینەوەکە بەکارهاتووە.

٣- میتۆدی بەراووردکاری (مقارن) بۆ بەراووردکردنی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان لەگەڵ ئەو دەوڵەت و هەرێمانەی سەروەرییان ناتەواوەو ئەو یەکانەش کە بارێکی تایبەتیان هەیە کاری پێ کراوە، ئەمە وێرای بەراووردی هەرێمی کوردستانی عێراق لەگەڵ چەند نموونەیەك لە هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان و ئەو هەرێمانەی بارێکی تایبەتیان هەیە.

٤- میتۆدی وسفی لەو توێژینەوەیە لەبەرچاوگیراوە ئەمە جگە لە کارکردن بە میتۆدەکانی هەڵێنجان و خوێندنەوە.

**حەوتەم: پلانی توێژینەوە**

توێژینەوەکەمان لە چوار بەش پێك دێت بەم شێوەیە:

**١-بەشی یەکەم:** چەمکی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکانی بەخۆوە گرتووە، کە تیایدا کورتەی مێژوویی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان لە هەرسێ قۆناغی پێش دروست بوونی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و سەردەمی کۆمەڵەی گەلان و سەردەمی نەتەوە یەکگرتووەکان باسکراوە.

هەر لە بەشی یەکەم پێناسە و تایبەتمەندی و ماف و ئەرکی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان خراوەتە روو.

**٢-بەشی دووەم:** ئەو بەشە لە چوارچێوەیەکی بەراووردکاری هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان و سیستەمە هاوشێوەکانی بەخۆوە گرتووە. ئاماژە کراوە بۆئەو دەوڵەت و هەرێمانەی



سەروەرییان ناتەواوە، وەك (سیستەمی پاشکۆیەتی — پارێزگاری- مانـدێت — راسپاردەیی — ئەو هەرێمانەی نەگەیشتوونەتە خود موختاری) . دواتر ئەو یەکانە خراونەتە روو کە بارێکی تایبەتیان هەیە، وەك (حکومەتی تاراوگە — هەرێمە دیفاکتۆکان — ڤاتیکان — دەوڵەتانی هەمیشە بێلایەن — مایکرۆ دەوڵەتەکان — سیستەمی یەك دەوڵەت و دوو رژێم — ناوچە جەمسەریەکان — سیستەمی بەرێوەبردنی هاوبەش — ئەو دەوڵەتانەی بەمەرج دەبنە ئەندام لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی). ئینجا گرنگترین خاڵە جیاواز و لێکچووەکان لە نێوان هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان و سیستەمە هاوشێوەکانی باسکراون.

**٣-بەشی سێیەم:** لەم بەشە لە ژێر ناوی کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی و دانپێدانان بە هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان لە چوارچێوەی دوو باس کەسێتی یاسایی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان و دانپێدانان بەو هەرێمانە خراونەتە روو.

**٤-بەشی چوارەم:** ئەو بەشە وەك دواین بەش تەرخان کراوە بۆ توێژینەوەی باری یاسایی هەندێ نموونە، کە بریتین لە (هەرێمی کوردستانی عێراق لە ژێر بریاری((٦٨٨))ی ئەنجومەنی ئاسایش — تەیموری خۆرهەڵات لە قۆناغی گواستنەوە — هەرێمی کۆسۆڤا — هەرێمی دارفۆر).

هەروەها لە کۆتایی توێژینەوەکەش کۆمەڵێك ئەنجام وپێشنیار خراونەتە روو٠

# بەشی یەکەم

## چەمکی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان

## (مفهوم الاقاليم المدولة)

# بەشی یەکەم

## چەمکی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان

## (مفهوم الاقاليم المدولة)

**ئامادەکاری و دابەش کردن:**

سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردن تاڕادەیەك سیستەمێکی نوێیە و سەرەتای سەرهەڵدانی بۆ سەدەی نۆزدەیەم دەگەڕێتەوە. سیستەمەکە لە سەدەی بیستەم لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و دووەم زیاتر فراوان بوو، بەڵام لەبەڵێننامەی کۆمەڵەی گەلان (عصبة الآمم) و چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژەی بۆ نەکرا، هەر بۆیەش ئەم سیستەمە ناکەوێتە ژێر بنچینەی یاسای نێودەوڵەتی جێگیر.

لەبەرئەوە لەبەشی یەکەمی توێژینەوەکەمان هەوڵدەدەین چەمکی بەنێودەوڵەتی کردن بخەینە چوارچێوەی بنچینەکانی یاسای نێودەوڵەتی، وەك هەنگاوێك بۆ چارەسەری یاسایی سیستەمەکە.

**باسی یەکەم:** کورتەی مێژوویی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان.

**باسی دووەم:** پێناسە و تایبەت مەندی و ماف و ئەرکی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان.

## باسی یەکەم

# کورتەی مێژوویی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان

### دابەش کردن:

تەوەری یەکەم: هەرێمە بەنێو دەوڵەتی کراوەکان لەسەردەمی کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان تاساڵی ١٩١٩

تەوەری دووەم: هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان لەسەردەمی کۆمەڵەی گەلان

تەوەری سێیەم: هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان لەسەردەمی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN).

## تەوەری یەکەم

# هەرێمە بەنێو دەوڵەتی کراوەکان لەسەردەمی کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان تا ساڵی ١٩١٩

بەمەبەستی گەیشتن بەچارەسەری ناکۆکی و ململانێکان لەسەر هەندێ ناوچە کە گرنگی ستراتیژی و ئابووری و مرۆیی و ئاینیان هەبوو، بۆیەکەم جار لە کۆنگرەی ڤیەننا لەساڵی ١٨١٥ سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردن خرایە روو، هەرچەندە پێش ئەوکۆنگرەیەش هەندێ هەرێم و شوێنی ستراتیژی خرانە ژێرسەرپەرشتی بەکۆمەڵی دەوڵەتان، وەك دەردەنیل و سویس و پەنما و دانۆب و راین، بەڵام ئێمە لەم دەروازەیە ئاماژە بۆ ئەو هەرێمانە دەکەین کە لە دوای کۆنگرەی ڤیەننا لە ساڵی ١٨١٥ بەنێو دەوڵەتی کراون یان پێشنیاری بەنێودەوڵەتی کردنیان خراوەتە ڕوو تا دروست بوونی کۆمەڵەی گەلان لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی. هەرێمە بەنێو دەوڵەتی کراوەکان لەو قۆناغەدا بەدەوڵەتی مەدەنی سەربەخۆ ناودەبران[1].

### یەکەم: پێشنیاری بەنێودەوڵەتی کردنی ئیستانبوڵ ( قوستەنتەنیەی ئەو کات)

دوو پرۆژە بۆ بەنێودەوڵەتی کردنی ئیستانبوڵ خرانەروو، بەڵام هیچ کامیان نەکەوتنە واری جێبەجێ کردن. پرۆژەی یەکەم لەلایەن فەرەنسا لە ساڵی ١٨٩٥ خرایە روو کە کۆمارێکی بازرگانی ئازاد دروست بکرێت و ئیستانبۆڵ و ناوچەکانی دەوروبەری بگرێتە خۆ بە شێوەیەك

(١) جیرهارد فان غلان، القانون بین ألامم، ترجمة: عباس العمر، ج١، منشورات دار الأفاق الجدیدة، بیروت، بەبێ ساڵی چاپ، ل٨٦.



کە بکەوێتە ژێر سەرپەرشتی هاوپەیمانی پیرۆز (التحالف المقدس)، هاوپەیمانێتیەکە پێك هاتبوو لە ( نەمسا — فەرەنسا — بەریتانیای گەورە — برۆسیا — روسیا — ئیتاڵیای یەکگرتوو). پرۆژەی دووەم لە هەمان ساڵ لەلایەن روسیا پێشکەش کراو تیایدا پێشنیاری بەنێودەوڵەتی کردنی ئیستانبۆڵ کرا، بەڵام سەرەڕای هاوپەیمانی پیرۆز روسیا پێشنیاری کرد کە هاوپەیمانی ئەوروپییش بەشدار بێت لەسەرپەرشتی کردنی بەنێودەوڵەتی کردنی ئیستەنبۆڵ[1].

### دووەم: پێشنیاری بەنێودەوڵەتی کردنی مۆنتی ئسۆس (Mount athos)

روسیا لە ساڵی ١٩١٣ لە کۆنگرەی باڵوێزەکان لە لەندەن پێشنیاری بەنێودەوڵەتی کردنی ئەم ناوچەیەی کرد کە بکەوێتە ژێربەڕێوەبردنی هاوبەشی دەوڵەتانی ئاینی مەسیحی ئەرسەدۆکسی، کە بریتی بوون لە روسیا و بولگاریا و مۆنتینیگرۆ (جبل ألاسود) و سربیا و رۆمانیا و یۆنان[2]. ناوچەی مۆنتی ئسۆس شوێنێکی پیرۆز بوو، بۆیە روسیا پێشنیاری بەنێودەوڵەتی کردنی کرد، بەڵام پێشنیارەکە نەکەوتە واری جێبەجێ کردن و مۆنتی ئسۆس (جبل أثوس) بووە بە شێك لە یۆنان[3].

### سێیەم: بەنێو دەوڵەتی کردنی شاری کراکاوی ئازاد (Cracow)

دوای ئەوەی (ناپلیۆن) شکستی خواردو پێداچوونەوە کرا بە نەخشەی سیاسی ئەوروپا.هەرێمی کراکاو یەکێك بوو لەو ناوچانەی ناکۆکی لەسەر بوو.هەریەکە لە برۆسیا و نەمسا و روسیا و بەریتانیای گەورەو فەرەنسا لایەن بوون لە ناکۆکییەکان[4]. کراکاو بەشێك بوو لە پۆڵنداو هەریەکە لە روسیا و نەمسا دەیان ویست بیخەنە سەر خاکی خۆیان. لەکۆنگرەی ڤیەننا لە ساڵی ١٨١٥ بڕیاردرا کراکاو بکرێتە هەرێمێکی بەنێو دەوڵەتی کراو[5]. ئەوەبوو لە

(١) د. خلیل سامي علي مهدي، النظریة العامة للتدویل في القانون الدولي المعاصر، ط١، بەبێ شوێنی چاپ، ١٩٩٦، ل٢٢.

(٢) مصطفی احمد فؤاد، النظام القانوني للاماكن المقدسة، كلیة حقوق، جامعة طنطا،مصر، ١٩٩٠،ل٢٨

(٣) د.خلیل سامي علي مهدي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣.

(٤) د. ولید بیطار، القانون الدولي العام، ط١، مؤسسة الجامعیة للدراسات والنشر والتوزیع، بیروت، ٢٠٠٨، ل٥٣٨.

(٥) د.عزالدین فودة، قضیة القدس في محیط العلاقات الدولیة، بیروت،١٩٦٩، ل١٥١.

(٣)ی مایۆی ساڵ ١٨١٥ بە پێی پەیماننامەیەك دەستوری بەنێودەوڵەتی کردن بۆ هەرێمەکە داڕێژرا. بەو پێیە هەرێمی کراکاو کەوتە ژێر سەرپەرشتی هەریەکە لە نەمسا و بروسیا و روسیا. دەستوری بەنێودەوڵەتی کردن ئەوەی چەسپان کە کراکاو هەرێمێکی سەربەخۆ و بێلایەنە هەروەها بەنێودەوڵەتی کردنی کراکاو لەسەر رەزامەندی دانیشتوانی هەرێمەکە نەبوو، بەڵکو لە ئەنجامی رێکەوتنێکی بەکۆمەڵی دەوڵەتانی ئەوروپی هاتە ئارا.

لە ساڵی ١٨٣٠ بۆ ماوەی سێ مانگ کراکاو لەلایەن هێزەکانی روسیا داگیرکرا. لە ساڵی ١٨٣٣ کۆمەڵێك هەموارکردن لەدەستوری کراکاو کران دەسەڵاتەکانی هەرێمەکە زیادکران، تا بە پێی پەیماننامەیەك لەنێوان برۆسیا و نەمسا و روسیا بڕیار درا کراکاو بە نەمسای مەجەری بلکێندرێت[1].

## چوارەم: بەنێودەوڵەتی کردنی شەنگەهای (مستوطنة شنغهاي)

شەنگەهای ئەو مستەوتەنەیە بوو کە هێزە کۆلۆنیالە ئەوروپییەکان لەسەر خاکی چین دروستیان کرد، ئەمەش دوای شکستی چین لە ساڵەکانی ١٨٤٠ تا ١٨٤٢. ئەوە بوو چین لەبەردەم بازرگانی ئەوروپی و ئەمریکی کرایەوە. هەر لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە چین هەرێمی هۆنگ کۆنگی دایە بەریتانیا و دواتریش مافی نیشتەجێکردن بە هاوولاتیانی بەریتانی درا لەشەنگەهای و هەندێ کانتۆنی تری چینی[2]. بەریتانیا ئەم سەرکەوتنەی لەگەڵ هێزە ئەوروپییەکان و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دابەش کرد و هەریەکە لە فەرەنسا و بەلجیکا و هۆڵندا و پورتوگال و برۆسیا و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش مافی نیشتەجێ کردنیان لە شەنگەهای و کانتۆنەکانی تری چین وەرگرت. شەنگەهای لە ساڵی ١٨٤٥ لەلایەن فەرەنسا و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا بە هاوبەشی بەڕێوەدەبرا، لەسەر ئەو بنەمایەی کە چین توانای پارێزگاری کردنی نیە لێی.

(١) رائد فوزي داود، فكرة التدويل في القانون الدولي و تطبيقاتها في ضوء قرارات الآمم المتحدة المتعلقة بمدينة القدس العربي، مركز الأمارات للدراسات والبحوث الأستراتيجية التابع للقيادةالعامة للقوات المسلحة بدولة الامارات، بەبێ ساڵی چاپ، ل ٢٩-٣١.

(٢) أبراهيم نافع، الصين معجزة نهاية القرن العشرين، ط١، مركز الأهرام للتنمية والنشر، قاهرة، ١٩٩٩، ل٣١٧.



لەساڵی ١٨٦٢ فەرەنسا لەو بەڕێوەبردنە هاوبەشە کشایەوەو تاك لایەنە دەستی بەسەر لایەکی شەنگەهای داگرت. بەنێو دەوڵەتی بوونی شەنگەهای لەنێوان بەریتانیا و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا مایەوە[1]. بەڕێوەبردنی شەنگەهای هەموو دەسەڵاتەکانی بەخۆوە گرتبوو، هەروەها چین مافی وەرگرتنی باجی بەسەردانیشتوانی شەنگەهای نەمابوو. وێڕای ناکۆکییەکان و روودانی شۆرش و ململانێ لە ساڵانی (١٩١١-١٩١٢) رەوشی مستەوتەنەی شەنگەهای هەروەك خۆی لەژێر سەرپەرشتی نێودەوڵەتی مایەوەو بەرەو گەشەکردن رۆیشت. سیستەمەکە بەردەوام بوو تا لە جەنگی دووەمی جیهانی لەلایەن یابان داگیرکراو لە ساڵی ١٩٤٤ سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردن کۆتایی هات، دوای جەنگی یەکەمی جیهانیشەنگەهای گەڕایەوە بۆ چین[2].

## پێنجەم: دەوڵەتی کۆنگۆی ئازاد (Congo free state)

بیرۆکەی بەنێودەوڵەتی کردنی کۆنگۆ لەلایەن پادشای دووەمی بەلجیکا (لیۆبۆڵد) هاتەئارا. ئەوەبوو بانگهێشتی کۆنگرەیەکی جیهانی کرد بۆ ئابوریناسانی جیهان لەبرۆکسل بۆ گەیاندنی شارستانی بەوهەرێمە کە پێشتر داگیرنەکرابوو. بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەك بەسەرۆکایەتی پادشای بەلجیکا (لیۆبۆلد) پێك هات و نوێنەری هەریەکە لە ئەڵمانیا و فەرەنسا و ئەمریکا یارمەتی دەری بوون، ئامانجی لیژنەکە سەرەتا زانستی بوو، بەڵام دواتر گۆڕانی بەسەرداهات بۆ ئامانجی بازرگانی و ئابوری و سیاسی، هەربۆیەش بەرژەوەندی هێزە ئەوروپییەکان دووچاری بەگژیەکداچوون هات. بەوهۆیەشەوە لە (١٥)ی نۆڤێمبەری ساڵی ١٨٨٤ کۆنگرەیەکی تایبەت بە کۆنگۆ لەبەرلین بەستراو نوێنەری وولاتانی (بەلجیکا – دانیمارك – بەرتیانیا – ئیتاڵیا – هۆڵندا – تورکیا – ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) تیایدا بەشداربوون. لە ٢٦ی فێبرایەری ١٨٨٥ لەبەررۆشنایی گۆنگرەکە گەڵاڵە نامەیەك ئامادەکراو تیایدا رێکەوتن لەسەر بەنێودەوڵەتی کردنی کۆنگۆ وەك هەرێمێکی ئازاد لە ژێر

(١) فەرمانگەی زانیاریەکانی ئەنجومەنی دەوڵەتی کۆماری گەلی چین، خودموختاری هەرێمایەتی بۆ کەمینە نەتەوەییەکان لە(چین)، وەرگێرانی لە ئینگلیزیەوە:مەجید ئاسنگەر، ئامادەکردنی: تاریق جامباز، لە چاپ کراوەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان،٢٠٠٦، ل١١٧.

(٢) د.خليل سامي علي مهدي، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥-٤٦.

سەرپەرشتی نێودەوڵەتی. بەنێودەوڵەتی کردنی کۆنگۆ تا ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٠٨ درێژەی هەبوو، پاشان بووە ناوچەیەکی کۆلۆنیالی ژێردەستی بەلجیکا[١].

### شەشەم: حکومەتی نێودەوڵەتیی کریتی (Crete)

کریت ئەو دوورگەیە بوو کە ناکۆکی و ململانێی نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و یۆنانی زیاتر دەکرد. ١٨٪ دانیشتوانی دوورگەکە تورك بوون و ٨٠٪ یۆنانی بوون[٢]. دوورگەی کریت لە ساڵی ١٨٩٧ کەوتە ژێر سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردن، هەریەکە لە بەریتانیا و فەرەنسا و روسیا و ئەڵمانیا و نەمسا و مەجەر و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و یۆنان سەرپەرشتی سیستەمەکەیان دەکرد بەهاوبەشی. لە (٢٩)ی فێبرایەری ساڵی ١٨٩٩ دەستورێك کە لە (١١٤) مادده پێك هاتبوو بۆ بەنێودەوڵەتی کردنی (کریت)دانرا، بەڵام لە دەستوورەکە هیچ ماوەیەك بۆ کۆتایی بەنێودەوڵەتی کردن دانەنرابوو.بەنێو دەوڵەتی کردنی کریت تا ساڵی (١٩٠٨)ی خایاند و لەوکاتەوە دوورگەکە بووە بەشێك لە یۆنان[٣].

### حەوتەم: بەنێودەوڵەتی کردنی ئەلبانیا

لەدوای ساڵی (١٥٧١) ئەلبانیا کەوتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکان سەرەڕای دروست بوونی بزوتنەوەی هەڵگەراوەو شۆرشەکان لە ئەلبانیا، بەڵام ئیمراتۆریەتی عوسمانی توانی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەلبانیا بپارێزێت[٤]. تا لە ساڵانی (١٩١٢-١٩١٣) کاتێك ململانێکان لەناوچەی بەلقان بەتوندی دەستیان پیکرد و عوسمانیەکان لەسەردەستی هاوپەیمانی بەلقان کە پێك هاتبوون لە (سربیا ومۆنتینیگرۆو یۆنان) شکستی خوارد. ئەمەش لە بەرژەوەندی روسیادا بوو، چونکە بووە مایەی زیادبوونی پێگەی لەناوچەکە، لەهەمان کات ئەم گۆرانە مەترسی هەبوو بۆ

(1) Charles. G. Fenwick, International Law, 3rd edition, New York, p.140.

(٢) باری دوورگەی کریت هاوشێوەی دوورگەی قوبرسە کە لە بەشی دووەم روونی دەکەینەوە.

(٣) د. خلیل سامي علي مهدي، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣. بۆزیاتر زانیاری بروانە:د.سالم یوسف الکسواني، المرکز القانوني لمدینة القدس، رسالةدکتوراه، کلیة الحقوق، جامعة القاهرة، ١٩٧٧، ل١٦٣.

(٤) کۆمەڵێك شۆرش دژی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەلایەن دانیشتوانی ئەلبانیا لەساڵەکانی (١٧٦٠-١٨٢٢-١٨٣١) بەرپابوون. بۆزیاتر زانیاری بروانە: محمد سامي عبدالحمید،اصول القانون الدولي العام، الجلد الاول، ط١، مؤسسة الشباب الجامعیة، مصر، ١٩٧٢، ل٢٠١.



سەر بەرژەوەندیەکانی نەمسای مەجەری و ئەڵمانیا. ناکۆکی عوسمانیەکان و یۆنان و مۆنتینیگرۆ لەسەر ئەلبانیا دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ١٨٧٨.

ئەلبانەکان ئومێدیان بەو گۆرانە سیاسیانە هەبوو کە لەساڵی ١٩٠٨ لە تورکیا بەرپابوون، بەڵام ئەوانیش بۆیان لە سولتان عەبدول حەمیدی عوسمانی باشتر نەبوون، هەر بۆیەش لە ساڵانی (١٩٠٩-١٩١١-١٩١٢) دەستیان بە شۆرش کردەوە، بەڵام ئەمجارەیان لە ژێر پاڵپەستۆی ئامادەکاریەکانی جەنگی هاوپەیمانی بەلقان بوو دژی عوسمانیەکان. کاتێك لە ساڵی ١٩١٢ جەنگی بەلقانی یەکەمی بەڵقان دەستی پێکرد، ئەلبانیا هەڵوێستی یەکلاکەرەوەی وەرنەگرت. لەلایەك نەیان دەویست هاوپەیمانی لەگەڵ عوسمانیەکان بکەن، لەلایەکی تر مەترسیان هەبوو لە مۆنتینیگرۆ و یۆنان کە دەیان ویست ئەلبانیا لەنێوان خۆیان دابەش بکەن. تا گەیشتە ئەوەی بەشێکی ئەلبانەکان بچنە پاڵ سوپای هاوپەیمانی بەلقان، بەڵام ئەنجومەنی نیشتمانی ئەلبانی بریاری دا پاڵپشتی تورکیا بکات[١].

دوای ئەوەی تورکیا شکستی هێنا سەرکردەی ئەوکاتی ئەلبان(ئیسماعیل کەمال فلۆرا) لە(٢٧)ی نۆڤێمبەری ساڵی ١٩١٢ بەهاوکاری نەمسا و مەجەر و ئیتاڵیا سەربەخۆیی ئەلبانیای راگەیاند، بەڵام روسیا و فەرەنسا پاڵپشتی هاوپەیمانی بەلقانیان کرد بۆ دابەش کردنی ئەلبانیا ئەمەش پانتایی ناکۆکییەکانی زیاتر کرد. ئەوە بوو بەریتانیا لە کۆنگرەی باڵوێزەکان لەلەندەن لە ساڵی ١٩١٢ کێشەی ئەلبانیای خستە بەر باس و بەرەزامەندی هەریەکە لەفەرەنسا و ئیتاڵیا پێشنیارکرا کە ئەلبانیا سەربەخۆ بێت لەژێر بەرێوەبردنی نێودەوڵەتی[٢].
لە (٢٩) یۆلیۆی ساڵی ١٩١٣ بریار درا کە ئەلبانیا بارێکی نێودەوڵەتی تایبەتی هەبێت و بکرێتە هەرێمێکی بەنێودەوڵەتی کراوی بێلایەن بە پێی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

ا- ئەلبانیا میرنیشینێکی بۆماوەیی سەربەخۆیە کە هێزە گەورەکان ( بەریتانیا، ئیتاڵیا، ئەڵمانیا، مەجەر، نەمسا) گەرەنتی پاراستنی دەکەن.

ب - هەموو پەیوەندییەکی سەروەری لەنێوان ئەلبانیا و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەڵدەوەشێتەوە.

ج- ئەلبانیا دەبێ بێلایەنی خۆی بپارێزێت.

(١) د.صلاح الدین عامر، قانون التنظیم الدولي، ط٣، دار النهضة العربیة، القاهرة،١٩٨٤، ل١٢٥.

(٢) رائد فوزي داود، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨.

ج- لیژنەیەکی چاودێری نێودەوڵەتی بۆلایەنی دارایی و مەدەنی ئەلبانیا پێك دەهێنرێت کە نوێنەری دەوڵەتانی گەورەو ئەلبانیای تێدایە.

د- ئەم لیژنەیە بۆ ماوەی ١٠ ساڵ بەردەوام دەبێت و لەتواناشی هەیە لەکاتی پێویست ماوەکە درێژ بکرێتەوە.

هـ- دەبێ لە ماوەی (٦) مانگ میری ئەلبانیا دیاری بکرێت و لەکاتی دیاری کردنی حکومەتی نیشتمانی و دەسەڵاتە ناوخۆییەکان و هێزی پۆلیسیش دەکەونە ژێر چاودێری لیژنەیەکی نێودەوڵەتی.

و- بۆ پارێزگاری لە ئاسایش و ئارامی ئەلبانیا ئەفسەرێك لە سوپای سویدی دادەمەزرێ و هێزە گەورەکان موچەیان بۆ دابین دەکەن.

سەرەڕای بوونی گرفت لە جێ بەجێ کردنی سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردنی ئەلبانیا سیستەمەکە بەردەوام بوو تا (٩)ی یۆلیۆی ساڵی ١٩١٤ کە دەستپێکی جەنگی یەکەمی جیهانی بوو. سەرەتای دەستپێکی جەنگ ئەلبانیا لەلایەن یۆنان و ئیتاڵیا و سربیا داگیرکرا، دواتر لە ساڵی ١٩١٦ لەلایەن هێزە هاوبەشەکانی بولگاریا و نەمسا داگیرکراو بەیەکجاری سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردن کۆتایی هات[(١)].

---

(١) د. خليل سامي علي مهدي، سەرچاوەی پێشوو، لا ٧٣- ٧٥. بۆ زیاتر زانیاری بروانە:د.عزالدين فودة، سەرچاوەی پێشوو،لا٢٥

## تەوەری دووەم

## هەرێمە بەنێو دەوڵەتی کراوەکان لەسەردەمی کۆمەڵەی گەلان

کۆمەڵەی گەلان لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی هاتە کایەوە، یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی لە ساڵی ١٩٢٠ بەست و لەسەرەتادا نزیکەی (٦٠) دەوڵەت [١] ئەندام بوون تیایدا[٢]. لە پێشەکی بەڵێننامەی کۆمەڵەی گەلان هاتبوو کە ئامانجی کۆمەڵە دروست کردنی هاوکاریە لەنێو گەلان و گەرەنتی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکات. بەڵێننامەی کۆمەڵەی گەلان لە (٢٦) ماددە پێك هاتبوو، ئەو دەوڵەتانەی دەبوونە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان دەبوایە بۆ ئەو ئامانجانە تێبکۆشن:

١- وەرگرتنی دەوڵەتان لە کۆمەڵە بەوەبەندە کە پەنا نەبەنە بەرجەنگ.

٢- پەیوەندیەکان بە ئاشکرا دەبن و لەسەربنەمای دادپەوەری دادەمەزرێن.

٣- دەبێ بنچینەکانی یاسای نێودەوڵەتی ڕێزیان لێ بگیرێت و پەیڕەویان لێ بکات.

٤- بەدیهێنانی دادپەروەری و ڕێزگرتنی پابەندییەکان کە لە پەیماننامەکان بڕیاریان لەسەر دراوە[٣].

(١) نجدت ئاکرەیی، ڕێکخراوە نیودەوڵەتییەکان ،توێژینەوە، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (٦)، حوزەیرانی ١٩٩٨، ل٩٩.

(٢) (٢٧) دەوڵەت ئەندامی دامەزرێنەری کۆمەڵەی گەلان بوون، هەروەها (١٣) دەوڵەتی بانگێشتکراو(المدعوون)بوون هەروەها لە ساڵی ١٩١٩تا ساڵی ١٩٣٩(٢١) دەوڵەتی دیکە بوونە ئەندام تیایدا(الاعضاء المنضمون)، بەو پێیە هەموو دەوڵەتانی جیهان جگە لە( ئەمریکا، منشوکو، نیپال، یەمەن، سعودیە) ئەندامی کۆمەلەی گەلان بوون . بۆ زیاتر زانیاری بروانە: د.محمدالمجذوب، التنضیم الدولي، ط٨، منشورات الحلبی الحقوقیة، ٢٠٠٦، ل١٦٠-١٦١.

(٣) د. علی صادق ابوهیف، القانون الدولی العام، منشاة المعارف، اسکندریة، بەبێ ساڵی چاپ، ل٢٥٢.



کۆمەڵەی گەلان لەچوار دەزگای سەرەکی پێك هاتبوو بەم شێوەیە:

١- ئەنجومەنی کۆمەڵە: کەلە شەش ئەندامی هەمیشەیی و (٩) ئەندامی کاتی کە بە هەڵبژاردن بە پێی دابەش بوونی جوگرافی دیاری دەکران.

٢- کۆمەڵەی گشتی: نوێنەری هەموو دەوڵەتانی ئەندام تیاید بەشدار بوون.

٣- ئەمینداری گشتی: بە کۆی دەنگەکانی ئەنجومەنی کۆمەڵە هەڵدەبژێردراو دەبوایە کۆمەڵەی گشتی بە زۆرینەی دەنگ رای لەسەر دەبا.

٤- دادگای دادی نێودەوڵەتی بەردەوام[١].

بەهۆی جەنگی یەکەمی جیهانی کۆمەڵەی گەلان هەڵوەشایەوە[٢]. لە سەردەمی کۆمەڵەی گەلان چەند هەرێمێك کەوتنە ژێر سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردن لە خوارەوە روونیان دەکەینەوە.

### یەکەم: شاری دانزیگ (Free City of Danzig)

شاری دانزیك کەوتۆتە سەر بەحری بەلتیق و هەریەکە لە ئەڵمانیا و پۆڵۆنیا داوای ئەم شارەیان دەکرد[٣]. لەکاتی دانوسانەکان بۆ کۆتایی هێنان بەجەنگی یەکەمی جیهانی پۆڵۆنیا بەهۆی لایەنی ئابوری و نەبوونی دەروازەیەکی ئاوی دەیویست شاری دانزیگ بخاتە ژێر دەستی خۆی، ئەڵمانیاش بە کارکردن بە پرنسیپی نەتەوایەتی بەو پێیەی کە زۆربەی دانیشتوانی ئەم شارە ئەڵمانی بوون. لەنێوان ئەم دوو داواکاریە دژەدا شاری (دانزیگ) کەوتە ژێر سیستەمێکی نێودەوڵەتی تایبەت کە کۆمەڵەی گەلان سەرپەرشتی بەرێوەبردنی سیستەمەکەی دەکرد.

بەپێی پەیماننامەی (فرسای) لەماددەکانی (١٠٠ تا ١٠٨) هەروەها بە پێی ڕێکەوتننامەی نێوانی دانزیگ و پۆڵۆنیا لە (٩)ی نۆڤێمبەری ساڵی ١٩٢٠ سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردنی دانزیگ ڕێك خرا[٤].

(١) نجدت ئاکرەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٩، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. سموحي فوق العادة، القانون الدولي العام، مطبعةالانشاد، دمشق، ١٩٦٠، ل٥٨٢-٥٨٣.

(٢) سیستەمی ماندێت لە سەردەمی کۆمەڵەی گەلان بریاری لێدرا، دواتر لە بەشی دووەم روونی دەکەینەوە.

(٣) جیرهارد فان غلان، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٦.

(٤) د. سموحي فوق العادة، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٧-٢٨٨.

## ١- پێگەی یاسایی شاری دانزیگ

هەرچەندە (دانزیگ) دەوڵەت نەبوو، بەڵام وەك قەوارەیەكی نێودەوڵەتی سەربەخۆ سەیری دەكرا و كەوتبووە ژێر بنچینەكانی یاسایی نێودەوڵەتی گشتی[1]. شارێكی ئازادبوو، دەستوری تایبەتی خۆی هەبوو، دەسەڵاتەكانی یاسا دانان و جێبەجێ كردن و دادوەری بە پێی دەستور دیاری كرابوون [2].

دانزیگ دراوی تایبەتی خۆی هەبوو بەناوی (Gulden) كە ئەمە كاریگەری زۆری هەبوو لەسەر گەشەی ئابوری ئەم شارە هەروەها ئاڵای تایبەت و سوپا و پۆلیسی خۆشی هەبوو. بە پێی ماددە (١٠٥) لە پەیماننامەی فرسای دانیشتوانی دانزیگ رەگەزنامەی دانزیگیان دەبێت. هەروەها دەسەڵاتی یاسا دانان لە رێگای هەڵبژاردن لەلایەن دانیشتوانی دانزیگ دیاری دەكرا، دەسەڵاتی یاسا دانانیش دەسەڵاتی جێبەجێ كردن دەست نیشان دەكا، هەروەها دەسەڵاتی دادوەری لەلایەن لیژنەیەكی تایبەت كە دەسەڵاتی یاسادانان رۆڵی هەبوو لە دیاری كردنی هەڵدەبژێردرێن[3]. كۆمەڵەی گەلان راسپێردراوێكی هەمیشەیی هەبوو لە شاری دانزیگ كە ئەركی سەرەكی بریتی بوو لە یەكلاكردنەوەی ناكۆكییەكانی نێوان پۆڵۆنیا و دانزیگ. دانزیگ لە هەندێ رووەوە بەسترابووەوە بە پۆڵۆنیا بەتایبەتی لە رووی گومرگی و هێڵی ئاسنین و كاروباری پۆستە.

ئەنجومەنێك بۆ سەرپەرشتی كاروباری هاوبەشی نێوان دانزیگ و پۆڵۆنیا پێك هات كە جگە لەنوێنەری پۆڵۆنیا و دانزیگ ئەنجومەنەكە لەلایەن نوێنەری كۆمەڵەی گەلان سەرۆكایەتی دەكرا. هەروەها پۆڵۆنیا سەرپەرشتی كاروباری دەرەوەی دانزیگی دەكرد و مافی هەبوو كە كەشتیە بازرگانیەكانی بەدانزیگ تێپەڕبن[4]. ئەركی سەرەكی كۆمەڵەی گەلان لە سێ خاڵ خۆی دەبینیەوە لە شاری دانزیگ:

ا- گەرەنتی جێبەجێكردنی دەستورو پاراستنی سیستەمی دیموكراتی لە دانزیگ.
ب- پارێزگاری كردن لە دانزیگ دژی هەر دەستدرێژیەك كە بكرێتە سەری.
ج- یەكلاكردنەوەو چارەسەری ناكۆكییەكان لەنێوان پۆڵۆنیا و دانزیگ[5].

(١) د. علي صادق ابوهيف، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣١.
(٢) د. محمدالمجذوب، الوسيط في القانون الدولي العام، دار الجامعية، بيروت ١٩٩٩، ل١٦٠.
(٣) د. خليل سامي علي مهدي، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣-١٠٥.
(٤) د.سموحي فوق العادة، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٧.
(٥) د. خليل سامي علي مهدي، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٢.



## ٢- چارەنووسی كۆتایی شاری دانزیگ

لە ساڵی ١٩٣٢ دادگای دادی نێودەوڵەتی هەمیشەیی (محكمة العدل الدولية الدائمة) لە بۆچوونێكی راوێژكاری (استشاری) ئەو شێوازە مامەڵەیەی كە دەسەڵاتی ناوخۆیی دانزیگ بەرامبەر كەمینە پۆڵۆنیەكان گرتیە بەر بە پێشێلكاری دانا. كێشەو ململانێكان قوڵتربوونەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٣٩ دانزیگ لەلایەن ئەڵمانیا داگیركرا. دوای جەنگی یەكەمی جیهانی شاری دانزیگ بووە بەشێك لە پۆڵۆنیا لە ژێرناوی گدانسكا (Gdanska). لە ساڵی ١٩٣٩ ژمارەی دانیشتوانی دانزیگ بریتی بوو لە (٤١٢) هەزار كەس، بەڵام دوای ئەوەی كە چووە سەر پۆڵۆنیا زۆربەی دانیشتوان كۆچیان كرد بۆ ئەڵمانیا و لە ساڵی ١٩٤٩ ژمارەی دانیشتوانی شارەكە بووە (١٧٦) هەزار كەس[1].

## دووەم: بەنێودەوڵەتی كردنی هەرێمی سار (مقاطعة السار –Lasarre)

فەرەنسا لە ساڵی ١٩١٩ داوای ئەم ناوچەیەی كرد، وەك قەرەبوویەك لە ئەنجامی ئەو زەرەرانەی لەلایەن ئەڵمانیا بە كانەكانی رەژووی (فحم) باكوری فەرەنسا كەوت[2]. ئەمریكا و بەریتانیا دژی ئەمە وەستان، بەتایبەتی سەرۆكی ئەمریكای ئەوكات (ولسۆن) نەیدەویست ناوچەیەك دانیشتوانەكەی ئەڵمانی بن بچێتە سەر فەرەنسا، تا گەیشتە ئەوەی هەموو لایەك رێكەوتن كە سیستەمێكی تایبەت بە پێی پەیماننامەی فرسای لە ماددەكانی (٤٥-٥٠) لەم ناوچەیە دابمەزرێنن[3].

بە پێی پەیماننامەكە ئەڵمانیا دەبێ بۆ ماوەی (١٥) ساڵ واز لە هەرێمی (سار) بێنێ و لێژنەیەك لەلایەن كۆمەڵەی گەلان بۆ بەرێوەبردنی ناوچەكە رادەسپێردرێت. فەرەنسا بۆی هەبوو لەو ماوەیە كانەكانی رەژوو لە هەرێمی (سار) بەكاربهێنێ و لە دوای كۆتایی هاتنی ماوەی (١٥) ساڵ راپرسیەكی جەماوەری بۆ دیاری كردنی چارەنووسی ناوچەكە ئەنجام دەدرێت، ئاخۆ دەگەڕێتەوە سەر ئەڵمانیا یان دەبێتە بەشێك لە فەرەنسا، یان وەك هەرێمێكی بەنێو دەوڵەتی

(١) د سموحي فوق العادة، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٨.
(٢) د. علي صادق ابوهيف، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣١.
(٣) د.سموحي فوق العادة، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٩.

كراو بمێنێتەوە. لەساڵی ١٩٣٥ راپرسیەك بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دراو ٩٠٪ دەنگیان بۆ ئەوەدا كە بگەڕێنەوە بۆ سەر ئەڵمانیا[١].

### ١- پێگەی یاسایی هەرێمی سار

كۆمەڵەی گەلان بۆماوەی پازدە ساڵ لە ڕێگای لێژنەیەكی تایبەت هەرێمی سار بەڕێوە دەبات، لیژنەكە لە (٥) ئەندام پێك هاتبوو بەم شێوەیە، یەك ئەندام فەرەنسی و یەك ساری و سێ ئەندامیش كۆمەڵەی گەلان بۆ ماوەی یەك ساڵ دیاریان دەكات و بڕیارەكانیش بەزۆرینە دەردەكرێن. سەرۆكی لیژنە لەلایەن كۆمەڵەی گەلان دیاری دەكرێت. لیژنەكە رۆڵی گرنگی هەبوو لە جێبەجێ كردنی یاساكان و بەڕێوەبردنی هەرێمەكە.

لە ساڵی ١٩٣٢ دوو دەزگای نوێ دروست بوون كەیارمەتی دەری لیژنەكەی كۆمەڵەی گەلان بوون بۆ بەرێوەبردنی هەرێمەكە، یەكەمیان لیژنەی توێژینەوە بوو كە لەدانیشتوانی ناوخۆیی هەرێمی سار پێك هاتبوون، دووەمیشیان ئەنجومەنی راوێژكاری بوو كە لە (٣٠) ئەندام پێك هاتبوون و بەدەنگدانی گشتی و بەشێوازی نوێنەرایەتی ڕێژەیی هەڵدەبژێردران. دانیشتوانی هەرێمی سار رەگەزنامەی ئەڵمانیان هەبوو، لەو ماوەیەشدا كە كەوتبوونە ژێر سیستەمی بەنێو دەوڵەتی كردن[٢].

### ٢- چارەنووسی كۆتایی هەرێمی سار

دوای جەنگی دووەمی جیهانی جارێكی تر هەرێمی سارلە ئەڵمانیا جیاكرایەوە لە رووی ئابوری و گومرگی بە فەرەنسا لێكندرایەوە. لەساڵی ١٩٤٧ لە چوارچێوەی دەستورێكی تایبەت سیستەمی حوكم تیایدا دیاری كرا، هەرێمی سار لە ماوەی نێوان ساڵەكانی ١٩٥٠ تا ١٩٥٣ رێكەوتنامەی زۆری لەگەڵ فەرەنسا گرێدا، هەروەها هەرێمەكە لەو ماوەیە سەربەخۆیی خۆی هەبوو، دەسەڵاتەكانی یاسا دانان و جێبەجێ كردن و دادوەری پیادەی كاری خۆیان دەكرد. دانیشتوانی هەرێمی سار ئەو كات (٩٠٠) هەزار كەس دەبوون و فەرەنسا كاروباری دەرەوەو بەرگری هەرێمەكەی بەرێوە دەبرد. لە ساڵی ١٩٥٤ لەنێوان ئەڵمانیا و فەرەنسا رێكەوتنێك كرا

(١) د. محمد المجذوب، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦١.

(2) YdiT Meir, Internationalised Territories, D.RER.Pol. A.W.Sythoff, Leyden, 1961, p.170.



كە هەرێمی سار ناوچەیەكی ئەوروپی بێت، بۆ جێبەجێ كردنی ئەم رێكەوتنە لە ساڵی ١٩٥٥ راپرسیەكی جەماوەری لە هەرێمی سار ئەنجام دراو زۆرینەی رەها رێكەوتنەكەیان رەت كردەوە. لە ساڵی ١٩٥٦ فەرەنسا و ئەڵمانیا رێكەوتن كە هەرێمی سار بگەڕێتەوە سەر ئەڵمانیا[١]. كە ئەمەش خواستی دانیشتوانی هەرێمی سار بوو.

## سێیەم : بەنێو دەوڵەتی كردنی ناوچەی تەنجە (منطقة طنجة)

ناوچەی تەنجە پێگەیەكی جوگرافی گرنگی هەیە و بەهۆی گرنگیەكەی كەوتە ژێر سیستەمی بەنێودەوڵەتی كردن. هەریەكە لە فەرەنسا و ئیسپانیا و بەریتانیا لە (١٨)ی دیسێمبەری ساڵی ١٩٢٣ لەسەر بەنێودەوڵەتی كردنی ناوچەی تەنجە رێكەوتن. سیستەمەكە لە (٢٥)ی جولای لە ساڵی ١٩٢٨ بە تەواوی كاری پێكراو ئیتاڵیا كرایە سەرپەرشتیاری سیستەمەكە. دواتر هەریەكە لە بەلجیكا و هۆڵەندا و پورتوگال و سوید چوونە ناو رێكەوتنەكە. بە پێی ئەو رێكەوتنە بۆ ماوەی (١٢) ساڵ سیستەمی بەنێودەوڵەتی كردن بۆ تەنجە دیاری كرا، لەبەرواری (١٤)ی ئەپرێلی ساڵی ١٩٢٤ دەستی پێكرد و دەشتوانرا بە شێوەی لەخۆوە (تلقائی) درێژ بكرێتەوە. سیستەمی بەرێوەبردنی ناوچەی تەنجە لە ساڵی ١٩٣٦ هەروەها لە ساڵی ١٩٤٨ درێژ كرایەوە[٢].

### ١- پێگەی یاسایی ناوچەی تەنجە

هەریەكە لە بەریتانیا و فەرەنسا بە دوو ئاراستەی جیاواز كاریان بۆ دانانی سیستەمی بەنێودەوڵەتی كردنی ناوچەی تەنجە دەكرد، بەریتانیا دەیویست تەنجە هەرێمێكی نێودەوڵەتی تەواو بێت، بەڵام فەرەنسا جەختی لەسەر ئەوە دەكرد كە تەنجە بكەوێتە ژێر سەروەری و فەرمان رەوایی مەغریب. باری بەنێودەوڵەتی كردنی تەنجە جیاوازی هەبوو لەگەڵ نمونەكانی تری بەنێودەوڵەتی كردن كە لە دوای دروست بوونی كۆمەڵەی گەلان هاتنە ئارا، ئەویش ئەوە بوو كە ناوچەی تەنجە بە پێی رێكەوتن لە نێوان چەند دەوڵەتێك بە نێودەوڵەتی كرا، نەك بە بڕیاری كۆمەڵەی گەلان[٣].

(١) د. محمد المجذوب، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦١.

(٢) د. سموحي فوق العادة، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٩.

(٣) رائد فوزي داود ،سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤.

## ٢- پرنسیپە گشتییەکانی بەنێودەوڵەتی کردنی ناوچەی تەنجە

سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردنی ناوچەی تەنجە لەسەر سێ پرەنسیپ دامەزرابوو، ئەوانیش بریتی بوون لە بەنێودەوڵەتی کردن و بێ لایەنی و یەکسانی ئابوری. پرنسیپی یەکەم کە **بە نێودەوڵەتی کردن** بوو لە ڕێگای چوار دەزگا بەڕێوە دەچوو بەم شێوەیە:

ا- کۆمەڵەی یاسا دانانی نێودەوڵەتی، ئەم کۆمەڵەیە لە (٢٦) ئەندام پێك هاتبوو، نوێنەرێك سەرۆکایەتی دەکرد. (١٧) نوێنەر بە نوێنەرایەتی دەوڵەتانی بێگانە لە کۆمەڵەکە بوون و (٩)شیان نوێنەرایەتی دانیشتوانی ناوچەی تەنجە بوون، ئەم کۆمەڵەیە دەسەڵاتی یاسادانان و کاروباری داراییان هەبوو[1].

ب- حاکمێك لەگەڵ دوو یاریدەدەر لەلایەن کۆمەڵەی یاسادانان دیاری دەکرێن کە ئەوانە دەسەڵاتی جێبەجێ کردنیان هەیە و (٤٠٠) کەسیان لە ژێر دەستە بۆ پاراستنی ئاسایش (٢٠٠) یان ئەوروپی بوون و (٢٠٠) یش مەغریبی، ئەفسەرێکی بەلجیکی بە پلەی عەقید سەرۆکایەتی دەکردن.

ج- لیژنەی چاودێری لە (٨) ئەندام پێك هاتبوو، ئەو لیژنەیە چاودێری چۆنیەتی جێبەجێ کردنی سیستەمی یەکسانی ئابووری و بنچینەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن دەکات.

د- دادگایەکی هاوبەش کە پێك هاتبوو لە دادوەرانی فەرەنسی و بەریتانی و ئیسپانی سەیری کاروباری بێگانەکان دەکەن لەناوچەی تەنجە.

پرنسیپی دووەم کە **بێلایەنیە** ئەوە قەدەغە دەکات تەنجە پەرەپێدانی سوپایی بەخۆوە بگرێت، جگە لە هێزەکانی ئاسایش کە دیاری کراون. بە پێی ڕێکەوتن لەکاتی پێویست دەتوانرێت سوپای فەرەنسا و ئیسپانیا بەناوچەی تەنجە تێپەڕبن، بەڵام نابێت لە (٢٤) کاتژمێر زیاتر بمێننەوە، بەڵام ئەمە دووجار پێشێل کرا، یەکەمیان لەکاتی جەنگی ناوخۆیی ئیسپانیا کە هێزەکانی ئیسپانیا لە ماوەی نێوان ٢٠ تا ٣٠ جولای ساڵی ١٩٣٦ لەوناوچەیە مانەوە، دووەمیش لەکاتی جەنگی دووەم هێزەکانی ئیتاڵیا لە (٣)ی نۆڤێمبەر تا (١٢) دیسێمبەری ساڵی ١٩٤٠ تیایدا مانەوە.

سەبارەت بە پرنسیپی سێیەم کە **یەکسانی ئابورییە**، دەرگا کرایەوە بۆ هەموو لایەك لە ڕووی ئابوری و بازرگانی وەك ناوچەیەکی ئازاد[2].

(1) Ydit Meir,Op.cit.,p.177

(٢) د. محمد المجذوب، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٢.



## ٣- جەنگی دووەمی جیهانی و ناوچەی تەنجە

لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانی تەنجە بە دوو قۆناغ تێپەڕی:

ا- سوپای ئیسپانیا دەستی بەسەرداگرت و لە ساڵی ١٩٤٠ سیستەمی بە نێودەوڵەتی کردنی لەو ناوچەیە ڕەت کردەوەو بەتەواوی ناوچەی تەنجەی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی .

٢- دوای ئەوەی هاوپەیمانان لە جەنگی دووەم سەرکەوتن داوای گەڕانەوەی سیستەمی نێودەوڵەتیان بۆ ناوچەی تەنجە کرد و لە کۆنگرەی (بۆتسدام) کە لە (٢)ی ئۆگستی ساڵی ١٩٤٥ هەریەکە لە فەرەنسا و بەریتانیا و ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت لە چارتی پاریس جەختیان لەسەر بەنێودەوڵەتی کردنەوەی ناوچەی تەنجە کردەوە[1]. هەمان ڕۆژ فەرەنسا و بەریتانیا ڕێکەوتن لەسەر هەموارکردنی ڕێکەوتننامەی ساڵی ١٩٢٣ هەروەها پرۆتۆکۆلی ساڵی ١٩٢٨ ئەویش بەوەی کە هەریەکە لە ئەمەریکا و سۆڤیەت دەبنە ئەندام لە لیژنەی چاودێری، هەروەها ژمارەی ئەندامانی بێگانە لە لیژنەی یاسادانان لە (١٧) ئەندام زیاد دەبێت بۆ (٢١) ئەندام. هەرلەم هەموار کردنە هەندێ دەسکەوت کە پێشووتر بۆ ئیتاڵیا تەرخان کرابوون لابران، هەروەها ئیسپانیا ئاگادارکرایەوە کە بکەوێتەوە نێو سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردن، ئەوە بوو لە (١٥)ی سێبتمبەری ساڵی ١٩٤٥ ئیسپانیا هێزەکانی لەناوچەی تەنجە کێشایەوە. دوای ئەوەی مەغریب سەربەخۆیی وەرگرت لە ساڵی ١٩٥٦ لە کۆنگرەیەك لە شاری (محەمەدیە) سازدرا بوو، هەریەکە لە بەلجیکا و ئیسپانیا و ئەمریکا و فەرەنسا و ئیتاڵیا و هۆڵندا و بەریتانیای تێدابوو، بڕیاری لابردنی سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردن لەسەر ناوچەی تەنجە دراو دوای ماوەیەکی کورت گەڕایەوە بۆ مەغریب[2].

## چوارەم: بەنێودەوڵەتی کردنی لیتشیا (Leticia)

هەرێمی لیتشیا جێگای ململانێی نێوان وڵاتی پیرۆ و کۆلۆمبیا بوو. بە پێی پەیماننامەیەك لە ساڵی ١٩٢٢ پیرۆ دەستی هەڵگرتبوو لە هەرێمەکە بۆ کۆلۆمبیا، بەڵام دواتر هەر بە خۆشی پەلاماری هەرێمەکەی داو دەستی بەسەرداگرت، هەر بۆیەشە کێشەکە خراپە بەردەم کۆمەڵەی گەلان و لیژنەیەك پێك هات بۆ چارەسەری ڕەوشەکە. نوێنەری هەریەکە لە گواتیمالاو ئیرلەنداو

(١) دسموحي فوق العادة، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٧

(٢) د. محمد المجذوب، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٣.

ئیسپانیا لە لیژنەکە دانران، بەڵام لیژنەکە نەیان توانی بگەنە ئەنجام و جارێکی تر شەڕ لەنێوان پیرۆو کۆڵۆمبیا سەری هەڵدایەوە[1].

لە ساڵی ١٩٣٣ کۆمەڵەی گەلان بڕیاری دا لیژنەیەکی نێودەوڵەتی کە لەلایەن کۆمەڵەی گەلان دیاری دەکرێت دەبێ سەرپەرشتی هەرێمەکە بکات و بەڕێوەی ببات. ئەم لیژنەیەش پێك هاتبوو لە نوێنەری (ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەرازیل، ئیسپانیا) دواتر هێزەکانی پیرۆ لە لیتشیا کشانەوەو ئاڵای تایبەتی لیژنەکە و ئاڵای کۆڵۆمبیا لە هەرێمەکە هەڵکرا. کاروباری گشتی و پاراستنی ئاسایش و پێشکەش کردنی راپۆرتی خولیش (دوری) بۆ کۆمەڵەی گەلان خرایە ئەستۆی لیژنەکە. بەنێو دەوڵەتی کردنی لیتشیا کە کەمتر لە ساڵێکی خایاند و لە (٢٤)ی ئەپریلی ساڵی ١٩٣٣ سیستەمەکە کۆتایی هات و لیتشیا گەڕایەوە بۆ سەر کۆڵۆمبیا[2].

## پێنجەم: پێشنیاری بەنێودەوڵەتی کردنی هەرێمی میمیل (Memel)

ژمارەیەك هەرێم بەنێودەوڵەتی کردنیان نەکەوتە واری جێبەجێ کردن و هەر لە چوارچێوەی پرۆژە و پێشنیار مایەوە لەوانەش هەرێمی (میمیل). ئەو هەرێمە رووبەرەکەی بریتیە لە ٢٨٣٠کم٢ هەرێمەکە بەشێك بوو لە رۆژهەڵاتی بروسیا.لەساڵی ١٩١٩ لە پەیماننامەی فرسای ئەڵمانیا دەستی هەڵگرت لە سەروەری خۆی لەسەر هەرێمی میمیل لەبەرژەوەندی هاوپەیمانان لەو کاتە فەرەنسا بەناوی هاوپەیمانان هەرێمەکەی بەڕێوە دەبرد. لەساڵی ١٩٢٤هەرێمەکە وەك ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی بووە بەشێك لە لیتوانیا، لەساڵی ١٩٣٨زۆرینەی دانیشتونی ئەو هەرێمە داوایان کرد ببنەبەشێك لە ئەڵمانیا. لەساڵی ١٩٣٩ لیتوانیا دەستی لەو هەرێمە هەڵگرت تا لە ساڵی ١٩٤٨ بۆ لیتوانیا گەڕایەوە[3].

لە ساڵانی ١٩٢١ تا ١٩٢٣ ژمارەیەك پێشنیار بۆ چارەنووسی هەرێمە میمیل خرانەروو. لەوانەش بەنێودەوڵەتی کردنی هەرێمەکەبوو بەشێوەیەك کە پۆڵەندا و لیتوانیا مافی تایبەتیان لەسەر هەرێمەکە پێبدرێت و (میمیل) هاوشێوەی (دانزیگ) بە نێودەوڵەتی بکرێت، هەروەها هەرێمەکە بکەوێتە ژێر سەرپەرشتی راسپێردراوێك کەلەلایەن کۆمەڵەی گەلان دیاری بکرێت.

(1) Ydit Meir,op.cit.,p.60

(٢) د. خلیل سامي علي مهدي،سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٧.

(٣) بڕوانە ئنسکلوپیدیای ئەڵمانی:

Der Fischer Welta lmanach 2007: Zahlen, Daten, Fakten, Fischer Taschenbuch Verlag, Frank furt am Main, 2006, ل٢٧٠.



لە ساڵی ١٩٢٣ بەهۆی چارەسەرنەبوونی ململانێکان کێشەی هەرێمی میمیل درایە کۆمەڵەی گەلان. لیژنەیەك لەئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان بۆ رێگە چارەی کۆتایی دانراو لە ساڵی ١٩٢٤ لیژنەکە بەرەزامەندی لیتوانیا گەیشتە ئەو دەرەنجامە کە (میمیل) لە ژێر سەرپەرشتی نێودەوڵەتی دابێت و لەلایەن ئەنجومەنێك بەڕێوەببرێت کەلە سێ کەس پێك دێت و یەکێکیان لیتوانیەو ئەویتر لەهەرێمی میمیل و سێیەمیشیان کە سەرۆکی ئەنجومەنەکەیە لەلایەن کۆمەڵەی گەلان دیاری دەکرێت. بەڵام ئەمە هەر لە چوارچێوەی پرۆژەمایەوەو نەکەوتە واری جێ بەجێ کردن[1].

## شەشەم: پێشنیاری بەنێودەوڵەتی کردنی شاری فیوم (Fiume)[2]

هەرێمی فیوم ناوچەیەك بوو هەر لە ساڵی ١٧٧٩ وەك یەکەیەکی سیاسی سەربەخۆ لەلایەن میرنشینی مەجەر دانی پێدانرابوو. دانیشتوانی هەرێمەکە پێك هاتبوون لە ئیتاڵی و سلاڤی، دوای شکستی نەمسا و مەجەر لە ساڵی ١٩١٨ هەرێمەکە کەوتە دەستی یوگسلافیا، پاشان بە هاوبەشی لەلایەن (ئیتاڵیا، فەرەنسا، بەریتانیا، ئەمریکا) داگیرکرا[3]. ئەمەش بووە مایەی سەر هەڵدانی ناکۆکی بەتایبەتی لەنێوان ئیتاڵیا و یوگۆسلاڤیا. بۆیە پرۆژەی بەنێودەوڵەتی کردنی شاری (فیوم) لەلایەن و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێشکەش کرا، دواتر بۆ هەمان مەبەست فەرەنسا پرۆژەیەکی پێشکەش کرد، بەڵام هیچ یەکێکیان جێبەجێ نەبوون[4].

(١) د. خلیل سامی علی مهدی ، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٦.

(٣) فیوم بەندەرێکە کەوتۆتە کرواتیا، ژمارەی دانیشتوانی بریتیە لە (١٤٢) هەزار کەس. لە ساڵی ١٩٢٤بووە بەشێك لە ئیتالیا، دواتر لە ساڵی ١٩٤٧ بووە بەشێك لە یوگسلافیا. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: ئنسکلۆپیدیای ئەڵمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٤.

(3) Ydit Meir, op.cit.,p58.

(٤) د. خلیل سامی علی مهدی،سەرچاوەی پێشوو، ل١١٦.

## تەوەری سێیەم

### هەرێمە بەنێو دەوڵەتی کراوەکان لەسەردەمی نەتەوە یەککگرتووەکان (UN)

لە گەرمەی جەنگی دووەمی جیهانی بیر لەوە کرایەوە کە ڕێکخراوێکی نوێ وەك ئەلتەرناتیڤی کۆمەڵەی گەلان بێننە کایەوە.بۆ ئەو مەبەستەش کۆمەڵێك هەوڵ وکۆبوونەوەو ڕاگەیەندراو خرانە ڕوو،دوایینیشیان لە سان فرانسیسکۆ لە ٢٦-٦/١٩٤٥، پەنجاو یەك دەوڵەت بەڵێننامەی دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیان مۆرکرد[1].

گرنگترین ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەمانەن:

ا- گەشەپێدانی پەیوەندییەدۆستانەکان لەنێوان گەلان.

ب- پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی.

ج - بەجێهێنانی هاوکاری نێودەوڵەتی بۆ چارەسەری کێشە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان.

د- نەتەوە یەکگرتووەکان وەك سەنتەرێکە بۆ هەماهەنگی کاروباری دەوڵەتانی ئەندام.

هـ- نووسینەوەی یاسای نێودەوڵەتی و پێشخستنی.

هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکان لە (٦) لقی سەرەکی پێك هاتووە بەم شێوەیە:

١- کۆمەڵەی گشتی (الجمعية العامة)

٢- ئەنجومەنی ئاسایش

٣- ئەنجومەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی

٤- ئەنجومەنی ڕاسپاردەیی (وصاية)

٥- دادگای دادی نێودەوڵەتی

---

(١) نجدت ئاکرەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٩. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. محمد طلعت الغنيمي، الاحكام العامة في قانون الامم، منشاة المعارف،الاسكندرية، ٢٠٠٥، ل٥٥٨ و ئەوانی دواتر.



٦- ئەمینداریێتی گشتی[1].

لە دوای دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتوەکان چەند هەرێمێك بە نێودەوڵەتی کران کە لەخوارەوە روونیان دەکەینەوە[2].

### یەکەم: بیرۆکەی بەنێودەوڵەتی کردنی ناوچە کۆلۆنیالیەکان

لەو کاتەی کە دەوڵەتی ئەڵمانیای نازی دەسەڵاتەکانی لە فراوانی دابوون و خەریك بوو دەست بەسەر جیهان دابگرێت. هەریەکە لە (چەرچل و روزفیلت[3]) چارتی ئەتلەسیان لە (١٤)ی ئابی ساڵی ١٩٤١ ئیمزا کرد و چەند پرنسیپێك خرانەروو. یەکێك لەو پرنسیپانە مافی هەموو گەلێك بوو لە هەڵبژاردنی ئەو حکومەتەی کە دەیانەوێ لە سایەی دابژین، هەروەها پرنسیپی دیاری کردنی مافی چارەنووس جەختی لەسەر کرایەوە. پرنسیپێکی تری گرنگی چارتەکە بریتی بوو لە گەڕاندنەوەی سەروەری و ئازادی بۆ ئەوانەی بەهێز لێی بێبەش کراون. هەرچەندە ئەو چارتە زیاتر پەیوەندی بە گەلانی ئەوروپی هەبوو کە بەشێوەیەکی کاتی بە هۆی داگیرکاری نازیەکان لەسەروەری و ئازادی بەسەر خاکەکانیان بێبەش بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەش چارتەکە بەهایەکی نێودەوڵەتی هەبوو لە روانگەی گەلانی ژێردەستی کۆلۆنیالیەت. یەکێك لە خاڵە گرنگەکانی چارتی ئەتلەسی بەنێودەوڵەتی کردنی ئەو هەرێم وناوچانە بوو کە کەوتبوونە ژێر دەستی کۆلۆنیالیەت.

پەیمانگەی پەیوەندیەکانی ئەتلەسی کە ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە کۆنگرەکانی (مون ترملیان) لە کەنەدا لە ساڵی ١٩٤٢، هەروەها لە (هوت سبوینگ) لە فێرجینیا لە ساڵی ١٩٤٥ جەختی لەسەر بەنێو دەوڵەتی کردنی ناوچە کۆلۆنیالیەکان کردەوە. بەشێوەیەك کە ئەو ناوچانە بخرێنە ژێر سەرپەرشتی ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەی کە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی دروست

---

(١) د. عاكف يوسف صوفان، المنظمات الأقليمية والدولية، ط١، دار الأحمدي للنشر، القاهرة، ٢٠٠٤، ل٢١١-٢١٩. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. محمد سامي عبدالحميد، د. محمد سعيد الدقاق، د. ابراهيم احمد خليفة، التنظيم الدولي، منشاة المعارف، الاسكندرية، ٢٠٠٤، ل٤٨٩ و ئەوانی دواتر.

(٢) سیستەمی ڕاسپاردەیی لە سەردەمی نەتەوە یەکگرتووەکان هاتەدی، دواتر لە بەشی دووەم روونی دەکەینەوە.

(٣) ونستون چەرچل سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی بەریتانیا بوو، هەروەها ڕۆزفیلتیش سەرۆکی ئەو کاتی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو.

دەبێت. ئەمەش بۆ ئەوەی بیرۆکەی کلاسیکی کۆلۆنیالیەت نەمێنێ، کە هەر دەوڵەتە و چەند ناوچەیەکی لە ژێر دەست بوو بەو پێیەی کە گەلانی پێشکەوتوو یارمەتی گەلانی پاشکەوتوو دەدەن. ئەو دوو کۆنگرەیەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێدان پرۆتستۆی ئاراستەی کۆلۆنیالیانەی هەریەکە لە فەرەنسا و ئیسپانیا و پورتوگالیان کرد. دواتر هەریەکە لە پارتی کرێکارانی بەریتانی و هاوبەندی (رابطة) دژایەتی بازرگانی کردن بە کۆیلەکان و ئەنجومەنی لەندەنی نێودەوڵەتی هەمان ئامانجیان هەبوو، بۆ بەنێودەوڵەتی کردنی ناوچە کۆلۆنیالیەکان. ئەو بیرۆکەیە گەشەی کرد و فراوان بوو، هەر بۆیە دەوڵەتانی کۆلۆنیالی (استعمار) دژایەتی بیرۆکەکەیان کرد و بەرپەرچیان دایەوە.(چەرچل) هەرخۆی دواتر گوتی دەبێ سنوور بۆ گرنگی چارتی ئەتلەسی دابنرێت، چونکە ئەوان لە بنەڕەتدا مەبەستیان لە چارتی ئەتلەسی بۆ گەلانی ئەوروپی بوو نەك ئەفریقیا و ئاسیا و ئەمریکای لاتینی. لە (٥)ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤١ (چەرچل) گوتی: ئێمە ناتوانین ئیمپراتۆریەتی بەریتانی لە دەست بدەین و دەست بەربدەین لەوەی بە دەستمان هێناوە. دواتر وەزیری ناوچە کۆلۆنیالیەکانی بەریتانیا (وزیر المستعمارات) بەنێودەوڵەتی کردنی ناوچە کۆلۆنیالیەکانی رەت کردەوەو بە راشکاوی ئەوەی خستە روو کە هەر پێشنیارێك بێتە پێش بۆ بەنێودەوڵەتی کردنی ناوچە کۆلۆنیالیەکان لەبەرچاوی ناگرن و دەبێ بەڕێوەبردنەکە لەلایەن بەریتانیا بێت. هەروەها وەزیری کۆلۆنیالیەت لە حکومەتی هۆڵندا لە پەنابەری (ه.ج. ڤان موك) دژایەتی خۆی بۆ بەنێودەوڵەتی کردن تەنانەت لە بواری ئابوریش دەربڕی [1]. هەروەها فەرەنساش دژایەتی خۆی بۆبەنێودەوڵەتی کردنی ناوچە کۆلۆنیالیەکان دەربڕی. ئەو دژایەتی کردنەش وای کرد لایەنگرانی بەنێودەوڵەتی کردن سەرکەوتن بەدەست نەهێنن.

### دووەم: هەرێمی تریستای ئازاد (Trieste)

هەرێمی تریستا دەروازەی ئاوی (بحری) بوو بۆ ئەوروپای ناوەڕاست هەروەها پێگەیەکی ئابوری و جوگرافی گرنگی هەبوو. ئەو هەرێمە لە پێش ساڵی ١٩١٤ بەشێك بوو لە ئیمپراتۆریەتی نەمسای مەجەری [2]. لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی هەرێمی تریستا لە ساڵی ١٩١٩ بە

(١) هنري غريمال، حركات التحرر الوطني في اسيا و افريقيا، ترجمة: د. صباح كعدان، دمشق، ١٩٩٤، ل١٣٧-١٣٩. بۆ زیاتر زانیاری بروانە: محمد جمال الدين حسين العلوي، اسرائيل وتصفية الاستعمارفي الامم المتحدة، رسالة ماجستير، معهد البحوث والدراسات العربية،١٩٧٦، ل١٤٧وئەوانی دواتر.

(٢) د. محمد المجذوب،سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٣.



ئیتالیا لکێندرا، بەڵام دوای ئەوەی ئیتالیا لە جەنگی دووەمی جیهانی شکستی هێنا بە پێی هەردوو ماددەی (٢١-٢٢) لە پەیماننامەی ئاشتی لەگەڵ ئیتالیا لە ١٩٤٧/٢/١٠ هەرێمی تریستا خرایە ژێر بەڕێوەبردنی نێودەوڵەتی و کرایە هەرێمێکی ئازاد [1].

هۆکاری سەرەکی بەنێودەوڵەتی کردنی تریستاش بۆ کێشەی سنوری نێوان یوگۆسلاڤیا و ئیتالیا دەگەڕێتەوە، بۆیە بە پێی پەیماننامەکە ئەنجومەنی ئاسایش گەرەنتی سەروەری ئەو هەرێمەی کەوتۆتە سەر شان، بەشێوەیەك کە دەستورێکی هەمیشەیی و حکومەتێکی ناوخۆیی لە هەرێمەکە هەبێت [2]. پاشکۆی شەشەمی پەیماننامەی ئاشتی لە ساڵی ١٩٤٧ لەگەڵ ئیتالیا بەم شێوازە بەڕێوەبردنی حوکم لە هەرێمی تریستا دیاری دەکات:

ا- دامەزراوەی ناوخۆی تێدا دروست دەکرێت و هەرسێ دەسەڵاتەکانی یاسا دانان و جێبەجێ کردن و دادوەری دەبێت.

ب- حاکمێکی گشتی لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایش بۆ هەرێمی تریستا دیاری دەکرێت بۆ ماوەی پێنج ساڵ، ئەو حاکمە مافی نارەزایی دەربڕینی لەسەر بڕیارەکانی دەسەڵاتە ناوخۆییەکان هەیە.

ج- رژێمێکی ئابوری تایبەتی لەو هەرێمە دەبێت، بە شێوەیەك کە تریستا مینایەکی ئازاد و کراوەیە بەرامبەر چالاکیە بازرگانیە نیودەوڵەتییەکان بە یەکسانی بۆ هەموو دەوڵەتان.

د- هەرێمی تریستا دەبێ بێلایەنی خۆی بپارێزێت (حیاد) بۆ بەرگریش لە ئاسایشی ئەو هەرێمە دابەش کراوە بۆ دوو بەش:-

بەشی (أ) لەلایەن ئەمریکاو بەریتانیا دەپارێزرێ.

بەشی (ب) لەلایەن یوگۆسلاڤیا [3].

هەروەها هەرێمی تریستا وەك دەوڵەتێك مامەڵەی لەگەڵ دەکرا کە ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایش سەرپەرشتی دەکرا، هەر چەندە بۆی نەبوو ببێتە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵام دەیتوانی لە رێکخراوە تایبەت مەندەکانی (الوكالات المتخصصة) سەربەنەتەوە یەکگرتووەکان ببێتە ئەندام. هەروەها دەسەڵاتی یاسادانان لەلایەن دانیشتوانی

(١) د. محمد حافظ غانم، مبادىء القانون الدولي العام، ط١، مطبعة نهضة، القاهرة، ١٩٥٦، ل١٩٩.

(٢) جير هارد فان غلان،سەرچاوەی پێشوو، ل٨٦.

(٣) د. محمد حافظ غانم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٩.

هەرێمی تریستا لە ڕێگای هەڵبژاردن دیاری دەکران و هەرێمی تریستا ئاڵای تایبەتی خۆی هەبوو، دەیتوانی کاروباری دەرەوەش خۆی بەڕێوەی ببات[1] ، لە ژێر چاودێری حاکمی دیاری کراو لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایش. بەهۆی ململانێی نێوان بلۆکی سەرمایەداری و سۆسیالستی نەتوانرا حاکمێك لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایش دیاری بکرێت و چەند جار مافی ڤیتۆ لەسەر ئەم مەسەلەیە بەکارهات، بۆیە سیستەمێکی کاتی لەم هەرێمە پەیڕەوکرا تا بە تەواوی دابەش کرا بۆ دوو بەش. هەریەکە لە فەرەنسا و بەریتانیا و ئەمریکا دەیان ویست کە هەرێمی تریستا بچێتە سەر ئیتاڵیا، بەڵام ئەمە بەتوندی لەلایەن یوگۆسلاڤیا ڕەتکرایەوە و یەکێتی سۆڤیەتیش پاڵپشتی یوگۆسلاڤیای دەکرد[2].

دوای ئەوە یوگۆسلاڤیا بەتەواوی بەشی (ب)ی هەرێمەکەی دەست بەسەرداگرت و کردیە بەشێك لە یوگۆسلاڤیا. دواتر بەرەزامەندی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت و بەریتانیا هەریەکە لە ئیتاڵیا و یوگۆسلاڤیا لەساڵی ١٩٥٤ گەیشتنە ڕێکەوتن کە هەرێمی تریستا بکرێت بە دوو بەش، بەشێ (أ) ڕووبەرەکەی ٨٦ میللی چوار گۆشەبوو، دانیشتوانەکەی (٣١٠٠٠٠) هەزار کەس بوون خرایە ژێر کۆنترۆڵی ئیتاڵیا[3]. بەشی (ب) ڕووبەرەکەی (١٩٩) میللی چوار گۆشە بوو دانیشتوانیشی (٧٥٠٠٠) هەزار کەس بوو چووە سەر یوگۆسلاڤیا.[4] لەگەڵ ئەوەش کە هەرێمی تریستا دابەش کرا، بەڵام بە پێی ئەو ڕێکەوتنەی لە ساڵی ١٩٥٤ کرا کۆمەڵێك خاڵی گرنگ چەسپان لەوانەش:

أ- ئیتاڵیا دانی بەوەنا کە(مینای) تریستا ئازادە و ناتوانێت باجی گومرکی بەسەر ئەو کەلوپەلانە دابنێت کە پیایدا تێپەڕ دەبن، ئەمەش بۆ یوگۆسلاڤیا گرنگ بوو.

ب- پارێزگاری کردن لەکەمایەتیەکان وەك ئەرکێك کەوتە سەر شانی هەریەکە لە ئیتاڵیا و یوگۆسلاڤیا، بەشێوەیەك کە جیاوازی ڕەگەزی نەکرێت و مافەکانی مرۆڤ بپارێزرێن.

---

(١) د. خليل سامي علي مهدي،سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٩.

(٢) د. محمد حافظ غانم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٩.

(٣) د.عبالعزيز سرحان، مبادىء القانون الدولي العام، دار النهضة العربية، القاهرة،١٩٨٠، ل٤٩٤.

(٤) جير هارد فان غلان،سەرچاوەی پێشوو، ل٨٦.



ج- ڕێکەوتنەکە ئارەزووی دانیشتوانی هەرێمەکەی فەرامۆش نەکردبوو، بەو پێیە دانیشتوانی تریستا ئازادبوون لەکام بەش دەیانەوێ هەڵبژێرن تاکو بە ئازادی تیایدا بژین [1].

لە پاشکۆی ژمارە(١) پوختەیەك لە پەیماننامەی بەنێودەوڵەتی کرنی تریستا خراوەتە ڕوو.

## سێیەم: بەنێودەوڵەتی کردنی شاری قودس[2]

ململانێ لەسەر فەلەستین بەگشتی و قودس بەتایبەتی مێژوویەکی درێژی هەیە، بەڵام ئامانجی توێژنەوەکەی ئێمە لەسەر قودس لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی دەست پێ دەکات. فەلەستین بە قودیسشەوە لە ساڵی ١٥١٧ تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی بەشێك بووە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. لە ساڵی ١٩١٧ بەریتانیا دەستی بەسەرداگرت و لە ساڵی ١٩٢٢ بەفەرمی کرایە ناوچەی ماندێتی (انتداب) ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا. یەکەم هەوڵی بەنێودەوڵەتی کردنی شاری قودس بریتی یە لە پرۆژەی لیژنەی (بیل)ی بەریتانی لە ساڵی (١٩٣٧)[3]

لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی شاری قودس بەهۆی زیادبوونی ململانێکان و باری تایبەتی شارەکەو بوونی شوێنە پیرۆزەکانی ئاینی تیایدا بە پێی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە (١٨١) کەوتە ژێر بەڕێوەبردنی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان کرایە بەرپرسیار لەسەرپەرشتی و چاودێری شاری قودس[4]. کۆمەڵەی گشتی نەتەوەی یەکگرتووەکان لە (٢٨)ی ئەپریلی ساڵی ١٩٤٧ بڕیاری دا بە دروست کردنی لیژنەیەك بەناوی (لیژنەی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە فەلەستین) بەمەبەستی لێکۆڵینەوەی باری فەلەستین و خستنە ڕووی

---

(١) د. محمد حافظ غانم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠١.

(٢) بە درێژایی(٣٠٠٠) ساڵ پێش زاین تا ئێستا قودس ئەو ناوانەی هەبووە ( یبوس- ئوروسالم- ئروسیلم- یروسالم-هیرۆسلیما- هیرۆسالیما- سولیموس- سولیما- ئیلیاکابیتولینا- بەیت لموقەدەس- زەوی پیرۆز- قەریە- قودس). بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: موسوعة المعارف الكبرى، اعداد: أ. يوسف نجيم، مجلد (١٧)، دارنوبليس، لبنان، ٢٠٠٦، ل٣٧.

(٣) رائد فوزي داود، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٥. بۆ زیاتر زانیاری بڕونە: د.عبدالعزيز سرحان، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩٤

(٤) موسى جيل الدويك، القدس والقانون الدولي ، القدس، ٢٠٠٢، ل١٢.

پێشنیار بۆ چارەسەری دۆخەکە. لیژنەکە لە جونی ساڵی ١٩٤٧ گەیشتە فەلەستین و لە ماوەی مانەوەیان (٣٦) کۆبوونەوەیان گرێدا. وێرای ئەوەی لیژنەکە جەختی لەسەر کۆتایهێنان بە ماندێتی بەریتانیا کردەوە، دوو پێشنیاریشی وەك چارەسەر خستنەروو:

ا- لەلایەن (٧) دەوڵەتی ئەندام لە لیژنەکە داوای دابەش کردنی فەلەستین بۆ دوو دەوڵەتی عەرەبی و جولەکە کرا، لەگەڵ پاراستنی سەربەخۆیی شاری قودس کە بکەوێتە ژێر سیستەمێکی نێودەوڵەتی تایبەت و لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان بەرێوەببرێت، پەیوەندی هەردوو دەوڵەتیش لە چوارچێوەی یەکێتیەکی ئابوری دابێت.

ب- پرۆژەی دووەم کە سێ دەوڵەتی ئەندام لە لیژنەکە پاڵپشتیان دەکرد، داوای دەکرد دەوڵەتێکی ئیتحادی لەنێوان عەرەب و جولەکە پێك بێت و قودس پایتەختی دەوڵەتەکە بێت.

پاشان کۆمەڵەی گشتی دوو لیژنەی دروست کرد بۆ لێکۆڵینەوەی پێشنیارەکان تا لە (٢٩)ی نۆڤێمبەری ساڵی ١٩٤٧ بەزۆرینەی (٣٣) دەنگ لە کۆمەڵەی گشتی پرۆژەی یەکەم کە بەنێودەوڵەتی کردنی قودس بوو پەسەندکرا، (١٣) دەوڵەت دەنگیان دژی پرۆژەکە داو (١٠) دەوڵەتیش ئیمتناعیان کرد لە دەنگدان[١]. بەنێودەوڵەتی کردنی شاری قودس لە رووی بەرپرسیاریەتی کەوتە ئەستۆی ئەنجومەنی راسپاردەیی. بە پێی بڕیاری بەنێودەوڵەتی کردنی قودس دەبێ ئەنجومەنی ئاسایش حاکمێك بۆ شاری قودس دیاری بکات و ئەنجومەنێکی یاسادانان کە لە (٤٠) ئەندام پێك هاتبێت یاریدەدەری دەبن. هەروەها شاری قودس لەباری بێلایەنی هەمیشەیی دادەبێت[٢].

شاری قودس وەك قەوارەیەکی تایبەتی سەربەخۆ (Gorpu separatum) حکومەتێکی نێودەوڵەتی تایبەتی دەبێت. دەبوایە ئەنجومەنی راسپاردەیی لەماوەی پێنج مانگ سیستەمێك بۆ شاری قودس دابنێت، بەشێوەیەك کە ماوەی یەکەم بۆ (١٠) ساڵ بێت، بەکۆتایی هاتنی ماوەکە دەتوانرێت پرۆژەکە جارێکی تر درێژ بکرێتەوە، بەڵام بۆ ئەم

(١) يوسف محمد يوسف القراعين، حق الشعب الفلسطيني في تقرير المصير،ط١، دار الجليل للنشر، عمان ١٩٨٣، ل٩٠. بۆ زیاتر زانیاری برونە: د. بطرس غالي، التنظيم الدولي، مكتبة الانجلوالمصري، القاهرة، ١٩٥٦، ل٣٢٢.

(٢) د. محمد حافظ غانم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٥.



درێژکردنەوەو هەموارکردنە دەبێ رەچاوی ئەو پێشنیارانە بکرێت کە خەڵکی قودس لە ئەنجامی راپرسیەك پێشەکەشی دەکەن[١].

لە (١٤)ی جونی ساڵی ١٩٥٠ ئەنجومەنی راسپاردەیی رایگەیاند کە ناتوانێ سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردنی شاری قودس جێبەجێ بکات. بۆیە کۆمەڵەی گشتی داوای لە ئیسرائیل و ئوردن کرد کە پابەندبن بە سیستەمەکەو هاریکاری بکەن بۆ جێبەجێ کردنی[٢]. پەرلەمانی ئیسرائیل لە (١٣)ی دیسێمبەری ساڵی ١٩٤٩ رایگەیاند کە قودس پایتەختی ئیسرائیلە. هەرچەندە کۆمەڵەی گشتی ئاگاداری ئیسرائیلی کردەوە کە ئەم هەڵوێستە پێچەوانەی بڕیارە نیودەوڵەتییەکان ە، بەڵام ئیسرائیل پێیەوە پابەند نەبوو[٣].

دوای بەرپابوونی شەڕی عەرەب- ئیسرائیل، بەشی رۆژئاوای قودس لەدەست ئیسرائیل و بەشی رۆژهەڵاتیش لەدەست ئوردن بوو. جارێکی تر کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕیاری ژمارە (٣٠٣) لە ١٩٤٩/١٢/٩ جەختی کردەوە کە دەبێ قودس لەلایەن سیستەمێکی نێودەوڵەتی بەڕێوەببرێت، بەڵام نە ئیسرائیل و نە عەرەبیش پابەند نەبوون بە سیستەمەکەو ململانێکان بەردەوام بوون.

ئەوەبوو لەجەنگی عەرەب و ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٦٧ قودس بە هەردوو بەشی رۆژئاواو رۆژهەڵاتی کەوتە دەست ئیسرائیل. لەو ماوەیە ئیسرائیل بە شێوەیەکی رانەگەیەندراو کاری کرد بۆ کۆنترۆڵ کردنی تەواوی قودس تا لە ١٩٨٠/٧/٣٠ لە یاسای بنەڕەتی خۆی چەسپاندی کە قودس بەهەردوو بەشی رۆژئاواو رۆژهەڵاتی پایتەختی ئیسرائیلەو بەشێکی دانەبڕاوە لە خاکەکەی. هەرچەندە ئەنجومەنی ئاسایش بە بڕیاری ژمارە (٤٧٨) لە ١٩٨٠/٨/٢٠ ئەم کارەی ئیسرائیلی بە پێچەوانەی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە قەڵەم دا، بەڵام قودس لە رووی پراکتیکی هەروەك پایتەختی ئیسرائیل مایەوەو نەبووە قەوارەیەکی بەنێو دەوڵەتی کراو[٤].

(١) د. عزالدين فودة، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٧-١٧٨.

(٢) ئوردن ئەوکات بەشی رۆژهەلاتی شاری قودسی لەدەست بوو.

(٣) د. سموحي فوق العادة، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٧.

(٤) د. ابراهيم محمد العناني، القانون الدولي العام، ط٥، دار النهضة العربية ،القاهرة،٢٠٠٤- ٢٠٠٥، ل٤١٢.

دوای ئەوەی نەتوانرا بە نێودەوڵەتی کردنی شاری قودس بکەوێتە واری جێبەجێ کردن. نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێکەوتننامەی ئۆسلۆی ساڵی **١٩٩٣** بەدواوە بەھەر چارەسەرێکی تر ڕازی بوو بۆ شاری قودس بەمەرجێك کە ئازادی شوێنە پیرۆزەکان بۆ ھەموو ئاینەکان پارێزراوبێت. لە ھەموو گفتوگۆکانی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل مەسەلەی بەنێودەوڵەتی کردنی قودس ھاتۆتەوە بەرباس و کێشەی قودس بووە مایەی شکست پێھێنانی گفتوگۆکانی کامب دیڤید(٢) لە یۆلیۆی ساڵی ٢٠٠٠. بۆیە زۆر لە چاودێرانی سیاسی (شاری قودس) بەکلیلی شەڕ و ئاشتی دادەنێن لەناوچەکە[١]. چەند چارەسەرێك لە گفتوگۆکانی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل بۆ قودس باسیان لێوەکراوە:

ا- قودس شارێکی بەنێودەوڵەتی کراوبێت، وەك ئەوەی لە بڕیاری (١٨١)ی ساڵی **١٩٤٧** لە نەتەوە یەکگرتووەکان چەسپا.

ب- قودس دابەش بکرێت، واتە بەشی قودسی ڕۆژئاوا بۆ ئیسرائل و بەشی قودسی ڕۆژھەڵات بۆ فەلەستین.

ج- قودس یەکگرتووبێت و پایتەختی دەوڵەتی ئیسرائیل بێت، بەڵام شوێنە پیرۆزەکان بۆ ھەموو ئاینەکان کراوەو ئازادبن.

د- شاری قودس یەکگرتوو بێت و ھەر بەشێکی قودس شارەوانی سەربەخۆی ھەبێت. دانیشتوانی ئەو بەشانە چی عەرەب بن یان یەھودی دەکەونە ژێر دەسەڵاتی شارەوانیەکانیان. بۆ ھەموو شاری (قودس)یش شارەوانیەکی سەربەخۆ دەبێت و ھەموو لایەنەکان نوێنەرایەتی خۆیان بۆ ئەو شارەوانیە ھاوبەشە ھەڵدەبژێرن.

ھـ- زۆربەی پرۆژەکان لەسەر ئەوە کۆك بوونە، کە شوێنە پیرۆزەکانی قودس لە ژێر بەنێودەوڵەتی کردنێکی کرداری دابن و بۆ ھەموو ئاینەکان کراوەو ئازادبن[٢].

---

(١) علي الذكري، التدويل في القانون الدولي، وتاری بڵاوکراوە لە سەر پێگەی ئەلکترۆنی:
ڕۆژی سەردان: ٢-٤-٢٠٠٧
<<http://www.siironline.org/alabwab/motamarat/011.htm>>.

(٢) رائد فوزي داود،سەرچاوەی پێشوو، لا٣٥٠ وئەوانی دواتر. بۆ زیاتر زانیاری بوانە: د. عزالدين فودة، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٧٧. ھەروەھا: د.محمد حافظ غانم ، الوجيز في القانون الدولي العام، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٧٣، لا١٢٧



پێگەی یاسایی شاری قودس لە ڕووی یاسای نێودەوڵەتی تا ئەمڕۆش وەك ھەرێمێکی بەنێودەوڵەتی کراو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، چونکە تا ئێستا بڕیاری (١٨١)ی ساڵی **١٩٤٧** ھیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەھاتووە. بە بۆچوونی ئێمە باشترین ڕێگە بۆ چارەسەری مەسەلەی قودس کارکردنە بە سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردن، واتە شاری قودس لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان چاودێری بەڕێوەبردنی بکرێت تا ماوەیەکی دیاری کراو بۆ ئەوەی لەو ماوەیە زەمینە خۆش بکرێت کە ھەردوو لایەنی ئیسرائیل و فەلەستین بگەنە ڕێگەچارەسەری کۆتایی.

## چوارەم: ھەوڵەکانی بەنێودەوڵەتی کردنی نامیبیا (ھەرێمی باشوری ڕۆژئاوای ئەفریقیا)

باشوری ڕۆژئاوای ئەفریقیا ( جنوب غرب افريقيا) بە پێی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان و لەسەر داوای دانیشتوانی ناوی گۆڕا بۆ نامیبیا [١]. ئەم ھەرێمە تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیھانی ناوچەیەکی کۆلۆنیالی ئەڵمانی بوو. لە ساڵی **١٩٢٠** ھەرێمەکە کەوتە ژێر مانەدێتی بەریتانیا و لەلایەن باشووری ئەفریقیا بە نوێنەرایەتی بەریتانیا بەڕێوە دەبرا. بە پێی سیستەمی ماندێت کە لەلایەن کۆمەڵەی گەلان دانرا، دەبوایە حکومەتی باشوری ئەفریقیا یارمەتی پێشخستنی نامیبیا بدات تا دەگەنە ئەو ئاستەی بتوانن خۆیان بەڕێوەببەن، بەڵام دۆخەکە تەواو پێچەوانەبوو، حکومەتی باشوری ئەفریقیا کاری دەکرد لەسەر جیاوازی ڕەگەزی و چەوساندنەوەی دانیشتوانی ھەرێمەکە، ھەروەھا لکاندنی یەکجاری ھەرێمەکە بە خاکی خۆی، ئەمەش بەھۆی دەوڵەمەندی ئەو ھەرێمە لە ڕووی کانزاکان و زێر و نەوت و سامانی سروشتی و کشتوکاڵی[٢].

لەدوای جەنگی دووەمی جیھانی و چەسپاندنی سیستەمی ڕاسپاردەیی لە جیاتی ماندێت لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکان، ھەرێمی نامیبیاش کەوتە نێو ئەو ھەرێمانەی خرایە ژێر سیستەمی ڕاسپاردەیی، بەڵام حکومەتی باشوری ئەفریقیا دانی بە دەسەڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکان نەناو جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە سیستەمی ماندێت لەگەڵ کۆتایی ھاتنی کۆمەڵەی گەلان کۆتایی ھاتووەو ناکرێ نەتەوە یەکگرتووەکان ببێتە میراتگری سیستەمی

---

(١) لە ساڵی ١٩٦٨ ھەرێمی باشوری ڕۆژئاوای ئەفریقیا بووە نامیبیا (Namibie).

(٢) محمد جمال الدين حسين العلوي، سەرچاوەی پێشوو،لا٢٥٥وئەوانی دواتر.

ماندێت. بەهۆی بەردەوامی حکومەتی باشوری ئەفریقیا لەسەرسیاسەتی رەگەز پەرستی و هەوڵەکانی بۆ دەست بەسەر داگرتنی یەکجاری هەرێمەکە، کۆمەڵەی گشتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە (٢٧)ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٦٦ بڕیاری ژمارە (٢١٤٥) دەرکرد[1]. بڕیارەکە کۆمەڵێك خاڵی گرنگی تێدابوو سەبارەت بە بەنێودەوڵەتی کردنی نامیبیا بەم شێوەیە:

ا- گەلی نامیبیا مافی بڕیاردانی چارەنووس و سەربەخۆیی هەیە بە پێی چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

ب- هەرێمی نامیبیا هەرێمێکی بەنێودەوڵەتی کراوە بەم شێوەیەش دەمێنێتەوە تا سەربەخۆیی وەردەگرێت.

ج- بڕیارەکەی کۆمەڵەی گشتی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە حکومەتی باشوری ئەفریقیا شکستی هێنا لە جێبەجێ کردنی پابەندییەکان لەبەڕێوەبردنی هەرێمەکەو ئەوەی باشوری ئەفریقیا کردی سەرپێچی سیستەمی ماندێت بوو.

د- بڕیارەکە ئەوەشی تێدابوو کە چیتر باشووری ئەفریقیا مافی بەڕێوەبردنی هەرێمەکەی نیەو راستەوخۆ نامیبیا لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان سەرپەرشتی دەکرێت و نەتەوە یەکگرتووەکان بەرپرسیارە بەرامبەر هەرێمەکە.

هـ- لیژنەیەك تایبەت بۆ نامیبیا پێکدێت لە (١٤) ئەندام لەلایەن سەرۆکی کۆمەڵەی گشتی سەرۆکایەتی لیژنەکە دەکرێت، ئەمەش بۆ یارمەتی دانی گەلی نامیبیا بۆ دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان و گەیشتنە بەسەربەخۆیی.

و- حکومەتی باشوری ئەفریقیا ئاگادارکرایەوە کە نابێ هیچ رێو شوێنێك بگرێتە بەر پێچەوانەی باری بەنێودەوڵەتی کراوی هەرێمی نامیبیا بێت[2].

بەهۆی بەردەوامی حکومەتی باشوری ئەفریقیا لەسەر مامەڵەکردنی لەگەڵ هەرێمی نامیبیا وەك خاکی خۆی، ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری ژمارە (٢٧٦)ی لە ساڵی ١٩٧٠ دەرکرد و مانەوەی باشوری ئەفریقیای لە نامیبیا بە ناڕەوا دانا. دواتریش لە جونی ساڵی ١٩٧١

(١) د. محمد السعيد الدقاق، عدم ألاعتراف بالأوضاع ألاقليمية غير المشروعة، دار المطبوعات الجامعية، اسكندرية، ١٩٨٤، لا ٤٦.

(٢) د. بدرية عبدالله العوضي، القانون الدولي العام في وقت السلم والحرب وتطبيقه في دولة الكويت، ط١، دار الفكر، دمشق، ١٩٧٨-١٩٧٩، لا٧٥.



دادگای دادی نێودەوڵەتی جەختی لەسەر هەمان ئەو بڕیارانە کردەوە کەلەلایەن کۆمەڵەی گشتی و ئەنجومەنی ئاسایش دەرچوو بوون[1]. کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٧٣ دانی نا بە بزوتنەوەی رزگاری خوازی نیشتمانی لە نامیبیا(سوابۆ) وەك نوێنەری راستەقینەی گەلی نامیبیا. هەروەها نوێنەری ئەو بزوتنەوەیە وەك چاودێر لە (UN) دانرا [2]. لە ساڵی ١٩٧٦ کۆمەڵەی گشتی بڕیاری دروست کردنی ئەنجومەنێکیدا بەناوی (ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نامیبیا) [3].

کۆمەڵێك بڕیارو راسپاردە بۆ چارەسەری کێشەی نامیبیا دەرچوون، لە ساڵی ١٩٧٨ ئەنجومەنی ئاسایش بەرەزامەندی پێنج ئەندامە هەمیشەییەکە بۆ چارەسەری رەوشی نامیبیا بڕیاری ژمارە(٤٣٥)ی دەرکرد، بەڵام بە هۆی ململانێی دەوڵەتانی زلهێز وبەکارهێنانی ڤیتۆ نەگەیشتنە بڕیاری یەکلاکەرەوە. بۆیەش رەوشەکە هەروا بەردەوام بوو تا لە ساڵی ١٩٨٩ لە ژێر فشاری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و خەباتی چەکداری گەلی نامیبیا حکومەتی باشوری ئەفریقیا رازی بوو کە (UN) راپرسی لە نامیبیا ئەنجام بدات بۆ دیاری کردنی مافی چارەنوس . گەلی نامیبیا سەربەخۆیی هەڵبژاردو نەتەوە یەکگرتووەکان (٤٥٠٠)سەربازی نارد بۆ نامبیا لەگەڵ (١٥٠٠) پۆلیس و (٩٠٠)فەرمانبەری مەدەنی بۆ یارمەتی نامیبیا لە قۆناغی گواستنەوە. بزوتنەوەی (سوابۆ) دەسەڵاتی گرتە دەست و لە ساڵی ١٩٩٠ دەستوری نوێ دانرا[4]. نامبیا لە (٢١)ی مارسی ساڵی ١٩٩٠ سەربەخۆیی وەرگرت و لە (٢٣)ی ئەپریلی ساڵی ١٩٩٠ بووە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان[5]، بەڵام لەماوەی نێوان ساڵی ١٩٦٦ تا ١٩٩٠ سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردنی هەرێمی نامیبیا نەکەوتە واری جێ بەجێ کردن[6].

(١) د. محمد المجذوب، التنظيم الدولي، الدار الجماعية للطباعة واالنشر، بيروت، بەبێ ساڵی چاپ، لا٢٦٨.

(٢) د.حسن نافعة، الامم المتحدة في نصف قرن، سلسلةعالم المعرفة، الكويت، بەبێ ساڵی چاپ، لا ١٧٥

(٣) د. محمد سامي عبدالحميد، اصول القانون الدولي العام، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٠٥.

(٤) د. محمد المجذوب،التنظيم الدولي ، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٦٨.

(٥) د. محمد سامي عبدالحميد، اصول القانون الدولى العام،سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٢٧.

(٦) د.حسن نافعه، سەرچاوەی پێشوو، لا١٧٤

## پێنجەم: پێشنیاری بەنێودەوڵەتی کردنی بەرلین

دوای جەنگی دووەمی جیهانی ، بەشی رۆژهەلاتی بەرلین کەوتەژێر دەستی یەکێتی سۆڤیەت و بەشی رۆژئاواشی کەوتە ژێردەستی ولایەتەیەکگرتوەکانی ئەمریکاو بەریتانیا و فەرەنسا. دواتر ئەلمانیا دابەش بوو بۆ بەشی رۆژهەلات و رۆژئاوا. لە (٢٧)ی نۆڤێمبەری سالی ١٩٥٨خرۆشۆفی سەرۆکی ئەوکاتی یەکێتی سۆڤیەت پرۆژەیەکی بۆ بەنێودەولەتی کردنی بەرلین راگەیاند پرۆژەکەی یەکێتی سۆڤیەت ئەوەی بەخۆوە گرتبوو کە بەرلین قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆی دامالدراو لە چەك بێت. دەستوری تایبەت و پەرلەمان و سیستەمی جێبەجێ کردن و دادوەری خۆشی هەبێت. لەبەرلین هێزی سوپایی نەمێنێت و هێزی پۆلیس ئارامی شارەکە بپارێزن.

هەروەها پرۆژەکە لە رووی ئابووری سەربەخۆیی دەداتە بەرلین کە ئازادبێت لە پەیوەندییەئابووری و بازرگانیەکان لەگەل ئەلمانیای رۆژئاواو رۆژهەلات(1). بەلام هێزە گەورەکانی رۆژئاوا بەم پێشنیارەی سۆڤیەت رازی نەبوون، چونکە پێیان وابوو ئەم پرۆژەیە دژی رۆژئاوایەو سۆڤیەت دەیەوێت پێگەی خۆی لە ئەلمانیای رۆژهەلات قایم بکات و رێگەنەدات لەگەل ئەلمانیای رۆژئاوا یەك بگرێتەوە. ئەمەش وای کرد پێشنیارەکەی یەکێتی سۆڤیەت نەکەوێتە واری جێبەحێ کردن(٢). دابەش بوونی بەرلین بەردەوام بوو تا لە سالی (١٩٩٠) دیواری بەرلین رووخاو لە ئۆکتۆبەری سالی ١٩٩٠ کۆماری ئەلمانیای دیموکرات و ئەلمانیای فیدرالی یەکیان گرتەوە.

(1) Ydit Meir, Op.cit.,pp.84,86

(٢) د. خلیل سامي علي مهدي،سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٤.

# باسی دووەم

## پێناسە و تایبەتمەندی و ماف و ئەرکی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان

**دابەش کردن:**

**تەوەری یەکەم: پێناسەی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان**

**تەوەری دووەم: تایبەت مەندی و مەرجەکانی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان**

**تەوەری سێیەم: ماف و ئەرکی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان**

# تەوەری یەکەم

## پێناسەی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان

بەنێودەوڵەتی کردن وەك بیرۆکە نوێیە وسەرچاوەکەشی عـورفی نێودەوڵەتیـە و لـە بنـەرەت ڕێکخستنێکی ریزپەرە (استثنائي) نەکەوتۆتە ژێر بنچینەی یاسایی نێودەوڵەتی جـێگیر، بۆیـە گەیشتن بە پێناسەیەکی گشتگیر و دیاری کراو ئاسان نیە، چونکە بەنێودەوڵەتی کردن بـە پێـی جیاوازی باری هەرێمەکان دەگۆڕێت.

زاراوەی بەنێودەوڵەتی کردن (تدويل) دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نـۆزدە، سـەرەتا وەك هۆکـاری یەکلاکەرەوەی سیاسی لەنێو ململانێـی دەوڵـەتانی ئـەوروپی بـەکاردەهێنرا، بەتایبـەتی ئـەو ناوچانەی گرنگی ستراتیژیان هەبوو[1].

هەوڵدەدەین پێناسەی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان لـە چوارچـێوەی کۆمـەڵێك بـیروڕای جیاوازی یاسا زانانی نێودەوڵەتی بخەینەڕوو.

بەنێودەوڵەتیکردن ( internationalisation)[2] بەو مانایـە دێـت کـە هـەرێمێك یـان رووبـارەوو دوورگەیـەك دەکەونـە ژێـر بـەڕێوەبردنی نێودەوڵـەتی بـە پێـی پەیماننامەیـەکی بەکۆمەڵ و فرە لایەن[1].

(١) ناصر احمد يحيى، تدويل حقوق الأنسان، رسالة ماجستير، كلية القانون، جامعة صلاح الدين-اربيل، ٢٠٠٦، لا٩٧. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. محمد المجذوب، القانون الدولي العام، ط٥، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، ٢٠٠٤، لا١٧٢.

(٢) جێگای وەبیرهێنانەوەیە کە جیهانگیری (العولمة — Globalization) هەمان واتای بەنێودەوڵەتی کـردن ناگەیەنێت. جیهانگیری بەمانای یەکخستنی کۆمەڵێك رەگەز و پێوەری سەربەخۆ دەگەیەنێت و دیاردەیەکە لـە



یاسازان (Ydit meir) بەم شێوەیە پێناسەی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان دەکـات: ئـەو هەرێمانەن کە بارێکی تایبەتیان هەیەو گرنگن و بۆماوەیەکی دیاری نەکراو لەلایەن کۆمـەڵێك دەوڵەت یـان ڕێکخـراوە نیودەوڵەتییـەکان بـەڕێوەدەبرێن. سـەروەری ناوخۆشـیان بـە پێـی لا ئیحەیەکی نێودەوڵەتی دیاری دەکرێت، کە لە جێگای دەستورە و لەلایەن ئەو هێزانە دادەنرێـت کەسەروەریان بەسەر دا هەیە[2].

(جیرهارد ڤان گلان)[3] ئەو هەرێمانە بەناوچە ئازادەکان یان شارە ئازادەکان ناو دەبات بـەم شێوەیە (بەهۆی هۆکاری ستراتیژی و پارێزگاری لە داهاتی ئـابوری، دوو دەوڵـەت یـان زیـاتر، ململانێ لەسەر سنوری ناوچەیەکی دیاری کراو دەکەن کە ئەوەش سەرچاوەی گرتووە لە سـۆزی نەتەوایەتی و پێشینەی مێژوویی، هەریەکەیان داوای گەڕانەوەی دەکات بۆ خۆی، لـە ئـەنجامی ئەو ململانێیە هەرێمەکە دەبێتە ناوچەیەکی ئازاد).

یاساناسی عێراقی (عەبدول حوسـێن ئەلقوتـەیفی)[4] بـە هەرێمـە نیودەوڵەتییـەکان ناویان دەبات و دەڵێ: یاسای گەلان (یاسای نێودەوڵەتی) کۆمەڵێك پێکهاتـەی سیاسـی بەخۆوە دەگرێت کە سیفەتی دەوڵەتیان نیە، هەرێمـە نیودەوڵەتییـەکان یـش پێکهاتـەی سیاسین و حکومەتیان هەیـە، بـەڵام دەوڵـەت نـین، وەك حکومـەتی هەرێمـەکانی سـارو دانزیگ و تەنجە و تریستا.

ئەنجامی هۆکارەکانی دەرەوەی ئیرادەی دەوڵەت دێتە دی. گرنگترین دەرهاویشتەکانی جیهانگیری بریتی یە لـە بچووك بوونەوەی جیهان بەرووی تاکەکان و بەزاندنی سنورەکانی دەوڵەت لە ڕێگـای تەکنـەلۆژیا و گەیانـدن و ئابووری و ..هتد. ئەمەش پێچەوانەی بەنێودەوڵەتی کردنە کە لە بەرەنجامی بنچینەی یاسای نێودەوڵەتی دێتـە بوون و پێویستی بەخواست و ئیرادەی دەوڵەتانە. واتەدەوڵەتان لەم ڕێگایە هەوڵی هاوبەش دەدەن بۆ چارەسەری ناکۆکی و ڕێکخستنی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: هيلين تورار، تدويل الدساتير الوطنية، ترجمة: باسيل يوسف، ط١، بيت الحكمة، بغداد، ٢٠٠٤، لا٥٩٥.

(1) web ster,s seventh new collegiate dictionary, U.S.A , 1965, p442.

(2) Ydit Meir, 0Op.cit.,p.21

(٣) جیر هارد ڤان گلان یاسازانێکی گەورەی ئەمریکییـە بـۆ زیـاتر زانیـاری بڕوانـە: جیر هـارد فـان غـلان، سەچاوەی پێشوو، لا٨٦.

(٤) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د.عبدالحسين القطيفي، مذكرات في القانون الدولي العام، مجموعة محاضرات القيت علي طلبة الصف الثالث في كلية الحقوق، ١٩٥١-١٩٥٢، مطبعة المعارف، بغداد، لا ١٤٨.

د. محەمەد حافز غانم:[1] ئەو هەرێمانەن کە راستەوخۆ دەکەونە ژێر رکێفی بەرێوەبردنی نێودەوڵەتی بە پێی پەیماننامەیەکی فرە لایەن (المعاهدة الجماعية). هەروەها لە (د. عەبدول عەزیز سەرحان)[2] و (د. عیسام عەتیە)[3] بەهەمان شێوەی ( د.محەمەد حافز غانم) هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان دەناسێنن. هەروەها (دکتۆرە بەدریە عەبدوڵڵا ئەلعەوەزی) [4] کەوتۆتە ژێر کاریگەری (جیرهارد ڤان گلان) و هاوشێوەی ئەو دەیان ناسێنێ و ئەوە دەخاتە سەری کە بەهۆی زاڵبونی ململانێ سیاسیەکان بەسەر پەیوەندییەنیودەوڵەتییەکان ئەم پێکهاتە سیاسیانە بوونێکی بەردەوام و کاریگەریان نەبووەو لە زۆربەی بارەکان بوونیان بەشێوەیەکی کاتی بووە.

پرۆفیسۆر(د.سەموحی فەوقە لعادە)[5]: پێی وایە جگە لە دەوڵەت هەندێ پێکهاتەی تریش هەن کە قەوارەی نێودەوڵەتی تایبەتیان هەیە، یەکێك لەوانەش ناوچە بەنێودەوڵەتی کراوەکانن. (د.سەموحی فەوقە لعادە) ئەم سیستەمە دەگەڕێنێتەوە بۆ کاریگەرییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی لەدروست بوونی هەریەکە لەناوچەکانی (دانزیگ و سارو تەنجە) هەروەها کاریگەرییەکانی جەنگی دووەمی جیهانی لە دروست بوونی ناوچەکانی (تریستاو شاری قودس). بەم شێوەیە هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان دەناسێنێ (چەند کۆمەڵەیەکی ناحکومین - جماعات غير الحكومية- لەسەر چەند ناوچەیەك کە کەوتوونەتە ژێر سیستەمی بەرێوەبردنی نێودەوڵەتی بە پشت بەستن بە پەیماننامە فرە لایەن و بەکۆمەڵەکان). لەم پێناسەیەی ( پ .د. سەموحی) دووخاڵ دەخەینە ڕوو:

ا- بەچەند پێکهاتەیەکی ناحکومی دەیان ناسێنێ، بەڵام لە راستیدا بە پێی ئەوەی لە پێناسەکانی تریش دیارە و لەواری جێبەجێ کردنیش بە دەرکەوتووە، ئەم هەرێمانە پێکهاتەی سیاسین و خاوەن حکومەتی خۆیانن و لە ژێر چاودێری نێودەوڵەتی بەرێوەدەبرێن.

ب- ئەو دەڵێ سەرهەڵدانی ئەم سیستەمە دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەرییەکانی هەردوو جەنگی یەکەمی جیهانی و دووەم، بەڵام ئەو سیستەمە لەسەدەی نۆزدەم سەری هەڵداوەو لەتەوەری

(١) د. محمد حافظ غانم، مبادىء القانون الدولي العام، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٨.

(٢) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. عبدالعزیز سرحان، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩٤.

(٣) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. عصام العطية، القانون الدولي العام، مطبعة دار السلام، بغداد، ١٩٧٨، ل٢٧٥.

(٤) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. بدرية عبدالله العوضي، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١.

(٥) د. سموحي فوق العادة، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٧.



یەکەمی باسی یەکەمی ئەم بەشە کۆمەڵێك نموونەمان خستنە روو کە ناومان نان قۆناغی کۆنگرە نیودەوڵەتییەکان (پێش دروست بوونی کۆمەڵەی گەلان).

(د. محەمەد مەجزوب)[1] بەم شێوەیە دەیان ناسێنێ: بریتین لەو هەرێمانەی کە بوونەتە جێگای ململانێی کۆمەڵێك دەوڵەت، بەهۆی هۆکاری سیاسی و نێودەوڵەتی دەخرێنە ژێر سیستەمێکی تایبەت، کە پارێزگاری لە بەشێکی کەسێتی نێودەوڵەتی خۆیان دەکەن و کۆمەڵێك دەسەڵاتی نێودەوڵەتیشیان هەیە و لە زۆربەی بارەکان ئەم سیستەمە کاتیە.

(د. ئیبراهیم محەمەد ئەلعەنانی) [2] لە بارەی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان دەڵێ، مەبەست لە سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردن (نظام التدويل) بەرێوەبردنی نێو دەوڵەتیە بۆ هەندێ هەرێم کە دەوڵەت نین بە پێی یاسای نێودەوڵەتی. ئەم سیستەمە بە پێی پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی دروست دەبێت لەوکاتە سیستەمەکە ئامانجەکانی خۆی دەپێکێ کە لەگەڵ بارودۆخی سەردەمەکە گونجاو بێت، واتە رەچاوی هاوسەنگی لەنێوان ئەو دەوڵەتانە بکرێت کە پەیوەندی دارن بە هەرێمەکە، هەروەها پارێزگاری دانیشتوانی هەرێمەکە بکرێت و بەرژەوەندیەکانیان پارێزراوبێت، هەر کاتێکیش ئەم سیستەمە لەگەڵ راستیەکان و رەوشی هەرێمەکە نەگونجا کاریگەرییەکەی وون دەبێت.

هەریەکە لە (د. عیزەدین فۆدەو د. سالم یوسف ئەلکسوانی) [3] بەم شێوەیە پێناسەی بەنێودەوڵەتی کردن دەکەن: رێکخستنێکی دروست کەرە بۆ قەوارەیەکی نێودەوڵەتی نوێ کە هەڵقوڵاوە لە پێویستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە پێی رێکەوتن و رەزامەندی ناوچەیەك لە چوارچێوەی ناوخۆیی دەردەهێنرێت و دەستەیەکی نێودەوڵەتی بەرێوەی دەبەن بەشێوەیەکی کاتی یان هەمیشەیی.

بەو پێیەی کە بەنێودەوڵەتی کردن چارەسەرێکی مام ناوەندیە بۆ چارەسەری ململانێکان و ئەو هێزانەی خاوەن بەرژەوەندی سیاسی دژ بەیەکن بەنێودەوڵەتی کردن وێرای ئەوەی چەمکێکی یاسایە لەهەمان کاتدا چەمکێکی سیاسیشە.

(١) د. محمد المجذوب، الوسيط في القانون الدولي العام، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٠.

(٢) د. أبراهيم محمد العناني، سەرچاوەی پێشوو، ل٤١١.

(٣) بۆ زیانیاری زیاتر بڕوانە: د.عزالدين فودة، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧.

هەروەهابڕوانە: د. سالم يوسف الكسواني، المركز القانوني لمدينة القدس، رسالة دكتورا، كلية الحقوق، جامعة القاهرة، ١٩٧٧، ل١٦٣.

جا ئەگەر چەمكی یاسایی بەنێودەوڵەتی كردن سیستەمێكی بەڕێوەبردنی هاوبەش بێت بە پێی پەیماننامەیەكی نێودەوڵەتی یان بڕیارێكی ڕێكخراوی نێودەوڵەتی ئەوا دەتوانین چەمكی رامیاری بەنێودەوڵەتی كردن بەم شێوەیە بناسێنین: واتە ئەو كێشەو ململانێیانەی سنوری ناوخۆیی و هەرێمی بەرتەسكیان تێپەڕاندوەو پەڕیونەتەوە بۆ ڕەهەندی فراوانی نێودەوڵەتی و كاریگەریان هەیە لەسەر بەرژەوەندی دەوڵەتانی زلهێز [1].

### له ئه‌نجامدا ئێمه وای بۆ دەچین:

كه هەرێمه بەنێودەوڵەتی كراوەكان : یەكەی نێودەوڵەتین و لەژێر پرنسیپی بێلایەنی و بە پێی پەیماننامەیەكی فرەلایەن یان بڕیاری ڕێكخراوی نێودەوڵەتی بەهۆی بوونی ململانێ لەبەر گرنگی ستراتیژی بەشێوەیەكی كاتی دەخرێنە ژێر سەرپەرشتی دەستەیەكی نێودەوڵەتی.

له ئەنجامی ئەو پێناسانەی لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ كردن، دەتوانین گرنگترین ئامانجەكانی بەنێودەوڵەتی كردن لەم خاڵانەی خوارەوە كورت بكەینەوە:

ا- لە پێناو زاڵ بوون بەسەر ململانێكان و چارەسەركردنی لە ڕێگای كۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە شێوەیەكی ئاشتیانە.

ب- دەستەبەركردنی كەشێكی گونجاو بۆ گەلی هەرێمە بە نێودەوڵەتی كراوەكە لە پێناو گەیشتن بە مافی چارەنووس و سەربەخۆیی سیاسی.

ج- بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی بۆ لایەنە ناكۆكەكان و كۆمەڵگای نێودەوڵەتی. [2]

د- هەرێمە بەنێودەوڵەتی كراوەكە دەبێتە ناوچەیەكی بێلایەن و لەچەك داماڵدراو، ئەمەش ڕێگایەكی گرنگە بۆ دوورخستنەوەی هەرێمەكە لە شەڕوململانێی چەكداری.

---

(١) أحمد المرشيدي، قضية التدويل وصراع القوى في لبنان، وتاری بلاوكراوه ، مجلة ( السياسة الدولية)، عدد (٥٥)، يناير ١٩٧٩، لا٦٣.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، لا٦٣. بۆ زانیاری زیاتر بروانە: د. سالم يوسف الكسواني، سەرچاوەی پێشوو،لا١٦٥. هەروەها: د.خليل سامي علي مهدي، سەرچاوەی پێشوو،لا١٩٤.

# تەوەری دووەم

## تایبەتمەندی و مەرجەکانی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان

### یەکەم: تایبەتمەندیەکانی هەرێمە بەنێو دەوڵەتی کراوەکان

تایبەتمەندیەکانی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان لە چەند خاڵێك دادەرێژین بەم شێوەیەی خوارەوە:

**١- بەردەوامی بەنێودەوڵەتی کردن و کاتی بوونی**

بیروبۆچوونی جیاواز هەن لەسەرکاتی بوون و هەمیشەیی بوونی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان، هەندێ بۆچوون لەیاسای نێودەوڵەتی پێیان وایە کە بەنێودەوڵەتی کردن بارێکی هەمیشەییەو بەوەش جیای دەکەنەوە لە سیستەمەکانی تری وەك ماندێت و راسپاردەیی کە ئەوان کاتین، بەڵام زۆرینەی یاسازانی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئەوەن کە باری هەرێمە بە نێودەوڵەتی کراوەکان بۆ ماوەیەکی دیاری کراوەو کاتیە، چونکە ئەگەر بە نێودەوڵەتی کردن هەمیشەیی بێت ئەوا مەترسیەکی گەورەی هەیە بۆ سەر مافی چارەنووسی دانیشتوانی هەرێمە بە نێودەوڵەتی کراوەکە.

بەنێودەوڵەتی کردن بە شێوەیەکی کاتی بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی پەیڕەوی لێ دەکرێت، بەشێوەیەك کە ئەو هەرێمانەی گرنگی ستراتیژی و ئابووری و ئاینی و مرۆییان هەیە و ململانێیان لەسەرە، بە پێی پەیماننامەیەك یان بڕیارێکی رێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ ماوەیەکی کاتی بەنێودەوڵەتی دەکرێن(١). سەبارەت بەو هەرێمانەی کە

(١) رائد فوزی داود، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٨.



دانیشتوانی لێ نیە و شیاو نین بۆ ژیان، بۆ نموونە هەرێمی سپیتز بیرجن (Spitzbergen) لە جەمسەری باکورەو تا ساڵی ١٩٢٠ دانیشتوانی لێ نەبوو، ئەوکات پرۆژەیەك بۆ بەنێودەوڵەتی کردنی خرایە روو، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. هەروەها هەرێمی ئەنتارکتیکا ( Antractic) لە جەمسەری باشوور، هەوڵی بەنێودەوڵەتی کردنی درا، بەڵام لە ساڵی ١٩٥٩ بە پێی پەیماننامەی واشنتۆن لە هاوشێوەی بەنێودەوڵەتی کردن رێکخرا(١). بۆ ئەم جۆرە هەرێمانە دەکرێ بەنێودەوڵەتی کردن هەمیشەیی بێت، هەرچەندە هیچ نموونەیەك لەبەردەست نیە بۆ بەنێودەوڵەتی کردنی ئەم جۆرە هەرێمانە، بەڵام بۆ ئەو هەرێمانەی دانیشتوانی لێیەو شیاون بۆ ژیان بەنێودەوڵەتی کردن کاتی دەبێت.

سەبارەت بە کۆتایی هاتنی بەنێودەوڵەتی کردن ئەگەر لەنێو رێکەوتنەکە ئاماژە بۆ ماوە کرا بێت ئەوا بەکۆتایی هاتنی ماوەکە کۆتایی دێت، بەڵام ئەگەر ماوەکە دیاری نەکرابوو بەنێودەوڵەتی کردنیش بەردەوام بوو، ئەوا هەندێ لە یاسازانی نێودەوڵەتی پێیان وایە بەتێپەڕوونی نەوەیەك (جیل) بەسەر ماوەی بەنێودەوڵەتی کردن کۆتایی دێت، بەو پێیەی کە ئەم نەوە نوێیە مافی خۆیەتی خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات (٢). هەروەها نەمانی ململانێ لەسەر هەرێمەکەو گەڕانەوەی ئاشتی و ئارامی بۆی خاڵێکی تری سەرەکیە کە بەهۆیەوە بەنێودەوڵەتی کردن کۆتایی دێت.

**٢- سەروەری هەرێمە بەنێو دەوڵەتی کراوەکان**

بەشێك لە بیروڕاکان پێیان وایە کە سەروەری هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان دابەش کراوە بۆ سەر ئەو دەوڵەتانەی هەرێمەکە بەرێوەدەبەن، واتە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی خاوەنی سەروەریە لە هەرێمەکە. ئەم بۆچوونە کەوتە بەر رەخنەو جێگای خۆی نەگرت، چونکە جیاوازی نەکرد لەنێوان سەروەری و روخسارەکانی سەروەری (مظاهر السیادة)، چونکە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی یان ئەو دەستەیەی هەرێمەکە بەرێوە دەبات روخسارەکانی سەروەری پیادە دەکات کە بریتییە لەسەرپەرشتی کردن و چاودێری نەك خودی سەروەری، بەوپێیە سەروەری بۆ گەلی هەرێمە

(١) د.مفید محمود شهاب، القانون الدولي العام، القاهرة، ١٩٨٥،ل١٤٢.

(٢) د. خلیل سامي علي مهدي، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٦-١٩٧. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. عزالدین فودة، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٣. هەروەها: د. سالم یوسف السکواني، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٤.

بەنێودەوڵەتی کراوەکەیە، بەڵام سەروەریەکە وەستاوە (موقوفة) تا کۆتایی هاتنی بەنێودەوڵەتی کردن. ئەمەش لەسەر سیستەمی ماندێت و راسپاردەیی پێوانەکراوە، چونکە بڕگەی یەکەم لەماددەی (٢٢)ی چارتی کۆمەڵەی گەلان دەڵێ: سیستەمی ماندێت لە شێوەی قۆناغ دایەو کۆمەڵەی گەلان سەرپەرشتی دەکات، بە بێ ئەوەی سەروەری هەبێت بەسەر ئەو هەرێمانە کە کەتوونەتە ژێر سیستەمی ماندێت[١].

**٣- رەگەزنامەی دانیشتوانی هەرێمە بەنێو دەوڵەتی کراوەکان**

بەشێوەیەکی گشتی رەگەزنامە یان لەسەر بنەمای خوێنە، یان لەسەر بنەمای هەرێم، هەموو دەوڵەتێك رەگەزنامەی تایبەتی خۆی هەیە و بە پێی یاسای تایبەتیش رێکی دەخات، بەڵام پرنسیپە گشتییەکانی رەگەزنامە دەکەونە ژێر بنچینەکانی یاسای نێودەوڵەتی. ئەو دەوڵەتانەی سەروەریشیان ناتەواوە یان گرێ دراوە رەگەزنامەی تایبەتی خۆیان هەیە وەك دەوڵەتانی ژێر سیستەمی ماندێت و راسپاردەیی[٢]. سەبارەت بە هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان بە پێی ماددەی (١٠٥) لە پەیماننامەی فرسای شاری (دانریگ)ی بەنێودەوڵەتی کراو مافی هەیە رەگەزنامەی تایبەت بەخۆی هەبێت. هەروەها ماددەی (٦) لەمەرجە گشتییەکانی رێکخستنی هەرێمی تریستای بەنێودەوڵەتی کراو رێگەی پێدراوە دانیشتوانەکەی رەگەزنامەی خۆیان هەبێت. هەرێمی (کراکاو)یش بە پێی ئەو هەمووارکردنە دەستوریەی لە ساڵی ١٨٣٣ کرا مافی پێدراوە رەگەزنامەی تایبەتی هەبێت. دەتوانین بڵێین زۆربەی نموونەکانی بەنێودەوڵەتی کراو رەگەزنامەی تایبەتی خۆیان هەبووە[٣].

هەرچەندە هەرێمی بەنێودەوڵەتی کراو لەبنەرەتدا قەوارەیەکە بارێکی تایبەتی هەیە، بەڵام هەرێمێکی دیاری کراوەو دانیشتوانی هەمیشەیی لێیەو لەنێوان هەرێم و گەلیش پەیوەندی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی هەیە[٤].

---

(١) د.عائشة راتب، العلاقات الدولية العربية، ط١، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٦٨، ل١٦٦- ١٦٨.

(٢) د.خليل سامي علي مهدي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٢

(3) Ydit Meir, op.cit.,p.21

(٤) د. خليل سامى على مهدى، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠١- ٣٠٢.



**٤- هەرێمە بەنێو دەوڵەتی کراوەکان و مافی بڕیاردانی چارەنووس.**

مافی بڕیاردنی چارەنووس سەرەتا لە ساڵی ١٧٨٩ لە شۆرشی فەرەنسی بەروونی باسی لێوەکرا، دواتر لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٩١٨ (ولسۆنی) سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا لەچواردە بەندەکەیدا جەختی لەسەر کردەوە. مافی بڕیاردانی چارەنووس تا جەنگی دووەمی جیهانی نەبووە بنچینەیەکی یاسای نێودەوڵەتی، بەڵام دوای ئەوەی لە بڕگەی (٢) لە ماددەی یەکەمی چارتی نەتەوەیەکگرتووەکان چەسپا وەك بنچینەیەکی یاسای نێودەوڵەتی بەدیار کەوت[١].

کۆمەڵەی گشتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە (١٤)ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٠ بە پێی بڕیاری (١٥١٤) زۆر بە راشکاوی باسی لە مافی چارەنووسی گەلان کرد وەك مافێکی سیاسی کە جیابوونەوەو سەربەخۆیش دەگرێتە خۆی[٢]. هەروەها کۆمەڵەی گشتی لە ساڵی ١٩٧٠ لە بڕیاری ژمارە (٢٦٢٥) جەختی لەسەر ئەم پرنسیپە کردەوە. کۆمەڵەی گشتی لە ساڵی ١٩٧٦ رەوایەتی دایە خەباتی چەکداری گەلان (الكفاح المسلح) لە پێناو گەیشتن بە مافی چارەنووس. ئەو بڕیارانەو ژمارەیەکی تریش کە پەیوەندیان هەیە بە مافی چارەنووس بەڕەزامەندی زۆرینەی رەهای دەوڵەتانی ئەندام لەنەتەوە یەکگرتووەکان دەرچوونە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە مافی بڕیاردانی چارەنووس پرنسیپێکی بنەڕەتیە لە یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخ[٣].

مافی بڕیاردانی چارەنووس بە دوو شێواز بە دیار دەکەوێت:

ا- مافی بڕیاردانی چارەنووس لەناوخۆ: بریتییە لە مافی گەل لە دیاری کردنی شێوازی حوکم و خۆ بەرێوەبردن (حكم ذاتي).

ب- پرنسیپی مافی دیاری بڕیاردانی چارەنووس بە هەموو شێوازەکان، جا جیابوونەوە بێت یان سەر بەخۆیی یان مانەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی تر، ئەمەش بووەتە پرنسیپێکی

---

(١) د. سموحي فوق العادة، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦.

(٢) بە گوێرەی سەرچاوەکان یەکێتی سۆڤیەت رۆلی سەرەکی بینیوە لەوەی کە مافی چارەنووس جیابوونەوەو سەربەخۆیش بەخۆوە بگرێت و ببێتە بنچینەیەکی بنەڕەتی لە یاسای نێودەوڵەتی، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: ج.ا.تونكين، القانون الدولي العام قضايا نظرية، ترجمة: احمد رضا، هيئة المصرية للكتاب، ١٩٧٢، ل٤٥ و ئەوانی دواتر.

(٣) د. عصام العطية، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٨.

نێودەوڵەتی، وەك لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد[1]. دیاری کردنی چارەنووس بۆ گەلان مافە نەك ئەرك، واتە مەرج نیە هەر گەلێك و دەولەتی تایبەت بەخۆی هەبێت، چەندین دەولەت هەن فرە نەتەوەن و بەردەوامیش لە پێشکەوتن دان[2].

سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردن پێچەوانە نیە لەگەڵ مافی بڕیاردانی چارەنووس. هەروەك لە پێشەوە روونمان کردەوە مافی بڕیاردانی چارەنووس بە پێی بڕیاری ژمارە (١٥١٤)ی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٦٠ بۆ ئەو گەلانەیە کە پیادەی ئەو مافەیان نەکردوە، هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکانیش ئەو مافەیان پیادە نەکردوە، ئامانجی سەرەکی لە مافی چارەنووسی گەلان بۆ پارێزگاری کردنە لە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، بەهەمان شێوە ئامانجیش لە سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردن هەر ئەمەیە. لە زۆربەی نموونەکانی بەنێودەوڵەتی کراو، ئارەزووی دانیشتوانی هەرێمەکان بۆ چارەنووسی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکە ڕێزی لێ گیراوە، هەروەها لە هەندێ نموونەی بەنێودەوڵەتی کراو گەلی هەرێمەکە خۆیان ئەنجومەنی یاسادانان هەڵدەبژێرن و لە ڕێگای ئەم ئەنجومەنەش دەسەڵاتەکانی جێبەجێ کردن و دادوەری پێك دەهێنرێن[3].

**٥- پەیوەندی نێوان هەرێمی بەنێودەوڵەتی کراو لەگەڵ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی**

لەسەردەمی کۆنگرە نیودەوڵەتییەکان بە پێی پەیماننامەیەکی فرە لایەن چارتی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکە دیاری دەکرا، بەڵام لەدوای دروست بوونی ڕێکخراوە نیودەوڵەتییەکان لە هەردوو قۆناغی کۆمەڵەی گەلان و نەتەوە یەکگرتووەکان بە پێی بڕیاری ڕێکخراوی نێودەوڵەتی چارتی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان دیاری دەکرێت. ئەم چارتەش لە جێگای دەستورەو هەرێمەکە پێوەی پابەندە. سەبارەت بە هەموارکردنی چارتی هەرێمی بەنێودەوڵەتی کراو دووباری جیاواز هەیە.

ا-ئەگەر هەموارکردنەکە سادەبێت و پەیوەندی بەلایەنی بەڕێوەبردن هەبێت، ئەوا ئەنجومەنی یاسادانانی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکە دەتوانێ هەمواری بکات.

(١) د. سموحي فوق العادة، سەرچاوەی پێشوو، لا ٦٧.

(٢) ج.أ. تونکین، سەرچاوەی پێشوو، لا٤٨. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: حسین علي الحبیشي، تقریر المصیر، دار الکاتب العربي، بەبێ شوێنی چاپ، ١٩٦٧، لا١٢٥-١٤٤.

(٣) د. خلیل سامي علي مهدي، سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٣٨-٣٣٩.



ب-ئەگەر هەموارکردنەکە جەوهەری و گرنگ بێت، ئەوادەبێ بخرێتە بەردەم ڕێکخراوی نێودەوڵەتی.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی ئەرکی سەرەکی چاودێری و سەرپەرشتی کردنی هەرێمە بەنێودەوڵەتیکراوەکەیەو بەرپرسیاریشە لە پاراستنی سەلامەتی خاکی هەرێمەکەو ڕێگرتن لەدەست درێژی دەرەکی. هەروەها ڕێکخراوی نێودەوڵەتی حاکمێك بۆ سەرپەرشتی هەرێمەکە دیاری دەکات، لەبەرمبەریشدا هەرێمی بەنێودەوڵەتی کراو هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێ کردن و دادوەری تایبەت بە خۆی هەیە. دەسەڵاتی یاسادانان یان ئەنجومەنی گەل لەلایەن دانیشتوانی هەرێمی بەنێودەوڵەتی کراو هەڵدەبژێردرێن[1]. ئینجا دەسەڵاتی یاسادانان هەڵدەستێ بەدیاری کردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، هەروەها دەسەڵاتی یاسادانان لە ڕێگای لیژنەیەکی تایبەت بە پێی پسپۆڕی دەسەڵاتی دادوەری دیاری دەکات. ئەوە لە بەنێودەوڵەتی کردنی هەرێمی تریستا بە روونی بەدی دەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئەمانە گشتیان لە ژێر سەرپەرشتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی دان[2].

بە پێی دەستوری تریستای بەنێودەوڵەتی کراو ئەگەر ناکۆکی لەنێوان دەسەڵاتی یاسادانانی هەرێمەکەو ئەو حاکمە دروست بوو کە نەتەوە یەکگرتووەکان دیاری کردوە ئەوا ناکۆکیەکە دەخرێتە بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵام ئەگەر ناکۆکی لەنێوان هەرێمی بەنێودەوڵەتی کراو لەگەڵ نەتەوەیەکگرتووەکان دروست بوو، ئەوا ناکۆکیەکە دەخرێتە بەردەم دادگای دادی نێودەوڵەتی. هەروەها ئەگەر ئەنجومەنی یاسادانان یاسایەکی دەرکرد ئەوا حاکم( راسپێردراوی UN) بۆ ماوەی (١٠) ڕۆژ دەتوانێ تانەلەو یاسایە بدات، ئەگەر ئەنجومەنی یاسادانانی هەرێمی تریستا ئەو تانەیەی حاکمی ڕەت کردەوە، ئەوا لەو کاتە حاکم و ئەنجومەنی یاسادانانیش هەرەیکەو ڕاپۆرتی تایبەتی خۆی دەداتە ئەنجومەنی ئاسایش. ئەمەی سەرەوە بە پێی ئەو دەستورییە کە بۆ هەرێمی تریستا دانرابوو[3]،

(١) د.سالم یوسف الکسواني، سەرچاوەی پێشوو، لا١٧٤.

(٢) د.خلیل سامي علي مهدي، سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٢٢.

(٣) رائد فوزي داود، سەرچاوەی پێشوو، لا ٩٤.

**٦- بنەمای بەنێودەوڵەتی کردن**

بنەمای بەنێودەوڵەتی کردن یان لە پەیماننامە یان بڕیاری ڕێکخراوی نێودەوڵەتی سەرچاوەی گرتووە، ئەگەر بڕیارەکە لە شێوەی ڕاسپاردە (توصية) بێت تەنها بۆ ئەو دەوڵەتانە پابەندە کە ڕاسپاردەکەیان قبوڵ کردوە، بەڵام ئەگەر بڕیارەکە پابەند (ملزم) بێت و لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی دەرچووبێت ئەوا هەموو لایەك پابەندن بە جێبەجێ کردنی[1].

**٧- بەنێودەوڵەتی کردن لە ئەنجامی ڕێکەوتن و ڕەزامەندی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ بەرژەوەندی گشتی دێتە دی.**

مەبەستی سەرەکی سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردن بریتییە لە دوورکەوتنەوەی هەرێمەکە لەناکۆکی و ململانێ و گەڕاندنەوەی ئاشتی و ئاسایش بۆی، کە لە بنەڕەتدا بەنێودەوڵەتی کردن بە هۆکاری ستراتیژی و ئابوری و ئاینی و مرۆیی دێتە دی[2].

**٨- بەنێودەوڵەتی کردن لە هەموو سیستەمە هاوشێوەکانی تری جیا دەکرێتەوە بەوەی کەلەلایەن دەستەیەکی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەڕێوە دەبرێت، بەڵام سیستەمەکانی دیکە تەنها یەك دەوڵەت بەڕێوەیان دەبات.**

**٩- بەنێودەوڵەتی کردن لە عورفی نێودەوڵەتی سەرچاوەی گرتووەو لە بەڵێننامەی کۆمەڵەی گەلان و چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان نەچەسپاوە.**

هەرچەندە لە دیدی هەندێ یاسازانەکان ئەمە وەك کەم و کوڕی بۆ سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردن هەژمارکراوە، بەڵام لە ڕاستیدا عورفی نێودەوڵەتی سەرچاوەیەکی سەرەکیە لە سەرچاوەکانی یاسای نێودەوڵەتی[3].

---

(١) دعزالدين فودة، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٢.

(٢) د.سالم يوسف الكسواني، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٤.

(٣) د. خليل سامي علي مهدي ،سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥١.



## دووەم: مەرجەکانی بەنێودەوڵەتی کردن

لە سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردن پێویستە چەند مەرجێك ڕەچاو بکرێن لە خوارەوە گرنگترینیان ڕوون دەکەینەوە:

١- لە سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردن دەبێ خواست و ئارەزووی دانیشتوانی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکە ڕێزی لێ بگیرێت، چونکە فەرامۆش کردنی ئیرادەی دانیشتوانی ئەو هەرێمانە پێچەوانەیە لەگەڵ پرنسیپی مافی بڕیاردانی چارەنووس[1].هەرچەندە لەو چارتانەی بۆ هەرێمە بەنێودەوڵەتیکراوەکان لەسەردەمی کۆمەڵەی گەلان و نەتەوە یەکگرتووەکان داڕێژراون جەخت لەسەر خواستی دانیشتوان کراوەتەوە، بەڵام لە ڕووی پراکتیکی وەك پێویست ئەمە ڕەچاو نەکراوەو زیاتر بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێز لەبەرچاوگیراوە.

٢- هەرێمی بەنێودەوڵەتی کراو ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر سەرپەرشتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی، ئەویش بەرپرسیارە لە پاراستنی سەلامەتی خاکی هەرێمەکەو ڕێگرتن لە دەست درێژی بۆ سەری، هەروەها پارێزگاری کردن لە مافەکانی مرۆڤ .

٣- پێویستە هەرێمی بەنێوەوڵەتی کراو سەربەخۆیی سیاسی هەبێت، واتە دانیشتوانی هەرێمەکە خۆیان ئەنجومەنی گەل یان پەرلەمان هەڵبژێرن و لەرێگای ئەو ئەنجومەنەش دەسەڵاتەکانی دیکە دیاری بکرێن.

٤- دەبێ هەرێمی بەنێودەوڵەتی کراو بێلایەن بێت واتە دەبێ پابەندبێت بە بەشداری نەکردن لە هیچ جەنگێك کە لە داهاتوو ڕوودەدات، هەروەها ئەو دەوڵەتانەی بەشدارن لە سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردن و بەڕێوەبردنی هەرێمەکە پابەندن بەڕێزگرتنی ئەو بێلایەنیە (لە بەشی دووەمی توێژینەوەکەمان سیستەمی بێلایەنی زیاتر ڕوون دەکەینەوە).

٥- لە چەك داماڵینی هەرێمی بەنێودەوڵەتی کراو. لە چەك داماڵین جیاوازی هەیە لەگەڵ بێلایەنی، چونکە مەرج نیە دەوڵەتی بێلایەن لە چەك داماڵدرێت، سویسرا بێلایەنە، بەڵام لە چەك دانەماڵدراوە[2]، بۆیە پێویستە بزانین لە چەك داماڵین چیە. لیژنەی ئامادەکاری میسری بۆ کۆنگرەی لە چەك داماڵین (نزع السلاح) لە ساڵی ١٩٢٥ سێ قۆناغی دانا:

---

(١) د.مفيد محمود شهاب، سەرچاوەی پێشوو،ل١٥١

(٢) د. عبالعزيز سرحان، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩٥.

ا- سنورداركردن (تحدید)، واتە دەولەت پەیمان دەدات كە چەك و هێزی سەربازی زیادنەكات، ئەوەش قۆناغی یەكەمە بۆ لەچەك داماڵین.

ب- كەمكردنەوە (تخفیض)، واتە كەمكردنەوەی چەك و هێزی چەكداری وەك قۆناغی دووەم.

ج- لەچەكداماڵین، ئەمەش بەو مانایەی كە چەك و هێزی چەكداری تا ئەو ئاستە كەم دەكرێتەوە كە تەنها بتوانێ ئاسایشی خۆی پێ بپارێزێت.

هەروەها چاودێریش لەسەر چەك قۆناغێكی ئامادەكاریە بۆ لەچەك داماڵینی راستەقینە. لەچەك داماڵین بۆ ئەو هەرێمانەیەكە ستراتیژین و ململانێیان لەسەرەو لەرووی جوگرافی گرنگن[1].

لەبەرئەوەی ئەو هەرێمانەی بەنێودەوڵەتی دەكرێن، گرنگی ستراتیژی و ئابوری و ئاینی و مرۆییان هەیە و ململانێشیان لەسەرە، مەرجە كە لەچەك دابماڵدرێن، ئەمەش بۆ بەرژەوەندی گشتی كۆمەڵگای نێودەوڵەتیە. نابێ مانۆری سەربازی و پەرەپێدانی چەك لەو هەرێمانە بكرێن، تەنها لەو ئاستەدا رێگەیان پێدراوە كە بتوانن ئاشتی و ئاسایش بۆ هەرێمەكە دەستەبەر بكەن[2].

٦- نابێ هەرێمی بەنێودەوڵەتی كراو بكەوێتە ژێردەستی دەوڵەتێكی دیاری كراو[3].

٧- هەرێمی بەنێودەوڵەتی كراو دەبێ ململانێ و ناكۆكی لەسەر بێت لەنێوان دوو دەولەت یان زیاتر، هەرێمەكە چەندی ستراتیژی و گرنگ بێت ئەگەر ململانێی لەسەر نەبێت و بەرەوشێكی جێگیر دابڕوات، ئەوا ناتوانرێت بەنێودەوڵەتی بكرێت[4].

٨- ئەو ململانێیەی هەیە دەبێ نێودەوڵەتی بێت، واتە لەنێوان كەسێتی نێودەوڵەتی رووی دابێت.

٩- هەرێمی بەنێودەوڵەتی كراو لە یەكێك لە لایەنەكانی ستراتیژی ونەتەوەیی و ئابوری و مرۆیی و ئاینی و گرنگی هەبێت[5]. واتە لەیەكێك لە لایەنەكان ئەو هەرێمە جێگای ململانێی

(١) د. خلیل سامي علي مهدي، سەرچاوەی پێشوو، لا ٣١٨-٣١٩.

(٢) د. عبدالعزیز سرحان، سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٩٤.

(٣) د. عزالدین فودة، سەرچاوەی پێشوو، لا١٧٣.

(٤) د.سالم یوسف الكسواني، سەرچاوەی پێشوو، لا١٧٤.

(٥) د. نادر محمد ابراهیم، تسویة منازعات المنطقة الأقتصادیة ذات الطبیعة الخاصة، ط١، دار الفكر الجامعي، اسكندریة، ٢٠٠٤، لا٣٠.



لایەنە ناكۆكەكان بێت جا لایەنی سەربازی بێت یان دەوڵەمەندیێت بە سامانی سروشتی یان لە رووی شوێنەوار و پێگەی جوگرافی یان شوێنێكی پیرۆزی ئاینی بێت وەك قودس و مۆنتی ئەسۆس.

# تەوەری سێیەم

## ماف و ئەرکی هەرێمە بەنێو دەوڵەتی کراوەکان

### یەکەم: مافەکان

گرنگترین مافەکانی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان لەو چەند خاڵە کورت دەکەینەوە:

١- ڕێزگرتنی سەروەری هەرێمی بەنێو دەوڵەتی کراو. نابێ خاکەکەی بە ئاسمان و دەریاو ڕووباریشەوە ببەزێنرێت، هەر کاتێکیش دەست درێژی کرایە سەری مافی هەیە بەرگری ڕەوا لە خاکەکەی بکات[1].

٢- هەرێمی بەنێودەوڵەتی کراو مافی بڕیاردانی چارەنووسی هەیەو لەتەوەری دووەمی ئەم باسە ڕوونمان کردەوە[2].

٣- هەرێمی بەنێودەوڵەتی کراو مافی خۆیەتی کە ڕێز لە ماڵ و سامانی دانیشتوانی بنرێت و مافەکانیان بپارێزرێت[3].

٤-مافی گرێدانی پەیماننامەی نێودەوڵەتی هەیە.

٥- دەتوانێ پیادەی کاری دبلۆماسی بکات و نێردەی دبلۆماسی هەبێت و پێشوازی نێردە دبلۆماسیەکانیش بکات.

(١) د.مفید محمود شهاب، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٤

(٢) د.سالم یوسف الکسواني، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٥

(٣) د. خلیل سامي علي مهدي، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥٧-٣٥٨.



### دووەم: ئەرکی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان

ئەرکەکانی هەرێمی بەنێودەوڵەتی کراو هەمان ئەو ئەرکانەن کە دەوڵەتێکی هەمیشە بێلایەن هەیەتی بەم شێوەیە:

١ - نابێ بەشداری بکات لە پرۆسەی جەنگی و نابێ لاگیری بکات بۆ هیچ لایەکی شەڕکەر.

هەروەها نابێ ڕێگەبدات خاکەکەی ببێتە پێگەی سەربازی هیچ یەك لە دەوڵەتە شەڕکەرەکان، نابێ ڕێگە بدات پێشی دابڕۆن، تەنانەت بە ئاسمانی هەرێمی بەنێودەوڵەتی کراویش.

هەرێمی بەنێودەوڵەتی کراودەتوانێ لە ئاستێکی سنوردارو مرۆیی ڕێگەبدات کە بریندار و نەخۆشەکانی شەڕ بە خاکەکەی تێپەڕبن، بەڵام بە مەرجێك لە پاڵ ئەو بریندار و نەخۆشانە هێزی سوپایی دەرباز نەبن[1].

ئەگەر هات و سەربازە شەڕکەرەکان بە خاکەکەی دا ڕۆیشتن ئەوا دەبێ سەربازەکان بە دیل بگرێت تا کۆتایی هاتنی جەنگ. ئەگەر هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکە نەیتوانی بەوئەرکە هەڵبستێت، ئەرکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیە کە ئەمە بکات.

٢- هەرێمی بەنێودەوڵەتی کراو لەسەر شانیەتی کە ڕێگە نەدات تاوانەکانی دزە پێکردن(تهریب) و گواستنەوەی ماددەی بێهۆشکەرو چەك لە خاکەکەی ڕووبدەن و تێپەڕبن[2].

٣- نابێ هەرێمی بەنێودەوڵەتی کراو سەرپێچی بکات لە بڕیاری نێودەوڵەتی و ئەو گەمارۆیە (حصار)بشێکنێ کە لەسەر یەکێك لە دەوڵەتەکان لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دانراوە، ئەگەر گەمارۆشی شکاند ئەوا بەرپرسیار دەبێت و بە تاوانباری شکاندنی گەمارۆ دادەنرێت.

ئەگەر هەریەك لەو ئەرکانەی کە دەکەونە ئەستۆی هەرێمی بەنێودەوڵەتی کراو نەیتوانی جێبەجێیان بکات، یان نەیتوانی بێلایەنی خۆی بپارێزێت، ئەوا دەبێ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی ئەو ئەرکانە بگرێتە ئەستۆ. بەتایبەتی سەبارەت بە پاراستنی بێلایەنی هەرێمی بەنێودەوڵەتی کراو، چونکە بێلایەنیەکە لە بەرژەوەندی گشتی دایە نەك تەنها هەرێمی بەنێودەوڵەتی کراو[3].

کۆمەڵێك ئەرك و پابەندی تریش هەن، چۆن دەوڵەتێك پابەندە پێیانەوە، بەهەمان شێوە هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکانیش دەبێ پێوەی پابەند بن لەوانەش گرنگترینیان:

(١) د.عائشة راتب، النظریة المعاصرة للحیاد، دار النهضة العربیة، القاهرة،١٩٦٨، ل٣٧

(٢) د. خلیل سامي علي مهدي، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢-٤٤.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل ٣٥١-٣٥٦.

١- دەبــێ هــەرێمی بەنێودەوڵــەتی کــراو پەیوەســت بێــت بــە بنــچینەکانی یاســای نێودەوڵەتی گشتی.

٢- نابێ جیـاوازی لـەنێوان دانیـشتوانی هەرێمەکـە دا بکـات لەسـەر بنـەمای ئـاینی و نەتەوەیی و رەگەزی. هەروەها دەبێ پابەندبێت بە پاراستنی پرنسیپەکانی مافەکانی مرۆڤ.

٣- پابەندبێت بە جێبەجێ کردنی پەیماننامەو رێکەوتنامە نیودەوڵەتییەکان  کە پەیوەندیان هەیە بە ژینگە و تەندروستی گشتی و شوێنەوارو ... هتد[١].

## سێیەم: بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان

ئەگەر هەرێمی بەنێودەوڵەتی کراو یەکێك لە ئەرك و پابەندییەکانی کـە دەکەوێتـە سەرشـانی پێشێلی کرد، ئایا لەرووی نێودەوڵەتی بەرپرسیار دەبێت؟ بەر لە وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە دەبـێ بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی بناسێنین و بە چەند دێرێك روونی بکەینەوە، ئینجا لـە ژێـر رۆشـنایی ئەم ئامادەکاریە دەتوانین ئەوە بسەلمێنین ئایا هەرێمی بەنێودەوڵەتی کراو بەرپرسیاری نێودەوڵـەتی دەبێت؟ بە پێی یاسای نێودەوڵەتی کلاسیك تەنها دەوڵەت بەرپرسیاریەتی نێودەوڵـەتی دەکەوێتـە ئەستۆ، بەلاّم لە یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخ، رێکخراوە نیودەوڵەتییەکان  و تاکیش بـەر پرسـیار دەبێت، کاتێك رێکخراوێکی نێودەوڵەتی پەیماننامەیەك لەگەڵ دەوڵەتێك جێبەجێ ناکات یـان کـە تاك تاوانی جینۆساید و دژی مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ ئەنجام دەدات ئـەوا بەرپرسـیاریەتی نێودەوڵــەتی (المسؤلية الدولية) دەکەوێتــە ئەســتۆی، وەك ئــەوەی لــە نۆرمبــۆرگ و تۆکیــۆ و یوگۆســلاڤیا رووی دا. [٢] یاساناســی فەرەنــسی (شــارل رۆســۆ) بــەم شــێوەیە بەرپرســیاریەتی نێودەوڵەتی دەناسێنێ (ئەو سـزایەیە کـە یاسـای نێودەوڵـەتی دیـاری کـردوە، کاتێـك کەسـێتی نێودەوڵەتی پابەند نابێت بە بنچینەکانی یاسـای نێودەوڵـەتی)[٣]. ئەگـەر باسـی بەرپرسـیاریەتی نێودەوڵەتی سەبارەت بەدەوڵەتێکی خاوەن سەروەری بکەین، ئەوا بە دوو شێواز دەبێت:

ا- بەرپرسیاریەتی راستەوخۆ: ئەوەش بەرپرسیاریەتی راستەوخۆی دەوڵـەت دەگرێتـەوە کـە لەلایەن یەکێك لە دەسەلاّتەکانی رووبدات چی یاسا دانان بێت یان جێبەجێ کردن یان دادوەری.

(١)  د. علي صادق ابوهيف، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١١-٢١٢.

(٢)  د.عصام العطية، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٦.

(٣)  شارل روسو، القانون الدولي العام، ترجمة: شكرالله خليفة وعبدالمحسن سعد، بيروت، ١٩٨٢، ل ١٠٨.



ب- بەرپرسیاریەتی ناراستەوخۆ: کاتێك پەیوەندییەکی  یاسایی لەنێوان دوو دەوڵەتدا هەیە وەك ئەوەی لە سیستەمی پارێزگاری و سیستەمەکانی ماندێت و راسپاردەیی.[١]

ئەگەر لەلایەن ئەو دەوڵەت و هەرێمانەی دەکەونە ژێر ئەم سیستەمانە رەفتارێکیـان کـرد و بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی لێ کەوتەوە، ئـەوا ئـەوان بەرپرسـیار نـابن، بـەڵکو ئـەو دەوڵەتـە بەرپرسیارە کە سەرپەرشتی سیستەمی راسپاردەیی یان ماندێت دەکات، هەروەها لە دەوڵــەتی فیدرالیش هەرێمەکان بەرپرسیارنین لەو پێـشێل کاریانـەی دەیکـەن، بـەڵکو دەوڵـەتی ناوەنـد بەرپرسیار دەبێت[٢]. سەبارەت بە بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکـان، لەبەرئـەوەی بنــەرەتی بەرپرســیاریەتی نێودەوڵــەتی پێــشێل کاریــە بــۆ بنــچینەکانی یاســای نێودەوڵەتی و هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکانیش یەکێك لە ئەرکەکانیان ئەوەیە کە دەبێ پابەند بن بە بنچینەکانی یاسای نێو دەوڵەتی. [٣] هەروەها لە پێـشتر ئاماژەمـان بـۆ کـرد کـە ئـەم هەرێمانە سەروەریان هەیە و دەسەلاّتەکانی یاسا دانـان و جێبـەجێ کـردن و دادوەری تایبــەت بەخۆشیان هەیە، هەرچەندە قەوارەی تایبەتن، بەلاّم کەسـێتی نێودەوڵەتیـشیان هەیـە و هـەوڵ دەدەین لەبەشی سێیەمی توێژینەوەکەمان ئەمە بـسەلمێنین. کەواتـە بەرپرسـیاری نێودەوڵــەتی ناکەوێتە سەر رێکخراوی نێودەوڵــەتی، کــە ئــەرکی ســەرەکی بریتییــە لەسەرپەرشــتی کردنــی هــەرێمی بەنێودەوڵــەتی کراوەکــە، بــەڵکو بەرپرســیاریەتی نێودەوڵــەتی دەکەوێتــە سەرشــانی هەرێمەکە خۆی واتە هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان لە ئەنجامی پابەند نەبوون بە بنـچینەکانی یاسای نێودەوڵەتی بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی دەکەوێتە ئەستۆیان[٤].

(٣) مجـدت صـبری عقـراوی، نحـو نظـام قـانوني للمـسؤلية الدوليـة، جريـدة الجمهوريـة، عـدد (٦٣١٧)، حزيران١٩٨٧، ل٣.

(٢)  د. عبدالعزيز سرحان، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩٧.

(٣)  د. خليل سامي علي مهدي، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧٦.

(٤)  د.عزالدين فودة، سەرچاوەی پێشوو،ل١٧٢-١٧٣.

# بەشی دووەم

## هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان و سیستەمە هاوشێوەکانی(ألانظمة المتشابهة)

# بەشی دووەم

## هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان و سیستەمە هاوشێوەکانی(ألانظمة المتشابهة)

ئامادەکاری و دابەش کردن:

هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان لەگەڵ کۆمەڵێك سیستەمی تر هاوشێوەن و خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە. هەوڵدەدەین لە چوارچێوەی ئەو بەشە گرنگترین ئەو دەوڵەت و هەرێم و قەوارانە بخەینەروو کە لێکچوون لەگەڵ هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان.

ئیجا گرنگترین ئەو خاڵە جیاواز و لێکچوانە روون دەکەینەوە کە لەنێوان هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان و سیستەمە هاوشێوەکانی داهەن.

**باسی یەکەم:** دەوڵەتانی سەروەری ناتەواو- هەرێمە بەخودموختاری نەگەیشتوەکان

**باسی دووەم:** ئەو یەکانەی بارێکی تایبەتیان هەیە.

**باسی سێیەم:** خاڵە جیاواز و لێکچووەکان لە نێوان هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان و سیستەمە هاوشێوەکانی

# باسی یەکەم

## دەوڵەتانی سەروەری ناتەواو- هەرێمە بەخودموختاری نەگەیشتوەکان

**دابەش کردن:**

**تەوەری یەکەم:** سیستەمی پاشکۆیەتی و پارێزگاری.

**تەوەری دووەم:** سیستەمی ماندێت و راسپادەریی.

**تەوەری سێیەم:** هەرێمە بە خودموختاری نەگەیشتووەکان (الأقاليم غير متمتعة بالحكم الذاتي).

# تەوەری یەکەم

## سیستەمی پاشکۆیەتی و پارێزگاری

### یەکەم: سیستەمی پاشکۆیەتی(التبعية)

بە پێی ئەو سیستەمە دەوڵەتی چاودێر (متبوع) هەندێ لە دەسەڵاتە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی دەوڵەتی پاشکۆ دەگرێتە دەست، بەو پێیەی کە لەنێوانیان پابەندی (التزام) لایەنگیری و مل کەچی هەیە [1]. ملکەچ بوونی دەوڵەتی پاشکۆ لە بارێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازی هەیە، بۆیە ئاسان نیە تایبەت مەندیەکانی ئەوسیستەمە بەووردی دیاری بکەین. سیستەمی پاشکۆیەتی لە بنەڕەتدا لە قۆناغی دەرەبەگایەتی سەری هەڵداوە، دواتر گوازراوەتەوە بۆ نێو پەیوەندییەنیودەوڵەتییەکان . پاشکۆیەتی بەدوو شێوە کۆتایی دێت، یان دەوڵەتی پاشکۆ سەروەری تەواو بە دەستدێنێ، کە ئەمەیان زیاتر بۆتە بنەڕەت یان دەبێتە بەشێك لە دەوڵەتی چاودێر[2]. پاشکۆیەتی زیاتر لەلایەن ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کاری پێ کراوە بەم شێوە:

ا- سربیا و رۆمانیا لە پەیماننامەی پاریس لە (٢٠) ئاداری ١٨٦٥ تا پەیماننامەی بەرلین لە (١٣) تەمووزی ١٨٧٨.

ب-بولگاریا لە پەیماننامەی بەرلین لە ساڵی ١٨٧٨ تا پەیماننامەی (تیرنۆفۆ) لە (٥) تشرینی یەکەمی ١٩٠٨.

---

(١) د. حسن الچلبی، القانون الدولي العام، ج١، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٦٤، ل٣١٠.

(٢) لە رۆژگاری ئەمرۆ بە پێی چەمکی کلاسیکی ئەم سیستەمە نەماوەو کۆتایی هاتووە.



ج-میسر لە پەیماننامەی لەندەن لە ١٨٤٠ تا ١٩١٤[1].

د-(تبت)[2] لە سەدەی دوازدەیەمەوە پاشکۆی چین بوو تا ساڵی ١٩٥٩ بووە هەرێمێك لەم وولاتە[3]

### دووەم: سیستەمی پارێزگاری (الحماية — Protection)

دەتوانین پێناسەی پارێزگاری بکەین بەوەی کە پەیوەندییەکی یاساییە، دەوڵەتێکی بێهێز و لاواز دەکەوێتە ژێر پارێزگاری دەوڵەتێکی تر کە لەخۆی بەهێزترە[4]. دەوڵەتی پارێزەر پابەندە بە داکۆکی کردن لە دەوڵەتی پارێزراو (المحمية)، لەبەرامبەر ئەوەش دەوڵەتی پارێزەر مافی سەرپەرشتی کردنی لەسەر کاروباری دەرەکی دەوڵەتە پارێزراوەکە هەیە و دەتوانێ دەست وەربداتە کاروباری ناوخۆشی[5]. ئەم پێناسەیە دەمان گەیەنێتە ئەوەی کە پارێزگاری شێوازێکی

---

(١) د.سموحي فوق العادة، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٥.

(٢) (دالای لامای)سەرکردەی روحی گەلی تبت لە ٢٠٠٧/١٠/١٦ لەلایەن کۆنگرێسی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا میدالیای زێرینی پێ بەخشرا. هەروەها لە ساڵی ١٩٨٩ خەڵاتی نۆبڵی بۆ ئاشتی وەرگرت. (دالای لاما) پیاوێکی ئاینی بوزیە و لە ساڵی ١٩٥٩ رای کرد بۆ هیند و لەلایەن وڵاتی چین بە جوداخواز دەناسرێ. ئەو زانیاریانە لە بەرنامەکانی رۆژی ١٧-١٠-٢٠٠٧ ی کەناڵی ئاسمانی (العربية) وەرگیراون.

(٣) هەندێ لە یاساناسان وای دەبینن کە (تراسڤال) و دەوڵەتی (ئۆرانجی ئازاد) دوو دەوڵەتی پاشکۆ بوونە بۆ بەریتانیای گەورە لەماوەی ساڵەکانی ١٨٨١ تا ١٩٠١. هەروەك چۆن هەندێکی تر وای دەبینن کە پەیوەندی بەریتانیا بە دەوڵەتە بچووکەکانی (الدويلات) نیمچە کیشوەری هیندی لە ناوەڕۆکدا پەیوەندییەکی پاشکۆیەتی بووە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. محمد سامي عبدالحميد و د.محمد السعيد الدقاق و د.ابراهيم احمد خليفة سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٢. هەروەها بۆ زانیاری زیاتر بروانە:د.غازي حسن صباريني، الوجيزفي مبادىء القانون الدولي العام، ط١، دارالثقافة للنشروالتوزيع،عمان،٢٠٠٤، ل١٣٦.

(٤) پارێزگاری بەکۆمەڵیش هەیە، گەرچی نموونەی لەم جۆرە کەمن، بەڵام رووی داوە، بۆ نموونە، دوورگەی (ساموا) کەوتبووە ژێر پارێزگاری هاوبەشی ئەڵمانیا و بەریتانیا و ئەمریکا لە ساڵی ١٨٨٩ تا ١٨٩٩.بۆ زانیاری زیاتربڕوانە: د. عبدالكريم علوان، الوسيط في القانون الدولي العام، الكتاب الآول، ط١، دار الثقافة، عمان، الأردن، ١٩٩٧، ل٣٥٧.

(٥) هەمان سەرچاوە، ل٢٥٦

نزیکە لە سیستەمی پاشکۆیەتی  بۆیە هەندێ یاسازان دەڵێن پارێزگاری شێوەیەکی ترە لە پاشکۆیەتی. لەگەڵ ئەوەش کە دەوڵەتی پارێزراو هەندێ تایبەتمەندی و سەروەری لە دەست دەدات، بەڵام کەسێتی نێودەوڵەتی هەردەمێنێ، چونکە پەیوەندی ئەو دەوڵەتە لەگەڵ دەوڵەتی پارێزەر لەلایەن یاسای نێودەوڵەتی ڕێك دەخرێت و جەنگی نێوانیان بە جەنگێکی نێودەوڵەتی دەژمێردرێت، هەروەها رەگەزنامەی دەوڵەتی پارێزراو جیاوازە لە دەوڵەتی پارێزەر [1]. هەروەها هەرێمی دەوڵەتە پارێزراوەکە هەرێمێکی تایبەت بە خۆیەتی و سەربەخۆیە لە خاکی دەوڵەتە پارێزەرەکە[2]. سیستەمی پارێزگاری بنچینەی جێگیرودیاری کراوی نیە، بەڵکو بە پێی ناوەڕۆك و بنەماکانی دەگۆڕێت، هەر جۆرێك لە پارێزگاری باری یاسایی تایبەت بەخۆیان هەیە. سیستەمی پارێزگاری بەدوو شێوەی سەرەکی دەبێت[3].

ا- پارێزگاری ئارەزوومەندانە (الحماية الأختيارية): پێشی دەگوترێت پارێزگاری نێودەوڵەتی   (الحماية الدولية) ئەمەش لە ئەنجامی رەزامەندی هەردوولایە و بە پێی ڕێکەوتن دەبێت، بە بێ ئەوەی دەوڵەتی پارێزەر فشاری خستبێتە سەر دەوڵەتی پارێزراو. هەروەها دەوڵەتە کە بەشێکی زۆری سەربەخۆیی ناوخۆ و دەرەکی پارێزراو دەبێت.

ب- پارێزگاری بەزۆر یان کۆلۆنیالی: ئەو جۆرە پارێزگاریە بەهۆی فشار لەلایەن دەوڵەتی پارێزەر دروست دەبێت[4].

(١)  د. غازی حسن صبارینی، سەرچاوەی پێشوو، لا١١٤.

(٢)  دادوەری سەربازی فەرەنسی پەیڕەویان لەو تێڕوانینە کردو، وایان دانا راکردنی سەربازەکان بۆ ناوخاکی دەوڵەتە پارێزراوەکانیان بەراکردن بۆ ناو خاکی بێگانە دادەنرێت.

(٣)  جۆرێکی تری پارێزگاری هەیە کە ناو دەبرێت بە (شێوە پارێزگاری ئەمریکی) ئەمەش پەیوەندی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەسەر هەندێ دەوڵەتی ئەمریکای لاتینی وەك (کوبا، هایتی، هندوراس، نیکاراگوا، دومنیکان) لەسەرەتای سەدەی بیستەم دەردەخات، ئەو پەیوەندییەجۆرێك لە سەرپەرشتی و باڵا دەستی ئەمریکا دەردەخات بەسەر ئەو وڵاتانە لە رووی دەرەکی و میزانیە و ناوخۆ، بەڵام بە بێ ئەوەی کاریگەری بکاتە سەر لایەنەکانی تر و سەربەخۆییەکەیان پارێزاراو بوو. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د.علي صادق ابو هيف،سەرچاوەی پێشوو،لا١٢٦. هەورەوها بروانە: د. صلاح الدين عامر، سەرچاوەی پێشوو، لا١٩٧وئەوانی دواتر.

(٤)  د.سموحي فوق العادة، سەرچاوەی پێشوو، لا١٨٥وئەوانی دواتر



هەندێ جار دەوڵەتی پارێزەر تاك لایەنە سیستەمی پارێزگاری خۆی بەسەر دەوڵەتێکی دیکە ڕاگەیاندوە، وەك ئەوەی لە ساڵی ١٩١٤ بەریتانیا بەرامبەر میسر کردی کە تا ساڵی ١٩٢٢ بەردەوام بوو[1].

(١)  د. عبدالکریم علوان، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٥٧

## تەوەری دووەم

## سیستەمی ماندێت و ڕاسپاردەیی

### یەکەم: سیستەمی ماندێت(الانتداب)

دوای شکستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئەڵمانیا لە جەنگی یەکەمی جیهانی، دەوڵەتانی براوەی جەنگ لە ڕێگەی سیستەمی ماندێت هەوڵیان دا بەسەر ئەو هەرێمانە زاڵ بن کە کۆلۆنیال و ژێر دەستەی ئەو دوو دەوڵەتە بوون. بە پێی پەیماننامەی ئاشتی لە ساڵی ١٩١٩ لەسەر پێشنیاری سەرۆك وەزیری ئەو کاتی باشوری ئەفریقیا وەك چارەسەرێکی مام ناوەندی سیستەمی ماندێت دانرا.

ئەوە بوو لە ماددەی (٢٢)ی بەڵێننامەی کۆمەڵەی گەلان ئەوە چەسپا کە ئەو هەرێمانە ناتوانن خۆیان حوکمی خۆیان بکەن، بۆیە دەبێ بخرێنە ژێر سەرپەرشتی دەوڵەتانی پێشکەوتوو، بەڵام لەلایەن کۆمەڵەی گەلان چاودێری دەکرێن[١].

ئەو هەرێمانەی کەوتنە ژێر سیستەمی ماندێت بۆ سێ پلە دابەش کران:

ا- ماندێت لە پلەی (A) ئەویش ئەو ولایەتانە دەگرێتەوە کە لە ژێر دەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دابوون. بە پێی سیستەمی ماندێت ئەو هەرێمانە جۆرێك لە پێشکەوتنیان تێدایە و دەتوانن خۆیان بەرێوەببەن، ئەرکی دەوڵەتی سەرپەرشتیار (منتدب) تەنها ئامۆژگاری و

(١) د. محمد عزيز شكري، المدخل الي القانون الدولي العام وقت السلم، ط٣، دار الفكر، دمشق، بەبێ ساڵی چاپ، ل١٠١.



چاودێریە، ئەوانیش بریتی بوون لە سوریا و لوبنان لە ژێر ماندێتی فەرەنسا، هەروەها عێراق و ڕۆژهەڵاتی ئوردن و فەلەستین لە ژێر ماندێتی بەریتانیا.

ب- ماندێت لە پلەی (B) گەلانی ناوەڕاستی ئەفریقیا دەگرێتەوە کە کۆلۆنیالی ئەڵمانیا بوون، ئەوانیش بریتی بوون لە کامیرۆن بۆ فەرەنسا، تۆغۆ و تەنجانیقا بۆ بەریتانیا، ڕواندا ئۆرندی بۆ بەلجیکا. لێرە ئەرکی دەوڵەتی (منتدب) تەنها بریتی نەبوو لە ئامۆژگاری، بەڵکو هەرێمەکەشی بەرێوەدەبرد، لەبەرامبەریش گەرەنتی پاراستنی هەرێمەکە دەکەوتە ئەستۆی دەوڵەتی (منتدب).

ج- ماندێت لە پلەی (C) ئەو جۆرەیان ئەو هەرێمە بچووك و کەم دانیشتوانانە دەگرێتەوە کە دەوڵەتی (منتدب) وەك هەرێمی خۆی بەرێوەیان دەبات و یاساو ڕێساکانی خۆشی جێبەجێ دەکات[١].

هەرچەندە لەرووی پراکتیکی سیستەمی ماندێت جیاوازیەکی ئەوتۆی نەبوو لە سیستەمی کۆلۆنیالی، بەڵام لەرووی یاسایی و بە پێی ماددەی (٢٢) لە چارتی کۆمەڵەی گەلان ئەو هەرێمانەی دەکەونە ژێر سیستەمی ماندێت قەوارەی سەربەخۆی دەپارێزرێت هەروەها هەرێمەکەی نابێتە بەشێك لە خاکی دەوڵەتی منتدب و ناکەوێتە ژێر سەروەریەکەی، هەروەها دانیشتوانیشی ڕەگەزنامەی خۆیان دەپارێزن[٢]. سەبارەت بە چارەنووسی سیستەمی ماندێت، بەشێکیان پێش جەنگی دووەمی جیهانی سەربەخۆییان وەرگرت وەك عێراق و سوریا و لوبنان، ئەوانی دیکە کەوتنە ژێر سیستەمی ڕاسپاردەیی (وصاية) لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی بە پێی ماددەی (٧٧) لە چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان. دواین هەرێمی پاشماوەی ماندێت نامیبیا بوو کە لە ساڵی ١٩٩٠ سەربەخۆیی خۆی وەرگرت. جگە لە فەلەستین کە تا ئەمڕۆ کێشەکەی هەر ماوەو چارەسەرنەبووە[٣].

بە پێی خشتەی ژمارە (١) ئەو هەرێم و دەوڵەتانە روون دەکەینەوە کە کەوتبوونە ژێر سیستەمی ماندێت.

(١) د. محمد المجذوب، الوسيط في القانون الدولي العام، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥١.

(٢) د. حكمت شبر، القانون الدولي العام، ج١، مطبعة دار السلام، بغداد، ١٩٧٥، ل٢٦٦.

(٣) د. محمد المجذوب، الوسيط في القانون الدولي العام، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٣، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: محمد جمال الدين حسين العلوي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨.

| ز | هەرێم یان دەوڵەتی ژێر سیستەمی ماندێت | دەوڵەتی منتدب |
|---|---|---|
| ١ | فەلەستین و رۆژهەڵاتی ئوردن | بەریتانیا |
| ٢ | عێراق | بەریتانیا |
| ٣ | سوریا | فەرەنسا |
| ٤ | لوبنان | فەرەنسا |
| ٥ | تۆغلاندی بەریتانی | بەریتانیا |
| ٦ | تۆغلاندی فەرەنسی | فەرەنسا |
| ٧ | کامیرۆنی بەریتانی | بەریتانیا |
| ٨ | کامیرۆنی فەرەنسی | فەرەنسا |
| ٩ | تەنجانیقا | بەریتانیا |
| ١٠ | رواندا-ئۆرندی | بەلجیکا |
| ١١ | نامیبیا (باشوری رۆژئاوای ئەفریقیا) | یەکێتی باشوری ئەفریقیا |
| ١٢ | غینیای نوێ | ئوستالیا |
| ١٤ | ساموٚی رۆژئاوا | نیوزیلاند |
| ١٥ | نورو | ئوتسرالیا |
| ١٦ | دورگەکانی زەریای هێمن (ماریانا- کارولین- مارشال) | یابان |

**دووەم: سیستەمی راسپاردەیی (الوصایة -Trustsing):**

لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی هێزە براوەکانی جەنگ سیستەمی راسپاردەییان لە شوێنی ماندێت لە چارتی نەتەوەیە یەکگرتووەکان چەسپاند. ئەو هەرێمانەی کەوتنە ژێر سیستەمی راسپاردەیی بە پێی ماددەی (٧٧)ی چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان کراونەتە سێ بەش:



ا- ئەو هەرێمانەی لە ژێر سیستەمی ماندێت بوون[١].

ب- ئەو هەرێمانەی لە دەستی دەوڵەتانی دۆڕاوی جەنگی دووەم دەرهاتوون[٢].

ج- ئەو هەرێمانەی بە ئارەزووی خۆیان سیستەمی راسپاردەیی هەڵدەبژێرن و دەوڵەتێك دەکەن بە بەرپرسیاری بەرێوەبردنی کاروبارەکانیان. بەڵام ئەو حاڵەتە رووی نەداو هیچ دەوڵەتێك ئارەزوومەندانە سیستەمی راسپاردەیی هەڵنەبژارد[٣].

ئاراستەکان لە نێوان دەوڵەتانی براوەی جەنگ لەسەر سیستەمی راسپاردەیی جیاواز بوون. پرۆژەی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ راسپاردەیی ئەوەبوو کە گەلانی ژێردەستی کۆلۆنیالیەت جۆرێك لە خود موختاریان هەبێت و سیستەمی راسپاردەیی بکەوێتە ژێر چاودێری کۆمەڵەی گشتی نەك ئەنجومەنی ئاسایش.

پرۆژەی بەریتانی پێشنیاری ئەوەبوو کە چارەنووسی ئەو هەرێمانە لە ژێر سیستەمی راسپاردەیی دان بخرێنە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتە کۆلۆنیالیەکان، ئەمەش بەهۆی ئەزمونی درێژخایەنیان لە بەرێوبردنی هەرێمەکانی ژێردەستی خۆیان، وە پرۆژەکەی بەریتانیا داوای رەتکردنەوەی ئەنجومەنی راسپاردەیی دەکرد و پێی وابوو، بگۆردرێت بۆ دەستەیەکی تەکنیکی کە تەنها سەیری راپۆرتی دەوڵەتانی وصی بکات.

---

(١) سیستەمی راسپاردەیی ئەوانە ناگرێتەوە کە لە پلەی (A) بوون لە ژێر سیستەمی ماندێت و سەربەخۆییان وەرگرت جگە لە فەلەستین کە کێشەکەی یەکلانەبووەو تا ئێستا ململانێی لەسەرە، بەڵام هەرێمەکانی ژێر سیستەمی ماندێت لە پلەی ((B- C کەوتنە ژێر سیستەمی راسپاردەیی، جگە لە نامیبیا کە پێشتر روونمان کردەوە.

(٢) ئەو هەرێمانەی لە دەستی دەوڵەتانی دۆڕاو دەرهاتوون بریتی بوون لە سۆماڵ و لیبیا و ئەریتیریا کە هەرسێکیان هەرێمی کۆلۆنیالی ئیتاڵی بوون ئەو هەرێمانە خرانە ژێر راسپاردەیی کورت و کاتی. لیبیا لە ساڵی ١٩٥٢ سەربەخۆیی وەرگرت، سۆماڵی ئیتاڵی و بەریتانی یەکیان گرت و لە ساڵی ١٩٦٠ سەربەخۆییان وەرگرت. ئەریتیریا جاری یەکەم خرایە سەر ئەسیوپیا (حەبەشە) دواتر لە ساڵی ١٩٩٣ لە ئەنجامی راپرسیەك لە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان سەربەخۆیی وەرگرت و ئەریتیریا بووە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە د. محمد المجذوب، التنظیم الدولي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٨، بۆ زیاتر زانیاری: علي عباس حبیب، الفدرالیة والأنفصالیة في افریقیا، ط١، مكتبة مدبولي، قاهرة، ١٩٩٩، ل ١٥١ ئەوانی دواتر.

(٣) د. عبدالعزیز سرحان، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩٢-٤٩٣.

پرۆژەی فەرەنسی جەختی لەسەر پێشختسنی دامەزراوە سیاسیەکانی ئەو هەرێمانە دەکردەوە بۆ پێشخستنی جۆرێك لە خود موختاری کە ئەوەشی بە ئامانجی سیستەمی راسپاردەیی دانا.

پێشنیارەکەی سۆڤیەت بەروونی ئەوەی تێدابوو کە ئامانجی راسپاردەیی پێشخستنی ئەو هەرێمانەیە بۆ گەیشتن بە مافی چارەنووسی خۆیان و بەدەست هێنانی سەربەخۆیی سیاسی تەواو.

نوێنەری ئەمریکا و فەرەنسا و بەریتانیا سەربەخۆیی سیاسیان رەتکردەوە کە یەکێتی سۆڤیەت دەیویست بیچەسپێنێ. ئەوە بوو ئامانجەکانی راسپاردەیی لە ماددەی (٧٦)ی چارتی نەتەوە یەکگرتوەکان دیاری کران[1]، بە بێ ئەوەی بە روونی ئاماژە بۆ مافی چارەنووسی ئەو گەلانە بکرێت[2].

ئەنجومەنی راسپاردەیی پێك هاتبوو لەو دەوڵەتانەی کە هەڵساون بە بەرێوەبردنی هەرێمەکان کە راسپاردەیی دەیان گرێتەوە لەگەڵ پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایش و هەندێ دەوڵەتی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەو ئەنجومەنە سەیری ئەو راپۆرتانەی دەکرد کە لەلایەن دەوڵەتانی (وصی) بۆیان دەهات، هەروەها سەردانی خولی بۆ ئەو هەرێمانە دەکەن، بەڵام بە رێکەوتن لەگەڵ دەسەڵاتی بەرێوەبردنی هەرێمەکان کە دەوڵەتی(وصی)ە، ئەمە جگە لەوەرگرتنی ئەو داواکاریانەی دانیشتوانی هەرێمەکان پێشکەشی دەکەن. هەروەها هەندێ پرسیار ئامادە دەکات و دەیداتە

(١) ئامانجەکانی سیستەمی راسپاردەیی بە پێی ماددەی (٧٦)ی چارتی (UN)ئەمانەن: أ- چەسپاندنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی. ب- کارکرن بۆ پێشخستنی هاوڵاتیانی ئەو هەرێمانەی کە دەکەونە ژێرسیستەمی راسپاردەیی لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئابوری و فێرکردن، هەروەها یارمەتیدانیان بۆ خود موختیاری و سەربەخۆیی بە پێی بارودۆخی جیاوازی هەریەکە لە هەرێمەکان، بە شێوەیەك کە ئەم میللەتانە ئازادانە پێی رازی بن. ج- رێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە بنەڕەتیەکان بۆ هەموو لایەك بە بێ جیاوازی رەگەزو زمان و ئاین. د- زامنی یەکسانی لە کاروباری کۆمەڵایەتی و ئابوری و بازرگانی بۆ هەموو ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەها یەکسانی هەموو هاووڵاتیان لە بەرامبەر دادگا. بۆ زیاتر زانیاری بروانە: د. محمد سعيد الدقاق، القانون الدولي، ط٢، الدار الجامعية، مصر،١٩٨٢، لا٤٠٨.

(٢) د. حکمت شبر، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٧٦.



دانیشتوانی ئەو هەرێمانەی کە راسپاردەیی دەیان گرێتەوە لە بوارەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و فێرکردن[1].

بە پێی ماددەی (٨٨) لە چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان جیاوازی کراوە لە نێوان هەرێمە ستراتیژیەکان و ئەو هەرێمانەی کە ستراتیژی نین. هەرێمە ستراتیژیەکان لە پسپۆری ئەنجومەنی ئاسایش دایە، بەڵام هەرێمەکانی تر کە ستراتیژی نین ئەوا لەلایەن کۆمەڵەی گشتی بەهاوکاری ئەنجومەنی راسپاردەیی چاودێری دەکرێن.

دەسەڵاتەکانی وصی بەسەر هەرێمە ستراتیژیەکان زۆرن و دەوڵەتی وصی بۆی هەیە بنکەی سەربازی و دەریایی و هەوایی و وشکانی دابنێت و رێگەش نەدات بێگانە بێنە ناو هەرێمەکە. کاری ئەنجومەنی ئاسایش تەنها توێژینەوەی راپۆرتەکانی دەوڵەتی راسپاردەیە وەك راسپاردەیی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەسەر دوورگەکانی زەریای هێمن (المحیط الهادي) کە پێشتر لە ژێر ماندێتی یابان بوون[2].

گرنگترین ئەو خاڵە لاوازانەی لە سیستەمی راسپاردەیی بەدەرکەوتن ئەمانە بوون:

ا- رێکەوتنامەکانی راسپاردەیی لەنێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتانی پەیوەندی دار بە بێ گەڕانەوە بۆ ئەو میللەتانەی لەژێر ماندێت دابوون گرێ دەدران، ئەویش بەو پاساوەی کە ئەو میللەتانە کەسێتی یاساییان ناتەواوەو پێویستیان بەکاتە تا بگەنە قۆناغێکی پێگەیشتووی سیاسی[3]

ب- جیاوازی کرا لەنێوان هەرێمە ستراتیژیەکان و ناستراتیژیەکان بە پاساوی یاسایی، بەڵام لە راستیدا بۆ بەرژەوەندی زلهێزەکان بوو.

ج- هەرێمەکانی ژێرسیستەمی راسپاردەیی هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێ کردن و دادوەریان لە ژێر دەستی دەوڵەتی راسپاردە دابوو بۆیە کەسێتی یاساییان ناتەواو بوو.

(١) د. حسن الچلبی، سەرچاوەی پێشوو لا٣٥٠.

(٢) د. سموحي فوق العادة، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٠٥.

(٣) د.محمد عزيز شكري، سەرچاوەی پێشوو، لا١١٠.

خشتەی ژمارە (٢) ئەو هەرێمانە روون دەكاتەوە كە كەوتبوونە ژێر سیستەمی راسپاردەیی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی [١].

| ژ | ناوی هەرێم | دەوڵەتی راسپاردە (وصی) | هەرێمەكە دوای سیستەمی راسپاردەیی (وصایە) |
|---|---|---|---|
| ١ | تۆغلاندی بەریتانی | بەریتانیا | لە ساڵی ١٩٥٧ بووە دەوڵەتی غانا و سەربەخۆیی وەرگرت |
| ٢ | سۆماڵ | ئیتاڵیا | سەرەتا لەگەڵ سۆماڵی بەریتانی یەكی گرت و لە ساڵی ١٩٦٠ بووە دەوڵەت |
| ٣ | تۆغلاندی فەرەنسی | فەرەنسا | لە ساڵی ١٩٦٠ بووە كۆماری تۆغۆ |
| ٤ | كامیرۆن | فەرەنسا | لە ساڵی ١٩٦٠ بووە كۆماری كامیرۆن |
| ٥ | كامیرۆن | بەریتانیا | بەشی باكوری لەگەڵ نێجیریا یەكی گرت و بەشی باشوورەكەشی لەگەڵ دەوڵەتی كامیرۆن لە ساڵی ١٩٦١ یەكی گرت. |
| ٦ | رواندا-ئۆرندی | بەلجیكا | دابەش بوو بۆ دەوڵەتی رواندا و بۆرندی لە ساڵی ١٩٦٢ |
| ٧ | ساموای رۆژئاوا | نیوزیلند | لە ساڵی ١٩٧٦ بووە دەوڵەتی ساموا |
| ٨ | تەنجانیقا | بەریتانیا | لەگەڵ زەنجباریەكی گرت و بەیەكەوە لە ساڵی ١٩٦٣ دەوڵەتی تەنزانیان دروست كرد. |
| ٩ | نوروا | ئوستralیا-نیوزیلند | لە ساڵی ١٩٩٩ بووە دەوڵەتێكی سەربەخۆ |
| ١٠ | غینیای نوێ | ئوسترالیا | لەگەڵ (بابوا)یەكی گرت و بەیەكەوە لە ساڵی ١٩٧٥ دەوڵەتی (بابواغینیای نوێ) یان پێك هێنا. |
| ١١ | دورگەی میكرۆتیزیا | ولایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا | لە ساڵی ١٩٩٠ سەربەخۆیی وەرگرت. |
| ١٢ | دورگەكانی مارشال-بالو-مارینا | ولایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا | مارشال و مارینا لە ساڵی ١٩٩١ سەربەخۆییان وەرگرت. بالو لە ساڵی ١٩٩٤ سەربەخۆیی وەرگرت[٢]. |

(١) د. جاسم محمد زكريا، مفهوم العالمية - التنظيم الدولي المعاصر، ط١، منشورات الحلبي الحقوقية، سوريا، ٢٠٠٦، لا٢١٠.

(١) بۆ زیاتر زانیاری بروانە: Stephan Hobe Otto Kimminek, 8Aufl, EinfÜhrung in das VÖlkerrecht, UTB, TÜbingen ,Basel, 2004لا١٣١.

## تەوەری سێیەم

### هەرێمە بەخودموختاری نەگەیشتووەکان (الأقاليم غير متمتعة بالحكم الذاتي)

دیاری کردنی مەبەست لە هەرێمە بە خود موختاری نەگەیشتووەکان لێکدانەوەی جیا هەڵدەگرێت، هەندێك پێیان وایە کە ئەم سیستەمە هۆکارێکە بۆ ئەوەی دەوڵەتانی کۆلۆنیال خۆیان بدزنەوە لە مافی چارەنووسی ئەو گەل و هەرێمانە کە نەگەیشتبوونە سەربەخۆیی، ئەمەش تێڕوانینی زۆرینە بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەش بۆ چوونێکی پێچەوانە هەبوو کە پێیان وایە ئەم سیستەمە یارمەتی دەرە بۆ ئەو هەرێم و گەلانەی پاشکەوتوون تا ئامادە بکرێن و پێش بخرێن بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان بەرێوەببەن[1].

سیستەمی هەرێمە بە خودموختاری نەگەیشتووەکان بە پێی بەندی یازدەی چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان رێکخراوە[2]. هەموو ئەو هەرێمانە دەگرێتەوە کە لە ژێر دەستی دەوڵەتانی کۆلۆنیال دابوون، هەروەها ئەوانەش کە پاشکۆ بوون و لە ژێر سیستەمی پارێزگاری دەوڵەتانی گەورە بوون.

بە پێی هەردوو ماددەی (٧٢-٧٣) لە چارتی نەتەوەیەکگرتووەکان پابەندی دەوڵەتان لە بەرامبەر ئەو هەرێمانەی کە نەگەیشتوونەتە خودموختاری بەم شێوەیە دیاری کرا:

١- گەرەنتی پێشکەوتنی ئەو هەرێمانە لە رووی سیاسی و ئابوری و کلتوری.

٢- گواستنەوەی زانیاری ئابوری و کلتوری ئەو هەرێمانە بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان.

(١) د. محمد طلعت الغنيمي، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣٦.

(٢) بەریتانیا داوای کرد کە بەندی (١١)ی چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان ببێتە پاشکۆ بۆ چارت نەك ببێتە بەشێك تیایدا، بەڵام کۆنگرەی سانفرانسیسکۆ کردیە بەندێك لە بەندەکانی چارتی (UN).



٣- گەشەپێدانی خودموختاری بۆ میللەتی هەرێمەکان.

٤- پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی.

ئەوپابەندیانەی کە لە چارتی (UN) ئاماژەیان بۆ کراوە نارۆشن و لێڵن، دەکرێ بە پێی بەرژەوەندی دەوڵەتانی بەرپرسیار لەو هەرێمانە لێك بدرێنەوە، پابەندییەکان زیاتر ئەدەبین نەك پابەندی یاسایی کە نەتوانن لێی دەربچن . لەو سیستەمە ناوی ئەو هەرێمانە لە چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان دیاری نەکرا کە بە هەرێمە بە خودموختاری نەگەیشتووەکان دادەنران، بەڵام لە ساڵی ١٩٤٦ هەریەکە لە (بەریتانیا و فەرنسا و هۆڵەندا و بەلجیکا و دانیمارك و ئوستralیاو نیوزیلاند و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) لیستێکی (٧٤) هەرێمیان پێشکەش کرد بە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان وەك هەرێمی نەگەیشتوو بە خودموختاری هەروەها بەڵێنیاندا بە پێی چارتی(UN) زانیاری لەسەر ئەو هەرێمانە پێشکەش بکەن[1].

نەتەوە یەکگرتووەکان بە دوو رێگا چاودێری ئەو سیستەمە دەکات لە چۆنیەتی بەرێوەچوونی:

١- لە رێگای ئەنجومەنی ئاسایش، ئەویش ئەو کاتە دەبێت کە ئەو دەوڵەتانەی هەرێمەکان بەرێوە دەبەن بەشێوەیەك مامەڵە بکەن کە دژواربێت لەگەڵ بەرژەوەندی دانیشتوانی هەرێمەکان و ماددەکانی چارتی (UN)، لەو کاتە ئەنجومەنی ئاسایش هەڵوێست وەردەگرێت، جا چ لە خۆیەوە بێت یان لە سەرداوای یەکێك لە دەوڵەتان یان لەسەر داوای کۆمەڵەی گشتی.

٢- لە رێگای کۆمەڵەی گشتی، بە پێی ماددەی (٧٣)ی چارت ئەو دەوڵەتانەی هەرێمەکان بەرێوەدەبەن پابەندن بەوەی کە زانیاری لە بواری ئابوری و کلتوری تایبەت بەو هەرێمانە پێشکەش بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش لەلایەن سکرتێری گشتی لیژنەیەکی تایبەت بەناوی (لیژنەی زانیاریەکان لەسەر ئەو هەرێمانەی نەگەیشتوونەتە خودموختاری) پێك هات[2].

لە ساڵی ١٩٦٠ کۆمەڵەی گشتی راگەیاندنێکی تایبەتی سەبارەت بەو هەرێمانە دەرکرد بەناوی پاك کردنەوەی کۆلۆنیالیەت (تصفيه الاستعمار) دواتر بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەك

(١) محمد جمال الدين حسين العلوي، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠.

(٢) د. حکمت شبر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٠-٢٧٢.

دروست کرا له (٢٤)ئەندام پێك هاتبوو، زۆربەی ئەنـدامانی لیژنەکـە لـە دەوڵـەتانی ئاسـیا و ئەفریقیا بوون[1].

گرنگترین خاڵ که دەتوانین وەك ئەنجامێکی پۆزەتیڤ لەو سیـستەمە ئامـاژەی بـۆ بکـەین ئەوەیە که ئەو هەرێمانەی نەگەیشتبوونە خود خوختاری تەنها لـە چوارچـێوەی یاسـای نـاوخۆ نەمانەوەو بە پێی بەندی (١١) ی چارت خرانە نێو یاسای نێودەوڵـەتی و دواتـریش کۆمەڵـەی گشتی چەندین بڕیاری تایبەتی بەو هەرێمانە دەرکـرد، کەواتـە ئـەو هەرێمانـە بوونـە جێگـای بایەخی یاسای گشتی نێودەوڵەتی[2]. لە سیستەمی هەرێمە بە خودموختـاری نەگەیـشتووەکان خاڵی نارۆشن و نێگەتیڤ هەیە کە لە خوارەوە روونیان دەکەینەوە:

١-چارتی (UN) ئەو هەرێمانەی دیاری نەکردوە که دەکەونـە ژێـر سیـستەمەکە، بۆیـە دەرگا لە بەردەم دەوڵەتانی کۆلۆنیال کراوە بوو کە بە پێـی بەرژەوەنـدی خۆیـان هەرێمـەکان دیاری بکەن[3].

٢-ئامانجی ئەو سیستەمە بە پێـی ئـەوەی لـە مـاددەی (٧٣)ی چـارت باسـکراوە، مـافی بڕیاردانی چارەنووسی تێدانیە، ئـەوەش لەگـەڵ ئامـانجی ئـەو گەلانـە یـەك ناگرێتـەوە کەلـەو هەرێمانە دەژین.

٣-پابەندییەکانی کەلە چارت بەسەر ئەو دەوڵەتانە دانرابـوو کـە هەرێمـەکان بەڕێوەدەبـەن لاوازبوون و لە چوارچێوەی ئامۆژگاری و ناردنی راپۆرت و سەرژمێری ئابوری دابـوون، بـە بـێ

(١) پێکهاتەی لیژنەکە لە ساڵی ١٩٦٥ دروست بوو بەم شێوەیە بوو:

(١٢) ئەندام لە دەوڵەتانی ئاسیا و ئەفریقیا

(٤) ئەندام لە دەوڵەتانی سۆسیالستی (اشتراکی)

(٣)ئەندام لە ئەمریکای لاتینی

(٥) ئەندام لە دەوڵەتانی رۆژئاوا کە بریتی بوون لە (ئەمریکا و بەریتانیا و ئیتاڵیا و دانیمارك و ئوسترالیا).

(٢) د. محمد حافظ غانم، مبدیء القانون الدولي العام، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٢.

(٣) سەرەتا ئەو دەوڵەتانە لیستێکی (٧٤) هەرێمیان پێشکەش کرد کـە سیـستەمەکە دەیـانی گرتەوە،بـەڵام دوای تەنهاسێ ساڵ لیستەکە گەیشتە زۆر لە نیوە کەمتر بەو پێیەی کە ئەوانی تر خودموختاریـان وەرگرتـووە، بەڵام لە راستیدا ئەمە بۆ دەرباز بوون بـوو لـە چـاودێری نەتـەوە یـەکگرتووەکان لەسـەر ئـەو دەوڵەتانـە کـە هەرێمەکانیان بەڕێوەدەبرد. بۆزیاتر زانیاری بروانە: د. محمد عزیز شکري، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٦



ئەوەی رۆڵی (UN) لە چـاودێری کـردن بـەروونی دیـار بێـت، هـەروەها چارەنووسـی سیاسـی هەرێمەکان فەرامۆش کرابوو[1].

٤-هەروەها بە پێـی مـاددەی (٧٤)ی چـارت ئـەو دەوڵەتانـەی هەرێمـەکان بەڕێوەدەبـەن دەتوانن وەك خاکی خۆیان مامەڵە لەگەڵ ئەو هەرێمانە بکەن، ئەمـەش کەسـێتی نێودەوڵـەتی ئەو هەرێمانە وون دەکات، هەرچەندەلە چارتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش رێك خرابن[2].

**خشتەی ژمارە (٣) ناوی ئەو هەرێمانە روون دەکاتەوە کە وەك هەرێمی بەخود موختاری نەگەیشتوودەژمێردران:**

### یەکەم: ئەو هەرێمانەی بەریتانیا سەرپەرشتی دەکردن

**ئەلبەهاما- بربادوس- عەدەن- باسوتولاند- شبتوانالاند- بەرمۆدە -جیانای بەریتانی – هیندۆراسـی بـەریتانی- سـۆماڵی بـەریتانی- بـرۆن- قـوبرس- دۆمنیکـا- دورگـەی فۆلکلاند- فیجی – جامبیا – جەبەل تاریق- ساحلی زەهەب (دواتربووە غانا و لە سـاڵی ١٩٥٧ سەربەخۆیی وەرگرت)- جربنادە – هۆنگ کـۆنگ- جامایکـا- کینیـا- دورگـەی لیۆرد- یەکێتی مەلابۆ- مۆریشاس- نێجیریا- بۆرینۆی باکور- رۆدیسای بـاکور- سـانت فلنس- سراواك – سیشك- سەنگافورە- سواریلاند- سیرالیۆن- مالتە- ترینداد دوتۆباجۆ- ئۆغندە- دورگەی جیبلبرت- ئیلست- دورگەی سۆلۆمۆنی بـەریتانی- دورگـەی پیٚگـرن- زنجبار-نیاسالاند-هیلان و پاشکۆکانی-سانت لۆتیشیا-ئـەنگۆلا-کایمـان-مۆنـت سـیران- دورگەی تورك.**

### دووەم: ئەو هەرێمانەی فەرەنسا سەرپەرشتی دەکردن

**بابوا- کۆنگۆی بەلجیکی- جیرینلاند- ئەفریقیای ئیـستوائی فەرەنـسی- دامـەزراوەکانی فەرەنسی لە هیند- دامەزراوەکانی فەرەنسی لە ئۆقیانوس- ئەفریقیای رۆژئـاوای فەرەنـسی- گوادلۆب و پاشکۆکانی- هیندی چینی _(دواتر بـووە لاوس و کەمبۆدیالـە سـاڵی ١٩٥٣)- ماداگاسکارو پاشکۆکانی (مالاجاش)- مرتبینکا- مەراکش (مەغریب)- کالۆدینای نـوێ و پاشکۆکانی – نیوهەریدز- رینیون- سانت بیر بە مکولین- تونس.**

(١) د. محمد عزیز شکري، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٦.

(٢) د. جاسم محمد زکریا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١١.

**سێیەم: ئەو هەرێمانەی ولایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرپەرشتی دەکردن**

ئالاسکا- ساموای ئەمریکی- جویام- هاوای- ناوچەی قەناتی پەنەما- پۆرتۆریکۆ- دورگەی فێرجنی ئەمریکا.

**چوارەم: ئەو هەرێمانەی هۆڵندا سەرپەرشتی دەکردن**

کۆرکا و — دورگەی هیندی هۆڵندی(دواتر بووە ئەندەنوسیا و لە ساڵی **١٩٤٧** سەربەخۆیی وەرگرت) — سۆرینام.

**پێنجەم: هەرێمەکانی نیوزیلاند**

دورگەی کۆك — دورگەی تۆکلاو

**شەشەم: ئوسترالیا سەرپەرشتی(بابوای) دەکرد.**

**حەوتەم: بەلجیکا سەرپەرشتی (کۆنگۆی بەلجیکی)دەکرد.**

**هەشتەم: دانیمارك سەرپەرشتی (جیرینلاندی) دەکرد.**

**نۆیەم: ئیسپانیا سەرپەرشتی بیابانی رۆژئاوای دەکرد.**

**دەیەم: پورتوگال سەرپەرشتی تەیموری خۆرهەلأتی دەکرد[(١)].**

(١) محمد جمال الدين حسين العلوي سەرچاوەی پێشوو، لا٤٥-٤٦. بۆزیاتر زانیاری بروانە: د. محمد طلعت الغنيمي، سەرچاوەی پێشوو، لا٨٣٦وئەوانی دواتر. هەروەها بروانە: دعصام العطية، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٦٤

## باسی دووەم

### ئەو یەکانەی بارێکی تایبەتیان هەیە

**دابەش کردن:**

**تەوەری یەکەم:** حکومەتی تاراوگە-هەرێمە دیفاکتۆکان

**تەوەری دووەم:** ڤاتکیان - دەوڵەتانی هەمیشە بێلایەن - مایکرۆ دەوڵەتەکان.

**تەوەری سێیەم:** سیستەمی یەك دەوڵەت و دوو رژێم - ناوچە جەمسەریەکان - سیستەمی بەرێوەبردنی هاوبەش- ئەو دەوڵەتانەی بەمەرج دەبنە ئەندام لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.

# تەوەری یەکەم

## حکومەتی تاراوگە — هەرێمە دیفاکتۆکان

### یەکەم: حکومەتی تاراوگە(المنفی)

حکومەتی تاراوگە (المنفی) یان حکومەتی پەنابەر (اللاجئە) یان(غائب) لەدەرەوەی هەرێمی دەوڵەتی خۆیانن و دەسەڵاتێکی راستەوخۆ و ماددیان بەسەر هەرێمەکەیان نیە[1]. لەماوەی جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی کۆمەڵێك حکومەت لە تاراوگە دامەزران، ئەوەش بە هۆی ئەو داگیرکاریانەی لەو ماوانە روویاندا.

بەلجیکا لەلایەن ئەڵمانیا لە جەنگی یەکەمی جیهانی داگیرکرا و لە ئەنجامدا حکومەتێکیان لە باکوری فەرەنسا راگەیاند. هەروەها حکومەتی سربیاش هەر بەهۆی داگیرکردنی لەلایەن ئەڵمانیا و بولگاریا لە جەنگی یەکەمی جیهانی خاکی خۆی جێهێشت و حکومەتێکی کاتی لە یۆنان پێك هێنا. لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانی هەریەکە لە حکومەتی بەلجیکا و نەرویج و حکومەتی جەنەراڵ دیگۆلی فەرەنسالە ئەنجامی پەلاماری داگیرکاری ئەڵمانیای نازی لە لەندەن گیرسانەوەو حکومەتی تاراوگەیان راگەیاند. هەروەها حکومەتی لۆکسمبۆرگ هەر بە هۆی داگیرکاری ئەڵمانیا سەرەتا لە لەندەن و دواتریش لە مۆنتریالی کەنەدی گیرسایەوە هەروەها حکومەتی یۆنان لە جەنگی دووەمی جیهانی بەهۆی داگیرکردنی لەلایەن ئیتالیا پەنای بردە قاهیرە و دواتر لەندەن. حکومەتی یوگۆسلاڤیاش بە هۆی داگیرکردنی یوگۆسلاڤیا لەلایەن نازیەکان پەنای بۆ قودس برد و دواتر چووە لەندەن و

(١) د.محمد یوسف علوان، القانون الدولي العام، ط٣، دار وائل للنشر، بەبێ شوێنی چاپ، ٢٠٠٣، ص٢١٦.



پاشان قاهیرە و لە کۆتایش جارێکی دیکە بۆ لەندەن گەڕایەوە. حکومەتی کاتی جەزائیر لە ساڵی ١٩٥٤ لە قاهیرە راگەیاندرا ئەوەش لەکاتی شۆڕشی رزگاری جەزائیر دژی کۆلۆنیالیەتی فەرەنسی، هەر ئەو حکومەتە دواتر بۆ تونس گوازرایەوە[1].

ئەو حکومەتانە وەك حکومەتی دیفاکتۆ(واقعی) دەژمێردرێن و خاکیان لەدەستی دەوڵەتێکی تر دایەو لە زۆربەی بارەکان دان پێدانان بەو حکومەتانە بنەڕەتێکی سیاسی هەیە نەك یاسایی[2]. هەروەها دان پێدانانی ئەو حکومەتانە لە ئاستی جیاواز دابووە، بۆ نموونە بەریتانیا لە (٦)ی ئاداری ساڵی ١٩٤١ سەبارەت بەو حکومەتانەی پەنایان برد بۆ لەندەن دانی پێدانان، بەڵام بەشێوەیەکی سنوردار. دەوڵەتانی کۆمکاری عەرەبی و هەندێ دەوڵەتی ئاسیا و ئەفریقیا بە تەواوی دانیان نا بە حکومەتی کاتی جەزائیر لە (١٩)ی ئەیلولی ساڵی ١٩٥٨.

خاڵێکی هاوبەشی گشتی هەیە لەسەر دانپێدانان (الاعتراف) بە حکومەتی تاراوگە، ئەویش ئەوەیە کە ئەو دانپێدانانە کاتیە، بەستراوەتەوە بەمانەوەی داگیرکەر لە وولات، راستەوخۆ دوای نەمانی داگیرکەر دانپێدانانیش کۆتایی دێت، ئەگەر ئەو حکومەتە نەیتوانی لەناوخۆی وڵاتەکەی رەوایەتی دەسەڵات بەدەست بهێنێ، چونکە هەندێ جار لە دوای داگیرکاری حکومەتێك لەناوەوە دروست دەبێت و ئەو دەسەڵاتە دەگرێتە دەست[3]. لە زۆربەی ئەو بارانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێکردن حکومەتەکانی تاراوگە دانیان پێدانراوە[4]. کێشە بۆ حکومەتی تاراوگە دروست دەبێت کاتێك هیچ لایەك دانی پێدانەنێن، وە کێشە کە ئاڵۆزتر دەبێت کاتێك دوو حکومەت یان زیاتر لە تاراوگە دابمەزرێن و هەریەکەیان بانگەشەی نوێنەرایەتی وڵاتەکەیان بکەن، لەو بارانە تێڕوانینی سیاسی رۆڵ دەبینێت، بۆ نموونە لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانی دوو حکومەت لە تاراوگە بەنوێنەرایەتی پۆڵۆنیا دامەزران، یەکێکیان لە لەندەن بوو کە هاوپەیمانان دانیان پێدانا و بەنوێنەری راستەقینەیان دانا. یەکێکی دیکە لە لۆبلین (lublin) بوو لەلایەن بلۆکی سۆسیالیسی (اشتراکی) دانی پێدانرابوو. هەندێ جار حکومەتی تاراوگە دروست دەبێت لە ئەنجامی ململانێ و جەنگی ناوخۆیی (حرب الأهلي) لەووڵاتدا.

(١) د.حسن الچلبی،سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٥.

(٢) د. عبدالکریم علوان،سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٤.

(٣) د. حسن الچلبی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٧.

(٤) جیرهاردفان غلان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٧.

ڕەوایەتی حکومەتی تاراوگە پرسیار هەڵدەگرێت، ئایا ئەو حکومەتانەی لە تاراوگە دروست دەبن ڕەوایەتیان هەیە؟. ئەگەر حکومەتەکە بەشێکی هەرێمی وڵاتەکەی لە دەست مایەوە بەشێکی بچووکیش بێت ئەوا دەکرێت ڕەوایەتی پێ ببەخشین، بەڵام کاتێك لە وڵاتێکی بێگانە دەگیرسێنەوەو هیچ بەشێکی خاکەکەی لە دەست نامێنێ، ئەوا لەو کاتە گرفت لەسەر ڕەوایەتی ئەو حکومەتە دروست دەبێت[1]، چونکە ئەو حکومەتە لە دەوڵەتێکی ترە و ناچارە مل کەچ بێت بۆ هەندێ فەرمان و ڕێسای ئەو وڵاتە. لەگەڵ ئەوەش کاتێك حکومەتی تاراوگە لەلایەن هەندێ دەوڵەت دانی پێدادەنرێت، ئەوا هەندێ دەسەڵاتیشی دەبێت،[2] وەك دەرکردنی هەندێ یاسا و ڕاسپاردەی ڕێکخستن و بەڕێوەبردن و دروست کردنی هێزی چەکدارو هەروەها ماف وجیا وکە دبلۆماسیەکانیشی دەبێت کە یاسای نێودەوڵەتی دیاری کردون، بەڵام بۆ هەندێ کاری جێبەجێ کردن دەبێ ڕەزامەندی ئەو دەوڵەتە وەربگرێت کەتیایدایە[3]. حکومەتی تاراوگە بۆی هەیە هەندێ پەیماننامەی نێودەوڵەتی ببەستن، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی هەیە بەلایەنی سەربازی سەرەڕای ئەوەش لە بوارەکانی تریش پەیماننامە دەبەستێت، بۆنمونە حکومەتی جەنەڕاڵ دیگۆل کە بەناوی فەرەنسای ئازاد (France Libre) بوو، ژمارەیەك ڕێکەوتنامەی نێودەوڵەتی گرێدا کە پەیوەندیان هەبوو بە ئۆپەراسیۆنی جەنگی لە دژی ئەڵمانیا لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانی .

هەروەها حکومەتی چیکی لە تاراوگە لە ساڵی ١٩٣٩ کۆمەڵێك ڕێکەوتننامەی لەگەڵ حکومەتی فەرەنسا گرێدا، هەروەها بەناوی حکومەتی کاتی چیکی کە لە ساڵی ١٩٤٠ دانی پێدانرا بەیاننامەی کۆتایی دروست بوونی ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵی نێودەوڵەتی (فاو)ی واژووکرد لە ساڵی ١٩٤٣، هەروەها ڕێکەوتنامەی فرۆکەوانی شارستانی نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٤٤ واژوو کرد. سەرەڕای هەموو ئەوانەش تێبینی دەکەین حکومەتی تاراوگە ناتوانێت بە تەواوی ڕەچاوی جێبەجێ کردنی بنچینەکانی پەیماننامەو ڕێکەوتنامەکان بکات کە یاسای نێودەوڵەتی دای ڕشتوون بەتایبەتی ئەوانەی پێویستیان بەوەیە کە پەرلەمان ڕەزامەندیان لەسەر بدات[4].

(١) د.محمد المجذوب، الوسيط في القانون الدولي العام ، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٠٧-٢١٠.

(٤) د.جعفر عبدالسلام، مبادئَ القانون الدولي العام، ط٥، بەبێ شوێن و لایەنی چاپ، ١٩٩٦، لا٢١٨.

(٣) د. حسن الچلبی، سەرچاوەی پێشوو، ١٩٦٤، لا٢٩٧.

(٤) د. محمد یوسف علوان،سەرچاوەی پێشوو، لا٢١٦.



**حکومەتی تاراوگە لە بیابانی ڕۆژئاوا (الصحراء الغربية)**

دواین و نوێترین نموونەی حکومەتی تاراوگە بیابانی ڕۆژئاوایە. بیابانی ڕۆژئاوا دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای ئەفریقیا، وەك هەرێمێکی بە خود موختاری نەگەیشتوو کەوتە ژێر سەرپەرشتی ئیسپانیا. نزیکەی ٨٥٪ خاکی بیابانی ڕۆژئاوا لە دەستی مەغریب دایە. لەدوای کشانەوەی ئیسپانیا لە باکوری ئەو هەرێمە لە ساڵی ١٩٧٥ مەغریب دەستی کرد بە دامەزراندنی هێز و خەڵکی هاوردەی مەغریبی لە ناوچەکە. هەر لە دوای ساڵی ١٩٧٥ شەڕوپێکدادان لەنێوان مەغریب و هێزەکانی پۆلیساریۆ[1] بە شێوەی پچڕپچڕ دەستی پێکرد. بەرەی پۆلیساریۆ لە تاراوگە لە وڵاتی جەزائیر کۆماری عەرەبی بیابانی دیموکراتیان لە (٢٦)ی شوباتی ساڵی ١٩٧٦ ڕاگەیاند. لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی حکومەتەکە تا ساڵی ٢٠٠٦ ژمارەیەکی زۆر دەوڵەت دانی بەم حکومەتەنا کە گەیشتە (٧٥) دەوڵەت، بەڵام دواتر (٤٢) دەوڵەت مانەوە ئەوانی دیکە بڕیاری کێشانەوەی دانپێدانانیان ڕاگەیاند.

ململانێی بیابانی ڕۆژئاوا تا ئەمڕۆش بەردەوامە و نەتوانراوە چارەسەری کۆتایی کێشەکە بکرێت، بەرەی پۆلیساریۆ بەرەدەوام جەخت لەسەر دیاری کردنی مافی چارەنووسی بۆ دانیشتوانی هەرێمەکە دەکاتەوەو وڵاتی مەغریبیش سوورە لەسەر ئەوەی کە بیابانی ڕۆژئاوا بەشێکە لە مەغریب و ئامادەیی هەیە ئۆتۆنۆمی بداتە هەرێمەکە. نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارەیەك بڕیاری سەبارەت بە چارەسەری قەیرانی بیابانی ڕۆژئاوا دەرکردوەو هەوڵی کۆتایی هێنانی قەیرانەکەی داوە، ئەمە جگە لە هەوڵەکانی ڕێکخراوەی یەکگرتووی ئەفریقیا لەو پێناوە، بەڵام ڕەوشەکە هەربە ئاڵۆزی ماوەتەوەو تا ئێستا ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ چەندین ڕاپۆرتیان لەسەر پێشێل کاریەکانی مافی مرۆڤ لەو ناوچەیە لەلایەن مەغریب پێشکەش کردوە[2].

تا ئێستاش هەوڵەکانی چارەسەری ئاشتیانە بە سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کێشەکە بەردەوامن. باری بیابانی ڕۆژئاوا بەرەو بەنێودەوڵەتی کردن دەچێت و گرنگی

(١) بەرەی پۆلیساریۆ یان بەرەی میللی بۆ ڕزگاری پێدەشتی سوور ( ساقية الحمراء) دۆڵی زێر لە ساڵی ١٩٧٣ دامەزراوەو دژی بونی ئیسپانیا و مۆریتانیا و مەغریبە لەو هەرێمە.

(٢) محمد عبدالخالق، خولی دووەمی گفتوگۆکان دەربارەی بیابانی خۆرئاواو ئاکامەکانی، وتاری بڵاوکراوە، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٢٥٨٤) لە ٢٠٠٧/٨/١١، لا٣.

کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ هەرێمەکە رۆژ بە رۆژ زیاتر دەبێت. ئەنجومەنی ئاسایش لە ساڵی ١٩٩٠تا ساڵی٢٠٠٧ تایبەت بە پرسگرێکی بیابانی رۆژئاوا (٣٧) بریاری دەرکردوە[١]. چارەسەری کۆتایی و راست و دروستیش لە وەیە کە دانیشتوانی هەرێمی بیابانی رۆژئاوا خۆیان چارەنووسیان دیاری بکەن .

## دووەم : هەرێمە دیفاکتۆکان (اقالیم ألامر الواقع)

مەبەست لە هەرێمە دیفاکتۆکان ئەو هەرێمانەن کە لە رووی نێودەوڵەتی دانیان پێدانەنراوەو نەبوونەتە ئەندام لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. ئەوەش دەمان گەیەنێتە ئەوەی کە هەرێمە دیفاکتۆکان جیاوازن لەگەڵ حکومەتی دیفاکتۆ (واقعی)، چونکە حکومەتی دیفاکتۆ پێناسەیەکی روون و دیاری کراوی هەیە لە رێگای هێزو توندوتیژی و کودەتا دەسەڵات دەگرێتە دەست[٢]، بەڵام هەرێمە دیفاکتۆکان زۆرجار لە رێگای دیموکراتی و هەڵبژاردن دەسەڵات دەگرنە دەست، هەروەك ئەوەی لە تایوان (فەرمۆزای کۆن) و بەشی قوبرسی باکور(تورکی) دەبینرێت.

هەرێمە دیفاکتۆکان کێشەی دانپێدانانی یاسایی و بەئەندام بوونیان هەیە لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. ئەگەر دانپێدانان بەسیفەتی ئاشکراکەر (کاشف)[٣] وەربگرین ئەوا هەرێمە دیفاکتۆکان دەوڵەتن و هەموو پێوەرەکانی دەوڵەتیان تێدایە لە خاك و گەل و سیستەمی سیاسی، بەڵام ئەگەر دانپێدنان بە سیفەتی دروست کەر (منشأ) وەربگرین و ببێتە یەکێك لە کۆڵەگەکانی دەوڵەت ئەوا ناتواندرێت سیفەتی دەوڵەت بە هەرێمە دیفاکتۆکان بدرێت و لە چوارچێوەی بارێکی تایبەت دەمێننەوە، بەڵام ئەو بارەتایبەتە کەسێتییەکی یاسایی نێودەوڵەتی هەیە و ئەرك و پابەندی یاسایشی بەسەر جێبەجێ دەبێت.

پەیمانگای یاسای نێودەوڵەتی ئەمریکی لە ساڵی ١٩٣٦ ئەوەی خستۆتەروو کە ئەو هەرێمانەی دانیان پێدانەنراوە کەسێتی نێودەوڵەتیان هەیە و توانای گرێدانی رێکەوتنامەو پەیماننامەی نێودەوڵەتیشیان هەیە[٤]. باری هەرێمە دیفاکتۆکان جیاوازە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی

(١ بۆ خوێندنەوەی ئەو بریارانە بڕوانە پێگەی ئەلکترۆنی:
<< http://www.UN.org/arabic/sc/archived/scres/scres.htm>>

٢ د. محمد المجذوب، الوسيط في القانون الدولي العام، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٥.

(٣) لەبەشی سێیەمی توێژینەوەکەمان بە فراوانی باسی دانپێدانان (الاعتراف) دەکەین.

(٤) د. بدرية عبدالله العوضي، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٤.



دیکە بۆیە سروشتی قەوارەکە و پێگەی هەریەکەیان پشت دەبەستێت بەو بارەی کە تیایدا دروست بووەو پیایدا تێپەڕ دەبێت[١]. هەریەکە لە تایوان و قوبرس تورکی هەرێمی دیفاکتۆن و ئەندام نین لە نەتەوە یەکگرتووەکان و دانیشیان پێدانەنراوە، بەڵام باری هەریەکەیان لەوی تر جیاوازەو هەوڵ دەین بە کورتی ئاماژە بۆ باری هەریەکە لە تایوان و قوبرسی تورکی بکەین.

### ١- تایوان:

تایوان دوورگەیەکە پێش ساڵی ١٨٩٥ لەژێر دەستی هۆڵنداببووەو لە دوای ساڵی ١٨٩٥ تا ١٩٤٥ لە ژێر حوکمی کۆلۆنیالیەتی یابان دابووە. تایوان لە رووی مێژووییی بە فەرمۆزا (Formosa) دەناسرا کە لەلایەن پورتوگالیەکانەوە ئەو ناوەی لێنراوەو بە مانای دوورگەی جوان دێت. ئێستا ژمارەی دانیشتوانی تایوان لە سەرووی (٢٢) ملیۆنە و رووبەرەکەشی (٣٦) هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیە. لە دوای شکستی یابان لە جەنگی دووەمی جیهانی دوورگەی تایوان کەوتە ژێر دەسەڵاتی دیفاکتۆی کۆماری چین.

دوای دروست بوونی شەڕی ناوخۆی چین و پێك هێنانی کۆماری چینی میللی لە ساڵی ١٩٤٩ لە پەکین، نەتەوەییە چینیەکان بەسەرۆکایەتی چاینگ کای شیك ( Chiang Kai Shek) لە دورگەی تایوان کۆماری چینی راگەیاند و تا ساڵی ١٩٧١ بووە خاوەنی کورسی چین لە نەتەوەی یەکگرتووەکان. ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٧١ کۆمەڵەی گشتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە خولی (٢٦) بە بریاری ژمارە (٢٧٥٨) کۆماری چینی میللی بووە خاوەنی کورسی چین لە نەتەوە یەکگرتووەکان. لەو کاتەوە تایوان وەك دوورگەیەکی دیفاکتۆ ماوەتەوەو زۆربەی هەرە زۆری دەوڵەتانیش دانپێدانانیان لە تایوان کێشایەوە. تایوان لە دوای ساڵی نەوە دەکانی سەدەی رابردوو دانی ناوە بەوەی کە کۆماری چینی میللی لە پەکین دەوڵەتێکە شان بە شانی تایوان. دەسەڵاتی دیفاکتۆی تایوان رۆژ بەرۆژ لە گەشەسەندن دایە و خاوەنی ئابوریەکی زۆر بەهێزەو بە قەوارەی بازرگانی بە پلەی چواردەیەم لەسەر ئاستی جیهان دەژمێردرێت و لە دوای ساڵی (١٩٨٨) گۆڕانی دیموکراتیشی بەخۆیەوە بینیوە، بەتایبەتی لە دوای ساڵی ١٩٩٦ کە پێگەی دیموکراتی تایوان بەرەو پێش تر چوو[٢].

(١) د. طالب رشيد يادكار، بعض الجوانب القانونية الدولية لآقليم الدولة، باسێکی بلاۆکراوە، گۆڤاری تەرازوو، ژمارە (٢٩-٣٠)، یەکێتی ماف پەروەرانی کوردستان، ٢٠٠٦، ل٣٠٣.

(٢) عبدالرحمن سليمان الزيباري، الوضع القانوني لآقليم كوردستان العراق في ظل قواعد القانون الدولي العام، ط١، مؤسسة موكرياني لطباعة والنشر، اربيل، كوردستان، ٢٠٠٢، ل٤٣٥-٤٣٦.

دەسەڵاتی دیفاکتۆی تایوان پەیوەندییەدبلۆماسی و بازرگانی و ئابووریەکانی فراوانن و بەردەوام جەخت لەسەر سەربەخۆیی و سەروەری دوورگەی تایوان دەکەنەوە، وەك بەشێکی جیا لە چین، لەبەرامبەر ئەوەش حکومەتی چینی میللی پابەندە بەوەی کە تایوان بەشێکە لە چین و دەست بەرداری نابێت، رێگە چارەی چین بۆ چارەسەری کێشەی تایوان کارکردنە بە سیستەمی یەك دەوڵەت و دوو رژێم کە چین لە دوای ساڵی ١٩٩٧ بۆ گەڕاندنەوەی هۆنگ کۆنگ پەیڕەوی کرد، دواتر لە ساڵی ١٩٩٩ هەمان سیستەمی بۆ گەڕاندنەوەی (ماکاو) پەیڕەوکرد. واتە چین رازیە بەوەی کە تایوان سیستەمێکی سەرمایەداری هەبێت و خاوەنی دراوی تایبەتی خۆی بێت و تا رادەیەکیش دەسەڵاتی گرێدانی رێکەوتنامە و پەیماننامەی هەبێت، هەروەها هەموو دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێ کردن و دادوەری پارێزراو دەبن سیستەمی حزبی و دارایی و سەربازی تایبەت بە خۆشی دەبێت، بەڵام ئەمانە هەموو لە پێناوی ئەوەی کە وەك دەوڵەت تەنها چین بێت نەك چین و تایوان[١].

## پێگەی یاسایی تایوان

لەسەرپێگەی یاسایی و سیاسی تایوان تێڕوانین و ئاراستەی جیاواز هەیە. لێرە ئاماژە بۆ گرنگترین ئەو بۆچوونانە دەکەین. هەریەکە لە د. لۆنگ چوچین (Lung Chchen) پرۆفیسۆر لە یاسای نێودەوڵەتی لە کۆلیژی یاسا لە نیوۆرك ( لەتوێژنەوەکەی لە ساڵی ١٩٩٨) و پرۆفیسۆر هونجدا چیو (Hungdah Chiu) لە کۆلیژی یاسایی زانکۆی میریلاند (لە توێژینەوەکەی لە ساڵی ١٩٩٢) پێیان وایە تایوان دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەریە و هەموو پێوەرەکانی دەوڵەت بوونی تێدایە. هەردوو پرۆفیسۆر جونسان چارلی و جیپریسکۆت ( J. Prescott Jonathan Charleyand) لە توێژینەوەیەکی هاوبەش لە ساڵی (٢٠٠٠) لە ئەمریکا جەخت لەسەر سەروەری و سەربەخۆیی تایوان دەکەنەوە . هەریەکە لە (فلیپ یانگو ولیم بیشوپ و پرۆفیسۆر جۆکوپر و ئالان جیمس) هەمان رایان هەیە[٢]. مامۆستامان (د.شێرزاد ئەحمەد نەجار) لەرۆژی گفت و گۆکردنی ئەو توێژینەوەیە پاڵپشتی کرد لەو بۆچوونەی کە تایوان دەوڵەتەو هەموو پێوەرەکانی دەوڵەتبوونیشی هەیەو خاوەنی سەروەری تەواوە.

(١) راپۆرتێکی بلاَو کراوە لە سەر پێگەی ئەلکترۆنی: <<http://www.china.org.cn/a-taiwan/index>> رۆژی سەردان ٢٠-٥-٢٠٠٧.

(٢) عبدالرحمن سليمان الزيباري، سەرچاوەی پێشوو،لا٤٤٧



(جیرهارد ڤان گلان) پێی وایە کە تایوان قەوارەیەکی بێ وێنەیە و (فرید) بارێکی تایبەتی هەیە[١].

لویس هینکین (luuis henkin) باری تایوان بە قەوارەیەکی هەرێمی وەسف دەکات کە دەوڵەت نیە و بارێکی بێ وێنەی چەشنی ڤاتیکانە[٢]. ئیان براونلی (Ian brownlie) یاسازانێکی بەریتانیە و لەگەڵ ئەو ئاراستەیە هاوڕایەکە تایوان بێ وێنەیە و کەسێتی یاسای نێودەوڵەتی هەیە، بەڵام کەسێتی یەکەی گرێدراوە (مقيدة — modified personality) [٣].

پرۆفیسۆر دی هاریس (D.J.harris) هەمان تێڕوانینی (ئیان براونلی) هەیە. پرۆفیسۆر (جی میللر) پێی وایە سەروەری ناوخۆیی بە بێ داپێدانان پێوەرەکانی دەوڵەت بوون تەواو ناکات، بۆیە باری تایوان وەك هەرێمێکی تۆڵەسێنی سەربەخۆ خواز وەسف دەکات[٤].

یاساناس جیمس کراو فۆرد (James Crwford) دەڵێ باری تایوان دەوڵەت نیە، چونکە لە رووی نێودەوڵەتی دانی پێدانەنراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش نکۆڵی ناکات لەوەی کە تایوان بارێکی یاسایی نێودەوڵەتی دیاری کراوی هەیە و لایەنە لە کۆمەڵێك رێکەوتننامەی نێودەوڵەتی [٥]. هەروەها مالکۆلم شو (malcolm shaw) پێی وایە تایوان دەوڵەت نیە، بەڵکو قەوارەیەکی هەرێمییە و لەرووی یاسایی بەشێکە لە چین، بەڵام لە ژێر بەرێوەبردنی سەربەخۆی تایوان[٦]. لە دوای خستنەرووی ئەو تێڕوانین و بیروڕا جیاوازانە لەسەر باری یاسایی تایوان، ئێمە پێمان وایە تایوان بارێکی دیفاکتۆی تایبەتی هەیە، چونکە رای ئێمە لەسەر دانپێدانان ئەوەیە کە دانپێدانان دروست کەرە بۆئەو هەرێم و قەوارانەی بارێکی تایبەتیان هەیە.

(1) Ger hard van glahn, the law among nations: an introduction to public international law, 7 thed, newyork:macillan publisingco,1996,p63.

(٢) عبدالرحمن سليمان الزيباري، سەرچاوەی پێشوو،لا٤٤٥

(3) Ian brown lie, principles of public international law, 4 thed, 1990,p68.

(٤) عبدالرحمن سليمان الزيباري، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٥١.

(٥) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: James craw ford, the creation of state in international law, second edition, oxford UNiverse press, 2006, pp232-233.

(٦) عبدالرحمن سليمان الزيباري، سەرچاوەی پێشوو، لا٤٤٢.

### ۲- قوبرسی باکور (القبرص الشمالي- التركي)

دوورگەی قوبرس بە هەردوو بەشی باشوور و باکور تا ساڵی ۱۸۷۸ لە ژێر دەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دابوو[۱]. لەوساڵە بەدواوە بەپێی رێکەوتنی نێوان عوسمانیەکان و بەریتانیەکان، دوورگەی قوبرس بووە ناوچەیەکی کۆلۆنیالی ژێردەستی بەریتانیا. لە رێکەوتنامەی لۆزانیش لە ساڵی ۱۹۲۳ جارێکی تر جەخت لەسەر ئەوە کرایەوەکە دوورگەی قوبرس ناوچەی کۆلۆنیالی بەریتانیایە. دوای ئەوە ململانێ لەنێوان دوورگەی قوبرس و بەریتانیا دەستی پێکرد، کە هەریەکە لە تورکیا و یونانیش لایەن بوون لە مل ملانێکان. ئەوەبوو لە ئەنجامی بەرپاکردنی جولانەوەی رزگاریخوازی لە ساڵی ۱۹٦۰ کۆتایی بەدەسەڵاتی کۆلۆنیالی بەریتانی هات.

لە (۱٦)ی ئابی ساڵی ۱۹٦۰ رێکەوتنامەیەك لەنێوان هەریەکە لە بەریتانیاو یۆنان و تورکیا بە بەشداری دوورگەی قوبرس بە هەردوو نەتەوە سەرەکیەکان (یونانی و تورکی) بەستراو تیایدا کۆماری قوبرس راگەیاندرا. بە پێی دەستوری دوورگەی قوبرس لە ساڵی ۱۹٦۰ دەسەڵاتەکان لەنێوان هەردوو پێکهاتەی سەرەکی قوبرس (تورکی و یۆنانی) دابەش کران، بەم پێیە سەرۆك کۆماری قوبرس یۆنانی دەبێت و جێگرەکەی تورك، هەریەکەیان لەلایەن نەتەوەکەی خۆی بەجیا هەڵدەبژێردرێن. دەستور هەریەکە لە دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێ کردن و دادوەری و سوپا و دەزگاکانی تری گرنگی دابەش کردبوو. دەرکردنی یاساکان دەبوایە رەزامەندی زۆرینەی نوێنەرایەتی هەردوو پێکهاتەی لەسەر بدرێت. دەستور جەختی لەسەر ئەوە کردبووەوە کە کۆماری قوبرس دابەش ناکرێت و ناشبێت لەگەڵ هیچ دەوڵەتێکی تر یەك بگرێت، وەناشبێت هیچ لایەك لە پێکهاتە سەرەکیەکانی داوای جیابوونەوەو سەربەخۆیی بکەن. هەروەها هەندێ ماددەی دەستوری نابێ گۆرانیان تێدا بکرێت. لە(۲۱)ی ئەیلولی ساڵی ۱۹٦۰ قوبرس بووە ئەندام لە نەتەوەیەکگرتووەکان. لە ساڵی ۱۹٦۳ (ماکاریۆسی) سەرۆکی ئەوکاتی قوبرس کە لە پێکهاتەی یونانی بوو داوای هەموارکردنی دەستوری کرد، لەو هەموارکردنەش (٦) ماددە لەوانە بوون کە نەدەبوو هەموار (تعدیل) بکرێن، ئەوە بوو

(۱) دانیشتوانی دوورگەی قوبرس ۸۰٪ بەرەگەز یونانین و ۱۸٪ تورك و ۲٪ نەتەوەکانی ترن.
بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: عەبدول محەمەد ئەحمەد، دورگەی قوبرس قەیرانێکی تاقەت پڕوکێن، دۆسیێی تورکیا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، ژمارە (۳)، نیسانی ۲۰۰٦، ل۵۳.



ململانێکان لەنێوان هەردوو پێکهاتەی یۆنانی و تورکی قوبرس پەرەیان سەند و گەیشتە ئاستی بەرپابوونی شەری ناوخۆ لەنێوانیان، تا ساڵی ۱۹۷٤ سوپای تورکی بەشی باکوری قوبرسی داگیرکرد و لە ساڵی ۱۹۸۳ دەوڵەتی قوبرسی تورکی راگەیاندرا، بەڵام بە بێ ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان دانی پێدابنێت[۱]. لە پێناو چارەسەری قەیرانی دوورگەی قوبرس نەتەوە یەکگرتووەکان کۆمەڵێك هەوڵی یەك لە دوای یەکی خستەگەڕ، لە ساڵی ۱۹۸۳ ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیاری ژمارە (٥٤۱)ی دەرکرد و تیایدا بوونی قوبرسی تورکی وەك دەوڵەت رەت کردەوە. هەروەها لە ساڵی ۱۹۹۰ بڕیاری ژمارە (٦٤۹)ی دەرکرد و تیایدا پاڵپشتی لە پێکهێنانی سیستەمێکی فیدرالی کرد لە قوبرس. لە ساڵی ۱۹۹۲ ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری ژمارە (۷۸۹)ی دەرکرد و تیایدا ناوچەی فاردش (ماراش) و فرۆکەخانەی نیقۆسیا خرانە ژێر بەرێوەبردنی نێودەوڵەتی، وەك ناوچەی بازرگانی ئازاد[۲]. لەنێوان ساڵەکانی ۲۰۰۲-۲۰۰۳ گفتوگۆی نێوان هەردوو بەشی باکورو باشوری قوبرس لە ژێر سەرپەرشتی (UN) بەرێوەچوون. لە ساڵی ۲۰۰۳ پرۆژەیەك لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کۆتایی هێنان بە قەیرانی قوبرس پێشکەش کرا کە ئەم خاڵانەی تێدابوو:

۱-دەوڵەتێکی هاوبەش لەنێوان هەردوو پێکهاتە لە چوارچێوەی یەك حکومەت و دوو قەوارەی تورکی ویۆنانی پێك بهێنرێت.

۲-ئەنجومەنێك بەناوی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی لە (٦) ئەندام پێك بێت، چواریان لە پێکهاتەی یۆنانی و دوانیشیان تورکی، ئەو شەش ئەندامە لەلایەن ئەنجومەنی پیران هەڵدەبژێردرێن بە رەزامەندی ئەنجومەنی نوێنەران، بە شێوەیەك کە پۆستی سەرۆك و جێگر بە نۆرەبێت لەنێوان ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کە هەر یەکەیان لە (۱۰) مانگ زیاتر لە پۆستەکان نامێننەوە.

۳-هەریەکە لە ئەنجومەنی نوێنەران و پیران لە (٤۸) ئەندام پێك دێت. ئەنجومەنی پیران بە یەکسانی لەنێوان هەردوو پێکهاتەی قوبرس دابەش دەکرێت، بەڵام ئەنجومەنی نوێنەران بە پێی ژمارەی دانیشتوان دەبێت.

(۱) عبدالرحمن سليمان الزيباري، سەرچاوەی پێشوو، ل ۲٥۲-۲٦۲.

(۲) د. محمد نورالدين، المسالة القبرصية امام مفترق طرق جديد، وتاری بلاوکراوە، مجلة شؤن تركية، مركز الدراسات الآستراتجية و البحوث والتوثيق ، عدد (۱)، ۱۹۹۲، ل۲۳.

٤-دادگایەکی باڵا لە (٩) دادوەر پێك بێـت (٣) یـان نوێنـەری پێکهاتـەی یۆنـانی و (٣) شیان نوێنەری پێکهاتەی تورکی (٣) شیان بێگانە دەبن و (UN) دیاریان دەکات.

٥-هێـزە فـرە ڕەگـەزە نیودەوڵەتییـەکان کـە لـە قوبرسـن چـاودێری ڕێکەوتننامـە کـە دەکەن.دەبێ لەو ماوەیە قوبرس بە هەردوو بەشەکەی لە چەك دابماڵدرێت.

لە ساڵی ٢٠٠٣ لەسەر ئەو پرۆژەیەی (UN) ڕاپرسی کراو لەلایەن بەشی قوبرسـی تـورکی پرۆژەکە بە زۆرینەی ڕەها پەسەند کرا، بەڵام بەشی قوبرسی یۆنـانی بەرێـژەی ٧٦٪ پرۆژەکـەی ڕەت کردەوە[1]. لە ساڵی ٢٠٠٤ جارێکی تر گفتوگۆکان دەسـتی پێکـردەوەو قوبرسـی یۆنـانی دیسان پرۆژەی یەکگرتنەوەی ڕەت کردەوە. هەر لەساڵی (٢٠٠٣) بەشی قوبرسی یۆنـانی بـووە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا. لە سـاڵی (٢٠٠٦) جـارێکی تـر گفتوگـۆ دەسـتی پێکـردەوەو تـا ئێستاش نەگەیشتوونەتە چارەسەری کۆتایی[2].

### پێگەی یاسایی قوبرسی تورکی

قوبرسی تـورکی کـە بەشـی بـاکووری دورگـەی قـوبرس دەگرێتـەوە، تـا ئێـستا لەلایـەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دانی پێدانەنراوە جگە لە تورکیـا و پاکـستان. هەریەکـە لـە قوبرسـی تورکی و وڵاتی تورکیا جەخت لە سەر دەوڵەت بوونی قوبرسی تـورکی دەکەنـەوە، بـەو پێیـەی هەموو پێوەرەکانی دەوڵەتی تێدایەو پێکهاتەی تورك لە قوبرس مـافی بڕیـاردانی چارەنووسـیان هەیە، بەڵام هەریەکە لە بەشی قوبرسی یۆنانی و دەوڵـەتی یۆنـان بەشـی قوبرسـی تـورکی بـە هەرێمێکی داگیرکراو دەزانن کە تورکیا لە ساڵی ١٩٧٤ بەهێزی سەربازی داگـیری کـردووە[3]. بە بۆچوونی ئێمە بەشی قوبرسی تورکی هەرێمێکە باری دیفاکتۆی هەیە و لە ڕووی نێودەوڵەتی دانی پێدانەنراوە.

(١) هەر لە ساڵی ٢٠٠٣ لەبەشی قوبرسی تورکی هەڵبـژاردن کـراو (ڕەئـوف دەنگتـاش) لـە هەڵبژاردنەکـە دۆڕاوموحەمەد عەلی تەلعەت کە کەسێکی میان ڕەوە سەرکەوتنی بە دەست هێنا، ئەمەش یەکێکی تر بـوو لـە شکستەکانی سیاسەتی تورکیا لە بەشی قوبرسی باکور.

(٢) تطورات ألآزمة القبرسية والصراع التركي اليوناني، لێکۆڵینەوەیەکی بڵاوکراوە لە سەر پێگەی ئەلکترۆنی: http://www.mogatel.com/MOK ATEL/Data/Behoth/siasia-askria -4/sera/1/Mokatel6-22-2.htm. ڕۆژی سەردان: ٢٥-٨-٢٠٠٧

(٣) عبدالرحمن سليمان الزيباري، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٥٢-٢٦٢.



هەروەها ئەوەی لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش و پرۆژەکەی نەتـەوە یـەکگرتووەکان لـە ساڵی ٢٠٠٣ بەدیار دەکەوێت جۆرێك لە بەنێودەوڵەتی کردن دەبینرێـت .لـە سـاڵی ١٩٩٨تـا ساڵی ٢٠٠٧ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی تایبەت بە قـوبرس بـە هـەردوو بەشـی بـاکورو باشور(٢٢)[1] بڕیاری دەرکردووە، ئەمە جگە لـە بڕیارەکـانی کۆمەڵـەی گـشتی و پرۆژەکـانی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بـۆ چارەسـەری مەسـەلەکە. هـەروەها بەشـی قوبرسـی تورکی شێوەیەکیش لە پاشکۆ بوونی بۆ تورکیا پێـوە دیـارە، لـە ڕووی دەسـتوری کاریگـەری تەواوی سیستەمی تورکی بەسەربەشی قوبرسی تورکی دەبینرێت، کۆمەڵێك ڕێگای جیـاواز بـۆ چارەسەری قەیرانی قوبرس پێشنیار کـراون لەوانـە دروسـت کردنـی کۆنفیدرالیـەتێك لـەنێوان هەردوو بەشەکە. یان پێکهێنانی سیستەمێکی فیدرالی، بەڵام نەگەیشتوونەتە ئەنجام.

(١) بۆ خوێندەوەی ئەو بڕیارانە بڕوانە پێگەی ئەلکترۆنی: http://www.UN.org/arabic/sc/archived/scres/scres.htm.

# تەوەری دووەم

## ڤاتیکان- دەوڵەتانی هەمیشە بێلایەن- مایکرۆ دەوڵەتەکان

### یەکەم: باری تایبەتی ڤاتیکان (Vatican)

#### ١- پێشینەی مێژوویی ڤاتیکان:

کەنیسەی کاسۆلیکی ئەوروپی کە پاپا نوێنەرایەتی دەکرد لە ماوەی سەدەکانی ناوەڕاست ڕۆڵێکی زۆر گرنگی لە سیاسیەتی ئەوروپی دەبینی، پاپا جگە لە دەسەلاتی ئاینی دەسەلاتێکی سیاسی بە هێزیشی هەبوو. لەسەدەی نۆزدەیەم دەسەلاتەکانی پاپا بەرەو لاوازی ڕۆیشتن و لە ساڵی ١٨٧٠ سوپای ئیتاڵیا دەستی بەسەر ڕۆما داگرت و کردیە پایتەختی ئیتاڵیا[1].

پێشووتر پاپا لەیەك کات سەرۆکی کەنیسەی کاسۆلیکی بوو، هەروەها سەرۆکی دەوڵەتیش بوو، پێگەی ئاینی خۆی بۆ خزمەتی پێگەی سیاسی بەکاردەهێناو لە هەمان کاتیشدا پێگەی سیاسی خۆی بۆ فراوان کردنی پێگەی ئاینی دەخستە گەڕ. پاپا تا ساڵی ١٨٧٠ پیادەی سەروەری خۆی هەبوو بەسەر هەرێمەکانی (ڕۆما و مارس و ئۆکبری و لانبوم). ڕووبەری گشتی دەوڵەتی پاپا ١٨٠٠ کم٢ بوو، ژمارەی دانیشتوانی (٣٠٠٠٠٠٠) سێ ملیۆن کەس بوون[2]. دوای ئەوەی لە ئەوروپا دەوڵەتی نەتەوەیی سەریان هەڵدا، سنور بۆ دەسەلاتی کەنیسە دانراو

(١) د. محمد سعيد الدقاق، القانون الدولي، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨٧

(٢) د. عبدالكريم علوان، سەرچاوەی پێشوو،ل١٦٤.



دەسەلاتەکانی پاپا بەرەو لاوازی ڕۆیشتن و لە ساڵی ١٨٧٠ سوپای ئیتاڵیا دەستی بەسەر ڕۆما داگرت و کردیە پایتەختی ئیتاڵیا[1].

#### ٢- یاسای گەرەنتیەکان

لە ساڵی ١٨٧١ ئیتاڵیا یاسایەکی دەرکرد بەناوی یاسای گەرەنتیەکان (قانون الضمانات). لەو کاتەوە دەسەلاتی ئاینی و دەسەلاتی سیاسی لەیەکتر جیاکرانەوە. گرنگترین خاڵەکانی ئەو یاسایە پێك هاتبوو لەمانەی خوارەوە:

١-پاپا کەسێکی پیرۆزەو هەردەست درێژیەك بۆ سەر پاپا بەدەست درێژی بۆ سەر پادشا (مليك) دادەنرێ.

٢-پاپا لە هەموو میرنشینی ئیتاڵیا مەراسیمی پادشایی بۆ دەکرێت.

٣-پاپا لەهەر شوێنێك بێت حەسانەی خۆی هەیە، هیچ کەسێك لە دەسەلاتی گشتی بۆی نیە بە بێ ڕەزامەندی پاپا بچێتە شوێنی نیشتەجێ بوونی.

٤-پاپا حەقی ئاڵوگۆڕی نێردەی دبلۆماسی هەیە لەگەڵ دەوڵەتانی دەرەوەو هەموو ماف و جیاوکێکی دبلۆماسیشیان هەیە کە یاسای نێودەوڵەتی دیاری کردوە.

٥-پاپا مافی دامەزراندنی فەرمان بەری تایبەتی هەیە و نابێ دەسەلاتی ئیتاڵیا دەست وەربداتە کاروباری.

٦-یاسای گەرەنتییەکان مافی بە پاپا نەداوە لەسەر هیچ بەشێکی هەرێمی لە خاکی ڕۆما سەروەری هەبێت، تەنانەت پاپا لەسەر کۆشەکەی خۆشی سەروەری نەبوو تەنها مافی نیشتەجێ بوونی پێدرا بوو[2]. هەر بۆیەش ئەو یاسایە لەلایەن دەسەلاتی کەنیسەی کاسۆلیکی ڕەتکرایەوە، بەتایبەتی لەلایەن پاپا (پۆلسی) نۆیەم ئەوەش وای کرد ململانێیەکی درێژ خایەن سەر هەڵبدات لەنێوان دەسەلاتی ئیتاڵیا و دەسەلاتی کەنیسەی کاسۆلیکی[3].

(١) د. ابراهيم أحمد شلبي، مبادئ القانون الدولي العام، الدار الجامعية، ١٩٨٦، ل١٧٥. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:

Charles. G fenwick, op.cit.,p.124

(٢) د. عبدالكريم علوان، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٤.

(٣) هكار اتروشي، طبيعة الفاتيكان القانونية والسياسية، وتار، مجلة سؤون الآوروبية، مركز الدراسات الاستراتيجية، عدد (٢)، شوبات (٢٠٠٠)، ل ٢٦.

### ٣- پەیماننامەی لاتران

پەیماننامەی لاتران لە ساڵی ١٩٢٩لەنێوان دەسەڵاتی فاشی ئەو کاتی (مۆسۆلینی) ئیتاڵیا لەگەڵ دەسەڵاتی پاپەوی هاتە ئارا. پەیماننامەکە لە (٢٧) ماددە پێك هاتبوو،لەماددەی (٤) باسی ئەوە دەکات کە ڤاتیکان دەوڵەتێکی سەربەخۆیەو ئیتاڵیا مافی نیە دەست وەربداتە کاروبارەکانی[1]. گرنگترین ئەو خاڵانەی لە پەیماننامەی لاتران چەسپان ئەمانەبوون:

١- رەت کردنەوەی یاسای گەرەنتیەکان.

٢- پاپا دەسەڵاتی رەهای هەیە بەسەر شاری ڤاتیکان، واتە جگە لەوەی سەرۆکی کەنیسەی کاسۆلیکیە لە هەمان کات سەرۆکی دەوڵەتی ڤاتیکانیش دەبێت.

٣- دەوڵەتی ڤاتیکان دەکەوێتە ژێر دەستی کورسی پاپەوی بە بێ ئەوەی ئیتاڵیا مافی دەست تێوەردانی هەبێت لە کاروباری ناوخۆیی ڤاتیکان.

٤- پیاوانی کەنیسە و فەرمانبەرانی ڤاتیکان لە باج و گومرگ دەبەخشرێن و دان دەنرێت بە پایەو رێزی زەوی و زاری پاپا (حرمة العقارات البابوية).

٥- حکومەتی ئیتاڵیا بەو پێەی لەلایەن پاپا راسپێردراوە هەمیشە دەبێ ئەرکی پاراستنی ڤاتیکان لە تاوانکاری بگرێتە ئەستۆ، لەبەرامبەر ئەوەش پاپا بەڵێن دەدات کە تاوانباری ئاسایی (عادی) کە لە ئیتاڵیا رادەکەن بۆ ڤاتیکان داڵدە نەدات و بیان داتەوە دەست حکومەتی ئیتاڵیا.

٦- حکومەتی ئیتاڵیا بەڵێن دەدات بە گەرەنتی کردن ودەستە بەرکردنی خزمەت گوزاریە گشتییەکان لە هێڵی ئاسنین و فەرمانگەکانی پۆستەو تەلەفۆن و کارەبا و ئاو.. هتد.

٧- ئەو کەسانەی لە ڤاتیکان دا دەنیشن رەگەزنامەی ڤاتیکانیان هەیە.

٨- پاپا پەیمان دەدات کە پابەند بێت بەپرنسیپی بێلایەنی لە ململانێکان کە لەنێوان دەوڵەتان روو دەدات، وە لەو کۆنگرانەش کە بانگهێشت دەکرێن بۆ بەشداری کردن، بۆیە ڤاتیکان بەناوچەیەکی بێلایەنی هەمیشەیی دادەنرێت.

٩- ڤاتیکان توانای ئاڵوگۆری نێردەی دبلۆماسی و گرێ دانی پەیماننامە و رێکەوتنی ئاینی هەیە، هەروەها ڤاتیکان لەرووی سەروەری ناوخۆشی مافی بەرێوەبردن و یاسادانان و دادوەری

(١) د. عصام العطية، سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٨٦.



هەیە. پەیماننامەی لاتران جارێکی تر لە ماددەی (٧)ی دەستوری کۆماری ئیتاڵیا لە ساڵی ١٩٤٧ پاڵپشتی کرایەوە[1].

لە ساڵی ١٩٨٤ لەنێوان دەسەڵاتی ئیتاڵیا و کورسی پاپایی رێکەوتنامەی (Concordat) گرێ درا، بە پێی رێکەوتنەکە هەندێ هەموارکردن لە پەیماننامەی (لاتران) روویان دا، ئەو رێکەوتنامەیە بنەما سەرکیەکانی پەیماننامەی لاترانی نەگۆری، بەڵکو ئەوەی جەختی لەسەرکرا ئەوەبوو کە کەنیسە دژایەتی ئاراستەی سیکۆلاریەتی دەوڵەتی ئیتاڵیا نەکات، لەبەرامبەریشدا ئەو دەوڵەتە هەموو چاودێریەکی سیاسی و بەرێوەبردن لەسەر کەنیسە هەڵدەگرێت[2].

### ٤- پێگەی یاسایی ڤاتیکان

زۆربەی یاساناسانی بواری نێودەوڵەتی کە باسی ڤاتیکان دەکەن دەیخەنە ناو ریزبەندی ئەو کەسێتیانەی یاسای نێودەوڵەتی کە دەوڵەت نین. واتە جگە لە دەوڵەت هەندێ کەسێتی دیکەی نێودەوڵەتیش هەن، وەك باری تایبەتی ڤاتیکان و رێکخراوە نیودەوڵەتییەکان و تاك و ... هتد.

ڤاتیکان لەناو جەرگەی رۆمای پایتەختی ئیتاڵیا دایەو رووبەرەکەی بریتیە لەنیو کیلۆمەتری چوار گۆشە (٤٤ هکتار)، ژمارەی دانیشتوانی کەمترە لە (١٠٠٠) کەسە، سیستەمی ڤاتیکان لەلایەن ژمارەیەك فەرمانبەر بەرێوە دەچێت و دام و دەزگا خزمەت گوزاریەکانی تێدایە. لە ژێر سەرپەرشتی پاپا ئەو دەستانە ڤاتیکان بەرێوە دەبەن:

١- سکرتاریەتی دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوە.

٢- حاکمی ڤاتیکان کە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن دەگرێتە ئەستۆ.

٣- راوێژکاری دەوڵەت، تەنها لەسەر ئەو کاروبارانەی پاپا داوایان لێ دەکات راوێژ پێشکەشی دەکەن.

٤- لێژنەی پاپایی لە پێنج کەس پێك دێن و کاری دەسەڵاتی یاسادانان دەکەن.

(١) د. عبدالكريم علوان،سەرچاوەی پێشوو، لا١٦٦.

(٢) د, محمد المجذوب، الوسيط في القانون الدولي العام، سەرچاوەی پێشوو، لا١٥٨.

بۆ زیاتر زانیاری بروانە: د. عصام العطية، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٧٩-٣٨٦.

ڤاتیکان لەباری بێلایەنی دایە لە بەرامبەر ململانێی نێودەوڵەتی، زیاتر رۆڵی ناوبژیوان و مرۆیی دەبینێ. هاوپەیمانان لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانی پابەند بوون بە سیستەمی بێلایەنی ڤاتیکان، کاتێك سوپای بەریتانیا و ئەمریکا چوونە ناوچەکە لە ساڵی ١٩٤٣. (رۆزفیلت) سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا لە (١)ی تەموزی هەمان ساڵ نامەیەکی ئاراستەی پاپا پۆلسی دوازدەیەم کرد و تیایدا پابەندی هاوپەیمانانی بەرامبەر بێلایەنی ڤاتیکان و پاراستنی موڵك و سامانی دووپات کردەوە، بەڵام سوپای ئەڵمانیا کاتێك لە (٨)ی ئەیلولی ساڵی ١٩٤٣ و (٤)ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٤ رۆمای داگیرکرد سیستەمی بێلایەنی ڤاتیکانی شکاند و پێشێلی کرد[1].

سیستەمی بێلایەنی ڤاتیکان رۆڵێکی چالاکی بینی لە هێورکردنەوەی ململانێی نێوان بلۆکی سەرمایەداری و سۆسیالستی[2]. ڤاتیکان دەوڵەتێکی سروشتی نیە وەك دەوڵەتانی دیکە، هەر بۆیە پێگەی یاسایی ڤاتیکان بۆچوونی جیاوازی لەسەرە. باری ڤاتیکان لەزۆر لایەنی لێکچووە لەگەڵ هەرێمە بە نێودەوڵەتی کراوەکان، وە هەندێ جار بەو دەوڵەتانە دەچێت کە ئەندامێتیان سنوورداره لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و پێیان دەگوترێ مایکرۆ دەوڵەت.[3]

بەشێك لە بۆچوونەکان لەگەڵ ئەوەن کە ڤاتیکان دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەریە و هەموو پێوەرەکانی دەوڵەتی تێدایە بە پێی پەیماننامەی (لاتران). لەبەرامبەر ئەوەش زۆرینەی بۆچوونەکان پێیان وایە کە ڤاتیکان کەسێتی یەکی نێودەوڵەتی هەیە، بەڵام دەوڵەت نیە و بارێکی تایبەتی بێ وێنەی هەیە (کیان فرید).

دانیشتوانی ڤاتیکان وێرای ئەوەی کە ژمارەیان کەمە بە پێی کاری فەرمانبەری خۆیان لەوێن و رەگەزنامەی کاتیان هەیە هەر کاتێك کارەکەیان بە جێ هێشت ئەوا رەگەزنامەی ڤاتیکانی لەدەست دەدەن، سەرەڕای ئەوەی هەموو دانیشتوانی ڤاتیکان رەگەزنامەی دوانیان

(١) د. عصام العطية، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٨٧.

(٢) بە پێی ئەو تێڕوانینەی کە (أريك لوبك) لە کتابەکەی بەناوی (مێژووی نهێنی و دبلۆماسیەتی ڤاتیکان ) دەری بڕیوە، کە خۆشی راوێژکاری پێشووی نوسینگەی ڤاتیکان بوەو ئەرشیفی نهێنی بینیوە، دەڵێ دبلۆماسیەتی نهێنی ڤاتیکان رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە شکستی بلۆکی سۆسیالستی و یەکێتی سۆڤیەت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: أريك لوبك، التاريخ السري لدبلوماسية الفاتيكان، ترجمة: غسان العزي، مجلة شؤن الاوسط، مركز الدراسات الاستراتيجية والبحوث والتوثيق، عدد (٨٥-٨٦ )، ١٩٩٩، لا١٤١.

(٣) جيرهارد فان غلان، سەرچاوەی پێشوو، لا٨٢.



هەیە، ئەمەش لەگەڵ پێوەری دەوڵەت بوون ناگونجێت. خزمەت گوزاریە گشتیەکان لەلایەن ئیتاڵیا دەستەبەر دەکرێن و ئیتاڵیا پاڵپشتی دارایی و بەڕێوەبردنی دەکات. ئەو تاوانانەی لە ڤاتیکان روو دەدەن بە پێی راسپاردنێکی هەمیشەیی پاپا دەخرێنە بەردەم دادگاکانی ئیتاڵیا. سەرەڕای ئەمانە ڤاتیکان ناتوانێ ببێتە لایەن لەململانێ نیودەوڵەتییەکان و بەشداری کردنیشی لە پەیماننامە و کۆنگرە نیودەوڵەتییەکان دەبێ لە چوارچێوەی پرنسپی بێلایەنی دابێت[1].

ڤاتیکان پێگەیەکی مێژووی و روحی بەهێزی هەیە و لە ژمارەیەك لە رێکخراوە تایبەتمەندەکانی سەر بە (UN) ئەندامە و لە هەندێکیشیان سیفەتی چاودێری هەمیشەیی هەیە. لە نەتەوە یەکگرتوەکان وێرای ئەوەی کە ئەندام نیە، بەڵام رۆڵ و پێگەی کاریگەری هەیە. نێردەیەکی هەمیشەیی (بعثة دائمة) لە نەتەوە یەکگرتووەکان نوێنەرایەتی ڤاتیکان دەکات[2].

## دووەم: دەوڵەتانی هەمیشە بێلایەن(حياد دائم)

وێرای سیستەمی بێلایەنی هەمیشەیی کە جێگای مەبەستی ئێمەیە، شێوازی تریش هەن لە بێلایەنی دەوڵەتان لەوانەش گرنگترینیان:

١-بێلایەنی کاتی: کاتێك دەوڵەتێك بێلایەنی خۆی بەرامبەر جەنگێك رادەگەیەنێ، وەك ئەوەی تورکیا لە جەنگی دووەمی جیهانی ، ئەمەش تاك لایەنەیە و پشت نابەستێت بە پەیماننامەی نێودەوڵەتی.

٢-بێلایەنی بەمەرج: کاتێك دەوڵەتێك بێلایەنی خۆی رادەگەیەنێت، بەڵام بەو مەرجەی کە دەوڵەتێکی دیاری کراو یان کۆمەڵە دەوڵەتێك نەبنە بەشێك لە مل ملانێکان.

٣-بێلایەنی گشتی و بێلایەنی تایبەتی: بێلایەنی گشتی هەموو هەرێمی دەوڵەت و دانیشتوانی دەگرێتەوە، بەڵام بێلایەنی تایبەت بۆ هەندێ ناوچە و باڵەخانەو کەسێتییە، هەروەك چۆن لە رێکەوتننامەکانی جنێف بێلایەنی بریندارەکانی شەڕو نەخۆشخانەکان و .. هتد، راگەیاندراوە.

(١) د. علي صادق ابوهيف، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٣١-٢٣٢.

(٢) هکار أتروشي، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٦.

هەروەها لە چـارتی (رۆریـخ) باسـی بێلایـەنی شـوێنەوارەکان و مۆزەخانـەو دامـەزراوەی زانستی و هونەری و کلتوری کراوە[1].

٤-دەوڵـەتانی لانـەگیر (عـدم الآنحیـاز) پێـشی دەگـوتری سیاسـەتی لانـەگیری ئەمـەش سیستەمێکی سیاسیە و لەکاتی جەنگی سارد لەنێوان بلۆکی سەرمایەداری و سۆسیالستی لـە پەنجاکانی سەدەی بیستەم سەری هەڵدا، بـۆ یەکـەمجار ئـەو سیـستەمە لەلایـەن (جـەواهیر لال نەهرۆ)ی سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتی هیند هاتە ئاراو بێلایەنی هیندی بەرامبـەر مـل ملانێـی هەردوو بلۆکی سەرمایەداری وسۆسیالستی دەربڕی.

پاشان هەر ئەو بێلایەنیە لەلایەن (جەمال عەبـدول ناسـر) سـەرۆکی ئـەو کـاتی کۆمـاری میسر بە جۆرێکی تر شرۆڤە کرا، کە دەوڵەتی بێلایەن بە شێوەیەکی ئیجابی رۆڵیان هەبێت لـە هێورکردنەوەی بارودۆخی ئەو کاتی جەنگی سارد کە پێی دەگوترا بێلایەتی ئیجابی[2].

### ١- پێگەی یاسایی دەوڵەتانی هەمیشە بێلایەن

ئەو جۆرە بێلایەنیە بە پێی پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی بە کۆمەڵ دەبێت، واتە دەوڵـەتێك بـە شێوەیەکی هەمیشەیی پابەندە بە سیـستەمی بێلایـەنی و لـە هەنـدێ لـە دەسـەڵاتەکانی خـۆی دادەبەزێت. لەبەرامبەریشدا دەوڵەتانی دیکە دەبێ سەلامەتی و ئاشتی دەوڵەتی بێلایەن بپـارێزن. سیستەمی بێلایەنی هەمیشەیی (حیاد دائم) تەنها بە سەر دەوڵەتان جێبەجێ دەبێت[3].

سەبارەت بە پێگەی یاسایی دەوڵەتانی هەمیشە بێلایەن تێڕوانینی جیاواز هەیە. ژمارەیـەکی زۆر لە پسپۆرانی بواری یاسای نێودەوڵەتی پێیان وایە دەوڵـەتانی هەمیـشە بێلایـەن سـەروەریان گرێ دراوە (السیادة المقیدة) و خاوەن سەروەری تەواونین، چونکە ناتوانن جەنگ رابگەیەنن، تـەنها مافی بەرگری رەوایان هەیە، کاتێك کە رووبەرووی دەست درێژیەك دەبنەوە، هەروەها نابێت بـچنە نێو هاوپەیمانی سەربازی و نابێت خاکیان بە کاربێت بۆ مەبەسـتی سـەربازی لەلایـەن دەوڵـەتانی شەڕکەر. هەروەها بۆیان نیە پەیماننامە و رێکەوتنامەی سەربازی ببەستن.

(١) د. سموحي فوق العادة، سەرچاوەی پێشوو،لا٩٧١.

(٢) د. غازي حسن صباريني، سەرچاوەی پێشوو، لا١١٨. بۆ زیاتری زانیاری لەسەر هـەمان بابـەت بروانـە: شارل روسو، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٧٧.

(٣) د. رشاد السيد، القانون الدولي العام في ثوبة الجديد، ط٢ ، مكتبة الوطنية، عَمان، ٢٠٠٥، لا١٤٥-١٤٦.



(جیر هاردڤان گلان) دەوڵەتانی هەمیشە بێلایەن ناودەبات بە دەوڵەتی ئامادە بۆ وەرگرتنی ئەندامێتی تەواو (الدول المؤهلة لعضوية الكاملة)[1]. دەوڵەتی هەمیشە بێلایەن نـابێ ناوچـەی کۆلۆنیال کراوی هەبێت. بە بۆچـوونی ئێمـە ئـەوە تاڕادەیـەك پێـچەوانەیە لەگـەڵ سیـستەمی بێلایەنی سویسرا، چونکە (لختنشتاین) لەلایەن سویسرا وەك ناوچەیەکی پارێزراو (الدول المحمية) ناسراوەو سویسرا کاروباری دەرەوەی بۆ بەرێوەبردوە. زۆربەی پـسپۆرانی یاسـای نێودەوڵـەتیش لەسەر ئەوە کۆکن کە سیستەمی پارێزگاری جۆرێکە لە کۆلۆنیالیەت.

لە تێڕوانینی هاوچەرخ دەوڵەتانی هەمیـشە بێلایـەن خـاوەن سـەروەری تـەواوی خۆیـانن و بێلایەنی کارناکاتە سەرکەسێتی نێو دەوڵەتیان لە نەتەوە یـەکگرتووەکان،[2] چـونکە بـە پێـی یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخ هیچ دەوڵەتێك سەروەریەکەی رەهانیە. لەناوخۆ بە پاراستنی ماف و ئازادیەکان گرێ دراوەو لە دەرەوەش بـە پابەنـدبوون بـە پرنـسیپەکانی یاسـای نێودەوڵـەتی. لەگەڵ ئەوەش دەوڵەتانی هەمیشە بێلایەن جیاوازیـان هەیـە و سـەروەری دەرەوەیـان لـە رووی سەربازی زیاتر گرێ دراوە، هەروەك لە پێـشەوەش ئاماژەمـان بـۆ کـرد. سـەبارەت بـە بوونـە ئەندامیان لە رێکخراوە نیودەوڵەتییەکان ، دیسان روانگـەی جیـا هـەبوو، بـەڵام لـە رۆژگـاری ئەمڕۆ هەموو دەوڵەتانی هەمیشە بێلایەن ئەندامن لـە (UN)، چـونکە ئـەو پابەندیانـەی لـە چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان چەسپاون تەنها دەوڵەتانی ئەنـدام لـە (UN) ناگرێتـەوە، بـەڵکو دەوڵەتانی دەرەوەی (UN)یش دەگرێتەوە.

سەبارەت بەلایەنی سەربازیش کـە بڕیـار دەدرێـت بەرامبـەر دەوڵـەتێك هێـزی سـەربازی بەکاربێت وەك سزا لە سەر ئەنجام دانی کارێکی ناڕەوا، ئەوا مەسەلەیەکی رێژەییە، مـەرج نیـە دەوڵەتانی بێلایەن بەشداری تێدا بکەن، بۆ نموونە کاتێك ئەنجومـەنی ئاسـایش بڕیـاری لێـدانی عێراقی دا لەبەرامبەر داگیرکردنی کوێت. زۆر لە دەوڵەتانی ئەندام لە (UN) بەشداریان نـەکرد لە رووی سەربازی[3]. دیارترین نموونەی دەوڵەتانی هەمیشە بێلایەن بریتین لە سویسراو نەمساو بەلجیکا و لاوس و لۆکسمبۆرگ و مالتا و کۆستەریکا.

(١) جیر هارد فان غلان، سەرچاوەی پێشوو، لا٧٨.

(٢) د.حكمت شبر، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٣٢.

(٣) د. محمد المجذوب، الوسيط في القانون الدولي العام، سەرچاوەی پێشوو، لا١٧٣

**۲- جیاوازی نێوان بێلایەنی (حیاد) و بێلایەنکراو (تحیید)**

جیاوازیەکی زۆر هەیە لەنێوان دەوڵەتی بێلایەن و هەرێمی بێلایەنکراو هەروەك دیارە بێلایەنی بۆ دەوڵەتە، بەڵام بێلایەنکراو بۆ هەرێمێکی دیاری کراوە یان بەشێکی هەرێمی دەوڵەتێکە. لەبێلایەنی دەوڵەت دەتوانێ خۆی چەکدار بکات و یەکەی سەربازی هەبێت، بەڵام لە بێلایەنکراو هەرێمەکە لە چەك دادەماڵدرێت، ئەمەش بۆ سەلامەتی ناوچەکەیە لەو ململانێیەی لەسەریەتی، چونکە هەرێمی بێلایەنکراو لە ئەنجامی بڕیارێکی نێودەوڵەتی یان رێکەوتنامەیەك دێتەدی بۆ دووخستنەوەی هەرێمەکە لە شەر یان پارێزگاری لە هەرێمەکەیان گەڕاندنەوەی ئاشتی بۆی کە پێشتر مەترسی تێدابووە.

هەندێ جاری هەرێمێك یان بەشێکی دەوڵەتێك دەکرێتە بێلایەنکراو بەبێ ئەوەی خۆی لایەن بێت لە رێکەوتننامەکە، سیستەمەکەش هەر دەبێ بە بڕیارێکی نێودەوڵەتی بێت، هەرێمەکە تاك لایەنە ناتوانێ ئەمە بکات(1). نمونەی دیاری هەرێمی بێلایەنکراو بریتین لە هەرێمی (سافوای باڵا) لە فەرەنسا لەنێوان ساڵەکانی ۱۸۱۵ تا ۱۹۱۹. هەروەها دوورگەی ئالاند (Aland) کەمل ملانێی لەسەر بوو لە نێوان سوید و فنلندا، ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان لە ساڵی ۱۹۲۱ راسپاردەیەکی دەرکرد و تیایدا دوورگەکەی بۆ فنلندا گێرایەوە، بەڵام بە سیستەمی بێلایەنکراوی، چونکە وای دادەنێ کە دوورگەکە مەترسی لەسەرە لە رووی سەربازی بۆ داهاتوو. هەروەها بێلایەن کردنی ئەو ناوچەیەی کە دەکەوێتە نێوان سوید و نەرویج دوای ئەوەی یەکێتی یەکەیان لە ساڵی ۱۹۵۰ هەرەسی هێنا، هەروەها بێلایەن کردنی کەناڵی سویس و گەرووی تورکی و چەند ناوچەیەکی دیکە(2).

هەموو هەرێمە بە نێودەوڵەتی کراوەکان لە باری بێلایەنکراوی (تحید) دان و بێلایەنکردن و لە چەك داماڵین دوو پرینسیپی سەرەکی سیستەمی بە نێودەوڵەتی کردنن.

## سێیەم: مایکرۆ دەوڵەتەکان (الدویلات)

مایکرۆ دەوڵەت یان دەوڵەتی بچووك کە بارێکی تایبەتیان هەیە و لە رووی رووبەرو ژمارەی دانیشتوان بچووکن، دەوڵەت بچووك بێت یان گەورە بە یەکسانی دەکەونە ژێر

(1) J.G. starke, An introduction to international law, Butterworth.8co.publishers, LTD, London,1947 p67.

(۲) د. محمد المجذوب ، الوسیط في القانون الدولي العام، سەرچاوەی پێشوو، ل۱۷٤.



بنچینەکانی یاسای نێودەوڵەتی، بەو پێیە لە رووی یاسایی یەکسانن، بەڵام لە باری پراکتیکی و سیاسی جیاوازن.

بیرمەند (شفارزنبرجر-(Georg Schwarzanberger) لە بارەی دەوڵەتانی بچووك دەڵێ: ئەو دەوڵەتانە هەمیشە بابەتی سیاسەتی نێو دەوڵەتی بوونە نەك دروست کەری سیاسەتی نێودەوڵەتی (1). لەلایەکی دیکە هەندێ لەو قەوارە بچووکانە سەروەریان ناتەواو بووە و خۆیان بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە پارێزگاری دەوڵەتێکی خاوەن هێزیان قبوڵ کردوەو بە پێی پەیماننامەیەك بوونەتە دەوڵەتی پارێزراو(2). واتە لە بەشێکی سەروەری خۆی بۆ دەوڵەتێکی تر خۆش بووە، لەبەرامبەر پارێزگارکردنی لەلایەن ئەو دەوڵەتە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئەو قەوارانە کەسێتی نێودەوڵەتیان هەردەمێنێ و ئەو جەنگەی دەوڵەتی پارێزگار (الحامیة) رای دەگەیەنێ، دەوڵەتی پارێزراو (المحمیة) نابێتە لایەنێك تیایدا(3).

دیارترین نموونەی ئەو مایکرۆ دەوڵەتانە کە سیستەمی پارێزگاری دەیان گرێتەوە، بریتی بوون، (4) لە میرنشینی مۆناکۆ لە ژێر پاراستنی فەرەنسا و کۆماری ئەندۆرا لە ژێر پاراستنی فەرەنسا و ئیسپانیا. میرنشینی (لختنشتاین) لە ژێر پاراستنی سویسراو کۆماری (سان مارینۆ) لە ژێر پاراستنی ئیتالیا(5). جگە لە مانەش کاروباری دەرەوەی (ساموای رۆژئاوا) لەلایەن

(۱) د. محمد سامي عبدالحمید، اصول القانون الدولي العام، سەرچاوەی پێشوول۲۱۰.

(۲) لە تەوەری یەکەمی ئەم باسە سیستەمی پارێزگاری روون کرایەوە.

(۳) د. علي صادق ابوهیف، سەرچاوەی پێشوو، ل۱۲٦.

(٤) کۆماری ئەندۆرا لە ساڵی ۱۹۹۳ سەربەخۆیی وەرگرت و بووە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان، رووبەرەکەی ٤٦۷کم۲، ژمارەی دانیشتوانی بریتیە لە شەست و شەش هەزار. میرنشینی مۆناکۆ لە ساڵی ۱۹۹۳ بووە ئەندام لە (UN) رووبەرەکەی ۲۰کم۲، ژمارەی دانیشتوانی (۳۳) هەزار کەسە، کۆماری سان مارینۆ لە ساڵی ۱۹۹۲ بووە ئەندام لە UN))، رووبەرکەی (٦۱) کم۲، ژمارەی دانیشتوانی (۲۸) هەزار کەسە. لختنشتاین لە ساڵی ۱۹۹۰ بووە ئەندام لە (UN)، رووبەرەکەی ۱٦۰کم۲، ژمارەی دانیشتوانی ۳٤ هەزار کەسە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. عبدالکریم علوان، سەرچاوەی پێشوو، ل۱۵۷. هەروەها بڕوانە: ئنسکلۆپیدیای ئەڵمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤۱۲،۳۱۹،٥٤.

(٥) د. عصام العطیة، سەرچاوەی پێشوو، ل۲۵۲

نیوزیلەندە بەرێوەدەچوو، هەروەها کۆماری ناورۆ لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٨ رێکەوتنێکی لەگەڵ ئوستراليا بەست کە سەرپەرشتی کاروباری دەرەوەی بکات [(١)].

لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی ، بەهۆی سەرهەڵدانی بزوتنەوەکانی رزگاری لە ژێردەستی کۆلۆنیالیەت زیاتر دروست بوونی مایکرۆ دەوڵەت سەری هەڵدا، بەڵام پێگەی یاسایی ئەو دەوڵەتە بچووکانە بووە جێگای هەڵوەستە لە سەرکردن.

بەو پێیەی کە لە چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ماددەی (٤) داهاتووە کە ئەو دەوڵەتانەی دەبنە ئەندام لە (UN) دەبێ رازی بن بە پابەندییەکانی کە چارت دیاری کردوون و توانای جێبەجێ کردنیشیان هەبێت[(٢)]. لێرە دەبینین باسی قەبارە و ژمارەی دانیشتوان نەکراوە، تەنها توانای جێبەجێ کردنی پابەندییەکان کراوەتە مەرج، بەڵام لەگەڵ ئەوەش کۆمەڵێك پێشنیار و بیروڕای جیاواز بۆ پێگەی یاسایی ئەو قەوارانە باسیان لێوەکرا.

هەرچەندە ژمارەیەك دەوڵەتی بچووك هەرزوو بوونە ئەندام لە (UN) وەك لۆکسمبۆرگ کە ئەندامی دامەزرێنەرە لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەو کات ژمارەی دانیشتوانی کەمتر بوو لە یەك ملیۆن. هەروەها ئیسلەندا لە ساڵی ١٩٤٦ بووە ئەندام، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی جۆرێك لە رووبەڕووبوونەوە بەدی دەکرا لە قبوڵ کردنی مایکرۆ دەوڵەتەکان لە (UN)، بەو پێیەی کە مایکرۆ دەوڵەتەکان ناتوانن تێچوونەکانی (نفقات) نەتەوە یەکگرتووەکان بدەن و سەروەریان ناتەواوە[(٣)].

بە بۆچوونی ئێمە ئەو رووبەڕوو بوونەوەیە زیاتر پەیوەندی بە ململانێی سیاسی نێوان هەردوو بلۆکی سەرمایەداری و سۆسیالستی هەبوو، چونکە دوای روخانی یەکێتی سۆڤیەت دەرگا بەرووی مایکرۆ دەوڵەتەکان کرایەوەو ژمارەیەکی زۆر بوونە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان. بە پێی بڕیاری ژمارە (٢١٠٥) ی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە

---

(١) جیرهارد فان غلان، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٧.

(٢) بڕوانە دەقی مادە (٤) لە چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان .

(٣) نەفەقاتی دەوڵەتی ئەندام لە ((UN بە پێی قەبارەی دەوڵەتەکە دادەنرێ، ئەمریکا بە تەنها ٢٥٪ لە نەفەقەی (UN) دابین دەکات ئینجا هەریەکە لە روسیا و فەرەنسا و چین و بەریتانیا دێن، دەوڵەتانی تر لە ئەمریکای لاتینی و ئاسیا و ئەفریقیا کەمترین بەشداریان هەیە لە نەفەقاتی (UN) . بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: علي الحركة، الامم المتحدة والدول الصغيرة،الدار الجامعية للطباعة والنشر،القاهرة،١٩٩٩،ل٣٨وئەوانەی دواتر



١٩٦٥/١٢/٢٠، جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە گرنگی بە مایکرۆ دەوڵەتەکان بدرێت. بۆ ئەم مەبەستەش چەند پرۆژەیەکی جیاواز خرانە روو.

لە ساڵی ١٩٦٩ هەریەکە لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا پێشنیاری ئەندامێتی بەشداریان (عضو المشارك) کرد بۆ مایکرۆ دەوڵەتەکان، بە شێوەیەك کە مافی دەنگدانیان نەبێ، بەڵام مافی بوونە ئەندامیان هەبێت لە رێکخراوەکانی سەربە (UN)، هەروەها کۆمەڵێك مافی شیاو یان هەبێت لە ئەنجومەنی ئاسایش و کۆمەڵەی گشتی و ئەنجومەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی[(١)]. هەروەها مافی وەرگرتنی کۆمەکیان هەبێت لە (UN)، لەبەرامبەر ئەوانەش مایکرۆ دەوڵەتەکان دەبێ مل کەچ بن بۆ هەموو پابەندییەکانی تر کە ئەندامێکی ئاسایی لەسەریەتی، جگە لە بەشداری کردن لە دانی نەفەقەی (UN). ئەو پرۆژەیە پێویستی بە هەموارکردنی چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان هەبوو، بۆیە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا.

هەندێ پێشنیاری تر خرانەروو کە پێویستیان بە هەموارکردنی چارت نەبووە لەوانە رێگەی نوێنەرایەتی ئەو مایکرۆ دەوڵەتانە بە هۆی دەوڵەتێکی ئەندام، بەڵام ئەو رێگەیە سەربەخۆیی دەوڵەتە بچووکەکان لاواز دەکات و زیاتر لە سیستەمی پاشکۆیەتی نزیکە.

تێڕوانینێکی تر ئەوە بوو کە مایکرۆ دەوڵەتەکان بۆیان هەبێت ئەندامێتی لە داگای دادی نێودەوڵەتی و لقەکانی تری (UN) وەربگرن، بەڵام نەبنە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان. رێگایەکی تر کە پێشنیارکرا بۆ نوێنەرایەتی مایکرۆ دەوڵەتەکان بریتی بوو لە بوونی چاودێر (مراقب) لە (UN)، ئەمە تاڕادەیەك کاری پێکراوە، بۆ نموونە هەریەکە لە مۆناکۆ و سان مارینۆ بۆ ماوەیەك وەك چاودێر لە (UN) دانران.

سیستەمی چاودێر لە چارتی (UN) ئاماژەی پێ نەکراوە، بەڵام ئەمینداریێتی گشتی (امانة العامة) لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئاسانکاری بۆ ئەو سیستەمە کرد[(٢)]. بەگشتی ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆر لە مایکرۆ دەوڵەتەکان لە (UN) ئەندامن وپێگەی یاسایشیان بە پێی یاسایی نێودەوڵەتی هاوچەرخ وەك دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری تەواو سەیر دەکرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەش

---

(١) حسن علي ابراهيم، الدول الضغيرة والنظام الدولي، مؤسسة الأبحاث العربية، بيروت، ١٩٨٢، ل٦٢.

(٢) علي الحركة، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤. بۆ زیتر زانیاری بڕوانە: حسن علي ابراهيم، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥وئەوانی دواتر.

بەرژەوەندی سیاسی رۆڵ دەبینێ لە دیاری کردنی پێگەی واقعی ئەو قەوارانە کە تا ئەمڕۆش باری تایبەتیان هەیە.

## خشتەی ژمارە (٤)

ژمارەیەك لە مایكرۆ دەوڵەتەكان لەگەڵ ساڵی سەربەخۆبوونیان دەخاتەروو[1]:

| ز | ناوی مایکرۆ دەوڵەت | ساڵی سەربەخۆبوون و بوونە ئەندام لە (UN) |
|---|---|---|
| ١ | مۆناکۆ | لە ساڵی ١٩٩٣ بووە ئەندام لە (UN) |
| ٢ | سان مارینۆ | لە ساڵی ١٩٩٢ بووە ئەندام لە (UN) |
| ٣ | لختنشتاین | لە ساڵی ١٩٩٠ بووە ئەندام لە (UN) |
| ٤ | ئەندۆرا | لە ساڵی ١٩٩٣ بووە ئەندام لە لە نەتەوە یەکگرتووەکان |
| ٥ | لۆکسمبۆرگ | ئەندامی دامەزرێنەری (UN) |
| ٦ | ئیسلەندە | لە ساڵی ١٩٤٦ بووە ئەندام لە (UN) |
| ٧ | سیشیل | ١٩٧٦ سەربەخۆیی وەرگرت |
| ٨ | ساوتۆمە وبرنسیبە | ١٩٧٥ سەربەخۆیی وەرگرت |
| ٩ | غەرناتە(Grenada) | ١٩٧٤ سەربەخۆیی وەرگرت |
| ١٠ | دوورگەی مالدین(Malediven) | ١٩٦٥ سەربەخۆیی وەرگرت |
| ١١ | دوورگەی قەمەر | ١٩٧٥ سەربەخۆیی وەرگرت |
| ١٢ | دوورگەی سەری سەوز (الراس ألاخضر) | ١٩٧٥ سەربەخۆیی وەرگرت |
| ١٣ | بربادوس(Barbados) | ١٩٦٦ سەربەخۆیی وەرگرت |
| ١٤ | مالتە | ١٩٦٤ سەربەخۆیی وەرگرت |
| ١٥ | غابون | ١٩٦٠ سەربەخۆیی وەرگرت |
| ١٦ | فیدجی | ١٩٧٠ سەربەخۆیی وەرگرت |
| ١٧ | عومان | ١٩٧١ سەربەخۆیی وەرگرت |
| ١٨ | کوێت | ١٩٦٢ سەربەخۆیی وەرگرت |
| ١٩ | قوبرس | ١٩٦٠ سەربەخۆیی وەرگرت |

(١) علي الحركة، سەرچاوەی پێشوو، لا٦٥



| | | |
|---|---|---|
| ٢٠ | غویانا | ١٩٦٦ سەربەخۆیی وەرگرت |
| ٢١ | لیونۆ | ١٩٦٦ سەربەخۆیی وەرگرت |
| ٢٢ | ترنداد و توباغۆ | ١٩٦٢ سەربەخۆیی وەرگرت |
| ٢٣ | دوورگەی موریس | ١٩٦٨ سەربەخۆیی وەرگرت |
| ٢٤ | کۆنغۆ-برازافیل | ١٩٦٠ سەربەخۆیی وەرگرت |

# تەوەری سێیەم

## سیستەمی یەك دەوڵەت و دوو رژێم - ناوچە جەمسەریەکان - سیستەمی بەڕێوەبردنی هاوبەش - ئەو دەوڵەتانەی بەمەرج دەبنە ئەندام لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.

### یەکەم: سیستەمی یەك دەوڵەت و دوو رژێم (دولة واحدة ذات نظامين)

دەستەواژەی (یەك دەوڵەت و دوورژێم) لە (٣١)ی یۆلیۆی ساڵی ١٩٨٤ لە رێکەوتنی نێوان (دنگشیاو بینگ) سەرۆکی ئەوکاتی چین و (جفری هاو) وەزیری دەرەوەی ئـەو کـاتی بـەریتانیا هاتە ئارا. بە پێی رێکەوتنەکە لە ساڵی ١٩٩٧ (هـۆنگ کـۆنگ)[1] دەگەڕێتـەوە سـەر چـین و لەبەرامبەریشدا چین پەیڕەوی سیستەمی یەك دەوڵەت و دوو رژێم دەکات. واتە هـۆنگ کـۆنگ لەسەر سیستەمی سەرمایەداری دەمێنێتەوە، وێڕای بوونی سیستەمی سۆسیالیستی لـە چـین. هۆنگ کۆنگ ناوچەیەکی کۆلۆنیالی ژێردەستی بەریتانیا بوو[2]. هۆنگ کۆنگ لە ساڵی ١٩٩٧ بە پێی ئەو رێکەوتنەی ساڵی ١٩٨٤ گەڕایەوە بۆ چین.

---

(١) دوای ئەوەی بەریتانیا لە جەنگی ئەفیون بە سەر چین سەرکەوت دەستی گرت بە سـەر ئـەو دوورگەیـە، ئەمـە بەردەوام بوو تا ساڵی ١٨٩٨، لەو کاتە پەیماننامەی بە کرێدان(استئجار) بۆ ماوەی (٩٩) ساڵ تایبـەت بـە هـۆنگ کۆنگ بەسترا. لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانی لەلایەن یابان داگیرکراو دواتر هاوپەیمانان دەستیان بە سەر داگرتەوە. دوورگەکە بووە پێگەی هەلاتووەکان لە دەستی حوکمی شیوعی لەو کاتەی لە ساڵی ١٩٤٩ دەسەلاتیان گرتە دەست. لە ساڵی١٩٩٧ بەریتانیا رازی بووبە کۆتایی هێنان بە پەیماننامەی بەکرێدان و هۆنگ کۆنگ خرایە ژێـر سیـستەمی یەك دەوڵەت و دوو رژێم. بۆ زیاتر زانیاری بروانە: موسوعة المعارف الكبرى، مجلد(١٥)، سەرچاوەی پێشوو، لا٧٤.

(٢) ماوەی بە کۆلۆنیالی کردنی هۆنگ کۆنگ (١٥٦) ساڵی خایانـد. رووبـەری هـۆنگ کـۆنگ بریتیـە لـە ١٠٩٥کم٢، هەرچوار ساڵ جارێك هەڵبـژاردنی تیـادا دەکرێـت و پەرلەمانەکـەی پێـك دێـت لـە ٦٠ ئەنـدام،



سیستەمی یەك دەوڵەت و دوو رژێم، کە چین پـەیرەوی لـێ دەکـات بـارێکی تایبـەتی بـێ وێنەیە. بە پێی رێکەوتنی نێوان چین و بەریتانیا، ئەو سیـستەمە لـە دوای گەڕانـەوەی هـۆنگ کۆنگ لە ساڵی ١٩٩٧ بۆ ماوەی (٥٠) ساڵ کاری پێ دەکرێـت[1]. لـە سـاڵی ١٩٩٧ هـۆنگ کۆنگ گەڕایەوە سەر چین بەڵام بەشێکی گەورە لە پێگەی سیاسی و ئـابوری جـارانی مایـەوە. جگە لە پەیڕەوکردن لە رژێمی سەرمایەداری، هۆنگ کۆنگ دراوی دۆلار بە کاردەهێنێ، بـەڵام دراوی چینی بریتییە لە یوان.

لە ساڵی ١٩٩٧ تـا سـاڵی ٢٠٠٢ هـۆنگ کـۆنگ (٦٣) رێکەوتننامـەی دوولایەنـەو بـە کۆمەڵی گرێ داوە. وێڕای ئەوەی کـە هـۆنگ کـۆنگ وەك ناوچـەیەکی بـەڕێوەبردنی تایبـەت دەسەلاتی یاسادانان و جێبەجێ کردن و دادوەری تایبەت بە خۆی هەیە. هۆنگ کـۆنگ تـەنها لە کاروباری دەرەوەو بەرگری پابەندە بە حکومەتی ناوەنـدی چـین، ئـەگینا لـە بوارەکـانی تـر سەربەخۆیی خۆی هەیە[2].

هۆنگ کۆنگ پێگیرە بە پاراستنی مافی تاك و پرنـسیپەکانی دیموکراتیـەت و هەڵبـژاردن و ئازادی بیروڕا و رۆژنامەگەری، بێگومان لە مەشدا کاریگەری بەریتانیای لەسـەر بـووە کـە بـۆ ماوەیەکی درێژ وەك ناوچەیەکی کۆلۆنیالی ژێر دەستی بەریتانیا ماوەتەوە.

چین بە گەڕانەوەی هۆنگ کۆنگ لە کۆمەڵێك لایەن سـوودمەندبوو. پـێش هـەموو شـتێك هۆنگ کۆنگ وەك ناوچەیەك کە پەیڕەوی لە بازاڕی ئازاد دەکات کاریگـەری هـەبوو بـۆ سـەر کرانەوەی زیاتری ئابوری چین[3]. هەروەها سیستەمی یەك دەوڵەت و دوورژێم بووە بنەمایەك بۆ چین کە بیەوێت هەمان سیستەمیش لەگەڵ تـایوان پـەیڕەو بکـات و داوای گەڕانـەوەی تـایوان بکات بۆ چین لەسەر هەمان سیستەم. بە پێی یاسای بنەڕەتی کە رێکەوتنی لەسەر کراوە، دەبێ هۆنگ کۆنگ لە باری تایبەتی خـۆی بمێنێتـەوە لـە رووی سیاسـی و ئـابوری و کۆمەڵایـەتی.

---

هەروەها (٣٦) نوێنەریشی لە ئەنجومەنی گەلی چینی هەیە. بۆزیاتر زانیاری بروانە ئنـسکلۆپیدیای ئـەڵمانی ، سەرچاوەی پێشوو، لا١٠٣.

(١) بەڵگەنامەیەکی تایبەت بە سیستمی یەك دەوڵت و دوورژێم، بلاۆکراوەتەوە لـە سـە پێگـەی ئـەلکترۆنی: <<http://www.msnbc.msn.com/id/3037881/site/newseek>> رژی سەردان٢٥-٧/٧/٢٠٠٧

(٢) ابراهیم نافع، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٠-٣٢.

(٣) خلیل عەبدوڵلا، سیستەمی سیاسی چین، بلاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)، لا ٥.

هەربۆیەش (جۆزیف یام) کە یەکێکە لە گەورە بەرپرسەکانی هۆنگ کۆنگ لە کاروباری دارایی دەڵێ، گەر چین پێشکەوتن و سەقامگیری هۆنگ کۆنگی بوێت دەبێ پابەندبێت بە یاسای بنەڕەتی و دەست وەرنەداتە نێو ئەم بارە تایبەتیەی کە هۆنگ کۆنگ هەیەتی[1].

وڵاتانی زلهێز و پیشەسازی بەرژەوەندی ئابوریان تا ئاستێکی فراوان لە هۆنگ کۆنگ چڕبۆتەوە، هەربۆیەش سیستەمی یەك دەوڵەت و دوورژێم جێگای ڕەزامەندیان بوو، چونکە پێشتر مەترسی ئەوە هەبوو لە دوای گەڕانەوەی هۆنگ کۆنگ بۆ چین، بەرژەوەندی ئەو وڵاتانەش بکەوێتە مەترسی. ئەوەی لەو قۆناغە تێبینی دەکرێ ئەوەیە کە چین تاڕادەیەك لە سیستەمی دیموکراتی هۆنگ کۆنگ مەترسی هەیە و هۆنگ کۆنگیش داوای دیموکراسیەت و خۆبەڕێوەبردنی زیاتر دەکەن[2].

سیستەمی یەك دەوڵەت و دوورژێم جگە لە هۆنك کۆنگ لەسەر هەرێمی (ماکاو- Macaw)یش جێبەجێ کرا. ماکا و تا ساڵی ١٩٩٩ لە ژێر دەستی پورتوگاڵ دابوو. لە ساڵی ١٩٨٧ وڵاتی چین و پورتوگاڵ ڕێکەوتن کە (ماکاو) لە ساڵی ١٩٩٩ بگەڕێتەوە سەر چین، بە پێی سیستەمی یەك دەوڵەت و دوورژێم، بە شێوەیەك کە ماکاو سیستەمی سەرمایەداری دەبێت و هەریەکە لە دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێ کردن و دادوەری تایبەت بە خۆی هەیە، جگە لە دەسەڵاتەکانی بەرگری و دەرەوە، هەموو دەسەڵاتەکانی تری هەیە[3]. بەو پێیە هەریەکە لە هۆنگ کۆنگ و ماکا و دوو ناوچەی بەڕێوەبردنی تایبەتن بە پێی سیستەمی یەك دەوڵەت و دوو ڕژێم.

## دووەم: باری یاسایی ناوچە جەمسەریەکان (المناطق القطبية)

هەردوو جەمسەری باکور و باشوور کە تا ئێستاش لە لایەن دەوڵەتان ناکۆکی و جیاوازیان لەسەرەو بارێکی یاسایی تایبەتیشان هەیە. جەمسەری باکور لە کۆتایی سەدەی پازدەی زایینی

(١) دانیل بورشتاین و ارنیةدي کیز، التنین الاکبر- الصین في القرن الواحد و العشرین، ترجمة: شوقي جلال، سلسلة علم المعرفة، کویت، ٢٠٠١، لا ٣٤٨.

(٢) ترودي روبین، وتارێکی بلاوکراوە لە ڕۆژنامەی (الوطن) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە پێگەی ئەلکترۆنی: http://en.wikipe.org/wiki/main-page

(٣) فەرمانگەی زانیاریەکانی ئەنجومەنی دەوڵەتی کۆماری گەلی چین، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٣



دۆزرایەوە، بەڵام جەمسەری باشوور لە کۆتایی سەدەی شازدەیەم دۆزرایەوەو هەندێ لە بەشەکانیشی دۆزینەوەیان لەسەدەکانی (١٧-١٨-١٩) بوو.

ئەو جەمسەرانە گرنگی زۆری ئابوری و سیاسی و سەربازی و ستراتیژیان هەیە، جەمسەری باکور ناوچەیەکی ئاوییەو بە ئاو دەورە دراوەو بەستەڵەکەو ناشێت زۆر بۆ دەریاوانی بەکاربێت،کەشی جەمسەری باکور ٧٣٪ پلەی سەدیە، هەروەها بە دوو کیشوەر بەستراوەتەوەو کەوتۆتە نزیك هەرێمی کۆمەڵێك دەوڵەتی گەورە، هەروەها لەماوەی مانگەکانی ساڵ بە بەستەڵەك دەمێنێتەوەو کەش و هەواکەی گونجاو نیە بۆ ژیان، بەڵام جەمسەری باشوور زیاتر ناوچەیەکی وشکانی بەستەڵەکەو کەش و هەوای جەمسەرەکە لە هەندێ لە مانگەکانی ساڵ دەشێت بۆ ژیان. جەمسەری باشور بە دووری ٣٦٠٠ تا ٧٠٠٠ کیلۆمەتر لە کیشوەرەکان دوورەو هەروەها دوورگەشی تێدانیە. ڕووبەری جەمسەری باشوور لە ئەوروپا گەورەترە، پلەی ساردیەکەی زۆر بەرزەو دەگاتە٨٨٪ پلەی سەدی، ئەو جەمسەرە لە لایەن زانای بەریتانی (سیرفیفان فوتش) دۆزرایەوە[1]ئەو جیاوازیانەش وایان کردوە باری یاسایی هەریەکە لە جەمسەرەکان جیاوازبێت. سەبارەت بە سەروەری دەوڵەتان لەسەر جەمسەرەکان کۆمەڵێك لێکدانەوەو تێڕوانینی جیاواز هەیە بۆ هەریەکەیان. لە بارەی سەروەری بەسەر جەمسەری باکور بیرۆکەی بەشەکان (القطاعات) هاتە ئارا کە لەسەر بنەمای جوگرافی بنیات نرابوو، بەو پێیە جەمسەری باکور بە پێی دراوسێتی و نزیکی دابەش دەکرێت بەسەر دەوڵەتەکان کە داوای سەروەری دەکەن بەسەری دا. ئەو بیرۆکەیە لەلایەن یاسای نێودەوڵەتی پەسەند نەبوو[2].

بە پێی ئەو دابەش کردنە جەمسەری باکور دەبووە چوار بەش (قطاعات) ئەوانیش بەشی ڕووسی و نەرویجی و دانیمارك و کەنەدی[3].

سەبارەت بە جەمسەری باشوور دابەش کردنێکی جوگرافی هەیە بۆ چوار ناوچەی سەرەکی ئەوانیش بریتین لە ناوچەکانی (ئەمریکای باشوور، ناوچەی باسفیك، ناوچەی ئوسترالی، ناوچەی ئەفریقی). چەند تێڕوانین و بیرۆکەیەك هەبوو لەسەر سەروەری و خاوەن دارێتی بۆ جەمسەری باشوور لە وانەش گرنگترینیان:

(١) موسوعة المعارف الکبری، مجلد(١٨)، سەرچاوەی پێشوو، لا١٩

(٢) د. عبدالعزیز سرحان، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٨٢.

(٣) د. حازم محمد عتلم، أصول القانون الدولي العام، القسم الثاني (اشخاص القانون الدولي)، ط١، دار النهضة العربیة، القاهرة، ٢٠٠١، لا٥٢.

١-بیرۆکەی دۆزینەوە: کە هەریەکە لە فەرەنسا و بەریتانیا و نەرویج و یەکێتی سۆڤیەت بانگەشەیان بۆ دەکرد، ئەوەش لەسەر بنەمای دۆزینەوەی زانستی بنیات نراوە.

٢-بیرۆکەی ئەمریکی: پەیوەندی هەیە بە خاڵی ئیرتکازیان چالاکی چاودێری[١].

٣-بیرۆکەی شیلی: لەسەر بنەمای چواریەك دامەزراوە، واتە لە زانستی ئەندازیاری بە مانای چواریەکی دەوری بازنە.

٤-بیرۆکەی ئەرژەنتینی: ئەم بیرۆکەیە لەسەر بنەمای دراوسێتی و بەردەوامی و لێکچوونی جیۆلۆجی بنیات نراوە[٢].

### ناوچە جەمسەریەکان و بە نێودەوڵەتی کردن (المناطق القطبية والتدويل)

لە ساڵی ١٩٠٩ حکومەتی نەرویج پرۆژەیەکی پێشکەش کرد بۆ بەنێودەوڵەتی کردنی ناوچەی سپیتزبێرگن (Spitzbergen) کە دەکەوێتە جەمسەری باکور. ئەو ناوچەیە لەگەڵ ئەوەی لەسەدەی (١٧) دۆزرایەوە، بەڵام هیچ لایەك سەروەری لەسەری نەبوو تا ساڵی ١٩٢٠. بۆیە نەرویج پێشنیاری کرد کە ناوچەی سپیتزبێرجن بکەوێتە ژێر سیستەمێکی نێودەوڵەتی و هەرێمەکە بێلایەن بێت و بۆ هەموو لایەکیش کراوە بێت بۆ سوودی ئابووری بە یەکسانی. بۆ ئەم مەبەستە لێژنەی تایبەت پێك هات و لە ساڵی ١٩١٠ و ١٩١٢ کۆمەڵێك هەموارکردن بەسەر پرۆژەکەی نەرویج داهاتن و لە ساڵی ١٩١٤ بڕیار بوو بە تەواوی ڕێکەوتنی بە نێودەوڵەتی کردنی ناوچەکە بکەوێتە واری جێبەجێ کردن، بەڵام هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی لەو ساڵە وای کرد ئەم پرۆژەیە نەکەوێتە واری جێبەجێ کردن. دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٩٢٠ هاوپەیمانان دانیان نا بە سەروەری تەواوی نەرویج بەسەر ناوچەی سپیتزبێرجن[٣].

بەهۆی ئەو مل ملانێیانەی لەسەر جەمسەری باشوور هەبوون هەریەکە لە نەتەوە یەکگرتووەکان و دادگای دادی نێودەوڵەتی هەوڵی چارەسەری ناکۆکیەکانیان دا. ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە (٢٨) ئابی ساڵی ١٩٤٨ پێشنیاری بەنێودەوڵەتی کردنی

(١) نجدت صبري عقراوي، الوضع القانوني للقطبين الشمالي والجنوبي في العالم، وتاری بلاوکراوە، جريدة الجمهورية، العدد (٦٠٩١)، ١٢/٥/١٩٨٦، ل ٣.

(٢) شارل روسو، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٨.

(٣) د. سامي علي مهدي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.



جەمسەری باشووریان کرد، ئەمەش وای کرد ئاراستەیەکی بەهێز لە نەتەوە یەکگرتووەکان دروست ببێت کە جەمسەری باشوور بخرێتە ژێر بەرێوەبردنی نێودەوڵەتی لە ژێر سەرپەرشتی (UN)،[١] بەڵام یەکێتی سۆڤیەت لە (٢)ی مایۆی ١٩٥٨ مافی ڤیتۆی لە ئەنجومەنی ئاسایش دژی پرۆژەکە بەکارهێنا کە بەنیازی بەنێودەوڵەتی کردنی جەمسەری باشوور بوون. هەرچەندە بەریتانیا پاڵپشتی پرۆژەکەی کرد، بەڵام پرۆژەی بەنێودەوڵەتی کردن ڕەت کرایەوە[٢].

دواتر جۆرێك بە بەنێودەوڵەتی کردن بۆ جەمسەری باشوور کرا، بەڵام لە ژێر سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی (UN) نەبوو، بەڵکو کۆمەڵێك دەوڵەت لە (١)ی دیسێمبەری ساڵی ١٩٥٩ لە واشنتۆن ڕێکەوتنامەیەکیان سازدا[٣]. بە پێی ڕێکەوتنەکە چەند خاڵێکی گرنگ چەسپان لەوانەش نابێ ناوچەی جەمسەری باشوور بۆ بنکەو مانۆڕی سەربازی بەکاربێت و ناوچەیەکی ئازادە بۆ هەموو چالاکیەکی ئاشتیانە و قەدەغەیە کە تاقی کردنەوەی ناوەکی تێدا ئەنجام بدرێت. ڕێکەوتننامەکە ئازادی ئەنجام دانی توێژنەوەی زانستی بۆ هەموو لایەك فەراهەم کردەوە. هەروەها ناوچە جەمسەریەکانی باشوور لە ڕووی دەریاوانی ئازادن و هەموو دەوڵەتانی بەشدار لە ڕێکەوتنامەکە ئەو مافەیان هەیە[٤].

بە پێی ماددەی چوارەمی ڕێکەوتننامەکە مافی سەروەری بە هیچ یەك لە دەوڵەتەکان بەسەر جەمسەری باشوور نەدراوەو ناوچەیەکی ئازادەو هەموو لایەك دەتوانن کاری ئاشتیانەی تێدا بکەن[٥]. دوای تێپەڕبوونی (٣٠) ساڵ بەسەر ڕێکەوتنامەی واشنتۆن لە (٤)ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩١ ڕێکەوتنامەیەکی تری تایبەت بە جەمسەری باشوور بەسترا. تیایدا جەخت لەسەر پرنسیپەکانی ڕێکەوتنامەی واشنتۆن کرایەوە. هەروەها پارێزگاری ژینگەی ناوچەکە و بەکارهێنانی هاوبەش بۆ سامانی کانزایی ناوچەکە لە ڕێکەوتنامەکە چەسپان[٦].

(١) شارل روسو، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٩.

(٢) د. نجدت صبري عقراوي، الوضع القانوني للقطبين الشمالي والجنوبي في العالم، سەرچاوەی پێشوو، ص٣.

(٣) ئەو دەوڵەتانەی لە ڕێکەوتنامەکە بەشداربوون بریتی بوون لە (ئەرژەنتین — ئوستراليا-بەلجیکا-فەرنسا-یابان-زیلاندی نوێ- نەرویج- شیلی- یەکێتی باشووری ئەفریقیا- یەکێتی سۆڤیەت- بەریتانیا- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا). بۆ زیاتر زانیاری بروانە:د.سموحي فوق العادة، سەرچاوەی پێشوو،ل٤٦٢.

(٤) د. عبدالعزيز سرحان، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٣-٣٨٦.

(٥) د. سموحي فوق العادة، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦٣.

(٦) د. حازم محمد عتلم، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢.

## سێیەم: سیستەمی بەڕێوەبردنی هاوبەش (نظام الحكم المشترك- Condominium)

ئەو سیستەمە بریتیە لەوەی کە هەرێمێکی تایبەت و دیاری کراو لەلایەن دوو دەوڵەت یان زیاتر دەبرێن بەڕێوە[1]. واتە دوو دەوڵەت یان زیاتر بە یەکسانی پیادەی دەسەڵاتی سیاسی و دادەوەری دەکەن لەسەر هەرێمەکە[2]. ئەو هەرێمانەی دەکەونە ژێر بەڕێوەبردنی هاوبەش بە ئەندامی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ناژمێردرێن و ڕۆڵی کاراشیان لە پەیوەندییەنێو دەوڵەتیەکان نیە و خاوەنی حکومەتی خۆشیان نین[3]. ئەوەش ئەو مانایە دەگەیەنێت کە سەروەریان ناتەواوە، واتە سیستەمی بەڕێوەبردنی هاوبەش پێگە یاساییەکەی لە شێوەی سیستەمی ماندێت و ڕاسپاردەیی و پاشکۆیی و پارێزگاری بە دیاردەکەوێت[4]. دیارترین نموونەی سیستەمی بەڕێوەبردنی هاوبەش بریتی بوو لە (سودان) لە ساڵی ١٨٨٩ تا ساڵی ١٩٥٦ لە ژێر حوکمی هاوبەشی بەریتانیا و میسردا بوو. هەروەها سیستەمی بەڕێوەبردن بەسەر کۆمەڵە دوورگەی ئەرخەبیل (هبریدی نوێ) کە دەکەونە زەریاری هێمن (محيط الهادي) لەلایەن فەرەنسا و بەریتانیا لە ساڵی ١٨٨٧ تا ساڵی ١٩٥٨. دواتر ئوستراليا بەشداری کرد لە بەڕێوەبردنی دوورگەکان و جگە لەلایەنی بەڕێوەبردن و دادوەری ئەرخەبیل کەوتە ژێر بەڕێوەبردنی نێودەوڵەتی. تا لە ساڵی ١٩٨٠ سەربەخۆیی وەرگرت و لە ژێر ناوی ڤانویاتو( Vanuatu) بووە ئەندام لە (UN)، ژمارەی دانیشتوانی بریتیە لە (٢٠٧)هەزارکەس و ڕووبەرەکەی بریتیە لە ١٢کم٢. هەروەها دوورگەی فیزۆن (Faisons) کە کەوتۆتە سەر ڕووباری بیداسواو ناوچەیەکی هاوبەشە لەنێوان ئیسپانیا و فەرەنسا. هەردوو دەوڵەت بە پێی دوو پەیماننامە لە ساڵەکانی ١٨٥٦ و ١٩٠١ بەنۆرە دوورگەکەیان بەڕێوە دەبرد، هەریەکەیان بۆ ماوەی (٦) مانگ. دواین نموونەش لە سیستەمی بەڕێوەبردنی هاوبەش بریتی یە لە هەردوو دوورگەی (ئەندوربوری و کانتۆنی) کە کەوتنە ژێر بەڕێوەبردنی هاوبەشی بەریتانیا و ولایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٣٩.

بەهۆی گرنگی ستراتیژی ئەو دوو دوورگەیە هەردوولا ڕێکەوتن کە بۆ ماوەی (٥٠) ساڵ سیستەمی بەڕێوەبردنی هاوبەش پەیڕەو بکەن[5]. نابێ تێکەڵاوی بکرێت لەنێوان سیستەمی

(1) J.G.staeke, op.cit., p66.

(٢) شارل روسو، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٤٣.

(٣) جیر هاردفان غلان، سەرچاوەی پێشوو، لا٨٨.

(٤) د. بدرية عبدالله العوضي، سەرچاوەی پێشوو، لا٦٣.

(٥) جیرهاردڤان غلان، سەرچاوەی پێشوو، لا٨٩.



بەڕێوەبردنی هاوبەش لەگەڵ هەرێمی بەرژوەندی (المناطق المصالح أو المناطق النفوذ)، چونکە یەکەمیان سیستەمێکی یاساییە لە هەرێمێکی دیاری کراو، بەڵام ئەوەی دووەمیان تێڕوانینێکی تەواو کۆلۆنیالیە و هەردەوڵەتێك بە بەهانەی ناوچەی نفوس و بەرژەوەندی هەوڵی داگیرکردن دەدا، بۆیە ئەمە بنەمایەکی سیاسی و دبلۆماسی هەبوو نەك یاسایی. بۆ نموونە ڕێکەوتنامەی بەریتانیا و روسیا لە ساڵی ١٩٠٧ لەسەر ئێران، هەروەها ڕێکەوتنامەی فەرەنسا و ئیسپانیا لە ساڵی ١٩١٢ لەسەر مەغریب [1].

## چوارەم: باری ئەو دەوڵەتانەی بەمەرج دەبنە ئەندام لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی

هەندێ جار بۆ دانپێدانانی دەوڵەتێکی دیاری کراو یان بۆ بوونە ئەندام لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی مەرجێك یان کۆمەڵە مەرجێك دادەنرێن. باری ئەو دەوڵەتانەی بە پێی مەرج دانیان پێدانراوە لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە تێڕوانینی (جیرهارد ڤان گلان) لە چەشنی دەوڵەتانی بێلایەن دەوڵەتی شیاون بۆ وەرگرتنی ئەندامێتی تەواو . ئەو مەرجانە کاریگەریان نیە بۆ سەروەری دەوڵەتەکە. مەرجەکانیش بە پێی باری تایبەتی دەوڵەتەکان دەگۆڕێن و هەندێ لە دەسەڵاتە ناوخۆیی و دەرەکیەکان گرێ دەدرێن. دیارترین نموونەی ئەو جۆرە دەوڵەتانەش کە مەرجیان بەسەرداسەپێنراوە لە بەرامبەر بە ئەندامبوونیان لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، ئەمانەی خوارەوەن:

١-لە ساڵی ١٨٧٨ کۆنگرەی بەرلین مەرجەکانی لێبوردەیی ئاینی و نەهێشتنی ڕەگەزپەرستی دانران بەرامبەر دان پێدانان بە مۆنتینیگرۆ لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.

٢-هەمان ئەو مەرجانەی خاڵی یەکەم سەپێندران بەسەر هەریەکە لە بولگاریا و سربیا و رۆمانیا بۆ بە ئەندام بوونیان لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.

٣-لە ساڵی ١٩١٠ کاتێك هەریەکەلە پۆڵندا و چیکۆسلۆڤاکیا و یوگۆسلاڤیا دانیان پێدانرا بەو مەرجە بوو کە مافی کەمە نەتەوەو ئاینەکانی تر بپارێزن.

٤-ئەسیوپیا بەو مەرجە دانی پێدانرا کە سیستەمی کۆیلایەتی نەهێڵێت.

٥-کاتێك ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٤٧ دانی پێدانرا بەو مەرجەبوو کە رازی بێت بە بڕیاری دابەش کردنی قودس لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان.

(١) د. محمدالمجذوب، سەرچاوەی پێشوو، لا١٧٥.

٦-بە پێی ئەو پەیماننامەیەی لە (١٥)ی ئایاری ساڵی ١٩٥٥ لەلایەن هەریەکە لە یەکێتی سۆڤیەت و بەریتانیا و فەرەنسا ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەلایەك و نەمسا لەلایەکی تر گرێ درا، چەند مەرجێك لەسەر نەمسا دانران گرنگترینیان ئەوە بوو کە نابێ هیچ یەکێتیەکی سیاسی و ئابوری لە نێوان نەمسا و ئەڵمانیا رووبدات. هەروەها بە یەکسانی مافی مرۆڤ بپارێزرێت و هەڵبژاردنێکی گشتی لەرێگای دەنگدانی نهێنی لە نەمسا سازبدرێت و سانسۆر بخرێتە سەر ئەفسەرانی پلە بەرزی بواری سەربازی و نابێ نەمسا هیچ فرۆکەیەك بەکاربهێنێت کە دروست کراوی ئەڵمانیا و یابان بێت[1].

(١) جیر هارد فان غلان، سەرچاوەی پێشوو، لا٧٩ بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. بدریة عبداللة العوضي، سەرچاوەی پێشوو، لا٦٠.

# باسی سێیەم:

## خاڵە لێکچوو و جیاوازەکان لە نێوان هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان و سیستەمە هاوشێوەکانی

**دابەشکردن:**

تەوەری یەکەم: هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان و دوڵـەتانی سـەروەریی ناتـەواو- هەرێمـە بەخودموختاری نەگەیشتوەکان

تەوەری دووەم: هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان و ئەو یەکانەی بارێکی تایبەتیان هەیە

# تەوەری یەکەم

## هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان و دەوڵەتانی سەروەریی ناتەواو- هەرێمە بەخودموختاری نەگەیشتوەکان

**یەکەم: سیستەمی پاشکۆیەتی و پارێزگاری لەگەڵ هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان**

١-سیستەمەکانی پاشکۆیەتی و پارێزگاری ئارەزوومەندانە بە پێی ڕێکەوتنی هەردوولا دەبێت، بەڵام هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان بە پێی پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی فرە لایەن یان بڕیارێکی نێودەوڵەتی دەبێت.

٢-ئەوانەی دەکەونە ژێر سیستەمی پاشکۆیەتی و پارێزگاری لە زۆربەی بارەکان دەوڵەتن، بەڵام هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان دەوڵەت نین و قەوارەی تایبەتی نێودەوڵەتین.

٣-سیستەمی پاشکۆیەتی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی دەرەبەگایەتی، بەڵام سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردن لە ساڵی (١٨١٥) دەستی پێکردوە.

٤- هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان لەگەڵ سیستەمی پارێزگاری بەکۆمەڵ یان پارێزگاری نێودەوڵەتی لە یەك دەچن و تەنانەت زۆرجار جیاکردنەوەش لەنێوانیان ئاستەم دەبێت. لە بەشی چوارەمی توێژینەوەکەمان بە درێژی باسی دەکەین، بە تایبەتی پارێزگاری نێودەوڵەتی بۆ هەرێمی کوردستان بە پێی بڕیاری (٦٨٨)ی ساڵی ١٩٩١ تا ٢٠٠٣.

٥- سیستەمی پاشکۆیەتی و پارێزگاری و بەنێودەوڵەتی کردن هەرسێکیان لە یەك دەچن بەوەی کە ناکەونە ژێر بنچینەی یاسایی جێگیر لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر جیاوازی هەیە[1].

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. حسن الجلبي، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١١و ئەوانی دواتر.



**دووەم: سیستەمی ماندێت و ڕاسپاردەیی لەگەڵ هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان**

١-سیستەمی ماندێت و ڕاسپاردەیی لەبەڵێننامەی کۆمەڵەی گەلان وچارتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژەی پێ کراوە، بەڵام بەنێودەوڵەتی کردن لە چارتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی نەچەسپاوە، بەڵکو بە پێی پەیماننامەیەکی فرەلایەن یان بڕیارێکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی سیستەمەکە دروست دەبێت و لە عورفی نێودەوڵەتی سەرچاوەی گرتووە.

٢-لە سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردن دەستەیەکی نێودەوڵەتی سەرپەرشتی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکە دەکەن، بەڵام سیستەمەکانی تری ماندێت و ڕاسپاردەیی لەلایەن دەوڵەتێك سەرپەرشتی دەکرێن.

٣- بە پێی ئەو ئامانجانەی بۆ سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردن دیاری کراون ئەوەیە کە چاودێری کردنی بەرژەوەندی هاوبەشە بۆ باری ستراتیژی و سیاسی و ئاینی و مرۆیی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکە، بەڵام لە دوو سیستەمەکەی تر ئامانج چاودێری کردنی خۆشگوزەرانی دانیشتوانی هەرێمەکانە، سەرەڕای بە دیهێنانی بەرژەوەندی دەوڵەتانی زلهێز[1].

٤- هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان پێش دروست بوونی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی (کۆمەڵەی گەلان و نەتەوەیەکگرتووەکان) هەبووە، بەڵام ماندێت لەسەردەمی کۆمەڵەی گەلان هاتە ئاراو ڕاسپاردەیش لەسەردەمی نەتەوە یەکگرتووەکان.

٥- ئەو هەرێمانەی سەروەریان ناتەواوە (ناقصة السيادة) بەرپەرسیاریەتی نێودەوڵەتیان (المسؤلية الدولية) ناکەوێتە سەر، بەڵکو دەوڵەتەکە بەرپرسیاری نێودەوڵەتی دەبێت کە هەرێمەکە بەڕێوەدەبات، بەڵام هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان بەرپرسیاری نێودەوڵەتیان دەکەوێتە سەروخۆیان بەرپرسیار دەبن، نەك ڕێکخراوی نێودەوڵەتی.

٦- لەزۆربەی بارەکان کۆتایی هاتنی سیستەمی ماندێت و ڕاسپاردەیی و پارێزگاری کۆلۆنیالی لە ڕێگای توندوتیژی و شۆڕش بووە، بەڵام لە زۆربەی بارەکان کۆتایی سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردن لە ڕێگای ئاشتیانە و ڕاپرسی دەبێت.

٧- سیستەمی ماندێت و ڕاسپاردەیی بە تەواوی کۆتاییان هاتووەو نەماون، بەڵام بەنێودەوڵەتی کردن سیستەمێکی بەردەوامە و لە بەشی چوارەم، چەند نموونەیەکی هاوچەرخ دەخەینە ڕوو.

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:د.صلاح الدين عامر ، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٨و ئەوانی دواتر.

٨- لە سیستەمی ماندێت و راسپاردەیی ئەو هەرێم و دەوڵەتانە دیاری کران کە خرانە ژێر سیستەمەکان. بەڵام بەنێودەوڵەتی کردن بە پێی بارودۆخی هەرێمەکان و گرنگی ستراتیژی ونەتەوەیی و ئابوری و ئاینی و مرۆیی بڕیاری لەسەر دەدرێت و دیاری نەکراون.

٩- لە سیستەمی ماندێت و راسپاردەیی مافی بڕیاردانی چارەنووس و گەیشتن بە سەربەخۆیی بەروونی ئاماژەی پێ نەکرا. بەڵام مافی بڕیاردانی چارەنووس لە سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردن پرنسیپێکی سەرەکیە و ناکرێ فەرمۆش بکرێت.

١٠- هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان دەبێ بێلایەن و لە چەك داماڵدراوبێت، بەڵام بۆ هەرێمەکانی تر کە سەروەریان ناتەواوە، ئەمە مەرج نیە.

١١- هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان و ئەو هەرێمانەش کە کەوتبوونە ژێر سیستەمی ماندێت و راسپاردەیی رەگەزنامەی تایبەتی خۆیان هەبووە.

١٢- (نامیبیا) لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی خرایە ژێر سیستەمی ماندێت و لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی خرایە ژێر سیستەمی راسپاردەیی، بەڵام بەهۆی پابەندنەبوونی حکومەتی باشوری ئەفریقیا بە سیستەمەکە نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیاری بەنێودەوڵەتی کردنی (نامیبیا)ی دا، بەڵام نەکەوتەواری جێبەجێ کردن. هەروەها فەلەستین بەقودسیشەوە لە ژێر ماندێتی بەریتانیا دا بووتا ساڵی ١٩٤٧ بڕیاری بە نێودەوڵەتی کردنی شاری قودس دراو تا ئێستاش نەکەوتە واری جێبەجێکردن[1]

## سێیەم: هەرێمە بەدخودموختاری نەگەیشتووەکان و هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان

بە گشتی هەرێمە بە خود موختاری نەگەیشتووەکان لە چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژەی بۆ کراوە، بەڵام هەرێمەکان دیاری نەکراون، هەروەك باسمان کرد کە بەنێودەوڵەتی کردن لەچارتی رێکخراوی نێودەوڵەتی نەچەسپاوە. هەروەها سیستەمی هەرێمە بەخودموختاری نەگەیشتووەکان لەسەردەمی نەتەوە یەکگرتووەکان چەسپا، بەڵام بەنێودەوڵەتی کردن بۆ سەدەی نۆزدەیەم دەگەڕێتەوە.

(١) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د سامی خلیل علی مهدی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٩.



ئامانجی سەرەکی لە سیستەمی هەرێمە بەخود موختاری نەگەیشتووەکان یارمەتی دانی گەلانە بۆ پێشکەوتن و گەیشتن بە ئاستێك کە بتوانن خۆیان بەڕێوە ببەن. ئامانجی بەنێودەوڵەتی کردنیش لە پێشەوە ئاماژەمان پێی کرد کە بریتیە لە زاڵ بوون بەسەر ناکۆییەکان و بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی نێودەوڵەتی و دەستەبەرکردنی کەشێکی گونجاو بۆ گەلی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکە بۆ گەیشتن بە مافی بڕیاردانی چارەنووس[1].

ژمارەیەك لەو هەرێمانەی کە بە هەرێمی بە خودموختاری نەگەیشتوو ناسران دواتر بە نێودەوڵەتی کران، بۆ نموونە تەیموری خۆرهەڵات ، وەك هەرێمێکی بە خودموختاری نەگەیشتووی ژێر سەرپەرشتی پورتوگال ناسێندرا، دواتر لە ساڵی ١٩٩٩تا ٢٠٠٢ بەنێودەوڵەتی کرا(لەبەشی چوارەم بەدرێژی باسی دەکەین). هەروەها بیابانی رۆژئاوا هەرێمێکی بە خودموختاری نەگەیشتوو بوو لە ژێر سەرپەرشتی ئیسپانیا. ئێستا بەرەو بەنێودەوڵەتی کردن دەچێت.

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د.جاسم محمد زکریا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١١.

# تەوەری دووەم

## هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان و ئەو یەکانەی بارێکی تایبەتیان هەیە

### یەکەم: هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان و هەرێمە دیفاکتۆکان

١-هەرێمە دیفاکتۆکان لە ئەنجامی بارێکی تایبەتی دروست بوونە و لە رووی نێودەوڵەتی دانیان پێدانەنراوە، بەڵام هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دانیان پێدانراوە (الآعتراف) وەك بارێکی تایبەت کە هەرێمەکە بەشێوەیەکی کاتی پێیداتێپەڕ دەبێت. ئەو دان پێدانانەش یان بەهۆی پەیماننامەیەکی فرەلایەنی نێودەوڵەتی دەبێت یان بەهۆی بڕیارێکی رێکخراوی نێودەوڵەتی.

٢-بە پێی ئەو دوو نموونەیەی کە بۆ هەرێمە دیفاکتۆکان ئاماژەمان بۆ کردن (تایوان و قوبرسی تورکی) دەبینین پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان و ئەمانەدا هەیە.

لەباری دیفاکتۆی (قوبرس) شێوازێك لە بەنێودەوڵەتی کردن بەدی دەکرێت. بە پێی بڕیاری (٧٨٩)ی ئەنجومەنی ئاسایش لە ساڵی ١٩٩٢ ناوچەی ماراش و فرۆکەخانەی نیقۆسیا لە قوبرس خرانە ژێر بەڕێوەبردنی نێودەوڵەتی.

هەروەها بۆ چارەسەری کێشەی قوبرس بەهەردوو بەشەکەیەوە نەتەوە یەکگرتووەکان چەندین بڕیاری دەرکردوەو راسپێردراوی تایبەتی بۆ چارەسەر ناردوە. هەروەها لە پرۆژەکەی (UN) لە ساڵی ٢٠٠٣ بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی قوبرس جۆرێك بوو لە بەنێودەوڵەتی کردن، کە پێشنیاری بێلایەنی و لە چەك داماڵینی تێدابوو بۆ قوبرس، هەروەها دادگای باڵای قوبرس لە (٩) دادوەر پێك هاتبوو، سێ دادوەر لەلایەن (UN) دیاری دەکران بۆ یەکلاکردنەوەی



ناکۆکییەکان. هەرچەندە پرۆژەکە لەلایەن بەشی قوبرسی یۆنانی رەت کرایەوە، بەڵام تێڕوانینی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ قوبرس جۆرێك بوو لە بەنێودەوڵەتی کردن.

سەبارەت بە (تایوان) دیسان جۆرێك لە بەنێودەوڵەتی بوون تیایدا بەدی دەکرێت. تایوان هەرچەندە هەرێمێکی دیفاکتۆیە و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دانی پێدانەناوەو ئەندام نیە لە نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵام لە رووی پراکتیکی (تایوان) هەرێمێکی نێودەوڵەتیە و زۆربەی دەوڵەتان وەك هەرێمێکی بازرگانی ئازاد تێی دەڕوانن. (جیمس کراو فۆرد) تایوان بە هەرێمی نێودەوڵەتی ناودەبات[1].

هەروەها لەرووی هەڵبژاردنی دەسەڵاتیش خاڵی هاوبەش لەنێوانیان دا هەیە، چونکە هەریەکە لە تایوان و قوبرسی تورکی لە رێگای هەڵبژاردنی دیموکراتیانە دەسەڵاتی ناوخۆ هەڵدەبژێرن، وەك لەپێشەوە ئاماژەمان بۆی کرد، لە هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکانیش دەسەڵاتی یاسادانان لە رێگای هەڵبژاردن دیاری دەکرێت.

### دووەم: هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان و حکومەتی تاراوگە (پەنابەر)

١-حکومەتی تاراوگە (پەنابەر) زیاتر بارێکی سیاسیە لەوەی یاسایی بێت، بەڵام بەنێودەوڵەتی کردن یاساییە و لە عورفی نێودەوڵەتی سەرچاوەی گرتووە. کە ئەمەیش یەکێکە لە سەرچاوە سەرکیەکانی یاسای نێودەوڵەتی.

٢-هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان لەسەر خاکی خۆیەتی، بەڵام لەزۆربەی بارەکانی حکومەتی تاراوگە لە دەرەوەی خاکی خۆیەتی و لەوڵاتێکی بێگانە حکومەت رادەگەیەندرێ.

٣- باری حکومەتی تاراوگە زۆرجار وەك پاشکۆی ئەو وڵاتە بەدەردەکەوێت کە حکومەتەی تێدا راگەیەندراوە، هەروەها ئەو یاسای و رێسایانەش کە دەریان دەکات لەگەڵ پەیماننامەکان، رەوایەتیان لاوازە، چونکە لەلایەن پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو رەزامەندیان لەسەر نا درێت، بەڵام لە سیستەمی بە نێو دەوڵەتی کردن، پەرلەمان هەڵبژێردراوەو لەسەر خاکی خۆیەتی و پاشکۆی دەوڵەتێکی دیاری کراو نیە، بەڵکو لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەڕێوەدەبرێت.

٤- خاڵی هاوبەشی نێوان هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان و حکومەتی تاراوگەی بیابانی رۆژئاوا (صحراء الغربیة) ئەوەیە کە کێشەیی بیابانی رۆژئاوا بووە کێشەیەکی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان چەندین بڕیاری تایبەتی بە بیابانی رۆژئاوا دەرکردوەو

(1) James Crawford,op.cti.,p.233.

بەردەوامیش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەوڵی چارەسەری کێشەکە دەدرێت و بەرەو بەنێودەوڵەتی کردن دەچێت[1].

## سێیەم: هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان و باری تایبەتی ڤاتیکان

١-باری ڤاتیکان بێ وێنەیە و ئامانجی سەرەکی لە دروست بوونی ڤاتیکان ئەوە بوو کە دەسەڵاتی ئاینی کەنیسە لەدەسەڵاتی سیاسی دەوڵەت جیابکرێتەوە، بەڵام بەنێودەوڵەتی کردن بە هۆی هۆکاری ستراتیژی ونەتەوەیی و سیاسی و ئاینی و مرۆیی بۆ زاڵ بوون بەسەرمل ملانێکان سەری هەڵداوە.

٢-باری تایبەتی ڤاتیکان و هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان یەك دەگرنەوە بەوەی کە هەردووکیان دەبێ پابەندبن بە سیستەمی بێلایەنی .

٣- ڤاتیکان و هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتیان هەیە و هەردووکیشیان ڕەگەزنامەی تایبەت بە خۆیان هەیە.

٤- یەکێك لە هۆکارەکانی بەنێودەوڵەتی کردن ئاینیە بە هۆی پیرۆزی شوێنەکە لە رووی ئاینی وەك ئەوەی مۆنتی ئسیوس و قودس[2].هەروەها لەلایەن (موعەمەر قەززافی) سەرۆکی لیبیا داوای بەنێودەوڵەتی کردنی شاری مەککەو مەدینە کراو بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێك پرۆژە خرانە روو[3]. ڤاتیکانیش کە پێگەیەکی ئاینی هەیە و بارێکی تایبەتی بێ وێنەی هەیە، هەربۆیەش (جیرهارد ڤان گلان) ڤاتیکان وەسفی دەکات وەك هەرێمێکی بەنێودەوڵەتی کراو.

## چوارەم: هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان و سیستەمی بێلایەنی هەمیشەیی

هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان لەگەڵ دەوڵەتانی بێلایەنی هەمیشەیی تەواو لێك جیاوازن، چونکە بێلایەنی هەمیشەیی تەنها بەسەر دەوڵەت جێبەجێ دەبێت و سیستەمێکی ئارەزوومەندانەیە و دەوڵەت خۆی بە پێی پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی دەچێتە ژێر سیستەمی

(١) بۆ زانیاری زیاتر بروانە: د.محمد یوسف علوان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٦.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بروانە: د.براهیم احمد شلبی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٥.

(٣) باسێکی بلاوکراوە لە ژێر ناوی ( تدویل الاراضي المقدسة) لەسەر پێگەی ئەلکترۆنی: << http://www.siironline.org/alabwab/aloda_culture/084.htm. >> ڕۆژی سەردان: ٣-٩-٢٠٠٧



بێلایەنی هەمیشەیی (حیاد دائم) بەڵام هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان بە پێی بڕیاری نێودەوڵەتی دەبێ بێلایەن بن و لە چەکیش دابماڵدرێن (نزع السلاح)، کەچی مەرج نیە دەوڵەتی هەمیشە بێلایەن لە چەك داماڵدراوبێت، بۆ نموونە سویسرا بێلایەنە و خاوەنی چەك و هێزی سەربازیشە.

بۆیە دەکرێ بڵێین باری بێلایەنی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان لەگەڵ هەرێمی بێلایەنکراو (تحید) نزیکەو تەنانەت وەك یەکیشن، چونکە هەردووکیان دەبێ لە چەك دابماڵدرێن و هەردووکیشیان بە بڕیاری نێودەوڵەتی دەبن [1].

## پێنجەم: هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان و ناوچە جەمسەریەکان

لە باسی دووەمی ئەو بەشە پەیوەندیەکەمان روون کردەوە کە لە ساڵی ١٩٠٩ تا ١٩١٤ هەوڵی بەنێودەوڵەتی کردنی ناوچەی سپیتزبیرجن لەجەمسەری باکوردرا، بەڵام بە هۆی هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی نەکەوتە واری جێبەجێ کردن. هەروەها لە ساڵی ١٩٥٩ بە پێی ڕێکەوتنامەی واشنتۆن جۆرێك لە بەنێودەوڵەتی کردن بۆ جەمسەری باشوور( ناوچەی ئەنتەرکتیکا) بڕیاری لەسەر درا، کە ناوچەیەکی ئازادبێت بۆ دۆزینەوەی زانستی و دووربێت لە کردەی سەربازی و تاقی کردنەوەی چەکی ناوەکی، ئەوەش دوای ئەوەهات کە سەرکەوتوو نەبوون لە بەنێودەوڵەتی کردنی بە پێی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان بە هۆی بەکارهێنانی ڤیتۆ لەلایەن یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٤٨.هەروەها بە هۆی ئەوەی کە ناوچە جەمسەریەکان لە زۆربەی وەرزەکانی ساڵ دانیشتوانی تێدانیە و ناشێت بۆ ژیان، دەکرێ بەشێوەیەکی هەمیشەیی بەنێودەوڵەتی بکرێن، بەڵام بەنێودەوڵەتی کردنی هەمیشەیی بۆ ئەو ناوچانەی کە ژیانی تێدایە و دانیشتوانی لێیە، گونجاونیە، چونکە پێچەوانەیە لەگەڵ مافی دیاریکردنی چارەنووس. پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان ناوچە جەمسەریەکان و بەنێودەوڵەتی کردن، چونکە ئەو ڕێکەوتننامەیەی لە ساڵی ١٩٥٩ گرێدرا جۆرێکە لە بە نێودەوڵەتی کردنی جەمسەری باشوور.

## شەشەم: هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان و سیستەمی یەك دەوڵەت و دوو ڕژێم

دەکرێ باس لەو پەیوەندییەبکەین، لەو خاڵەی کە هۆنگ کۆنگ هەرچەند گەڕاوەتەوە بۆ چین، بەڵام لەگەڵ ئەوەش وەك ناوچەیەکی ئابوری و بازرگانی ئازاد لە رووی نێودەوڵەتی پێگەی

(١) بۆ زیاتر زانیاری بروانە: د.محمد المجذوب، الوسيط في القانون الدولي العام، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٣.

تایبەتی هەیە، هەروەها باری هۆنگ کۆنگ و ماکا و بارێکی بێ وێنەیە، بەتایبەت بۆ هۆنگ کۆنگ کە ناوچەیەکی نێودەوڵەتییە و دەکرێ بڵێین بە پێی باری دیفاکتۆ هۆنگ کۆنگ هەرێمێکی نێودەوڵەتیە، هەرچەندە لە رووی یاسایی بەشێك بێت لە چین.

## حەوتەم: هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان و سیستەمی بەڕێوەبردنی هاوبەش

ئەو هەرێمانەی دەکەونە ژێر سیستەمی بەڕێوەبردنی هاوبەش نە سەروەریان هەیە و نەحکومەتی تایبەت بەخۆشیان هەیە، بەڵام لە هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان ئەمانە هەن و هەرێمەکە هەموو دەسەلاتەکانی بەڕێوەبردنی خۆی هەیە، بەڵام لە ژێر چاودێری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. راستە هەرێمی بەنێودەوڵەتی کراو لەو خاڵە لەگەڵ سیستەمی بەڕێوەبردنی هاوبەش یەك دەگرنەوە کە هەردووکیان لەلایەن زیاتر لەیەك دەوڵەت سەرپەرشتی دەکرێن، بەڵام لە حاڵەتی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان ئەو بەڕێوەبردنە رەوایەتی نێودەوڵەتی هەیە، کەچی لە سیستەمی بەڕێوەبردنی هاوبەش رەوایەتی نیە و جۆرێکە لە کۆلۆنیالیەت[1].

## هەشتەم: هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان و باری مایکرۆ دەوڵەتەکان

هەرچەندە مایکرۆ دەوڵەتەکان لە رۆژگاری ئەمرۆ خاوەن سەروەری تەواوی خۆیانن، بەڵام پێشووتر بارێکی تایبەتیان هەبوو، تەنانەت لەسەر بەئەندام بوونیان لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی تێڕوانینی جیاواز هەبوون، بەشێکیان خۆیان ئارەزوومەندانە سیستەمی پارێزگاریان هەڵبژارد و کەوتنە ژێر پارێزگاری دەوڵەتە گەورەکان. بۆیەش ئێمە ئاماژەمان بۆ کردن، چونکە بارێکی تایبەتیان هەبوو، ئەمرۆ ناتوانین پەیوەندی لەنێوان مایکرۆ دەوڵەتەکان و هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان دەست نیشان بکەین، چونکە تاڕادەیەك ئەو بارە تایبەتیەیان نەماوەو سەروەری تەواویان هەیە.

(١) بۆ زیاتر زانیاری بروانە: شارل روسو، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٣.

# بەشی سێیەم

## کەسێتیی یاسایی نێودەوڵەتی و دانپێدانان بە هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان

# بەشی سێیەم

## کەسێتیی یاسایی نێودەوڵەتی و دانپێدانان بە هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان

ئامادەکاری و دابەش کردن:

بۆ ئەوەی پێگەی یاسایی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان دیاری بکـەین، زۆر گرنگـە ئـەوە بزانین ئایا ئەو هەرێمانە کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتیان هەیـە؟. ئایـا ئـەو هەرێمانـە لـە رووی سروشتی دانپێدانانی نێودەوڵەتی لە چ بارێکدان؟.

بۆ ئەوەی بتوانین وەڵامی ئەو دوو پرسیارە بدەینەوە، دەبێ چەمکی کەسێتی نێودەوڵـەتی و دانپێدانان روون بکەینەوە، ئینجا بە هەڵێنجان(استنباط) لە سەر ئەو چەمکانە هەوڵی دەسـت خستنی وەڵامەکان بدەین .

باسی یەکەم: کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی و هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان

باسی دووەم: دانپێدانان و هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان

# باسی یەکەم

## کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی و هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان

**دابەش کردن:**

تەوەری یەکەم: چەمکی کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی

تەوەری دووەم: کەسێتی یاسایی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان.

# تەوەری یەکەم

## چەمکی کەسێتیی یاسایی نێودەوڵەتی

چەمکی کەسێتی (الشخصية) لە روانگەی فەیلەسوفان و کۆمەڵناسان بریتی یە لەوانەی کە سروشتی و عاقلن، بەڵام کەسێتی لە زاراوەی یاسایی تەنها بۆ مرۆڤ نیە و کۆمەڵێك پێکهاتەی تری مەعنەویش دەگرێتەوە. ئەویش بەو مەرجەی کە توانای وەرگرتنی ماف و خستنە ئەستۆی پابەندی و ئەرکەکانی هەبێت. چەمکی کەسێتی (personalty) لە مێژووی کۆن و لەسەردەمی رۆمانەکان بەمانای ماسکی دەمامکدراو (قناع) هاتووە، کە ئەکتەرەکان بەکاریان دەهێنا. بەڵام بەکارهێنانی بە مانای یاسایی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بیزەنتیەکان. چەمکی یاسایی بۆ کەسێتی سەرەتا لە یاسایی گشتی (قانون العام) دەستی پێکردو دواتر گوازرایەوە بۆ یاسای تایبەتی[1].

کەسێتی یاسایی هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە راستەوخۆ دەکەونە ژێر بنچینەی یاسایی بۆ ئەوەی پەیوەندی ئەو کەسێتییە لەگەڵ کەسانی دیکە رێك بخرێت. گرنگترین جیاوازی لەنێوان کەسێتی و کە سێتی یاسایی ئەوەیە کە کەسێتی ئەهلیەی وجوبی هەیە، بەڵام کەسێتی یاسایی ئەهلیەی ئەدائی هەیە، هەروەها بیرۆکەی کەسێتی فراوانترە لە بیرۆکەی کەسێتی یاسایی[2]. کەسێتی یاسایی ئەو یەکانە دەگرێتەوە کە موخاتەبەی بنچینەیەکی یاسایی دەکەن، جا ئەو یەکەیە کەسی سروشتی بێت (مرۆڤ) یان یەکەیەکی مەعنەوی و ئیعتباری. هەر رژێمێکی

(١) د.ابراهيم محمد العناني، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٩٤.

(٢) د. عبدالحسين القطيفي، سەرچاوەی پێشوو، لا١٤٤-١٤٧



یاسایی کەسێتی یاسایی تایبەت بە خۆی هەیە. هەندێ جار کەسێتی یەك دەچێتە چوارچێوەی رژێمێکی یاسایی، بەڵام لە رژێمێکی تر کەسێتی یاسایی نیە، هەندێ جاریش یەك کەسێتی یاسایی دەچێتە چوارچێوەی زیاتر لە یەك رژێمی یاسایی[1]. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە دەبێ کەسێتی یاسایی توانای وەرگرتنی مافەکان و گرتنە ئەستۆی ئەرکەکانی هەبێت.

بەشێك لە یاسازانان بۆ چەسپاندنی کەسێتی یاسایی مەرجێکی تریش دەخەنە سەر ئەویش ئەوەیە کە یاسای دانراو (القانون الوضعي) دانی نابێت بە ماف و پابەندییەکانی ئەو کەسە یاساییە[2]. کەسێتی یاسای لە یاسایی ناوخۆ (القانون الداخلي) زۆر ناڕۆشن نیە و تا رادەیەك جێگیربووە[3].

هەروەها یاسازانان کۆکن لە سەر ئەوەی کەشان بەشانی کەسێتی سروشتی یەکەی تریش هەن و ناودەبرێن بە کەسێتی مەعنەوی، وەك کۆمپانیا و کۆمەڵە و یەکەی دیکە [4]. کەسێتی یاسایی ناوخۆ جێگای مەبەستی ئێمە نیە، بەڵکو ئەوەی ئێمە دەمانەوێ لەسەری بوەستین کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتیە. لە یاسایی نێودەوڵەتی دەسەڵاتێکی دانەری باڵا نیە کە بنچینەی یاسای نێودەوڵەتی بسەپێنێ، بۆیە کەسێتی یاسای نێودەوڵەتی جۆرێك لە ناڕۆشنی بەخۆوە بینیوە. تا سەرەتای سەدەی بیستەم تێڕوانینەکان لەسەر ئەوە کۆك بوون کە دەوڵەت بە تەنها کەسێتی نێودەوڵەتی هەیە[5]. هەر بۆیەش تا ئەو کات یاسازانی نێودەوڵەتی گرنگیان نەدا بە چەمکی کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی، بەڵام دواتر یەکەی دیکەی نێودەوڵەتی سەریان هەڵدا بەتایبەتی رێکخراوە نیودەوڵەتییەکان ، کەسێتی نێودەوڵەتی مەوداکەی بەرەو فراوانی رۆیشت و جگە لە دەوڵەت یەکەی تریشی بەخۆوە گرت[6].

(١) د. حامد سلطان، القانون الدولي العام في وقت السلم، ط٦، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٧٦، لا٨٩-٩٠.

(٢) د. رشاد السيد، سەرچاوەی پێشوو، لا١٢٥.

(٣) د. يحيى الجمل، الاعتراف في القانون الدولي العام، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٦٣، لا٣٧.

(4) Nkam bomugerwa, “subjects of international law Manuel of Public International Law, edited by mat Sorensen, 1968, p.247.

(٥) د. يحيى الجمل، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٧.

(6) N kam bo mugerwa,op.cit., p.247.

## یەکەم: مەرجەکانی کەسێتیی یاسایی نێودەوڵەتی

سەرەتا یاسازان (تیوڤل) دروست بوونی کەسی یاسایی بەوەوە بەستەوە کە رۆڵ ببینێ لە ژیانی یاسایی، بەڵام ئەوەی دواتر هەموو لایەك لەسەری كۆك بوون و وەك كۆڵەگەی بنەڕەتی بۆ دروست بوونی کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی کرانە مەرج ئەو دوو خاڵە بوون:

ا- توانای وەرگرتنی ماف و خستنە ئەستۆی پابەندییەکانی هەبێت کە یاسای نێودەوڵەتی دیاری کردون.

ب- توانای دەربڕینی ئیرادەی خۆی هەبێت لە دروست کردنی بنچینەی یاسایی نێودەوڵەتی.

تێبینی دەکەین مەرجی یەکەم هاوشێوەیە لەگەڵ مەرجی دروست بوونی کەسێتی یاسایی ناوخۆ، بەڵام مەرجی دووەم جیاوازەو تەنها بۆ کەسێتی نێودەوڵەتی پێویستە. لە یاسای ناوخۆ دەسەلاتێکی باڵا هەیە کە بنچینەی یاسایی بەسەر کەسێتییەکانی دەسەپێنێ، بەڵام کەسێتی نێودەوڵەتی بەشدار دەبن لە دروست کردنی بنچینەی یاسایی نێودەوڵەتی، ئەو کەسێتیانەی ئەو توانایە یان هەیە پێیان دەگوترێ کەسێتی نێودەوڵەتی[1]. (د. یەحیا ئەلجەمەل) بە شێوەیەکی روونتر مەرجەکانی دروست بوونی کەسێتی نێودەوڵەتی دەخاتە روو:

ا- ئەو یەکەیە دەبێ توانای موخاتەبە کردنی بنچینەکانی یاسایی نێودەوڵەتی هەبێت، واتە شیاویەتی(اهلیة) ئەداء و شیاویەتی وجوبی هەبێت، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە توانای وەرگرتنی مافەکان و خستە ئەستۆی پابەندییەکانی هەبێت.

ب- ئەو یەکەیە کەسێتی نێودەوڵەتی دەبێت کە توانای دروست کردنی بنچینەی یاسای نێودەوڵەتی هەبێت لە رێگای رێکەوتن لەگەڵ یەکە هاوشێوەکانی خۆی [2].

(د. عەبدول عەزیز سەرحان) مەرج و كۆڵەگەکانی کەسێتی نێودەوڵەتی بەم شێوەیە دیاری کردوە:

ا- ئامانج (الغایە): مەبەست ئەو ئامانجەیە کە کەسێتی لە پێناویدا دروست بووە.

ب- ئیرادە: هۆکاری بە دیهێنانی ئەو ئامانجەیە کە کەسێتی نێودەوڵەتی هەوڵی بۆ دەدات. دەبینین ئەو دەوڵەتانەی سەروەریان ناتەواوە (ناقصة السیادة) ئیرادەی تەواویان نیە بۆ بە دیهێنانی ئامانجەکان.

ج- بەشداری کردن لە دروست کردنی بنچینەی یاسایی نێودەوڵەتی.

(١) د. أبراهیم محمد العناني، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٩٥.

(٢) د. یحیی الجمل، سەرچاوەی پێشوو، لا٣١.



## دووەم: ئەو یەکانەی کەسێتیی نێودەوڵەتیان هەیە

بە پێی بیرۆکەی کلاسیك (تقلیدی) تەنها دەوڵەت کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی هەبوو. لە لایەن کەمینەیەکیش لە یاسازانان، وەك یاسازانی فەرەنسی (جورج سل) پێیان وابوو تاکەکان (الأفراد) بەتەنها کەسێتی نێودەوڵەتیان هەیە، بەڵام دواتر شانبەشانی دەوڵەت کەسێتی تری نێودەوڵەتی دانیان پێدانرا، ئەمەش بەتایبەتی دوای دروست بوونی رێکخراوە نیودەوڵەتییەکان هاتە ئارا [1].

لە یاسای نێودەوڵەتی کەسێتی مەعنەوی یان مەجازی لەسەرەوەی هەرەمەکە دایە، ئەمە بە پێچەوانەی یاسای ناوخۆیە کە کەسێتی سروشتی لە سەرەوەی هەرەمەکە دایە و پلەی یەکەمی هەیە[2]. تا ئێستا یاسازانان یەدەنگ و كۆك نین لە دیاری کردنی ئەویەکانەی کەسێتی نێودەوڵەتیان هەیە. تێڕوانینەکان بۆ کەسێتی نێودەوڵەتی جیاوازن، بۆ نموونە لەسەر کۆمپانیا فرە رەگەزەکان (الشرکات المتعددة الجنسیات) و تاکەکان بیروڕای جیاواز هەیە. هەروەها کەسێتییە نیودەوڵەتییەکان پلە بەند کراون لە چوارچێوەی کەسێتی سەرەکی و کەسێتی لاوەکی و کەسێتی دروست کراو...هتد[3].

دەوڵەت کەسێتی سەرەکی یاسای نێودەوڵەتیە و لە هەردوو یاسای ناوخۆ و نێودەوڵەتی کەسێتی یاسایی هەیە، بەڵام پێگەی دەوڵەت لە یاسای نێودەوڵەتی جیاوازە لە پێگەکەی لە یاسای ناوخۆ[4]. دەوڵەت کەسێتی نێودەوڵەتی وەردەگرێت تەنانەت گەردانیشی پێدانەنرابێت، هەر کاتێك كۆڵەگەکانی پێکهاتەی دەوڵەت تەواوبوون ئەوا کەسێتی نێودەوڵەتی دەبێت، بەو پێیە دان پێدانان بۆ دەوڵەت تا ببێتە کەسێتی نێودەوڵەتی ئاشکرا کەرە (کاشف) نەك دروست

(١) د. عبدالعزیز سرحان، سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٢٨-٣٣٢. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر کەسێتی یاسایی رێکخراوە نیودەوڵەتییەکان بروانە: د.عبدالملیك یونس محمد، مسؤلیة المنظمات الدولیة عن اعمالها والقضاء المختص بمنازعاتها، رسالة دکتوراه، مطبعة جامعة صلاح الدین، اربیل، ٢٠٠٥، لا٣٩و ئەوانی دواتر.

(٢) د. عبدالحسین القطیفي، سەرچاوەی پێشوو، لا١٤٤-١٤٧.

(٣) د. عبدالعلیم محمد، مفهوم الحکم الذاتي في القانون الدولي، مرکز الدراسات السیاسیة والآستراتیجیة بالآهرام، القاهرة، بەبێ ساڵی چاپ، لا١٦١.

(٤) د. محمد طلعت الغنیمي، الوسیط في قانون السلام، منشأة المعاوف، الآسکندریة، ١٩٨٢، لا٣١١.

کەر (منشأ).[١] لە بەرامبەر ئەوەش هەریەکە لە یاسازانان (شتروب، انزیلیوتی، د. محمد سامي جنینة، د. حامد سلطان، د. محمد طلعت الغنیمي) پێیان وایە کە دانپێدانان کەسێتی نێودەوڵەتی بۆ دەوڵەت دروست دەکات[٢]. لە یاسای نێودەوڵەتی کلاسیك ئەو کاتە دەوڵەت کەسێتی نێودەوڵەتی دەبوو کە موخاتەبەی هەموو بنچینەکانی یاسای نێودەوڵەتی بکات، بەلاّم لە یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخ وەرگرتنی کەسێتی نێودەوڵەتی بەناوەرۆکی (مضمون) بنچینەی یاسایی بەندە، نەك موخاتەبەکردنی بنچینەی یاسایی[٣]. دەوڵەتان خۆیان دروست کەری ئەو یەکانەی دیکەن کە کەسێتی نێودەوڵەتیان هەیە، بۆیە دانپێدانانی دەوڵەتان بەو یەکانە (کیانات) دروست کەرە نەك ئاشکرا کەر . هەندێ جار بە کەسێتییەکانی تری نێودەوڵەتی جگە لە دەوڵەت دەگوترێ کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی دروست کراو (المخلوقة)[٤].

ماف و پابەندییەکانی هەریەکە لە کەسێتی یەکانی نێودەوڵەتی لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە. بۆ نمونە ماف و پابەندییەکانی دەوڵەت جیاوازە لە هی رێکخراوە نیودەوڵەتییەکان ، بۆیە ناکرێت بیرۆکەیەکی گشتی بۆ کەسێتییەکانی یاسای نێودەوڵەتی دابنرێن، چونکە هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە[٥]. جگە لە دەوڵەت کە کەسێتی سەرەکیە لە یاسای نێودەوڵەتی چەند جۆرێکی تری کەسێتی هەن کە لە خوارەوە ئاماژەیان بۆ دەکەین:

١-رێکخراوە نیودەوڵەتییەکان و بەتایبەتیش نەتەوە یەکگرتووەکان. بە پێی بیروڕای هەندێ لە یاسازانانی نێودەوڵەتی بەکەسێتی پاشکۆی سەرەکی یاسای نێودەوڵەتی (الآشخاص التبعیة الرئیسیة للقانون الدولي) ناودەبەن.

٢-کەسێتی پاشکۆی ڕێزپەر لە یاسای نێودەوڵەتی (الآشخاص التبعیة الاستثنائیة للقانون الدولي). ئەو جۆرەیان دەبنە دوو بەش:

(١) د. بدریة عبدالله العوضي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٣. بۆ زیاتر زانیاری بروانە: حسني محمد جابر، القانون الدولي، ط١، دار النهضة العربیة، القاهرة، بەبێ ساڵی چاپ، ل٦١. هەروەها: د. جعفر عبدالسلام، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٣.

(٢) د. أبراهیم محمد العناني، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٦-٣٠٢.

(٣) د. یحیی الجمل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧.

(٤) د. أبراهیم محمد العناني، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٦-٣٠٢.

(٥) د. محمد طلعت الغنیمي، الوسیط في القانون السلام، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١١.



أ-کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی ڕێز پەری کاتی.

ب-کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی ڕێزپەری هەمیشەیی.

دەکرێ باری تایبەتی ڤاتیکان بخەینە نێوکەسێتی نێودەوڵەتی ڕێزپەری هەمیشەیی، کە هەندێك بە کەسێتی نێودەوڵەتی بار تایبەت (ذات طابع خاص) ناوی دەبەن. هەروەها هەریەکە لە هێزە شەرکەرەکان لە ململانێی ناوخۆیی و ئەو گەلانەی لە ژێر دەستی داگیرکاری دان و نەگەیشتوونەتە مافی بڕیاردانی چارەنووس و شۆڕشگێرە شەڕکەرەکان بە کەسێتی نێودەوڵەتی ڕێزپەری کاتی دادەنرێن. هەموو ئەو کەسێتی یە پاشکۆیانە بە کەسێتی مشتەق و دروست کراو دادەنرێن و دانپێدانانی دەوڵەت بۆیان وجوبی و دروست کەرە[١].

٣-سەبارەت بە دەوڵەتانی سەروەری ناتەواو، وەك سیستەمی راسپاردەیی و ماندێت هەموو ئەو ماف و ئەرکانە یان هەیە کە دەوڵەتانی تر هەیانە، بەلاّم بەشێکی ماف و ئەرکەکانیان وەستاوەو ناتوانن بەکاریان بهێنن بەهۆی مل کەچ بوونیان بۆ ئەو سیستەمانە، کەواتە دەکرێ بڵێین ئەوانە ئەهلیەی ئەدائیان ناتەواوە بۆیە کەسێتی نێودەوڵەتیشیان ناتەواوە[٢].

٤-سەبارەت بە تاکەکان و کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان تێڕوانینی جیاواز هەیە لەسەر بوونی کەسێتی نێودەوڵەتیان. هەندێك بە کەسێتی پاڵێوراو (المرشحون) بۆ یاسای نێودەوڵەتی لە قەڵەمیان دەدەن[٣]. بەشێکی تر ڕەتی دەکەنەوە کە ئەمانە کەسێتی نێودەوڵەتیان هەبێت.

لە یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخ بنچینەکانی یاسای نێودەوڵەتی راستەوخۆ موخاتەبەی تاکەکان دەکەن. بۆ نمونە سزادان لەسەر تاوانی جینۆساید و قەدەغەکردنی بازرگانی کردن بە کۆیلەکان و قەدەغەکردنی ماددە بێ هۆشەکەرەکان. هەروەها تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی وەك دادگای نۆرمبۆرگ و تۆکیۆ و یوگۆسلاڤیا[٤]، بەلاّم بەشێك لە یاسازانەکان پێیان وایە کە بنچینەکانی یاسای نێودەوڵەتی بەسەر تاکەکان کە لە دەسەڵا دان جێبەجێ دەبێت بە سیفەتی

(١) د. حازم محمد عتلم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨١-٣٨٥.

(٢) د. حسن الچلبي، سەرچاوەی پێشوو،ل ١٧٥.

(٣) فراس علي حسن الجبوري، اشخاص القانون الدولي العام في ظل العولمة، رسالة ماجستیر، جامعة الموصل، ٢٠٠٣، ل٧٩.

(٤) عصام العطیة، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠٠-٤٠١.

کەسی ئەو تاکە نیە، بەڵکو بەو مانەیە کە نوێنەرایەتی دەوڵەت دەکەن[1]، بەڵام لە چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان مافی تاکەکان چەسپاوە، هەروەها لە راگەیاندراوی جیهانی مافەکانی مرۆڤ لە (۱) کانونی یەکەمی ساڵی ۱۹٤۸ مافەکانی تاك بەروونی جەختیان لەسەرکراوە تەوە.بەهەمان شێوە لە هەردوو بەڵێننامەی (عهد) نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسیەکان و مافە کۆمەڵایەتی و ئابوری و کلتوریەکان لە (۱۷)ی کانونی یەکەمی ۱۹٦٦ مافی تاکەکان گرنگی پێ دراوە[2].

لەگەڵ چەسپاندنی مافەکان، یاسای نێودەوڵەتی گشتی ئەرك و پابەندییەکانیشی بەسەر تاك دا سەپاندوە، بەڵام لەسەر بوونی تاك بە کەسێتی یاسای نێودەوڵەتی تا ئەمڕۆش رای جیاواز هەیە و یەکلا نەبۆتەوە[3]. نەك هەر تاك و کۆمپانیا فرە رەگەزەکان، بەڵکو زۆر یەکەی تریش تا ئێستا لەسەر پێدانی کەسێتی نێودەوڵەتی یەکلانەبۆتەوەو نە توانراوە کەسێتی یەکانی یاسای نێودەوڵەتی بخرێنە ژێر رژێمێکی یاسایی دیاری کراو، چونکە هەر کەسێتی یەك باری تایبەتی هەیە.

---

(۱) د. عبدالحسین القطیفي، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٤-١٤٧.

(۲) د. کمال سعدي مصطفی، حقوق الانسان، ط١، منشورات مکتب تنظیم البشمرکة، مطبعة التربیة، اربیل، ٢٠٠٤، ل٧٨ ، ٩٣.

(۳) د. عصام العطیة، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠٠-٤٠١.

## تەوەری دووەم

### کەسێتیی یاسایی نێودەوڵەتی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان

بنەڕەتی بەنێودەوڵەتی کردن بە مانای دروست بوونی یەکەیەکی (کیان) نێودەوڵەتی نوێ دێت کە پێی دەگوترێ هەرێمی بەنێودەوڵەتی کراو بۆ ئەوەی بتوانین بوونی هەرێمی بەنێودەوڵەتی کراو لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی بسەلمێنین، پێویستە ئەو یەکەیە کەسێتی یاسایی هەبێت، بۆیە دەبێ توێژینەوە بکەین لە کەسێتی یاسایی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان ئاخۆ تا چەند کەسێتی یاساییان هەیە؟.[1]

یاسای نێودەوڵەتی، خاوەنی پسپۆریە لە دیاریکردنی کەسێتی یاسای نێودەوڵەتی، ئەو کاتەش بە سەرەتای لە دایك بوونی هەرێمی بەنێودەوڵەتی کراو دادەنرێ کە کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی چەسپا بێت. دادگای دادی نێودەوڵەتی لە رایەکی راوێژکاری (افتائی) لە (١)ی ئەپریلی ساڵی ١٩٤٩ سەبارەت بە قەرەبوو کردنەوەی ئەو زەرەرو زیانانەی بە ئەندامانی سکرتاریەتی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەون لە کاتی ئەنجام دانی کارەکانیان هاتووە کە مەرج نیە کەسێتی یاسایی لە هەموو رژێمە یاساییەکان وەك یەك بن لە رووی ماف و پابەندییەکان. بۆیە هەندێ کەسێتی تر، جگە لە دەوڵەت سەریان هەڵداوە، لەوانەش هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکانن کە دەوڵەت نین و دەکرێ وەسفی کەسێتی نێودەوڵەتیان پێ بدەین، بەڵام بۆ بوونی ئەو کەسێتیە یاساییە نێودەوڵەتیە دەبێ چەند مەرجێك هەبن کە لە خوارەوە روونیان دەکەینەوە[2].

---

(١) د. سامي علي مهدي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٤.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٢٠٩.



١-دەبێ هەرێمی بەنێودەوڵەتی کراو توانای هەبێت بنچینەی یاسای نێودەوڵەتی دروست بکات بەرێکەوتن لەگەڵ یەکەکانی دیکە. هەریەکە یەکی کۆمەڵایەتی جێگیر لەسەر هەرێمێکی دیاری کراو کە خۆی حوکمی خۆی بکات و مامەڵە لەگەڵ یەکەکانی تر بکات لەسەر بنەمایەکی ئازاد و سەربەخۆ، ئەوا توانای دروست کردنی بنچینەی یاسایی نێودەوڵەتی هەیە. سەرچاوەی سەرەکیش بۆ سەلماندنی ئەو توانایە ئەوەیە کە هەموو یەکە هاوشێوەکانی تر رەزامەندی و ئامادەییان هەبێت بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو یەکەیە. هەرێمی بەنێودەوڵەتی کراو یەکەیەکی کۆمەڵایەتی جێگیرە لەسەر هەرێمێکی دیاری کراو، ئەو هەرێمە خۆی حوکمی خۆی دەکات. هەرچەندە هەرێمەکە لە ژێر بەرێوەبردنی نێودەوڵەتی دایە، بەڵام ئەنجومەنی گەل لەلایەن دانیشتوان هەڵدەبژێردرێت و ئەرکی ئەو حاکمەی کە رێکخراوی نێودەوڵەتی لەسەر شانیەتی لە چاودێری و سەرپەرشتی زیاتر نیە[1]، کەواتە هەرێمی بەنێودەوڵەتی کراو توانای دروست کردنی بنچینە یاسایی نێودەوڵەتی هەیە، بەرەزامەندی لەگەڵ یەکەکانی دیکەی نێودەوڵەتی، چونکە هەرێمی بەنێودەوڵەتی کراو دەتوانێ بە رەزامەندی ئەنجومەنی گەل کە هەڵبژێردراوی دانیشتوانی هەرێمەکەیە پەیماننامە گرێ بدات و توانای یاسادانانیشی هەیە[2].

٢-دەبێ هەرێمی بەنێودەوڵەتی کراو لەو یەکانە بێت کە موخاتەبەی ئەحکامەکانی یاسای نێودەوڵەتی بکات، بەو واتایەی کە شیاویەتی وەرگرتنی مافەکان و گرتنە ئەستۆی ئەرك و پابەندییەکانی هەبێت. شیاویەتی نێودەوڵەتی پێوەرەکەی بریتی یە لە ئازادی سیاسی بە مانا فراوانەکەی، بەمانای وەرگرتنی بڕیاری کۆتایی لەبەرامبەر یەکەکانی دیکەی نێودەوڵەتی لە هەموو بوارەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی، بە بێ گەڕانەوە بۆ رەزامەندی لایەنێکی دیکە. سەبارەت بە هەرێمی بەنێودەوڵەتی کراو دەسەڵاتی وەرگرتنی بڕیاری کۆتایی بۆ ئەنجومەنی گەلی هەرێمەکەیە نەك بۆ ئەو حاکمەی کە بە بڕیاری نێودەوڵەتی دادەنرێ. هەروەها هەرێمی بەنێودەوڵەتی کراو ئازادی سیاسی هەیە بەمانای فراوان لە بەرامبەر یەکە نیودەوڵەتییەکان ی تر. هەروەها توانای وەرگرتنی مافەکان و گرتنە ئەستۆی پابەندی و ئەرکەکانیشی هەیە (تمتع بالحقوق والتزام بالواجبات).

---

(١) هەمان سەرچاوە، هامان لاپەرە

(٢) رائد فوزی داود، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٥

مافەکانی هەرێمی بەنێودەوڵەتی کراو خۆی دەبینێتەوە لە گرێدانی پەیماننامەی نێودەوڵەتی و مافی پەیوەندییەدبلۆماسیەکان و مافی بڕیاردانی چارەنووس و ڕێزگرتن لەسەروەری هەرێمەکەو..هتد. هەروەها ئەرك و پابەندییەکانیشی بریتین لە بێلایەنی و ڕێگە گرتن لە ڕوودانی تاوانەکانی دزە پێکردنی ماددەی بێ هۆشکەر لە خاکەکەیی و لە چەك داماڵدراو بێت و پابەندبێت بە یاسای نێودەوڵەتی هەروەها بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتیشی دەکەوێتە ئەستۆ. (لەبەشی یەکەمی توێژینەوەکەمان ماف و ئەرکی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان روون کراوەتەوە).

لە ئەنجامی سەلماندنی ئەوەی کە هەرێمی بەنێودەوڵەتی کراو توانای دروست کردنی بنچینەی یاسای نێودەوڵەتی هەیە لە ڕێگای ڕێکەوتن لەگەل یەکەکانی دیکەی نێودەوڵەتی. هەروەها ئەهلیەی نێودەوڵەتیشی هەیە لە وەرگرتنی ماف و خستنە ئەستۆی پابەندییەکان، دەکرێ بڵێین کە هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتیان هەیە[1].

ئەوەی لە پێشەوە خستمانە ڕوو دەمان گەیەنێتە ئەوەی کە کەسێتی نێودەوڵەتی هەرێمی بەنێودەوڵەتی کراو لەو کاتە دروست دەبێت کە ڕێکەوتنامەی بەنێودەوڵەتی کردن لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەبەسترێت بۆ هەرێمەکە، چونکە ڕێکەوتنامەی بەنێودەوڵەتی کردن لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەمانای دان پێدانانە بۆ هەرێمەکە. (لە باسی دووەم دانپێدانان روون دەکەینەوە). بەو پێیە کاتێك تایبەتمەندیەکانی کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی بەسەر هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان جێبەجێ بکەین دەبینین کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی هەیە.

ئەو هۆکارانەی خوارەوەش پاڵپشتن بۆ بوونی ئەو کەسێتی یە:

١-هەرێمی بەنێودەوڵەتی کراو یەکەیەکی کۆمەڵایەتی (متکامله)، چ لە ڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی یان تێکەڵی کۆمەڵایەتی لەنێوان گەل و کلتوری هەرێمەکە.

٢-هەرێمی بەنێودەوڵەتی کراو یەکەیەکی سیاسی گشتگیرە و هەریەکە لە دەسەلاتەکانی یاسادانان و جێبەجێ کردن و دادوەری هەیە. یاسا زانان وەسفی دەوڵەت نادەنە هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان، چونکە جیاوازن لە دەوڵەت لە ڕووی ئاستی ڕێکخستنی سیاسی و

(١) د. عبالعليم محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٩



ئازادی سیاسی، بەڵام لە ڕووی ناوەرۆکی دەسەڵاتەکان یان سروشتی سیستەمی سیاسی جیاوازی نیە لەگەڵ دەوڵەت.

٣-هەرێمی بەنێودەوڵەتی کراو یەکەیەکی هەرێمی (متماسکه). کەواتە هەرێمی بەنێودەوڵەتی کراو کیانێکی نێودەوڵەتی نوێیە و کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی هەیە.

کۆمەڵێك لە یاسازانانی بواری نێودەوڵەتی کۆکن لە سەر ئەو رایەی کە هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتیان هەیە، بۆ نمونە (د. حەسەن چەلەبی) دەڵێ: شان بەشانی دەوڵەت و ڕێکخراوە نیودەوڵەتییەکان هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکانیش کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتیان هەیە[1]. بەهەمان شێوە (د. عەبدول حوسێن ئەلقوتەیفی) یش وەك کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان دەناسێنی[2].

ئایا کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان کەسێتیەکی سەرەکیە لە یاسای نێودەوڵەتی، یان پاشکۆیە، یان کەسێتی یەکە بارێکی تایبەتی هەیە؟ . هەندێ لە رایەکان لەگەڵ ئەوەن کە کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان بارێکی تایبەتی بێ وێنەیە و هاوشێوەی ڤاتیکانە. (د. سەموحی فەوقە لعادە) پاڵپشتی لەو رایە دەکات. لە تەوەری یەکەمی ئەو باسە چەند جۆرێکی تری کەسێتی پاشکۆمان خستنەروو، لەوانە کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی پاشکۆی ڕێزپەری هەمیشەیی و کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی پاشکۆی ریزپەری کاتی. بە بۆچوونی ئێمە هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان کەسێتی یەکی یاسایی نێودەوڵەتی پاشکۆی ریزپەری کاتیان هەیە، چونکەی لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەمان ئەوە خرایە ڕوو کە هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان هەرێمی کاتین و دروست کراون (مخلوق)، بۆیە دانپێدانانیش بۆیان دروست کەرە نەك ئاشکراکەر کەلە باسی دووەم ڕوونی دەکەینەوە.

(١) د. حسن الچلبی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٥.

(٢) د. عبدالحسين القطيفي، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨.

# باسی دووەم

## دانپێدانان و هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان

**دابەش کردن:**

تەوەری یەکەم: چەمکی دانپێدانان

تەوەری دووەم: دانپێدانان بە هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان و هەندێ یەکەی دیکە.

# تەوەری یەکەم

## چەمکی دانپێدانان

لە ماوەی سەدەکانی (١٤و١٥) لە پەیوەندی نێوان میرەکانی کانتۆنەکانی میسری دەربڕینی دانپێدانان (الاعتراف) بەم شێوەیە بوو (ئەوەی تۆ هەتە ئەی میر بۆ تۆ ئەوەی منیش هەمە بۆ من). لەسەدەی (١٦و ١٧) بەتایبەتی لە کۆنگرەی ویستڤالیا لە ساڵی ١٦٤٨ بنچینەیەکی نوێ بۆ دانپێدانان هاتە ئارا، ئەویش ئەوە بوو کەوەرگرتنی ئەندامی نوێ لەکۆمەڵگای گەلانی مەسیحی پێویستی بەرەزامەندی دەوڵەتانی زلهێزی ئەو کاتی ئەوروپی هەبوو.

بە پێی ئەو ئاراستەیە دانپێدانان دروست کەر (منشأ) بوو بۆ دەوڵەتان، ئەوەش سیاسەتی دەوڵەتانی مەسیحی بوو بۆ دژایەتی کردنی ئەو هەرێمانەی کە داوای سەربەخۆییان دەکردو لە ژێر دەستی کۆلۆنیالیەت دا بوون. دواتر بەهۆی زۆربوونی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی[1]، ئەو تێڕوانینە گۆڕانی بەسەر داهات و دەوڵەتی نوێ دانی پێدادەنرێ بە بێ ئەوەی دەوڵەتی بنەڕەت (اصل) ڕەزامەندی لەسەر بێت.

لە ساڵی (١٧٩٣) سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا(جیفرسن) ئەوەی ڕاگەیاند کەولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دان دەنێت بە باری یاسایی هەر حکومەتێك کە نوێنەرایەتی ئیرادەی گەلەکەی بکات. هەروەها گوتی پەیوەندی لەگەڵ هەر قەوارەیەکی سیاسی دەبەستین کە بتوانێ سەروەری خۆی بەسەر خاکەکەی هەبێت.[2]

(١) شۆرشی فەرەنسی لە ساڵی ١٧٨٩ کاریگەری هەبوو لەسەر بەرپابوونی بزوتنەوەی رزگاریخوازی لە ئەوروپا.

(٢) بە پێی یاسای نێودەوڵەتی نابێ ئەو کیانانەی لەسەر بنەمای نارەواو رەگەزپەرستی دادەمەزرێن دا نیان پێدابنرێت، بۆ نموونە باشوری ئافریقیا، سەربەخۆیی دایە هەرێمی (Bantustans) دەوڵەتێکی بۆ رەش پێستەکان دروست کردو خۆی ٩٠٪ میزانیەی بۆ دابین دەکردن، بۆیە ئەو دەوڵەتە لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکان



لەسەدەی نۆزدە بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلان لە ئەوروپا و کیشوەری ئەمریکا و گەلانی ژێردەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ژمارەیان زیاد بوو. ئەوەش وای کرد لە دانپێدانانی دروست کەر (منشأ) دووربکەوینەوەو زیاتر لە دانپێدانانی ئاشکرا کەر (کاشف) نزیك ببینەوە (دواتر هەردوو چەمکی دانپێدانانی دروست کەرەو ئاشکرا کەر روون دەکەینەوە).[1]

## یەکەم: پێناسەی دانپێدانان

دانپێدانان ئاکارێکی (تصرف) یاساییە و دەربڕینی ئیرادەیە. ئەو دەربڕینەش یان بەشێوەی رێکەوتنامەیەکی نێودەوڵەتی دەبێت یان لە ئەنجامی بڕیارێکی تاك لایەنە (منفرد)[2]. یان بەواتایەکی تر دانپێدانان کردارێکی تاك لایەنەیەو پاڵنەری سیاسی زیاتر پێوە دیارە لەوەی یاسایی بێت، بەڵام ئامانجەکەی دروست بوونی شوێنەواری یاساییە لەنێوان هەردوو لایەنی دانپێدانراو و دانپێدانەر[3].

دەبێ دانپێدانان ڕاست و دروست بێت، بۆ ئەمەش هەموو مەرجەکانی کە پێویستن بۆ ئاکارێکی نێودەوڵەتی دەبێ هەبن. واتە دانپێدانەر (معترف) شیاویەتی تەواوی هەبێت و محلی دانپێدانانیش نارەوا نەبێت، محلی نارەوا ئەوەیە کە هاودژ بێت لەگەڵ یەکێك لە بنچینەکانی یاسای نێودەوڵەتی ئامر. هەردانپێدانانێکیش بەرامبەر هەر قەوارەیەك کە هاودژ بێت لەگەڵ بنچینەیەکی یاسای نێودەوڵەتی ئامر ئەوا پووچەڵە(باطل)[4]. دانپێدانان بۆ بوونی یەکەیەکی نێودەوڵەتی ناکەوێتە ژێر شێوەیەکی دیاری کراو، ئەوەی مەرجە بۆ ئەو قەوارەیە کەدانی پێدادەنرێت دەبێ بوونی کرداری (فعلی) یان ئیحتمالی هەبێت.

ئەو یەکەیەی دانپێدادەنرێت لەوانەیە دەوڵەتێکی نوێ بێت یان گەیشتنی حکومەتێکی تازەبێت بە دەسەلات یان پێگەیەکی یاسایی دیاری کراوبێت، وەك دانپێدانان بە شۆڕشگێر و

و رێکخراوی یەکگرتوی ئەفریقی دانی پێدانەنرا. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. محمد السعید الدقاق، عدم الاعتراف بالاوضاع الاقلیمیة غیر المشروعة ، سەرچاوەی پێشوو، لا٤٤ و ئەوانی دواتر.

(١) د. حکمت شبر، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٣٧-٣٣٩

(2) J.G.starke, op.ct.,p73.

(٣) د. مأمون مصطفى، مدخل الى القانون الدولي العام، ط١، بەبێ شوێنی چاپ، ٢٠٠٢، لا٣٩-٤٠.

(٤) رینة جان دوبوي، القانون الدولي، ترجمة:د. سموحي فوق العادة، ط١، منشورات عویدات، بیروت، ١٩٨٣، لا٥٨.

جەنگاوەران یان دانپێدانان بە هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان یان دانپێدانان بە پەیماننامەیەك یان بانگەشەی دەوڵەتێکە بۆ سەروەری بەسەر هەرێمێکی دیاری کراویان هەرباریێکی تری نێودەوڵەتی[1].

### دووەم: سروشتی دانپێدانان

دوو تیۆر هەن بۆ سروشتی دانپێدانان کە لە خوارەوە ئاماژەیان بۆ دەکەین.

**١-تیۆری دانپێدانانی دروستکەر – دامەزرێنەر (الاعتراف المنشأ – المؤسس، constitutive)**: بنەڕەتی ئەو تیۆرە لەوە سەرچاوەی گرتووە کە هەرسێ کۆڵەگە سەرەکیەی دەوڵەت (هەرێم، دانیشتوان، دەسەلاتی سیاسی) بەتەنها بەس نین بۆ ئەوەی دەوڵەت کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی بەدەست بخات، بەڵکو کۆڵەگەی چوارەمیشیان داناوە کە دانپێدانانە[2]. دامەزرێنەری ئەو تیۆرە بیرمەندی گەورە هیگلە (Hegel-1770-1831). دواتر ژمارەیەکی زۆر یاسازانان پاڵپشتیان لەو تیۆرە کرد لەوانە (لۆتەرباخت، یلینك، ئۆبنهایم، ردسلوب، ئەنزلوتی، تریبل، شوارز بنرجر، حامد سولتان... ژمارەیەکی دیکە).

یاسازان ئۆبنهایم دەڵێ: دەوڵەت شتێکەو کەسێتی نێودەوڵەتیش شتێکی دیکە، چونکە ئەو کاتەی دەوڵەت دروست دەبێت یەکسەر نابێتە ئەندامی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و کەسێتی نێودەوڵەتی وەرناگرێت، تەنها لە ڕێگای دانپێدانان ئەو کەسێتی یە نێودەوڵەتیە بەدەست دێنێت. ئۆبنهایم بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت: دەوڵەتی نوێ پێش دانپێدانان شیاویەتی چوونە نێو ڕێکەوتننامە نیودەوڵەتییەکان ی نیە و لەوکاتە دەوڵەت قەوارەیەکی دیفاکتۆیە، ئەوەدەمە دەوڵەت قەوارەیەکی یاسایی دەبێت کە دانی پێدانرابێت[3].

بیرمەندو یاسازان (فرانزفون) دەڵێ: دانپێدانان بۆ دروست بوونی دەوڵەت مەرج نیە، بەلام مەرجە بۆ ئەوەی بێتە ناو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، چونکە کەسێتی نێودەوڵەتی ئەو کاتە ماف

(١) د. محمد سامي عبدالحميد، اصول القانون الدولي العام (العاعدة الدولية)، ج٢، ط٦، دار الجامعية مصر، ١٩٨٤، ل٣٠٣-٣٠٦.

(٢) د. رشاد السيد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٩-١٥٠.

(3) Henry G.schermers& Niels M.blokker, international institutional law, Ed.forth revised,matrtinus Nijhoff public shers,Boston/leiden,2003, p.1176.



و پابەندییەکانی لەسەردەبێت کە دانپێدانرابێت[1]. کۆمکاری یاسای نێودەوڵەتی (I.D.I) لە ساڵی ١٩٣٢ دانپێدانانی بۆ دەوڵەتی نوێ وەك بەڵگەنامەی لە دایك بوون دانا[2].

بەگشتی تیۆری دامەزرێنەر ( دروستکەر) لە دوو ئاراستە خۆی دەبینێتەوە:

ا-هەریەکە لە (ئۆبنهایم و شتروب) پێیان وابوو کە دانپێدانان مەرجە بۆ چوونە نێو پەیوەندییەنیودەوڵەتییەکان ، بەلام مەرج نیە بۆ بوونی دەوڵەت.

ب-هەریەکە لە (لوبزماند و ئنزلیوتی و ردسلوب) پێیان وابوو کە دانپێدانان تەنها بۆ چوونە نێو پەیوەندییە نیودەوڵەتییەکان مەرج نیە، بەڵکو مەرجیشە بۆ دروست بوونی قەوارەی دەوڵەت و بوونی دەوڵەت[3].

گرنگترین ئەو ڕەخنانەی ڕووبەرووی تیۆری دامەزرێنەر بوونەوە ئەمانەبوون:

ا-هەندێ لە یاسازانان پێیان وایە ئەو تیۆرە بنەمایەکی کۆلۆنیالی ئەوروپی هەیە. دەوڵەتە ئەوروپییەکان دەیانویست لە ڕێگای ئەو تیۆرە بە بێ ڕەزامەندی خۆیان هیچ دەوڵەتێکی تر دروست نەبێت[4].

ب-ڕەخنەیەکی تر کە ڕووبەرووی ئەو تیۆرە بووەوە دروست بوونی پاشکۆیەتی بوو، واتە وەرگرتنی کەسێتی نێودەوڵەتی وەستاوە لەسەر ئیرادەو ئارەزووی کەسێکی تری نێودەوڵەتی.

ج- دانپێدانان ئارەزوومەندانەیە، هەندێك دەوڵەت دان بە قەوارە نوێیەکە دادەنێن و هەندێکی دیکە دانی پێدانانێن، واتە یەکە نوێیەکە پەیوەندی لە گەڵ هەندێ دەوڵەت دەبێت و لەگەڵ بەشێکی ترنای بێت[5].

د- تیۆرەکە بەگشتی زێدەڕۆیی کرد لە پشت بەستن بە دانپێدانان بۆ دروست بوونی کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی، چونکە قەوارەی سیاسی هەن بە بێ ئەوەی دانیشیان پێدانرابێت و کاریگەریشیان هەیە لە پەیوەندییەنیودەوڵەتییەکان و مامەڵەی دبلۆماسی و بازرگانی ئەنجام

(١) د. يحى الجمل، سەرچاوەی پێشوو، ل١١١.

(٢) د. أحسان هندي، مبادیء القانون الدولي العام في السلم والحرب، ط١، دار الجليل للطباعة والنشر، دمشق، ١٩٨٤، ل١٩٧.

(٣) د. يحيى الجمل، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٥.

(٤) د. جعفر عبدالسلام، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٩.

(٥) د. يحيى الجمل، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٨.

دەدەن و بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتیشیان دەکەوێتە سەر وەك(تایوان و بەشی قوبرسی باکور کەلە بەشی دووەمی توێژینەوەکەمان روونکرایەوە)[1].

هـ-تیۆری دروست کەر بۆ ئەو کاتە گونجاو بوو کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کەم و داخراوبوو، بەڵام لە رۆژگاری ئەمرۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی فراوانەو بنچینەکانی یاسای نێودەوڵەتی لە پێشکەوتن و فراوانی دان[2].

**۲- تیۆری ئاشکراکەر- بڕیاردەر (کاشف - اقراری — declarative)**

ئەو تیۆرە دەڵێت هەر کاتێك کۆڵەگەکانی دەوڵەت لە (هەرێم، دانیشتوان، دەسەڵاتی سیاسی) هەبوون، ئەوا کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی بۆ دەوڵەتەکە دروست دەبێت، دانپێدانان تەنها ئەوەندە رۆڵی هەیە کە دەوڵەتەکە دەتوانێ بچێتە نێو پەیوەندییەنیودەوڵەتییەکان لەگەڵ دەوڵەتانی تر[3].

بە پێی ئەو تیۆرە دەوڵەتی نوێ بە بێ دانپێدنانیش، تەنها بە بوونی کۆڵەگەکانی (عناصر) دەوڵەت ماف و پابەندییەکانی لە سەرەو بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتیشی هەیە و ئەهیلەی نێودەوڵەتیشی تەواوە[4]. کۆمکاری یاسای نێودەوڵەتی لە ساڵی ۱۹۳٦ پاڵپشتی ئەو تیۆرەیان کرد. هەروەها چارتی (بۆغۆتا) کە لە ساڵی ۱۹٤۸ لەلایەن دەوڵەتانی ئەمریکی بەسترا لە ماددەی (۹) دەڵێ: بوونی سیاسی دەوڵەت سەربەخۆ و جیاوازە لە دانپێدانان بە دەوڵەت. واتە دەوڵەت بوونی هەیە ئەگەر دانیشی پێدانەنرابێت، بۆیە دانپێدانان بە پێی ئەو تیۆرە تەنها ئاشکراکەرو راگەیاندنە بۆ دەوڵەتەکە. لێژنەی تەحیکم لە کۆنگرەی ئەوروپی بۆ ئاشتی لە یوگۆسلاڤیا لە ساڵی ۱۹۹۱ جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دانپێدانان کارێکی ئاشکرا کەرە (کاشف)[5]. کەواتە دانپێدانان نەکەسێتی یاسایی ناوخۆو نەکەسێتی نێودەوڵەتیش دروست ناکات، بەڵکو دانپێدانان خالی سەرەتای پەیوەندی دبلۆماسی ئاساییە و سیفەتی فەرمی دەداتە دەوڵەت [6]. تیۆری ئاشکراکەریش رووبەرووی رەخنە بووەوە لەوانە:

(۱) د. محمد المجذوب، الوسيط في القانون الدولي العام، سەرچاوەی پێشوو، ل۱۸۲.

(۲) د. يحيى الجمل، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧٥.

(۳) د. رشاد السيد، سەرچاوەی پێشوو، ل۱٥۱-۱٥۲.

(٤) د. يحيى الجمل، سەرچاوەی پێشوو، ل۱۲۸.

(٥) د. رشاد السيد، سەرچاوەی پێشوو، ل۱٥۲.

(٦) د. الشافعي محمد بشير، القانون الدولي العام في السلم و الحرب، ط۳، دار الفكر العربي، القاهرة، بەبێ ساڵی چاپ، ل۱٥۳-۱٥٥. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە : د. عصام العطية، سەرچاوەی پێشوو، ل۲۸٦.



ا-ئەو تیۆرە لە گرینگی دانپێدانان کەم دەکاتەوەو دانپیدانان وەك کردارێکی شکلی سەیر دەکات.

ب-ئەو تیۆرە میسالیە، چونکە پشت دەبەستێت بە یاسای سروشتی نەك یاسای دانراو (وضعي)[1]. سەرەڕای ئەو دوو تیۆرە بۆ لێکدانەوەی سروشتی دانپێدانان کۆمەڵێك تێڕوانینی تریش هەن کەلەو دوو تیۆرە جیاوازن. هەندێ لە یاسازانان پێیان وایە دانپێدانان ئەرکە لەسەر دەوڵەتان، ئەمەش رایەکی ترەو نە کارێکی دامەزرێنەرەو نەکارێکی ئاشکراکەر، بەڵکو ئەرکە لەسەر دەوڵەتان و یاسای نێودەوڵەتی چەسپاندوویەتی، بەڵام کۆمکاری یاسای نێودەوڵەتی لە ساڵی ۱۹۳٦ لە رایەکی دا دەڵێت دانپێدانان کارێکی ئازادەو سیاسیشەو شوێنەواری (اثار) یاسایی لێ دەکەوێتەوە. بۆیە ناکرێت دانپێدانان وەك کارێکی پابەند سەیری بکەین، چونکە لە بنەڕەتدا ئارەزوومەندو ئازادانەیە[2].

هەروەها یاسازانی ئیتاڵی (Cavaglieri) دەڵێ دانپێدانان بە دەوڵەت سروشتی ئاشکراکەری هەیە، بەڵام دانپێدانان بە حکومەتی نوێ تاك لایەنەو سروشتی دوروست کەری (منشأ) هەیە.[3]

(د. حەسەن چەلەبی) پێی وایە دانپێدانان سیفەتێکی تێکەڵاوی (مرکب) هەیە. تا ئەو ئاستە دانپێدانان ئاشکراکەر دەبێت کەبوونی یەکەیەکی سیاسی ئاشکرا دەکات، بەڵام دانپێدانان دروست کەر دەبێت لەو ئاستەی کە بەشدار دەبێت لە دروست بوونی کەسێتی یاسایی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی[4]. ئێمە پاڵپشتی ئەو رایە دەکەین و پێمان وایە بۆ چوونێکی بەهێزەو مەنتقی تێدایە.

بە پێی تێڕوانینی (د. سەموحی فەوقە لعادە) ئەگەر دانپێدانان وەك ڕێوشوێنێکی سیاسی سەیر بکەین ئەوا بەشداری کارای هەیە لە دروست بوونی کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی و ئەو تایبەت مەندیانە بەرجەستە دەبن:

ا-دانپێدانان ڕێوشوێنێکی تاکیە (فردی) هەردەوڵەتێك ئازادە لە دانپێدانان.

(۱) د. يحيى الجمل، سەرچاوەی پێشوو، ل۳۱۲

(۲) د. بدرية عبدالله العوضي، سەرچاوەی پێشوو، ل۸٥-۸٦.

(۳) د. سامي عبدالحميد، اصول القانون الدولي العام، سەرچاوەی پێشوو، ل۳۸۲.

(٤) د. حسن الچلبي، سەرچاوەی پێشوو، ل۲۸۰.

ب-دانپێدانان ڕێوشوێنێکی مەزەندەییە (تقدیری) بە پێی تێڕوانین و بڕوای دەوڵەتی خاوەن سەروەری دەبێت.

ج-ڕێوشوێنێکی (اجراء) ئاڵۆزەو لەوانەیە دیاری کراوبێت بەماوەیەکی کاتی یان گرێ دراوبێت بە چەند مەرجێك.

د-ڕێوشوێنێکی دروستکەر دەبێت ، واتە دەوڵەتی نوێ بوونی نابێت تا دانی پێدانەنرێت.

ئەگەر دانپێدانان لە ڕوانگەی یاسایی سەیر بکەین ئەوە بە پێچەوانەی تیۆری سیاسی هەرکاتێك دەوڵەت مەرجەکانی (خاك و دانیشتوان و دەسەڵاتی سیاسی) هەبوو، پێویستی بە دانپێدانان نیە،واتە بوونی دیفاکتۆی دەوڵەت بە مانای بوونی کەسێتی یاساییەتی، بە بێ ڕەچاو کردنی ڕەزامەندی ودانپێدانانی دەوڵەتانی دیکە. لە ئەنجامی ئەو تێڕوانینە چەند تایبەت مەندیەك بەرجەستە دەبن:

١-دانپێدانان ڕێوشوێنێکی بەکۆمەڵە و هەر کاتێك دەوڵەتەکەبووە ئەندام لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی، واتە دانپێدانانی بە کۆمەڵەو هەموو دەوڵەتان دانیان پێداناوە.

ب-دانپێدانان ڕێو شوێنێکی پابەندە (الزامی)، واتە هەر کاتێك مەرجەکانی دەوڵەت هەبوون دەبێ دانی پێدابنرێت.

ج-دانپێدانان ڕێوشوێنێکی سادەیە (بسیطة).

د-دانپێدانان ڕێوشوێنێکی ڕاگەیاندراوە (اعلانی).

واتە بە گشتی دانپێدانان ڕێوشوێنێکی ئاشکراکەری بەکۆمەڵەو نەبەستراوەتەوە بە ماوەیەکی دیاری کراو[١].

## سێیەم: شێوەکانی دانپێدانان

١-داپێدانان یان بە شێوەی ڕاشکاوانە (صریح) دەبێت وەك پیرۆزبایی نامە، یان دانپێدانان بە شێوەی (ضمني) دەبێت وەك ئاڵوگۆڕی بازرگانی و ئابوری.

٢-دانپێدانان یان دیفاکتۆ دەبێت کە دەتوانێ پەشیمان ببێتەوە، یان دەبێتە دانپێدانانی یاسایی کە ئەو جۆرەیان کۆتاییە.

٣-دانپێدان یان بە کۆمەڵ دەبێت لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی یان لە چوارچێوەی پەیماننامەیەك یان ڕێکەوتنامەیەك یان دانپێدانان تاك لایەنە (فردی) دەبێت.

(١) د. سموحي فوق العادة، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٠-٨٢.



٤-سەرەڕای ئەو شێوازانە دانپسێدانانی مەرج دارو بێ مەرجیش هەیە[١].

## چوارەم: دانپێدانان بە حکومەت

گۆڕینی حکومەت کاریگەری ناکاتە سەر کەسێتی نێودەوڵەتی دەوڵەتەکە چونکە دەوڵەت ئازادە چ جۆرە حکومەتێك هەڵدەبژێرێت، گرنگ ئەوەیە توانای خۆبەڕێوەبردن و سەروەری هەبێت بەسەر هەرێمەکەی[٢]. ئەوە لەو کاتەیە کە حکومەت لە ڕێگای دەستوری و دیموکراتی بگۆردرێت، بەلاّم ئەو کاتەی کە حکومەت لە ڕێگای کودەتای سەربازی و توندوتیژی دەگۆڕدرێت بیروڕای جیاواز هەن لەوانەش:

أ-تیۆری تۆبار: ئەو تیۆرە لە ساڵی ١٩٠٧ لەلایەن د. تۆباری ئیکوادۆری هاتە ئاراو ناوەرۆکەکەی بریتی یە لەوەی کە ئەو حکومەتانەی لە ئەنجامی کودەتا دێنە سەرحوکم نابێ دانیان پێدابنرێت. ئەو تیۆرە لەلایەن دەوڵەتانی ئەمریکای ناوەڕاست پەسەند کراو و دواتر لەلایەن ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵانی (١٩١٢-١٩١٣-١٩١٧) بەرامبەر نیکاراگوا و ئیکوادۆر و کۆستەریکا و کوبا جەختی لەسەر کرایەوە. لە ساڵی ١٩٢٣ ئەوە خرایە سەر تیۆرەکەی (تۆبار) کە هەر کاتێك حکومەتی شۆڕشگێر پاشەکشەی کرد لە سیستەمی دەستوری نابێ دانی پێدابنرێت، بەلاّم تیۆرەکە نەبووە بنچینەیەکی یاسای نێودەوڵەتی.

ب- تیۆری ئیسترادا: تیۆرەکە دەڵێ، دەبێ پەیوەندییەدبلۆماسیەکان بەردەوام بن سەرەڕای بوونی کودەتای سەربازی، چونکە دەوڵەتی بێگانە ناتوانێ ڕەوایەتی سیستەمی دەوڵەتێکی تر دیاری بکات، ئەگەر ئەمەشی کرد ئەوا تۆمەت بار دەبێت بەدەست تیوەردان لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتەکە.

ج- تیۆری ستمسون: وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (ستمسون) لە ساڵی ١٩٣١ دامەزرێنەری ئەو تیۆرەیە، کاتێك کە یابان بەشێکی چینی داگیر کرد(ستمسون) گوتی نابێ دانبنرێت بەو گۆڕانە سنووریە کە لە ئەنجامی هێز و داگیرکاری دروست دەبێت.ئەم تیۆرە لەلایەن کۆمەڵەی گەلان پاڵشپتی لێکرا.

(١) د. محسن أفكيرين، القانون الدولي العام، ط١، دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠٠٥، ل٣٧٠. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. ڕشاد السید، سەرچاوەی پێشوو، ١٥٥-١٥٨.

(٢) د. ڕشاد السید، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٤.

د- زۆربەی دەوڵەتان بۆ دانپێدانان کار بە تیۆری دیفاکتۆ (Defacto) دەکەن، واتە هەرکاتێك حکومەت دەسەڵاتی گرتە دەست و زاڵ بوو بەسەر هەرێمەکەی دا، ئەوا دانی پێدادەنرێت، جا چی بە شێوەی دەستوری یان نادەستوری دەسەڵاتی گرتبێتە دەست[(١)].

**ئەنجامەکان کەلە دانپێدانەنان بە دەوڵەتێك یان حکومەتێك دەکەونەوە:**

١-ئەو دەوڵەتەی دانی پێدانەنراوە ناتوانێ داوا بجولێنێ (تحريك دوعى) لەبەرامبەر ئەو دەوڵەتانەی دانیان پێدانەناوە.

٢-ناتوانێ داوای خاوەن دارێتی بەسەر سامانی حکومەتەکەی پێش خۆی بکات لە کاتێك دانی پێدانەنرابێت.

٣-ناتوانێ بچێتە نێو پەیوەندییەدبلۆماسیە بەردەوامەکان لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی دانیان پێدانەناوە.

٤-هاوڵاتیانی دەوڵەتی دانپێدانەنراو ناتوانن بەڵگەنامەی سەفەری وڵاتەکەیان بەکاربهێنن بۆ ئەو دەوڵەتانەی دانیان پێدانەناون.

٥-ئەو رێکەوتنانامانە رادەوەستن کەلەگەڵ حکومەتی پێشوو (کەوتوو) گرێ دراون لەبەرامبەر ئەو دەوڵەتانەی دانیان نەناوە بە حکومەتی نوێ[(٢)].

لەگەڵ ئەوەش حکومەتی دانپێدانەنراو دەتوانێ، بچێتە نێو پەیوەندییەدبلۆماسیە تایبەتیەکان بۆ ئامانجێکی دیاری کراو، وەك ئەوەی ئەمریکاو چینی میللی لە کۆنگرەی جنێف لە ساڵی ١٩٥٤-١٩٦٢ کردیان. هەروەها پەیوەندییەدبلۆماسیەکانی نێوان ئیسرائیل و میسر لە دوای جەنگی ئۆکتۆبەر لە ساڵی **١٩٧٣**[(٣)].

**ئایا لە هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێ کردن و دادوەری کامەیان پسپۆرە بۆ بەخشینی دانپێدانان؟.**

هەروەك دیارە ئەوە دەسەڵاتی دادوەری پێی هەڵناستێت. هەندێ بیرورا پێیان وایە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن دەیکات، بۆ نموونە سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەو دەسەڵاتەی هەیە لە رێگای وەزیری دەرەوە، بەڵام دەبێ بگەرێتەوە بۆ بیرورای کۆنگرێس واتە دانپێدانان لە رێگای هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و یاسادانان دەبێت[(٤)].

---

(١) د. عبدالكريم علوان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٨-٢٤٦.

(٢) د.احمد ابو الوفا، الوسيط في القانون الدولي العام، ط٤، دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠٠٤، ل٤٣٧

(٣) دعبدالكريم علوان،سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٣-٢٤٦.

(٤) د. يحيى الجمل، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٤.

## تەوەری دووەم

### دان پێدانان بە هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان و هەندێ یەکەی دیکە

دوای ئەوەی چەمکی دانپێدانانمان روون کردەوە هەوڵدەدەین لەو تەوەرەیە دانپێدانان بە هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان و بزوتنەوە ئازادیخوازەکان و هەرێمە فیدرالیەکان ئاماژە بۆ بکەین. لە تەوەری یەکەمی ئەو باسە ئەوەمان روون کردەوە کە دانپێدانان دوو تیۆری هەیە، ئەوانیش تیۆری ئاشکرا کەرو تیۆری بنیات نەر . بە پێی یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخ دانپێدانان بە دەوڵەت ئاشکرا کەرە و مەرج نیە بۆ دروست بوونی دەوڵەت. بەڵام ئەوەی لێرە جێگای ئاماژە پێکردنە ئەوەیە کە دەوڵەتان لە توانایان دایە یەکەی (کیان) دیکەی نوێ دروست بکەن و بیان خەنە نێو رژێمی یاسایی. بۆ نموونە رێکخراوە نیودەوڵەتییەکان و گەلانی ژێر دەستی کۆلۆنیالیەت و بزوتنەوەی رزگاریخوازی و کەسێتیە پاشکۆکان و هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان و چەند یەکەیەکی تر لەلایەن دەوڵەتان بە بڕیاری بە کۆمەڵ دروست دەبن و دانیان پێدادەنرێت[1]. بەو پێیە دانپێدانان بۆ ئەو یەکە تایبەتیانە بنات نەرە ، بە بێ بوونی دانپێدانانی دەوڵەتان ئەو یەکانە دروست نابن و کەسێتی نێودەوڵەتیشیان نابێت.

### یەکەم: دانپێدانان بە بزوتنەوە رزگاریخوازەکان

ئەو بۆردەی کە کۆمەڵەی یاسای نێودەوڵەتی لە ساڵی١٩٣٦ لە بارەی بزوتنەوە ئازادیخواز و شۆڕەشگێر و جودا خوازەکان لە ماددەی (٨) چەسپاندی دەڵێ: نابێ دەوڵەتی بێگانە دانبنێت بە بزوتنەوە رزگاریخوازو تۆڵەسێنەکان بە سیفەتی شەڕکەر ئەگەر ئەو مەرجانە نەبن.

(١) د. حازم محمد عتلم، سەرچاوەی پێشوو، ل١١



١-دەبێ یەکەیەکی هەرێمی بێت و بەشێکی هەرێمە بنەڕەتیەکەی لەبەردەست بێت.

٢-دەبێ رەگەزەکانی حکومەتی یاسایی تێدا بێت و بەکرداری لەسەر ئەو بەشەی هەرێمەکەی دا سەروەری هەبێت.

٣-دەبێ ئەو خەباتەی دەیکات رێکخراو بێت و پابەندبێت بە یاساکانی جەنگ[1].

لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی زیاتر سەریان هەڵدا دانپێدانان بەو بزوتنەوانە ئاراستەیەکی سیاسی هەیە نەك یاسایی، ئەمەش وەك سەرەتایەکە بۆ دروست بوونی دەوڵەتی نوێ[2]. دەتوانین بڵێین بزوتنەوە ئازادیخوازەکان دەکەنەو ژێر پرنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی. دانپێدانان بە بزوتنەوە رزگاریخوازەکان شوێنەواری یاسایی لێ دەکەوێتەوە، کاتێك شۆرشگێرەکان دەست گیر دەکرێن، دەبێ مامەڵەی دیلی جەنگیان لەگەڵ بکرێت نەك خۆفرۆش و تاوانباری ئاسایی. هەروەها ئەو بزوتنەوانە بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتیان دەکەوێتە سەر. ئەگەر دەوڵەتی بێگانە دانی نا بە شۆرشگێرەکان دەبێ رەچاوی بێلایەنی بکات و نابێ دەست وەربداتە کاروباری ناوخۆی هیچ لایەك[3]. سەرەرای ئەوەی ژمارەیەك لە دەوڵەتان بە شێوەیەکی تاك لایەنە دانیان نا بە بزوتنەوە ئازادیخواز و شۆڕشگێرەکان، کۆمەڵەی گشتی لە نەتەوە یەکگرتووەکانیش دانی نا بە ژمارەیەکی زۆر لەو بزوتنەوانە. لە خولی (XXV) بە بڕیاری (٢٦٢١) لە (٢) ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٠ کۆمەڵەی گشتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێ (رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بزوتنەوە رزگاریخواز و نیشتمانیەکان بانگهێشت دەکات بۆ بەشداری کردن لەو گفتوگۆیانەی تەرخان کراون بۆ وڵاتەکانیان ئەگەر پێویستی کرد). لە (١٤)ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٢ کۆمەڵەی گشتی دانی نا بە بزوتنەوە رزگاریخوازەکان وەك نوێنەری راستەقینە و بنەڕەتی گەلەکانیان[4].

(١) د.عبدالکریم علوان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٨-٢٤٦.

(٢) د. رشاد السید، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٠. بۆ زیتر زانیاری بروانە: د. احمد ابو الوفا، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤٠

(٣) د. رشاد السید، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٩.

(٤) د. هنری غریال، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠١

هەر بۆیەش سیفەتی چاودێر درایە ژمارەیەك لەو بزوتنەوانە کەزۆربەیان لە کیشوەری ئەفریقیا بوون.[١] ئەنجومەنی ئاسایش بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ بزوتنەوە رزگاریخوازەکان سوودی لە ماددەی (٣٩)ی سیستەمی ناوخۆییەکەی وەرگرت و بزوتنەوە رزگاریخوازەکانی بانگهێشت کرد بۆ بەشداری لە کارەکانی بە سیفەتی کەسێتی تایبەتی شیاوبۆ دانی شایەتی (اشخاص خاصین مؤهلین للآدلاء بالشهادة)[٢]. نموونەی ئەو بزوتنەوانەش کە دانیان پێدانراوە وەك (بەرەی تەیموری شۆرشگێر بۆ رزگاری نیشتمانی، رێکخراوی یەکێتی دیموکراتی تەیمور، رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی، رێکخراوی میللی بۆ ئەفریقیای باشووری رۆژئاوا - سوابۆ-، بەرەی پۆلیساریۆ لە بیابانی رۆژئاوا، بەرەی رزگاریخوازی نیشتمانی ئەنگۆلا، بەرەی رزگاریخوازی مۆزانبیق، بزوتنەوەی رزگاریخوازی ئەریتری، حزبی ئەفریقی بۆ سەربەخۆیی غینیا....هتد).

بەهۆی گرنگی ئەو بزوتنەوانە ژمارەیەکیان وەك چاودێر لەلەنەتەوە یەکگرتووەکان وەرگیران.

**چاودێر بە چەند شێوەیەك بوو، لە خوارەوە روونیان دەکەینەوە:**

ا-چاودێری هەمیشەیی (PERMANENT OBSERVERS) چاودێری هەمیشەیی یان دەوڵەت دەبێت یان رێکخراوە نیودەوڵەتییەکان ی ناحکومی یان بزوتنەوە ئازادیخوازەکان، ئەمانە لە هەموو دانیشتنە گشتی یەکانی کۆمەڵەی گشتی بەشدار دەبن[٣]. لە (٢٢)ی نۆڤێمبەری ساڵی ١٩٧٤ بە بڕیاری ژمارە (٣٢٣٧) ی کۆمەڵەی گشتی رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی

(١) تەنها لە کیشوەری ئەفریقیا (١٧) بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی دانیان پێدرانرا. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د.محسن افکیرین، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٠

(٢) أدمون جوڤ، علاقات دولیة، ترجمة: منصور قاضي، ط١، مؤسسة الجامعیة للدراسات والنشر والتوزیع، بیروت، ١٩٩٣، ل١٢٩-١٣٦.

(٣) چاودێری هەمیشەیی دەتوانێ بەشداری کۆنگرە نیودەوڵەتییەکان یش بکات کە نەتەوە یەکگرتووەکان رێکیان دەخات. هەروەها بەشێکی ماف و جیا و کە دبلۆماسیەکانیشیان هەیە و بەرپرسیاریەتییان دەکەوێتە ئەستۆ. هەروەها دەتوانن بچنە نێو رێکخراوە تایبەت مەندەکانی سەربەنەتەوە یەکگرتووەکان. هەروەها (ڤاتیکان) چاودێری هەمیشەیە لە نەتەوە یەکگرتووەکان. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:د. حازم محمد عتلم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢



سیفەتی چاودێری هەمیشەیی لە نەتەوە یەکگرتووەکان وەرگرت[١]. هەروەها لە ساڵی ١٩٧٥ ئەنجومەنی ئاسایش رێگایدا بە رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین لەو دانیشتنانە ئامادە بێت کە پەیوەندیان هەیە بە خۆرهەلاتی ناوەڕاست[٢] .

هەروەها رێکخراوی میللی بۆ ئەفریقیای باشووری رۆژئاوا (سوابۆ) بە بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ژمارە (٣٠/١٥٢) لە (٢٠)ی دیسێمبەری ساڵی ١٩٧٦ وەك نوێنەری گەلی نامیبیا ناسراو سیفەتی چاودێری هەمیشەیی وەرگرت[٣].

ب- چاودێری کاتی (TEM PORARY OBSERVERS): لە دانیشتنە تایبەتیەکان ئامادە دەبن و بەشداری ئەو گفتوگۆیانە دەکەن کە پەیوەندیان پێیانەوە هەیە.

ج- چاودێری وەزیفی: جیاوازی ئەو جۆرەی چاودێر لەگەڵ چاودێری کاتی ئەوەیە کە چاودێری وەزیفی بابەتی دیاری کراو گفتوگۆ دەکەن کە پەیوەندی بەکاروباری خۆیانەوە هەیە لە نەتەوە یەکگرتووەکان، بەلام چاودێری کاتی دەکرێ بەشداری هەندێ دانیشتن و گفت وگۆ بکات کە ناچنە چوارچێوەی تایبەت مەندیەکانی خۆی بەشێوەیەکی راستەوخۆ[٤].

## دووەم: دانپێدانان بە هەرێمە کانی دەوڵەتی فیدرالی

لە پرۆژەی یاسایی پەیماننامەکان لە ساڵی ١٩٦٩کەلەلایەن لیژنەی یاسای نێودەوڵەتی لە برگەی دووەم لەماددەی پێنجەم پێشنیار کرا ، هەرێمەکان ئەندام لە یەکێتی فیدرالی ئەهلیەی بەستنی پەیماننامەی نێودەوڵەتیان هەبێت ئەگەر دەستوری فیدرالی ئەمەی پەسەند کرد بێت،

(١) یەکەم جار لە (١٢)ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٣ کۆمەڵەی گشتی لە لە خولی (٢٩) بە بڕیاری (٣١٠٢) رێگەی بە رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستیندا کە سیفەتی چاودێری هەبێت لە نەتەوە یەکگرتوەکان. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:

د. عصام العطیة، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٨.

(٢) د. محسن أفکرین، سەرچاوەی پێشوو،ل٣٧٠.

(٣) د. مصطفی سید عبدالرحمن، الوضع القانوني لمنظمةالتحریر الفلسطینیة في الآمم المتحدة، ط١، دار النهضة، القاهرة، ١٩٨٨، ل٢١-٢٦.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل٢٢.

بەڵام لە دەقی کۆتایی یاساکە لە ڕێکەوتنامەی ڤیەننا ئەو پێشنیارە پەسەند نەکراو ئەو بڕگەیە لابرا و بە جێهێڵدرا بۆ یاسای ناوخۆ.

دەوڵەتی بێگانە پابەند نین بە گرێدانی پەیماننامەی نێودەوڵەتی لەگەڵ هەرێمە فیدرالیەکان، ئەگەر هەرێمەکان پەیماننامەیان گرێدا وەك ئەوە وایە کە دەوڵەتی ئیتحادی ئەنجامی دابن، چونکە دەوڵەتی ئیتحادی بەرپرسیاری نێو دەوڵەتی دەکەوێتە سەر کاتێك هەرێمەکان ڕێز لەو پەیماننامانە نەگرن کە گرێیان داون. لەگەڵ ئەوەش دەستوری هەندێ دەوڵەتی فیدرالی بەشێوەیەکی سنوردار مافی بەستنی هەندێ پەیماننامە و ڕێکەوتنامەیان داوەتە هەرێمەکان، بەڵام کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتیان پێنەداون[1]. دەستوری ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ماددەی (١٠) ڕێگە بە ولایەتەکان نادات کە پەیماننامە ببەستن، بەڵام ڕێگایان پێدەدات کە ڕێکەوتننامە (COMPACTS-AGREEMENTS) ببەستن بەمەرجێك ڕەزامەندی کۆنگرێسی لەسەر بێت.

دەستوری دەوڵەتانی فیدرالی لە ئەمریکای لاتینی ڕێگە بە هەرێمەکان نادات لەگەڵ دەوڵەتانی بێگانە پەیماننامە ببەستن، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دەستوری فیدرالی هەندێ وڵات ڕێگە بە هەرێمەکانی ئەندام لەو یەکێتییە فیدرالیە دەدات کە پەیماننامەی نێودەوڵەتی ببەستن. بۆ نمونە دەستوری یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٧٧ لە ماددەی (٧٠) دەڵێ (بۆ هەموو کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەت هەیە کە ڕێکەوتننامە لەگەڵ دەوڵەتانی بێگانە گرێ بدەن، بەڵام دەوڵەتی فیدرالی مافی ڕەت کردنەوەی هەیە)[2]. یاسای بنەڕەتی کۆماری ئەڵمانیای ئیتحادی لە ساڵی ١٩٤٩ دەڵێ لاندر (LANDER) مافی هەیە پەیماننامە گرێ بدات لەگەڵ دەوڵەتی بێگانە، بەڵام لە سنوری دەسەڵاتەکانی یاسادانانی خۆی.[3] لە سیستەمی فیدرالی کەنەدی دەوڵەتی فیدرالی مافی گرێدانی پەیماننامەی داوەتە هەرێمەکان (مقاطعات — PROVINCES) بەمەرجێك کە دەوڵەتی فیدرالی ڕازی

(١) صالح جواد الكاظم، مباحث في القانون الدولي، دار الشؤن الثقافة العامة، بغداد، ١٩٩١، ل٢٢٥.

(٢) ئۆکرانیا و ڕوسیای سپی ئەهلیەی گرێدانی پەیماننامەی نێودەوڵەتیان هەبووە لەگەڵ دەوڵەتانی تر، هەروەها ئەندام بوون لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە تایبەت مەندەکانی سەر بە نەتەوەیەکگرتوەکان.

(٣) بۆ نمونە لاندری (باس ساکس) لە ساڵی ١٩٦٥ ڕێکەوتننامەیەکی لەگەڵ ڤاتیکان گرێدا. هەروها (باڤاریا) ڕێکەوتننامەیەکی بەرێوەبردنی لەگەڵ نەمسا بەست. بۆ زیاتر زانیاری بروانە: د.محمد یوسف علوان، سەرچاوەی پێشوو ل٢١٠



بێت[1]. دەستوری سویسری لە ساڵی ١٨٧٤ لە ماددەکانی (٨,٩) مافی داوەتە کانتۆنەکانی (CANTONS) هەندێ ڕێکەوتنامە گرێ بدەن لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروبەر لە بوارەکانی ئابوری و لایەنی پەیوەندی دار بە سنورو پەیوەندیەکان و پۆلیس[2]. ئەمانە سەبارەت بە دەسەلاتی هەرێمە فیدرالیەکان بوون لە بواری بەستنی پەیماننامە و ڕێکەوتنامەکان، هەوڵدەدەین لەو ئەزموونانەی لە پێشەوە تیشکمان خستە سەر دانپێدانانی هەرێمە فیدرالیەکان و کەسێتی یاساییان ڕوون بکەینەوە.

سەبارەت بە هەڵوێستی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرامبەر هەرێمە فیدرالیەکان بە پێی ئەو بڕیارەی لە (١٤)ی دیسمبەری ساڵی ١٩٤٦ کە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکانی دیاری کرد لە نیویۆرك. هەر لەو بڕیارەش ئەوە خرایە ڕوو کە هەرێمە فیدرالیەکان ناتوانن بێنە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان، تەنها لەو بارە نەبێت کە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕەزامەندی لەسەر دابێت[3].

بەگشتی دووڕای پێچەوانە هەن لەسەر دانپێدانان و کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی هەرێمە فیدرالیەکان. بیرمەند (لوتر باخت) دەڵێ ئەگەر دەوڵەتی فیدرالی لە دەستورەکەی دا دەقێکی ڕوونی نەبوو لەسەر دەسەڵاتی هەرێمەکان لەگرێدانی پەیماننامەو ڕێکەوتنامە، ئەوا هەرێمەکان مافی بەستنی پەیماننامە و ڕێکەوتنامەی نێودەوڵەتیان هەیە. هەروەها دەڵێ، کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتیشیان هەیە.

هەروەها هەریەکە لە (براون لی و مالکولم شوم) پێیان وایە کە هەرێمە فیدرالیەکان جۆرێك لە کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتیان هەیە، جیاواز لە کەسێتی یاسایی دەوڵەتی فیدرالی(ناوەند). بەڵام بۆ چوونی پێچەوانەی ئەوەش هەیە لەوانە (فیتس موریس) پێی وایە دەوڵەتی فیدرالی بە تەنها کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی هەیە و دانی پێدانراوە، هەر ئەویش بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی دەکەوێتە سەر. ئەگەر هەرێمە فیدرالیەکان پیادەی هەندێ دەسەڵاتی دبلۆماسی و دەرەوەش بکەن ئەوا لەلایەن دەوڵەتی ئیتحادی ڕاسپێردراون[4].

(١) بۆ نمونە ولایەتەکانی کویبك و ئەنتاریو ژمارەیەك ڕێکەوتنامەی لەگەڵ ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا تایبەت بە باج و گەڕاندنەوەی تاوانباران و گەشت و گوزارو خۆپاراستن لە سوتانی دارستانەکان.هتد، بەست.

(٢) د. محمد یوسف علوان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٩.

(٣) د. عاکف یوسف صوفان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٠.

(٤) د. طالب کاکەیي، القانون الدولي العام، کۆمەڵ وانەیەکن بۆ قوتابیانی ماستەر لە بەشی یاسای نێودەوڵەتی گشتی. کۆلیژی یاسا، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٥-٢٠٠٦.

هەرچەندە زۆر جار پێگەی ستراتیژی و بەرژەوەندیە سیاسیەکان ڕۆڵی گرنگ دەدەنە هەندێ هەرێمی فیدرالی، بۆ نمونە (بۆسنە و هیرسوگۆڤینا) کە بارێکی تایبەتە و بە پێی ماددەی (٣)ی دەستورەکەیان لە بڕگەی (١,٢) هەرێمەکان بۆیان هەیە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ ببەستن بەمەرجێك لە چوارچێوەی سەروەری و یەك پارچەیی هەرێمی (بۆسنەو هیرسوگۆڤینیا) بێت. هەروەها بۆیان هەیە پەیماننامەی نێودەوڵەتی ببەستن دوای ئەوەی ڕەزامەندی پەرلەمانی ئیتحادی وەردەگرن، بەڵام لە یاسای نێودەوڵەتی هەرێمە فیدرالیەکان کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتیان نیەو دانیشیان پێدانەنراوە. بە پێی ڕای (د.مونزر شاوی) هەرێمە فیدرالیەکان سەروەریان لەگەڵ سەروەری دەوڵەتی ئیتحادی دابەش ناکرێت، هەرێمە فیدرالیەکان دانیان پێدانەنراوەو کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتیشیان نیە[1]. دەتوانین بڵێین ئەوەش ڕای زۆرینەی یاسازانانی یاسای نێودەوڵەتیە.

## سێیەم: دانپێدانان بە هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان

ئایا گەر دەوڵەتێك بووە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوە مانای وایە کە تەواوی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دانییپێداناوە؟. هەریەکەلە (جۆرج سل و شارل ڕوسو) لەگەڵ ئەو ڕایەدان کە قبوڵی دەوڵەتێك لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بەو مانایە دێت کە دانی پێدانراوە لەلایەن هەموو ئەو دەوڵەتانەی ئەندامن لە ڕێکخراوی نێودەدەوڵەتی. یاسازان (باستید) پێی وایە ئەوکاتەی دەوڵەتی نوێ دەبێتە ئەندام لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ ئەوانەش کە دژی بەئەندام بوونی بوونە سیفەتی کەسێتی یەکی یاسایی نێودەوڵەتی هەیە[2].

هەرچەندە دەوڵەتانی عەرەبی دانیان نەناوە بە ئیسرائیل، بەڵام ناتوانن بوونی وەك دەوڵەت ڕەت بکەنەوە. ئەوەی دەتوانن بیکەن ئەوەیە کە پەیوەندی دبلۆماسی لەگەڵ نابەستن[3]. ئەگەر

(١) د. منذرالشاوي، في الدولة، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٦٥، ل٩٢.

(٢) د. محمد حافظ غانم، مبادىء القانون الدولى العام، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٥-٢٢٦.

(٣) تێکرای یاسازانی عەرەبی لەگەڵ ئەو بۆچوونەن کە بوونە ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو واتایە ناگەیەنێت کە هەموو دەوڵەتانی ئەندام لەو ڕێکخراوە دانیان پێداناوە، چونکە پێیان وایە دانپێدانان کارێکی ئیرادەیە و دەوڵەت خۆی ئەو بڕیارە دەدات.

بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. محمد رفعت عبدالوهاب، الآنظمة السياسية، منشورات الحلبى الحقوقية، دمشق، ٢٠٠٥، ل٣٠.



ئەو پرسیارەی کە لە پێشەوە کردمان بە جۆرێکی تر ئاراستەی بکەن، ئایا بۆ بوونە ئەندام لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی مەرجە ئەو دەوڵەتە بە کۆمەڵ دانی پێدانرابێت؟.

نە لە سەردەمی کۆمەڵەی گەلان و نە لە سەردەمی نەتەوە یەکگرتووەکان دانپێدانان مەرج نەبووە بۆ بوونە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەوەی لە ماددەی چوارەمی چارتی (UN) هاتووە دەڵی ئەندامێتی بۆهەموو دەوڵەتێکە کە ئاشتیان خۆش بوێت و پابەندییەکان بگرنە ئەستۆ کە چارت دای ڕشتوون، هەروەها توانای جێبەجێ کردنی ئەو پابەندیانەی هەبێت، واتە دانپێدانان نەکراوتە مەرج[1].

دانپێدانان تەنها کورت نەکراوەتەوە بۆ دەوڵەت، بەڵکو کۆمەڵێك کەسێتی یاسایی تریش جگە لە دەوڵەت دەبنە تەوەری دانپێدانان و گفتوگۆ هەڵدەگرن، بۆ ئەمەش پشتمان ئەستورە بەو پرنسیپ و بنچینە یاساییە نێودەوڵەتیانەی کە بۆ دانپێدانان بەدەوڵەت دیاری کراون. هەروەها لە باسی یەکەمی ئەو بەشە خستمانە ڕوو، بۆ ئەوەی دان بنرێت بەکەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی هەریەکەیەك دەبێ :

١- ئەو یەکەیە توانای دروست کردن و بنیات نانی بنچینەیی یاسایی نێودەوڵەتی هەبێت بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکەکانی تری هاوشێوەی خۆی.

٢-شیاویەتی( اهلية) وەرگرتنی ماف و گرتنە ئەستۆی ئەرك و پابەندییەکانی هەبێت.

لە زۆربەی ئەو نمونانەی کە لە چوارچێوەی توێژنەوەکەشمان خستومانە تە ڕوو ئەوەمان سەلماندوە کە هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان ئەو دوو مەرجەیان تێدایە، بەڵام سەرەرای ئەوانەش وەسفی کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی و دانپێدانانی بەستراوەتەوە بە حوکمی پێویستی و بارودۆخی کە هەیە. ئەوەی بەلای ئێمە وە گرنگە بۆ هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان ڕێکەوتننامەی بەنێودەوڵەتی کردنە جا چی لەلایەن کۆمەڵە دەوڵەتێك گرێ درا بێت یان لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی، چونکە ئەو ڕێکەوتنامەیە گرنگی زۆری هەیە و کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی بۆی دروست دەکات و بووەتە هۆی ئەوەی بچێتە ناو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. ئەو ڕێکەوتنامەیەش کە تایبەت بەو یەکەیە (هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکە) لەلایەن یاسای نێودەوڵەتی پێی دەگوترێ دان پێدانان.[2]

(١) د. يحيى الجمل، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٨.

(٢) د. خليل سامي علي مهدي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٠-٢١١. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: رائد فوزى داود، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٥

هەرێمی بەنێودەوڵەتی کراو لە ئەنجامی پێویستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دروست بووەو لەسەر بنەمای ڕێکەوتن و ڕەزامەندی لەنێوان گەلی هەرێمەکەو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هاتۆتە ئارا. بۆیە دەکرێ بڵێین پەیمانی بەنێودەوڵەتی کردن ،واتە دانپێدانان بە هەرێمە بەنێوەوڵەتی کراوەکە. کەواتە دانپێدانان بە هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان دانپێدانانێکی بە کۆمەڵە (أعتراف جماعی) و دروست کەرە .

# بەشی چوارەم

## توێژینەوەی باری یاسایی هەندێ نموونە

# بەشی چوارەم

## توێژینەوەی باری یاسایی هەندێ نموونە

ئامادەكاری و دابەش كردن:

بەنێو دەوڵەتی كردن سیستەمێكی بەردەوامە، بەڵام باری هەرێمە بە نێودەوڵەتی كراوەكان لـە یەكێكەوە بۆ یەكێكی دیكە بە پێی كات و شوێن جیاوازە. لە بەشـی یەكـەمی توێژینەوەكـەمان ئەوەمان خستەروو كە بە نێودەوڵەتی كردن ناكەوێتە ژێر رژێمێكی جێگیر و دیاری كراو.

لە یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخ لەنێوان سیستەمی بەنێودەوڵەتی كردن و دەست تێـوەردانی مرۆیی (التدخل الآنسانی) پەیوەندییەكی بەهێز هەیە، زۆربەی جار دەست تێـوەردانی مرۆیـی دەبێتە مایەی دروست بوونی هەرێمێكی بەنێودەوڵەتی كراو.

ئەو هەرێمانەی لە دوای كۆتایی هاتنی جەنگی سارد و بە پێی پرنسیپی دەست تێـوەردانی مرۆیی خرانە ژێـر چـاودێری نەتـەوە یـەكگرتووەكان، بەشـێكیان تایبەتمەنـدی و مەرجـەكانی سیستەمی بەنێودەوڵەتی كردنیان لەسەر جێبەجێ دەبێت. هەرچەندە باری هەریەكـەیان لـەوی دیكە جیاوازە و لە یاسای نێودەوڵەتیش ناونانی جیاوازیان بۆ كراوە.

هەوڵ دەدەین لەو بەشە باری هەریەكە لە هەرێمی كوردستانی عێراق لە ژێر بڕیـاری (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایش و تەیموری خۆرهەڵات و هەرێمی كۆسۆڤا و دارفۆر روون بكەینەوە.

باسی یەكەم: هەرێمی كوردستانی عێراق لەژێر بڕیاری (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایش

باسی دووەم: تەیموری خۆرهەڵات لە قۆناغی گواستنەوە.

باسی سێیەم: هەرێمی كۆسۆڤا

باسی چوارەم: هەرێمی دارفۆر

# باسی یەکەم

## پێگەی یاسایی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ژێر بڕیاری (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایش

**دابەش کردن:**

**تەوەری یەکەم:** سروشت و بنەماکانی بڕیاری (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایش.

**تەوەری دووەم:** پارێزگاری نێودەوڵەتی و پێگەی یاسایی هەرێمی کوردستانی عێراق.

# تەوەری یەکەم

## سروشت و بنەماکانی بڕیاری (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایش

### یەکەم: گەلی کوردستان و پەیماننامە نیودەوڵەتییەکان

مەسەلەی کورد لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانی و دوای کۆتایی هاتنی جەنگ کەوتە نێو ڕێکەوتننامە و پەیماننامە نیودەوڵەتییەکان . بەتایبەتی پەیماننامەی سیڤەر لە ساڵی ١٩٢٠ کە گرنگییەکی زۆری دابووە چارەنووسی گەلی کورد. هەرچەندە پێش ئەو پەیماننامەیەش کۆمەڵێك ڕێکەوتن و پەیماننامە بەستران و بەراستەوخۆ یان ناراستەوخۆ مەسەلەی کورد هاتە ناو باس. بۆ نموونە ڕێکەوتننامەی سایکس بیکۆ (sykes-picot agreement) لە ساڵی ١٩١٦. ئەو ڕێکەوتننامەیە لە نێوان فەرەنسا و بەریتانیا بە ئاگاداری و ڕەزامەندی روسیا بەسترا، بۆ دابەش کردنی ئەو هەرێم و وڵاتانەی لە ژێر دەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دابوون. بە پێی ئەو ڕێکەوتنامەیە ولایەتی موسل درایە فەرەنسا، بەڵام لە ساڵی ١٩١٨ بەریتانیا داوای ولایەتەکەی کرد و فەرنسا دەستی لێ بەردا. بەریتانیا بەڵێنی زۆری بە کورد داو نازناوی حاکمداری (Governor) بە شێخ مەحمودی حەفیددا. هەروەها لە ڕێکەوتننامەی مۆدروس (moudros agreement) لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٨ لە نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و هاوپەیمانان بەستراو بە ڕێکەوتننامەی ئاگر بەست (هدنة) ناسراوە، مەسەلەی ولایەتی موسڵ گرنگی پێدرا[1].

(١) محسن محمد المتولي، كورد العراق في المؤتمرات والمعاهدات والاتفاقيات الدولية، باسێكی بلاوكراوە، مجلة سردم العربي، دار سردم للطباعة والنشر، سليمانية،عدد (١٠)، ٢٠٠٥، لا٩٠.



دوای شکستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەرکەوتنی هاوپەیمانان لە جەنگی یەکەمی جیهانی، گەلی کورد چاوەڕوانی بەڵێنەکانی هاوپەیمانانی دەکرد بۆ دیاری کردنی مافی چارەنووسی گەلانی ژێردەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بەتایبەتی چواردەبەندەکەی (ولسن)ی سەرۆکی ئەو کاتی ئەمریکا. بۆیە هەوڵ و کۆششەکانی گەلی کورد دەستیان پێکرد و (جەنەراڵ شەریف پاشا) بەنوێنەرایەتی کورد لە کۆنگرەی ئاشتی پاریس لە ساڵی ١٩١٩ یادداشتێکی بە زمانی فەرەنسی پێشکەش کرد. لە (٢٣)ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩١٩ لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا و بەریتانیا لەسەر مەسەلەی کورد کۆمەڵێك پێشنیاری لە یەکتر جیا خرانە ڕوو، دواتر ئاراستەی بەریتانیا بەرامبەر کورد چەسپاو پێشنیارەکان لە پەیماننامەی سیڤەر لە (١٠)ی ئابی ساڵی ١٩٢٠ ڕەنگیان دایەوە.

پەیماننامەی سیڤەر لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی روخا و لە لایەك و هەریەکە لە بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا،یابان، یۆنان، بەلجیکا، پۆڵۆنیا، پورتورگال، ڕۆمانیا، چیکۆسلۆڤاکیا، سرب و کرواتیا، ئەرمینیای تاشناقیە و حیجاز لەلایەکی تر بەسترا. پەیماننامەکە بۆ کورد گرنگی یەکی زۆری هەبوو ماددەکانی (٦٢-٦٣-٦٤) لەو پەیماننامەیە تایبەت بە مەسەلەی کورد داڕێژرابوون[1].

لە خوارەوە هەرسێ ماددەی پەیماننامەی سیڤەری تایبەت بە کورد روون دەکەینەوە:

**ماددەی (٦٢):** لیژنەیەك لە قوستەنتەنیە (ئیستانبوڵ) لە نوێنەری بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتاڵیا پێك دێت بۆ ئامادەکردنی پرۆژەی خودموختاری بۆ ئەو ناوچانەی زۆرینەیان کوردن و دەکەونە رۆژهەڵاتی فورات و باشووری سنوری ئەرمینیا و باکوری سنوری تورکیا لەگەڵ سوریا و ناوچەی میزۆپۆتامیا هەروەك چۆن لە ماددەی (٢٧) لە بەشی دووەمی (٢) و (٣) دیاری کراوە. ئەگەر نەگەیشتنە ڕێکەوتن و کۆدەنگی ئەوا مەسەلەکە دەخرێتە بەردەم هەرسێ حکومەت، کە دەبێ پرۆژەکە گەرەنتی مافی ئاشوری و کلدانی و کەمینە ئاینی و نەتەوەییەکانی تر بکات کە لەو ناوچانە دەژین. بۆ هەمان مەبەست لیژنەیەکی تری مەیدانی لە نوێنەری بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتاڵیا و فارس و کورد پێك دێت و سەردانی ئەو شوێنانە دەکەن و لە کاتی پێویست هەموارکردن لە سنوری تورکی دەکەن بەو پێیەی کە لەگەڵ ئەو پەیماننامەیە بگونجێت لەگەڵ سنوری فارس.

(١) عبدالرحمن سليمان الزيباری، سەرچاوەی پێشوو، لا٤٥.

**مادده‌ی(٦٣):** حكومه‌تی توركی رازیه به‌بریاره‌كانی هه‌ردوو لیژنه‌ی كه له مادده‌ی (٦٢) دیاری كراون، دوای سێ مانگ كه بریاره‌كان ده‌گه‌نه ئه‌و حكومه‌ته .

**مادده‌ی (٦٤):** ئه‌گه‌ر دوای ساڵێك له جێبه‌جێ كردنی ئه‌و په‌یماننامه‌یه بۆ كۆمه‌ڵه‌ی گه‌لان روون بووه‌وه كه گه‌لی كورد له‌و ناوچانه‌ی له مادده‌ی (٦٢) دیاری كراون داوای سه‌ربه‌خۆیی ده‌كات توانای خۆبه‌ڕێوه‌بردنیشی هه‌یه، ئه‌وا سه‌ربه‌خۆیی وه‌رده‌گرێت و توركیاش رازیه به‌و راسپارده‌یه و له هه‌موو مافه‌كانیشی خۆش ده‌بێت له ناوچه‌كه[1].

په‌یماننامه‌ی سیڤه‌ر یه‌كه‌م هه‌وڵی به‌نێوده‌وڵه‌تی كردنی مه‌سه‌له‌ی كورد بوو، به‌ڵام نه‌كه‌وته‌واری جێبه‌جێ كردن و له ساڵی ١٩٢٣ به پێی په‌یماننامه‌ی لۆزان مافه‌كانی كورد په‌راوێز خران. بڕیاری (٦٨٨)ی ئه‌نجومه‌نی ئاسایشی نێوده‌وڵه‌تی له (٥)ی نیسانی ساڵی ١٩٩١ له دوای په‌یماننامه‌ی سیڤه‌ر دووه‌م هه‌وڵی به‌نێوده‌وڵه‌تی كردنی مه‌سه‌له‌ی كورد بوو له هه‌رێمی كوردستانی عێراق، بۆیه هه‌وڵده‌ده‌ین به‌درێژی روونی بكه‌ینه‌وه.

## دووه‌م: بنه‌ماكانی بڕیاری (٦٨٨)ی ئه‌نجومه‌نی ئاسایش

پرنسیپی ده‌ست تێوه‌رنه‌دان( عدم التدخل)[2]پرنسیپێكی بنه‌ڕه‌تیه له چارتی نه‌ته‌وه یه‌كگرتووه‌كان و یاسای نێوده‌وڵه‌تی. به پێی چارتی نه‌ته‌وه یه‌كگرتووه‌كان له مادده‌ی دوو له بڕگه‌كانی(٣،٤،٧) هه‌روه‌ها له مادده‌ی (١٠٠) له برگه‌كانی (٢،١) هه‌روه‌ها له مادده‌كانی (٧٦،٧٤) ده‌ست تێوه‌ردان قه‌ده‌غه‌كراوه، به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ش كۆمه‌ڵێك ریزپه‌ر (استثناءات) له‌سه‌ر پرنسیپی ده‌ست تێوه‌رنه‌دان دروست بوونه[3]. گرنگترین ئه‌و ریزپه‌رانه‌ش بریتین له:

(١) صلاح سعدالله، المسالة الكردية في العراق، ط١، مكتبة مدبولي، اقاهرة، ٢٠٠٦، لا ٧٧. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانه: د. مارف عومه‌ر گوڵ، كێشه‌ی كه‌سایه‌تی یاسایی نێوده‌وڵه‌تی گه‌لی كورد، چاپی دووه‌م، سه‌نته‌ری لێكۆڵینه‌وه‌ی ستراتیژی كوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٥، لا٥٨.
هه‌روه‌ها د.مارف عومه‌ر گوڵ، مه‌سه‌له‌ی كورد له رێكه‌وتنامه نیوده‌وڵه‌تییه‌كان ی سه‌رده‌می جه‌نگی یه‌كه‌می جیهانیدا، گۆڤاری سه‌نته‌ری لێكۆڵینه‌وه‌ی ستراتیجی، ژماره (٤٩)، ئابی ٢٠٠٦، لا ٩٣-١٠٥.

(٢) به كرمانجی ژوورو ده‌ست تێوه‌رنه‌دان به مانای مایه‌تێنه‌كردن دێت (Non intervention) .

(٣) له‌سه‌ر ره‌وایه‌تی و ناره‌وایه‌تی ده‌ست تێوه‌ردان جیاوازی هه‌یه، به‌ڵام له‌سه‌ر ده‌ست تێوه‌ردانی مرۆیی له‌دوای كۆتایی هاتنی جه‌نگی سارد كۆده‌نگی یه‌ك له‌نێو كۆمه‌ڵگای نێوده‌وڵه‌تی دروست بوو.



ا-ده‌ست تێوه‌ردان له‌سه‌ر بنه‌مای بوونی په‌یماننامه‌یه‌ك. بۆ نموونه‌ی ئه‌و په‌یماننامه‌یه‌ی له‌نێوان كۆریا و یابان له ساڵی ١٩٠٥ به‌سترا بۆ ده‌ست تێوه‌ردانی یابان له كۆریا.

ب-ده‌ست تێوه‌ردان له‌سه‌ر بنه‌مای بانگهێشت (دعوة) بۆ نموونه ده‌ست تێوه‌ردانی ولایه‌ته یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مریكا بۆ لوبنان له ساڵی ١٩٥٨ له‌سه‌ر بانگهێشتی لوبنان.

ج-ده‌ست تێوه‌ردان دژی ده‌ست تێوه‌ردان، بۆ نموونه ده‌ستێوه‌ردانی نه‌ته‌وه یه‌كگرتووه‌كان له دژی ده‌ستێوه‌ردانی عێراق له كوێت له ساڵی ١٩٩٠.

د-ده‌ست تێوه‌ردان له باری دروست بوونی شۆرش و شه‌ڕی ناوخۆ،بۆ نموونه ده‌ست تێوه‌ردانی ده‌وڵه‌تانی ئه‌وروپی له جه‌نگی ناوخۆیی ئیسپانیا له ساڵی ١٩٣٦.

ه-ده‌ست تێوه‌ردان بۆ به‌رگری كردن له خود.

و-ده‌ست تێوه‌ردانی مرۆیی[1].

ئه‌وه‌ی ئێمه مه‌به‌ستمانه ده‌ست تێوه‌ردانی مرۆییه. له دوای كۆتایی هاتنی جه‌نگی سارد ئه‌و چه‌مكه زیاتر هاته پێش و مافی نه‌ته‌وه‌یی ده‌وڵه‌ت و كه‌مینه‌كان له چوارچێوه‌ی سه‌روه‌ری ناوخۆیی ده‌وڵه‌ت هاته ده‌رو بووه مه‌سه‌له‌یه‌كی نێوده‌وڵه‌تی و به‌نێوده‌وڵه‌تی كران[2].

دوای ئه‌وه‌ی ده‌سه‌ڵاتی عێراق له ساڵی (١٩٩٠) ده‌ست درێژی كرده سه‌ر كوێت و داگیری كرد، كۆمه‌ڵگای نێوده‌وڵه‌تی به‌رامبه‌ر ئه‌و ره‌فتاره به توندی هاتنه ده‌نگ و به پێی مادده‌ی (٤٢)ی چارتی (UN) هێزی سه‌ربازیان دژی عێراق به كارهێناو له پرۆسه‌ی ره‌شه‌بای بیابان (desertserom) توانا سه‌ربازیه‌كانی عێراق لاواز كران، (جۆرج بۆشی باوك) سه‌رۆكی ئه‌وكاتی ئه‌مریكا هانی گه‌لانی عێراقی دا بۆ راپه‌رین[3].

له پێناو سود وه‌رگرتن له‌و ده‌رفه‌ته له (٥)ی ئاداری ساڵی ١٩٩١ راپه‌رینی گه‌لی كوردستان ده‌ستی پێكرد و تا (٢٠)ی ئادار سه‌رجه‌م شاره‌كانی كوردستان به كه‌ركوكیشه‌وه

(١) د. مهدي جابر، السيادة والتدخل الانساني،ط١، مؤسسة O.P.L.Cللطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠٤، لا ٥٠ . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانه: د. حسام احمد الهنداوي، التدخل الدولي الأنساني، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٩٦-١٩٩٧، لا٢١٧.

(٢) د. جاسم محمد زكريا، سه‌رچاوه‌ی پێشوو، لا٤٩٩.

(٣) محمد فهيم درويش، الشرعية الدولية وأزمة الخليج من الغزو الى التحرير، ط١، الزهراء للأعلام العربي، ١٩٩١، لا ١٦١ وئه‌وانی دواتر.

ئازادكران. له باشوری عێراقیش ڕاپەڕین دەستی پێكرد و له كۆی (١٨) پارێزگای عێراق (١٤) پارێزگا ئازادكران. دوایی له نێوان دەسەڵاتی عێراق و هاوپەیمانان له خێمەی سەفوان ڕێكەوتنێك كراو ڕژێمی عێراق به هەموو مەرجەكانی هاوپەیمانان ڕازی بوو.

له (٢٣)ی ئاداری ساڵی ١٩٩١ دوای ئەوەی ڕژێمی عێراق گلۆپی سەوزی لەلایەن هاوپەیمانان بۆ پێكرا دەستی كرد بەسەركوت كردنی ڕاپەڕین له كوردستان و باشوری عێراق و هەموو جۆره هێزێكی ئاسمانی و پیادەی بەكارهێناو خەڵكی كوردستان تێكڕا كۆڕەوێكی ملیۆنیان بەرەو سنورەكانی ئێران و توركیا دەست پێكرد[١]. پاڵه پەستۆی بێ شوماری پەنابەران وای كرد هەریەكه له حكومەتی توركیا[٢] و ئێران نامه ئاراستەی ئەنجومەنی ئاسایش بكەن بۆ دانانی سنورێك بەرامبەر كۆڕەوەكه.

پێشتریش له (١)ی نیسانی ساڵی ١٩٩١ سەركردایەتی بەرەی كوردستانی یادداشتێكیان ئاراستەی سكرتێری گشتی نەتەوه یەكگرتووەكان و پێنج ئەندامه هەمیشەییەكەی ئەنجومەنی ئاسایش كرد و داوایان كرد كۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەئەركی مرۆیی و ئەخلاقی خۆی هەڵبستێت و ڕێگا بگرێت لەو مەرگەساتەی كه كورد دووچاری بۆتەوه. نامەیەكی جیاش درایه (هلموت كول)ی ڕاوێژكاری ئەڵمانیا[٣].

سەرۆكی فەرەنسا (فرنسوامیتران) نوێنەری تایبەتی خۆی (د. برنارد كۆشنەر)[٤] ناردە توركیا به مەبەستی گفتوگۆكردن لەگەڵ توركیا لەسەر ئامادەكردنی پڕۆژه بڕیارێك بۆ

(١) كۆڕەوەكەی گەلی كوردستان گەورەترین كۆڕەو بوو له دوای كۆڕەوەكەی ئەفغانییەكان بۆ پاكستان له ساڵی ١٩٨٠.

(٢) له (٢) ی نسانی ساڵی (١٩٩١) ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی توركیا كۆبوونەوەیەكی به پەلەیان كرد و تیایدا مەترسی توركیایان لەسەر زۆری ژمارەی پەنابەرانی كورد له توركیا پیشان دا و وەك هەرەشەیەك بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی توركیا سەیریان كرد.

(٣) عومەر نوردەینی، سەروەری دەوڵەت و پەیوەندی به دۆزی كوردەوه، چاپی یەكەم، چاپ خانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٥، لا٩٧.

(٤) د. برنارد كوشنەر: ئەو كات وەزیری دەوڵەت بوو بۆ كاروباری مرۆیی، هەروەها دواتر بووه وەزیری تەندروستی و دامەزرێنەری كۆمەڵەی پزیشكانی بێ سنوور بووه. (كۆشنەر) دۆستی گەلی كوردستانه و له



ئەنجومەنی ئاسایش لەسەر كۆڕەوەكەی گەلی كوردستان. پڕۆژه بڕیارەكه لەلایەن فەرەنسا و توركیا ئامادەكراو له ئێوارەی (٥)ی نیسانی ساڵی ١٩٩١ لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دوای كۆمەڵێك هەمواركردن بڕیاری (٦٨٨) ڕەزامەندی لەسەر درا[١].

ئەمەی خوارەوه دەقی بڕیارەكەیه [٢]

(ئەنجومەنی ئاسایش، ڕەچاوی ئەرك و بەرپرسیارێتی خۆی، به گوێرەی چارتی نەتەوەیەكگرتووەكانەوه سەبارەت به پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەكات، هەروەها ئاماژه به بڕگەی حەوتەمی ماددەی دووەمی چارتی نەتەوه یەكگرتووەكان، زۆرنیگەرانه له ئاست ئەو داپڵۆسینەی دانیشتوانی مەدەنی عێراق له چەند بەشێكی فراوانی عێراقدا دووچاری دێن و بەم دواییەش ناوچه كوردنشینەكانی گرتەوەو بووه مایەی پەرتەوازه بوونێكی فراوانی پەنابەران ڕووەو سنوره نیودەوڵەتییەكان و ڕوودانی چەندپەلامارێك بۆ سەر ئەو سنورانه به چەشنی هەرەشه بۆ ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لەو ناوچەیه دا بكات.

هەمدیس هەست به نیگەرانیەكی زۆر دەكات بەوەی مەردومی ئەوێ به هۆیەوه دووچاری ئێش و ئازارێكی سەخت هاتوونه، هەروا ئاگاداریشه بەو دوو نامەیەی كه یەك له دوای یەك (22435/s، 22442/s) له ڕێكەوتی (٣و٤)ی نیسانی ١٩٩١ لەلایەن هەریەك له نوێنەری هەمیشەیی توركیا و فەرەنسا له نەتەوه یەكگرتووەكان ئاراستەی سەرۆكی ئەنجومەنی ئاسایش كراون، هەروەها ئاگاداریشه دیسان به هەردوو نامەی ڕەوانەكراو له نوێنەری هەمیشەیی كۆماری ئیسلامی ئێران له نەتەوه یەكگرتووەكان بۆ ئەمینداری گشتی له ڕێكەوتی (٤،٣) نیسانی ١٩٩١ یەك له دوای یەك (22436/s، 22447/s) ڕەوانه كراون. لێرەشدا دووباره

ساڵی ١٩٩٢ هاته پەرلەمانی كوردستان و له ساڵی ١٩٩٩ تا ٢٠٠١ سەرۆكی دەسەڵاتی كاتی نەتەوه یەكگرتووەكان بوو له كۆسۆڤا. ئێستا وەزیری دەرەوەی فەرەنسایه .

(١) بڕیاری (٦٨٨) به زۆرینەی (١٠) دەنگ له ئەنجومەنی ئاسایش ڕەزامەندی لەسەر درا و هەریەكه له (كوبا، یەمەن، زیمبابۆی) دژی بڕیارەكه دەنگیان دا و (چین و هیند) یش هەر دەنگیان نەدا. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانه: عبدالرحمن سلیمان الزیباری، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٦٤

(٢) د. سعدی بەرزنجی- عبدالفتاح عبدالرزاق محمود، دەستێوەردانی مرۆیی نەتەوه یەكگرتووەكان له كوردستانی عێراق ( بڕیاری ٦٨٨)، توێژینەوه، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (٢١)، پاییزی ٢٠٠١، لا٧٠.

جەخت دەکاتەوە سەر پابەندبوونی سەرجەم ولاّتانی ئەندام لە بەرامبەر سەروەری عێراق و تێکرای ولاّتانی ناوچەکە و سەلامەتی هەرێمەکەیان و سەربەخۆیی سیاسیان.

هەروەها رەچاوی ئەو راپۆرتەش دەکات کە ئەمینداری گشتی لە رێکەوتی (٢٠)ی ئاداری ١٩٩١ (s/٢٢٣٦٦) بەوی سپاردووە.

١-سەرکۆنەی ئەو داپلۆسینە (قمع) دەکات کە دانیشتوانی سیڤیلی عێراقی لە زۆربەی بەشەکانی عێراق دووچاری دێن، هەروەك ئەوەی بەو دواییە ناوچە کوردنیشینەکانی گرتەوە، کە ئاکامەکانی هەرەشە لە ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکە دەکەن.

٢-داوا دەکات دەستبەجێ عێراق بۆ نەهێشتنی ئەو مەترسیە، کە هەرەشە لە ئاشتی و ئاسایشی نێودەولّەتی لە ناوچەکە دەکات، ئەو داپلۆسینە رابگرێ، ئومێدیش دەخوازێ بە هەمان ئاراستە گفتوگۆیەکی (دیالۆگ) کراوە ساز بکات بۆ زامنی رێزگرتن لە مافی مرۆڤ و مافە سیاسیەکانی تەواوی هاولاّتیانی عێراقی.

٣-سوورە لەسەر ئەوەی عێراق دەست بەجێ رێگە بدات بە گەیشتنی رێکخراوە مرۆییە نیودەولّەتییەکان بۆ فریاگوزاری هەموو ئەوانەی پێویستیان بە کۆمەك و یارمەتی هەیە و هەموو ئاسانکاریەکی پێویستیش بۆ کارەکانیان برەخسێنێ.

٤-داوا لە ئەمینداری گشتی دەکات لە هەولّە مرۆییەکانی لە عێراق بەردەوام بێ و دەستبەجێش ئەگەر کارەکە خواستی، شاندێکی دیکە رەوانەی ناوچەکە بکات و راپۆرتێك لەمەڕمەینەتی دانیشتوانی سیڤیلی عێراق بەتایبەتیش دانیشتوانی کورد ئەوانەی دووچاری جۆرەها داپلۆسین بوونەتەوە کە دەسەلاّتدارانی عێراق پیادەی دەکەن پێشکەش بکات.

٥-دیسان داوا لە ئەمینداری گشتی دەکات هەرچی داهاتی لە ژێر دەسەلاّتیدایە بەکاریان بهێنێ، بە داهاتی دەزگا پەیوەندیدارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە بۆ ئەوەی هەرچی زووە پێداویستیە بە پەلەکانی پەنابەران و دانیشتوانە ئاوارە بووەکانی عێراق دەستەبەر بکات.

٦-لە تەواوی ولاّتانی ئەندام و سەرجەم رێکخراوە مرۆییەکان دەخوازێ بەشداری ئەو هەولّە مرۆییانەی فریاگوزاری بکەن.

٧-داوا لە عێراق دەکات هاوکاری ئەمینداری گشتی بکات بۆ وەدەست هێنانی ئەو ئامانجانە.

٨-بڕیار دەدات ئەو مەسەلەیە بەردەوام لەبەرچاو بمێنێتەوە).



بڕیاری (٦٨٨) سەرەتایەکی گرنگ و گۆرانێکی گەورە بوو لە یاسای نێودەولّەتی، چونکە یەکەم جار بوو ئەنجومەنی ئاسایش بڕیارێك دەربکات و تیایدا داپلۆسینی ناوخۆ(قمع الداخلي) بە مەترسی دابنێت بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەولّەتی.گەر لێکدانەوەیەك بۆ ناوەرۆکی بڕیاری (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایش بکەین دەبینین سێ رەهەندی تێدایە بەم شێوەیە:

أ-رەهەندی مرۆیی

ب-رەهەندی یاسایی

ج-رەهەندی سیاسی[1]

## سێیەم: سروشتی یاسایی بڕیاری (٦٨٨)

لەسەر پابەندی (الزامی) بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش رای جیاواز هەن، هەندێ پێیان وایە کە ئەوەی لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایش دەربچێت ئەوا هێزی پابەندی هەیە، چونکە دەولّەتانی ئەندام لە نەتەوەیەکگرتووەکان بە پێی چارتی (UN) بەلّێنیان داوە کە پابەندبن بە بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش، جا ئەو بڕیارانە لە ژێر بەشی شەشەم یان حەوتەمی چارت دەرچووبن.

زۆرینەی رایەکان لەگەلّ ئەوە دان کە ئەو بڕیارانەی لە ژێر بەشی حەوتەمی چارتی (UN) دەردەچن هێزی پابەندیان زیاترە لەو بڕیارانەی لە ژێر بەشی شەشەم دەردەچن، چونکە بڕیارەکانی بە پێی بەشی حەوتەم دەردەچن گرێمانی بەکارهێنانی هێزی سەربازیشی تێدایە، بەلاّم بڕیارەکانی کە بە پێی بەشی شەشەم دەردەچن بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکیە نیودەولّەتییەکان ە (تسوية المنارعات الدولية) لە رێگەی ئاشتیانە.

بۆ ناسینەوەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش ئاخۆ هێزی پابەندیان هەیە یان وەك راسسپاردە دەرچوونە دیسان تێڕوانینی جیاواز هەن[2]. هەندێك بە پێی پێوەری شکلی لێکیان جیادەکەنەوە، واتە بە پێی ئەو دەربڕین و ووشانەی کە بەکارهاتوون لە بڕیارەکە. هەندێکی تر بە پێی پێوەری ئەو دەسەلاّتەی کە ئەنجومەنی ئاسایش بەکاری دەهێنێ جیایان دەکەنەوە، ئاخۆ

(١) د. عبدالحسين شعبان، السيادة و مبدأ التدخل الأنساني، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل، ٢٠٠٠، ل٢١-٢٦.

(٢) د. عبدالفتاح عبدالرزاق، مبدء عدم التدخل والتدخل في القانون الدولي العام، ط١، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠٢، ل٤٨٤ وئەوانی دواتر.

بڕیارەکە بە پێی بەشی حەوتەمی چارتی (UN) دەرچووە یان شەشەم، ئەگەر بە پێی بەشی حەوتەم بوو ئەوا بڕیارەکان پابەندن، ئەگەر بە پێی بەشی شەشەم بوو راسپاردەن و پابەندنین، بەڵام ئەو پێوەرانە ووردنین و دەبێ پێوەری گشتگیر هەبێت بۆ دیاری کردنی هێزی یاسایی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش لە رووی ئەو دەربڕینانەی بەکارهاتوون. هەروەها دارشتنی بڕیارەکە و ئەو بەشەی کە بڕیارەکە پشتی پێ بەستووەو هەموو هۆکارەکانی تریش[1]. سەبارەت بە بڕیاری (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایش لێکدانەوەو ڕای جیاواز هەن.

بەشێکی کەمی لێکدانەوەکان بۆ ئەوە دەچن کە بڕیاری (٦٨٨) لە ژێر بەشی شەشەمی چارت (UN) دەرچووە. یەکێك لەوانە (د.عەبدول حوسێن شەعبان)ە کە پێی وایە بڕیاری (٦٨٨) جیاوازە لە هەموو بڕیارەکانی تری تایبەت بە عێراق و لە ژێر بەشی شەشەمی چارتی UN))دەرچووە[2]. هەروەها ( بترس بترس غالی) سکرتێری گشتی پێشووی(UN)دەڵێ بڕیاری (٦٨٨) لە ژێر بەشی حەوتەم دەرنەچووە. هەروەها توێژەری ئەمریکی مۆرفتس (Morphets) پێی وایە بڕیاری (٦٨٨) بەو بڕیارانە ناچێت کە لە ژێر بەشی حەوتەم دەرچوونە[3]. بەرامبەر ئەوانەش بەشی زۆری رایەکان لەگەڵ ئەوەن کە بڕیاری (٦٨٨) لە ژێر بەشی حەوتەمی چارتی (UN) دایە و هێزی پابەندی تەواویشی هەیە.

هەرچەندە بڕیارەکە ئاماژەی بەوە نەکردوە لە ژێر کامە بەشی چارت دەرچووە، بەڵام هەروەك مامۆستامان (د. شێرزاد نەجار) پێی وایە کە بڕیارەکە ئاماژەی بۆ لایەنێکی گرنگ کردوە ئەویش هەرەشە کردن لەسەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتییە. ئەمەش لە چوارچێوەی بەشی حەوتەم دایەو پێویستە ڕێوشوێنەکانیش (اجرائات) بە پێی ماددەکانی (٣٩-٤٥)ی چارتی (UN) وەربگیرێن.

ئەو پێی وایە هۆکاری ئاماژە نەکردن بۆ بەشی حەوتەمی چارت دەگەڕێتەوە بۆ ناکۆکیە سیاسیەکانی دەوڵەتانی ئەندام لە ئەنجومەنی ئاسایش[4]. هەروەها مامۆستامان (د. سەعدی

(١) هەمان سەرچاوە، ل٣٨٤-٣٩٣.

(٢) د. عبدالحسين شعبان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦.

(٣) د.پشتیوان علي عبدالقادر، القيمة القانونية الدولية لقرار مجلس الامن الدولي المرقم٦٨٨ لسنة١٩٩١، باسی بلاوکراوە، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە(٧)، تشرینی یەکەمی ،٢٠٠٧، ل٨٧

(٤) لەبەشداری کردنێکی (مداخلة) د. شێرزاد نەجار لە کۆڕێکی د. عەبدول حسێن شەعبان لە ئاداری ساڵی ٢٠٠٠ لە هەولێر وەرگیراوە، ئاماژەی پێدراوە لە: د.عبدالحسين شعبان، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢.



بەرزنجی) هەمان ڕای هەیە و پێی وایە بڕیاری (٦٨٨) هێزی پابەندی هەیە و لە ترسی ڤیتۆی روسیا و چین ئاماژە بۆ بەشی حەوتەمی چارت نەکراوە. هەروەها (سادق بلادی) دەڵێ، بڕیاری (٦٨٨) تاقە بڕیارنیە کە ئاماژەی بۆ نەکراوە ئاخۆ بە پێی کامە بەشی چارت دەرچووە، بەڵکو بڕیاری تریش هەن پابەندن و ئاماژەشیان پێ نەکراوە، بۆ نموونە بڕیاری (٦٢٢) هەروەها بڕیاری (٧٧٣) تایبەت بە عێراق و کوێت ، ئاماژە نەکراوە بە پێی چ بەشێك دەرچوونە، کەچی بڕیاری پابەندن و دەکەونە ژێر بەشی حەوتەمی چارت، بۆیە ئەو وای دەبینێ کە بڕیاری (٦٨٨) لە ژێر بەشی حەوتەم دایە[1]. هەروەها (د. مستەفا ئەنساری) هەمان ڕای هەیە و پێی وایە بڕیاری (٦٨٨) پابەندەو لە ژێر بەشی حەوتەم دایە[2]. هەروەها توێژەری سویدی (Urquart) ڕای وایە کە بڕیارەکە لە ژێر بەشی حەوتەم دەرچووە. (د.پشتیوان عەلی) یش پاڵپشتی لە هەمان بۆچوون دەکات[3].

بڕیاری (٦٨٨) لە چەند بڕگەیەك پێك هاتبوو لە ناوخودی ئەو بڕگانەش جیاوازی هەبوو لە رووی هێزی پابەندی. بۆ نموونە بڕیارەکە داوا لە عێراق دەکات داپلۆسین رابگرێت، هەروەها بڕیارەکە داوا لە سکرتێری گشتی (UN) دەکات هەوڵە مرۆییەکانی لە عێراق پەرەپێبدات، کەواتە بڕیارەکە لەو دوو خاڵە پابەندە، چونکە ئەوەی یەکەم ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی خستۆتە مەترسی و ئەوەی دووەمیشیان ئەرکی خۆیەتی و دەبێ بە ئەرکەکانی هەڵبستێت، بەڵام لە بڕگەیەکی تر بانگهێشتی ڕێکخراوە مرۆییەکان و دەوڵەتانی ئەندام لە (UN) دەکات بۆ پێشکەش کردنی فریاگوزاری ئەمەیان پابەندنیە[4].

بنەماکانی دروست کردنی ناوچەی ئارام و هەرێمی نەفرین لە هەرێمی کوردستان لە بڕیاری (٦٨٨) سەرچاوەی گرتبوو، بێدەنگی ئەنجومەنی ئاسایش بەرامبەر ئۆپەراسیۆنی پرۆڤایت کۆمفۆرت و پارێزگاری سەربازی لە هەرێمی کوردستان لەلایەك و بەشداری (UN) لە یارمەتیە فریاگوزاریەکان لەلایەکی تر خۆی لە خۆیدا پابەندی بڕیارەکە دەسەلمێنێ[5].

(١) عبدالرحمن سليمان الزيباري، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٢-٢٧٣.

(٢) د. مصطفى الأنصاري، العراق و الأمم المتحدة، بنك المعلومات العراق، ١٩٩٨، ل٦٦-٧٠.

(٣) د.پشتیوان علی عبدالقادر، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٨

(٤) عبدالفتاح عبالدرزاق، مبدء عدم التدخل والتدخل في القانون الدولي العام، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٤-٣٩٣.

(٥) عبدالرحمن سليمان الزيباري، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٥-٢٧٧.

بڕیاری (٦٨٨) کۆمەڵێك خـاڵی لاوازی تێـدابوو لـە هەمووشـیان گـرنگتر ئـەوە بـوو کـە بڕیارەکە ڕۆشن نەبوو، لە ڕووی ناوەڕۆك و ئەو بەشەش کە چارتی (UN) پشتی پـێ بەسـتووە. هەروەها بڕیارەکە میکانیزمی جێبەجێ کردنی ڕێوشوێنەکانی دیاری نـەکردبوو، کـە پێویـست بوو دەسەڵاتی عێراق بیان گرێتە بەر. بڕیارەکە هیچ بڕگەیەکی تێدانـەبوو بـۆ دادگـایی کردنـی پێشێل کارانی مافی مرۆڤ لە عێراق بەرامبەر خەڵکی سیڤیل. هەروەها یـەکێك لـە بڕگـەکانی بڕیارەکە داوا لە دەسەڵاتی عێراق دەکات گفتوگۆیەکی کراوە ئەنجام بدات، بەڵام دیاری نەکردوە ئەو گفتوگۆیە لەگەڵ کێ ئەنجام بدات. لە بڕگەی کۆتایی بڕیارەکە هاتووە کەمەسەلە کە لە ژێر چاودێری دادەبێت، بەڵام وێرای پێشێل کردنی بەردەوامی مافەکانی مرۆڤ ئەنجومەنی ئاسـایش چاوی بە مەسەلەکە دا نەخشاندەوە.

لەگەڵ ئەوانەش بڕیارەکە کۆمەڵێك خاڵی زۆر باشی تێدابوون. بۆ نموونە بڕیـاری (٦٨٨) بـووە پێشینەیەکی نێودەوڵەتی گرنگ، لە دوای ئەو بڕیارە ئەنجومەنی ئاسـایش لـە زۆر شـوێنی تـریش دەست تێوەردانی مرۆیی ئەنجامدا، وەك تەیموری خۆرهەڵات و کۆسۆڤا و دارفۆر کە لـە باسـەکانی تری ئەو بەشە ڕوونیان دەکەینەوە. هەروەها بڕیارەکە وەرچەرخانێکی گـرنگ بـوو لـە مەسـەلەی کورد ڕووی دا، لە تەوەری دووەم زیاتر ڕوونی دەکەینەوە، هەروەها بڕیارەکە بنەمایـەکی یاسـایی گرنگ بوو بۆ پارێزگاری لە هەرێمی کوردستان و دورست بوونی نەوای ئارام[1].

(١) هەمان سەرچاوە، لا ٢٨١-٢٨٤. بۆزیاتر زانیاری لە سەر خاڵە گرنگ و لاوازەکانی بریاری ٦٨٨ بروانـە:

د. پشتیوان علی عبدالقادر، سەرچاوەی پێشوو، لا٨٩-٩٥. هەروەها:

د. عبـدالله عبـدالطيف المسلماني، نظـرات في القـانون الـدولي، مطـابع عبـور الحديثـة، القـاهرة، ٢٠٠٥، لا٢٩٣-٢٩٥.

هەروەها: عبالفتاح عبدالرزاق، مبدء عـدم التـدخل والتـدخل في القـانون الـدولي العـام، سەرچـاوەی پێـشوو، لا٣٨٤و ئەوانی دواتر.

# تەوەری دووەم

## پارێزگاری نێودەوڵەتی و پێگەی یاسایی هەرێمی کوردستانی عێراق

### یەکەم: پارێزگاری نێودەوڵەتی بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق

دوای دوو ڕۆژ لە دەرچوونی بڕیاری (٦٨٨) سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتی تورکیا (تۆرگۆت ئۆزاڵ) پێشنیاری کرد ناوچەیەکی ئارام (ملاذ الامن — safe haven) بۆ خەڵکی کوردستانی عێراق دەستەبەر بکرێت لە ژێر سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان. سەرۆکی ئەو کاتی ئەمریکا (جۆرج بۆشی باوك) لە ١٩٩١/٤/٧ بڕیاری دا کە فڕۆکەی سەربازی بنێرێت بۆ گەیاندنی یارمەتی فریاگوزاری بۆ ئاوارەکان، هەروەها وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (جیمس بیکەر) لە ١٩٩١/٤/٨ سەردانی تورکیای کرد و بۆ ماوەی (٧) دەقیقەش سەردانی کەمپێکی پەنابەرانی کوردی کرد و ڕایگەیاند (ئەوەی من بینیم پێویستی بەکارێکی نێودەوڵەتی گرنگ هەیە) هەروەها گوتی ئێمە ناتوانین کۆنترۆڵی ڕەوشەکە بکەین و خۆمان ناکەینە لایەن لەشەری ناوخۆی عێراق. دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ مەرگەساتی ئاوارەو پەنابەرانیان دەگواستنەوەو ئەمەش کاریگەری زۆری کردە سەر ڕای گشتی ڕۆژئاوا.

هەریەکە لە (فرانسوا میتەران)ی سەرۆکی ئەو کاتی فەرەنسا و (جۆن مێجەر)ی سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی بەریتانیا پاڵپشتی دانانی ناوچەی ئارامیان بۆ کورد کرد. ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ پێشنیارەکەنەبوو. هەڵوێستی سکرتێری گشتی (UN) یش ڕۆشن نەبوو. سکرتێری گشتی ئەو کات (خافیر پیریز دیکویلار) نوێنەری تایبەتی خۆی (أریك سوی) ناردە بەغدا بۆ چارەسەری کێشەی ئاوارەو پەنابەران، بەڵام ئەو نوێنەرە نەیتوانی بە ڕۆڵی



خۆی هەڵبستێت، بۆیە لە جێگای ئەو (سەدرەدین ئاغا خان) وەك نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی لە عێراق دەست نیشان کرا[(١)].

بەهۆی زۆر بوونی پاڵەپەستۆکان بەتایبەتی کاریگەری بەریتانیا و فەرەنسا لە (١٠)ی نیسانی ساڵی ١٩٩١ (جۆرج بۆش) دەسەڵاتی عێراقی ئاگادار کردەوە کە نابێ هیچ فڕۆکەیەکی شەرکەر و هیچ پرۆسەیەکی سەربازی لە هێڵی باکوری (٣٦) هەڵبفڕێنی و ئەنجام بدات، چونکە ئەمە مەترسی هەیە بۆ فڕۆکەکانی ئەمریکا کە کاری فریاگوزاری دەکەن. ولایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا فڕۆکەی شەڕکەری ناردە بنکەی ئەنجەرلیکی تورکی بۆ پابەندکردنی عێراق بەناوچەی نەفڕین، بۆ ئەمەش تورکیا ڕازی بوو بۆ شەش مانگ بنکەی ئەنجەرلیك بەکاربهێنن و دواتریش بە پێی پێویست ماوەکە درێژ بکرێتەوە، ئەو پرۆسەیەش پێی دەگوترێ قەدەغەکردنی فڕینی ئاسمانی (non-fly zoon) لە ناوچەی باکوری هێلی (٣٦)[(٢)].

پرۆسەی دەستەبەرکردنی حەسانەوە (عملية توفير الراحة — operation provide comfort) دوای ڕەزامەندی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئێوارەی (١٦)ی نیسانی ساڵی ١٩٩١ هاتە دی. بە پێی ئەو پرۆسەیە هێزەکانی هاوپەیمانان دەسەڵاتی عێراقیان ناچار کرد بە درێژایی ١٢٠ کم و پانی ٥٠کم پاشە کشە بکات، دواتر قۆناغ بە قۆناغ ناوچەی ئارام فراونتر کرا. تا کۆتایی ئایاری ١٩٩١نزیکەی بیست هەزار سەرباز کە سەربە (١١) دەوڵەت بوون بۆ پارێزگاری لە کورد ڕەوانەکران.

هەروەها سکرتێری گشتی (UN) لە ڕێگای نوێنەری تایبەتی خۆی (سەدرەدین ئاغا خان) هەوڵەکانی بۆ کۆمەکی مرۆیی خستەگەر و کارمەندانی (UN) هاتن بۆ کوردستان، بەڵام لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراق تەگەرە دروست دەکران و ژمارەیەکیش لە کارمەندانی (UN) لەلایەن ڕژێمی عێراق تیرۆر کران[(٣)].

---

(١) د. فازل زەهاوی، بڕیاری ژمارە (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایش و سەرەنجامە دەولی یەکانی، توێژینەوە، گۆڤاری سیاسەتی دەولی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، ژمارە (٣)، تشرینی یەکەمی ١٩٩٣ ، لا٣١وئەوانی دواتر.

(٢) عبدالرحمن سليمان الزيباری، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٨٦ و ئەوانی دواتر.

(٣) د. جاسم تۆفیق خۆشناو، دە خالەتی مرۆڤانە لەکوردستان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، لا١٠٣.

له ئایاری ١٩٩١ هێزه فرەرەگەزەکان ناوچەیەکی ئارامیان له هەرێمی کوردستان دامەزراند و له حوزەیرانی ساڵی ١٩٩١ سەرجەم پەنابەران گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان و هەر لەو بەرواره هێزه فره ڕەگەزەکان به شێوەی قۆناغ دەستیان به کشانەوە کرد له هەرێمی کوردستان و تامانگی تەمموزی ١٩٩١ سەرجەم هێزەکان کشانەوه[١]. له پێناو دووباره نەبوونەوەی ئەو مەرگەساتەی که له کۆڕەوەکە رووی دا، هاوپەیمانان هێزێکی بەرپەرچ دانەوەی خێرایان له سلۆپی خاکی تورکیا دانا که (٥) میل له سنوری عێراق دووره. ئەو پرۆسەیەش ناسراوه به چەکوشی ئاماده (المطرقة المتأهبة— operation poise hammer)، بۆ ئەوەی لەکاتی هەر پەلامارێکی عێراق رەتی بدەنەوە. له ئەیلولی ساڵی ١٩٩١ ئەو هێزانەی سلۆپی کشانەوه بنکەی ناتۆ له باشووری تورکیا. له ساڵی ١٩٩٢ سەنتەری هەماهەنگی سەربازی (mcc) دروست بوو که پێك هاتبوو له هێزەکانی (ولایەته یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا و تورکیا) ئەمەش بۆ سەرپەرشتی کاری فریاگوزاری و چاودێری سەربازی و لێکۆڵینەوه لەو راپۆرتانەی سەبارەت به پێشێل کاریەکانی عێراق بەرامبەر بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش روودەدەن. پرۆسەی چەکوشی ئاماده له (٢٠٠٠) هەزار سەرباز پێك هاتبوو هەروەها له ساڵی ١٩٩٧ ناوی ئەو هێزه بووه (هێزی چاودێری باکور)[٢]. سەرۆکی پێشووی ئەمریکا (بیل کلنتۆن) له تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٩ سەردانی تورکیای کرد و رایگەیاند که ولایەته یەکگرتووەکانی ئەمریکا سووره له سەر بەردەوامی پارێزگاری گەلی کوردستانی عێراق[٣].

## دووەم: پێگەی یاسایی هەرێمی کوردستانی عێراق له ژێر بڕیاری (٦٨٨)

بڕیاری (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی وەرچەرخانێکی گرنگ بوو بۆ مەسەلەی کورد له کوردستانی عێراق، دانانی ناوچەی ئارام به پێی بڕیاری (٦٨٨) له دوای پەیماننامەی سیڤەر به گەڕانەوەی دووەم دادەنرێت بۆ به نێودەوڵەتی کردنی مەسەلەی کورد[٤]. (جیرارد

(١) د. عبدالله عبداللطيف المسلماني، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٣-٢٩٥.

(٢) عبدالفتاح عبدالرزاق، مبدء عدم التدخل والتدخل في القانون الدولي العام، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩٧-٤١٣.

(٣) عبدالرحمن سليمان الزيباري، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٦-٢٩٦.

(٤) د. نجدت صبري ئاکرەیی، الأطار القانوني للأمن القومي، رسالة دكتوراه، ط١ مطبعة زانكو، اربيل، ٢٠٠٤، ل ١٩٧.



جالیاد) پسپۆری فەرەنسی نێودەوڵەتی له بواری بزوتنەوە رزگاریخوازەکان دەڵێ، دوای ساڵی ١٩٢٠ یەکەم جاره له ناوەندێکی باڵای فەرمی وەك ئەنجومەنی ئاسایش گفتوگۆ لەسەر مەسەلەی کورد بکرێت.

هەروەها (د.عەبدول حوسێن شەعبان) پێی وایه دابین کردنی نەوای ئارام و بڕیاری (٦٨٨) گەڕانەوەی دووەمی کورده لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی[١]. بڕیاری (٦٨٨) بووه بنەمای پارێزگاری نێودەوڵەتی لەسەر هەرێمی کوردستان و دابین کردنی ناوچەی ئارام و هەرێمی نەفرین. هەروەها بڕیارەکە مەسەلەی کوردی لەچوارچێوەی ناوخۆ بردە دەرو کردیه مەسەلەیەکی نێودەوڵەتی[٢]. بەر له هەموو شتێك بۆ ئەوەی بتوانین گفتوگۆ لەسەر پێگەی یاسایی هەرێمی کوردستان بکەین دەبێ دان بەوە دابنێین که بڕیاری (٦٨٨) بڕیارێکی پابەندەو هێزی یاسایی پابەندیشی هەیه. هەروەها هەموو رێوشوێنەکانی تریش که بۆ دەستەبەرکردنی نەوای ئارام له هەرێمی کوردستان له چوارچێوەی هێڵی (٣٦) کراون یاساین و درێژکراوەی بڕیارەکەن، چونکه گەر بڕیاری (٦٨٨) پابەندویاسایی نەبێت، ئەوا پرۆسەی نەوای ئارام و هەرێمی نەفرین و چەکوشی ئامادەش پابەندن و یاسایی نابن.

## ئایا هەرێمی کوردستان پێگەی یاسایی هەرێمێکی بەنێودەوڵەتی کراوی هەیه؟.

هەرێمی کوردستانی عێراق وێرای ئەوەی کەوته ژێر پارێزگاری نێودەوڵەتی، له ناوخۆش له (١٩)ی ئایاری ساڵی ١٩٩٢ به چاودێری نێودەوڵەتی هەڵبژاردنێکی گشتی ئەنجام دراو دەسەڵاتێکی خۆبەڕێوەبردنی سەربەخۆشی دانا. دامەزراوەکانی یاسادانان و جێبەجێ کردن و دادوەری به پێی هەڵبژاردن دامەزران. بەشێکی زۆری یاساکانی رژێمی پێشووی عێراق هەڵوەشانەوەو کۆمەڵێك یاسا و رێنمایی تازه لەلایەن دەسەڵاتی یاسا دانان دەرچوون. رێکخراوه نیودەوڵەتییەکان به فراوانی کاری مرۆیییان له هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدا و پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان و ئەو رێکخراوانه به شێوەیەکی فەرمی بەرێوەدەچوو.

(١) عبدالرحمن سليمان الزيباري، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨١-٢٨٤.

(٢) د. فازل زەهاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١-٥٢.

دوای دەرچوونی بڕیاری (٩٨٦) لە ساڵی ١٩٩٥ کە بە بڕیاری نەوت بەرامبەر خۆراك ناسراوە، بەشی تایبەت لە داهات بۆ هەرێمی کوردستان دیاری کرا بە ڕێژەی (١٣٪). ئەو خاڵانە روخساری هەرێمێکی بەنێودەوڵەتی کراو دەبەخشن، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەرێمی کوردستان پێگە یاساییەکەی جیاوازە لە هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکانی دیکە، چونکە لە نموونەکانی تر هەرێمەکان لەلایەن حاکمێکی نێودەوڵەتی یان نێردەیەکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی سەرۆکایەتی دەکرێن، بەڵام ئەوە لە هەرێمی کوردستان بەدی ناکرێت. هەروەها پەرلەمانی کوردستان لە ١٩٩٢/١٠/٤ بڕیاری دا کە هەرێمی کوردستانی عێراق ئارەزوو مەندانە سیستەمی فیدرالی لە چوارچێوەی عێراق هەڵدەبژێرێت، کەواتە هەرێمی کوردستان چارەنووسی سیاسی و دەستوری خۆی دیاری کرد لە چوارچێوەی عێراق.

لەلایەکی دیکە سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی لە ساڵی ١٩٩١ بە بێ چاودێری و بەشداری نێودەوڵەتی لەگەڵ دەسەڵاتی ئەو کاتی عێراق چووە نێوگفتوگۆ[1]، ئەمەش خاڵێکی تر بوو کەوای کرد مەسەلەی کورد ڕەهەندە نێودەوڵەتیەکەی کاڵتر ببێتەوەو بێتەوە چوارچێوەی ناوخۆی عێراق، تایبەتمەندیەکانی بەنێودەوڵەتی کردن لەسەر هەرێمی کوردستان جێبەجێ نابن، بەڵکو هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ تا ٢٠٠٣ پێگەیەکی تایبەتی بێ وێنەی هەبوو.

(١) سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی لە ساڵی ١٩٩١ لە کاتی گفت و گۆ لەگەڵ دەسەڵاتی پێشووی عێراق داوای لایەنی نێودەوڵەتی نەکرد بۆ چاودێری کردنی دانوسانەکان. لە ئەنجامی چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵ بەرێز(جەوهەر نامق سالم) لە ڕێکەوتی ١-١٢- ٢٠٠٧ ، کەئەو کات ئەندامی شاندی بەرەی کوردستانی بوو لە گفت و گۆکان ئەو زانیاریانەی پشت ڕاست کردەوە. هەروەها بۆ هەمان مەبەست پەیوەندییەکی تەلەفۆنیمان لە گەڵ بەرێز (فازڵ میرانی) سکرتێری مەکتەبی سیاسی (پ. د. ك) کردو ئەویش ئەوەی دووپات کردەوە کە سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی بەبێ گەرەنتی نێودەوڵەتی چووە نێو گفت و گۆکان. ڕۆژی پەیوەندی :١٢-١٢-٢٠٠٧. هەروەها بەرێز نەوشێروان مستەفا کە ئەوکات ئەندامی شاندی بەرەی کوردستانی بوو، لە زنجیرە وتاریکی بلاوکراوە لە ڕۆژنامەی(ڕۆژنامە) جەخت لە سەرهەمان ئەو رایە دەکاتەوە کە بەشدار نەبوونی لایەنی نێودەوڵەتی لە گفت و گۆکان خاڵێکی لاوازبووەو کاریگەریشی هەبوو لەسەر بێ ئەنجامی دانوسانەکان. بڕوانە:نەوشێروان مستەفا، مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی- بەعس(١٩٩١)، زنجیرە وتاری بلاوکراوە، ڕۆژنامەی(ڕۆژنامە)، ژمارە(١٥٥)، ٢٠٠٨/٢/١٠، ل٤.



مامۆستامان (د. سەعدی بەرزنجی) تێڕوانینی بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق لەو ماوە ئەوەیە کە هەرێمێکی پارێزراوی نێودەوڵەتییەو بارێکی تایبەتی بێ وێنەی (فرید) هەیە[1].

لە دوای روخانی رژێمی عێراق لە (٩)ی نیسانی ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن هاوپەیمانان بەبێ بوونی بریاری نەتەوەیەکگرتووەکان، هەرێمی کوردستان بە فەرمی و بە شێوەیەکی دەستوری وەك هەرێمێکی فیدرالی ناسرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەش باری یاسایی هەرێمی کوردستان تایبەتمەندی خۆی پاراست و تا ئێستاش بارێکی تایبەتی هەیە.

لەلایەك نەتوانراوە سیستەمی فیدرالی عێراق بە پێی دەستوری ٢٠٠٥/١٠/١٥ جێبەجێ بکرێت، لەلایەکی تریش دەسەڵات و تایبەتمەندیەکانی هەرێمی کوردستان جیاوازن لە سیستەمە فیدرالیەکانی تر کە لە دنیا پەیڕەو دەکرێن. هەروەك چۆن (هۆنگ کۆنگ) لە ساڵی ١٩٩٧ بووەوە بە شێك لە چین، بەڵام (هۆنگ کۆنگ) پارێزگاری لە رژێمی تایبەتی خۆی کرد و بە پێی سیستەمی (یەك دەوڵەت و دوو ڕژێم) گەڕایەوە بۆ چین. هەرێمی کوردستانیش وێرای ئەوەی وەك هەرێمێکی فیدرال بەشێکە لە عێراق، بەڵام سیستەمی یاسایی و دەستوری تایبەت بەخۆی هەیە[2]. هەرێمی کوردستان خاوەنی هێزی سەربازی خۆیەتی پەیوەندی دبلۆماسیش لەگەڵ دەرەوە گرێ دەدات و سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن دەوڵەتانی زلهێزی دنیا وەك سەرۆکی دەوڵەت پێشوازی لێ دەکرێت. بەپێی ماددەی (١٢١) برگەی (٤) لە دەستوری عێراقی فیدرال هەرێمی کوردستان دەتوانێ لەبوارەکانی کلتوری و کۆمەڵایەتی و گەشەپێدان نوسینگە لە باڵوێزخانەکانی عێراق بکاتەوە. هەروەها بەپێی هەمان مادده لە برگەی (٥)

(١) د. سعدي اسماعيل البرزنجي، المسألة الكوردية في القانون الدولي، وتاری بلاوکراوە، مجلة (گولان العربي)، العدد (٠) ، تموز ١٩٩٦، ل ٢٣.

هەروەها بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. سعدي البرزنجي، تجربة أقليم الكوردستان في قولبة وبناء نظام القانوني للاقليم بعد انتفاضة اذار عام ١٩٩١ المجيدة، باسی بلاوکراوە، گۆڤاری یاسا و رامیاری، ژمارە (٣)، ٢٠٠٥، ل٣٣.

(٢) بە پێی دەستوری عێراق فیدرال سەرۆکی کۆمار لەناو پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت، بەڵام بە پێی پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان سەرۆکی هەرێم بە دەنگدانی ڕاستەوخۆی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان هەڵدەبژێردرێت. بۆ زانیاری زیاتر بروانە: ماددەی ( ١٠٠) لەپرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان و ماددەی (٧٠) لە دەستوری عێراقی فیدراڵ.

هەرێمی کوردستان هێزی ناوخۆیی تایبەتی دەبێت، وەك پۆلیس و ئاسایش و پاسەوانی سنوور.هەروەها بەپێی ماددەی (١٤١) هەموو ئەو یاسایانەی کە لە ساڵی ١٩٩٢تا ٢٠٠٣ لە لایەن هەرێمی کوردستان دەرچوونە کاریان پێدەکرێت و ڕەوایەتیان هەیە.

ماددەی (١١٦) لە دەستوری عێراق دانی ناوە بە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بەهەرسێ دەسەڵاتەکەیەوە[1]. تارادەیەك سەربەخۆیی ئابووری لە هەرێمی کوردستان بەدی دەکرێت. لە ڕێگای هەڵبژاردن، جیا لە هەڵبژاردنی گشتی عێراقی فیدرال پەرلەمان هەڵبژێردرایەوەو دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و دادوەریش هەنگاوی باشیان بۆ پێشەوە ناوە. بۆیە هەرێمی کوردستان تا ئێستاش وەك هەرێمێکی دیفاکتۆی بێ وێنە بەدی دەکرێت و بارێکی تایبەتی هەیە.

سەبارەت بە شاری کەرکوك وێرای ئەوەی کە لە چوارچێوەی دەستوری عێراق ڕێوشوێنەکانی چارەسەر بۆ ناکۆکییەکان دانراون، بەڵام گرینگی شارەکە وای کردوە لە رووی نێودەوڵەتیش بایەخی پێبدرێت. بە پێی بڕگەی (ب) لە خاڵی (٤) لە ماددەی (٥٨)ی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق لە قۆناغی گواستنەوە، ئەگەر دەستەی سەرۆکایەتی عێراق نەیان توانی رێك بکەون لەسەر ئەو رێو شوێنانەی لە ماددەکە باسکراون بۆ چارەسەری کێشەی کەرکوك، ئەوا ئەنجومەنی سەرۆکایەتی داوا لە سکرتێری گشتی (UN) دەکەن کە کەسێتی یەکی نێودەوڵەتی شیاو دیاری بکات کە هەڵبستێت بەکاری ناوبژیوانی پێویست[2]. هەروەها لە برگەی یەکەمی ماددەی (١٤٠) لە دەستوری عێراق هاتووە کە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن دەبێ هەنگاوی پێویست بگرێتە بەر بۆجێ بەجێ کردنی هەموو برگەکانی ماددەی (٥٨) لە یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق لە قۆناغی گواستنەوە[3]. کەواتە لە ماددەی (١٤٠)یش پەنابردنە بەر نەتەوە یەکگرتووەکان لە کاتی نەگەیشتن بە ڕێکەوتن بوونی ماوە. ئەمە جگە لە گرنگی و بایەخی نێودەوڵەتی و هەرێمی بەکێشەی کەرکوك و پێشنیارەکانی بەنێودەوڵەتی کردنی هەرێمەکە لەلایەن کۆمەڵێك راپۆرت و کەسایەتی نێودەوڵەتی.

(١) بۆ زیاتر زانیاری بروانە: دەستوری عێراقی فیدرال پەسەندکراو لە راپرسی ١٥-١٠/٢٠٠٧.

(٢) قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية

(٣) دەستوری عێراقی فیدراڵ



شاری کەرکوك بەپێی هەموو بەڵگەنامەکان بەشێکە لە کوردستان، هیچ کاتێکیش گەلی کوردستان سازشی(مساومة) لە سەر کوردستانی بوونی ئەو شارە نەکردوە. بەنێودەوڵەتی کردنی کەرکوك شارەکە دەخاتە بەردەم کۆمەڵێك گریمان، لەوانەیە ببێتە هەرێمێکی سەربەخۆ یان بارێکی تایبەتی هەبێت یان لەگەڵ دووپارێزگای دیکە هەرێمێکی فیدرالی دروست بکات یان دێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام دوای چەند ساڵێکی دیکە. بۆیە ئێمە پێمان وایە بەنێودەوڵەتیکردنی شاری کەرکوك لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستاندانییە.

# باسی دووەم

## تەیموری خۆرهەڵات لە قۆناغی گواستنەوە

## (١٩٩٩-٢٠٠٢)

**دابەشکردن:**

**تەوەری یەکەم:** کورتەیەك لە مێژووی تەیموری خۆرهەڵات.

**تەوەری دووەم:** بەنێودەوڵەتی کردنی تەیموری خۆرهەڵات لە قۆناغی گواستنەوە.

# تەوەری یەکەم

## کورتەیەك لە مێژووی تەیموری خۆرهەڵات

تەیموری خۆرهەڵات کەوتۆتە باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا و دراوسێی هەریەکە لە ئوسـتراليا و ئیندۆنیزیا و فلیپینە. ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی یەك ملیۆن و نیوەو رووبەرەکەی بریتی یە لە (١٥٠٠٧)کـم٢، پایتـەختی تـەیمور (دیلـی)یـە[1]. زۆربـەی رەهـای دانیـشتوانی تـەیموری خۆرهەڵات بە ئاین مەسیحی کاسۆلیکن و کەمینەیەکیش مسوڵمانن، هەریەکە لە زمانـەکانی پورتوگالی و تیتۆم و ئیندۆنیزی و ئینگلیزی لە تەیمور قسەیان پێ دەکرێت . ئـابووری تـەیموری خۆرهەڵات بە پلەی یەکەم پشت دەبەستێت بە نەوتی خاو، گازی سروشتی، قاوە[2].

تەیموری خۆرهەڵات لە ساڵی (١٥٢٠)ی زاینی کەوتە ژێر دەستی پورتوگـال و لـە سـاڵی ١٧٠١ وەك ناوچەیەکی فەرمی کۆلۆنیالی پورتوگال ناسرا. لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانی لەساڵی ١٩٤٢ ئوستراليا لە خـاکی تـەیموری خۆرهـەڵات رووبـەرووی ژاپـۆن بووەتـەوەو لـە ئەنجامدا نزیکـەی (٥٠) هـەزار تـەیموری بوونـە قوربـانی کـە دەیکـردە ١٠٪ لـە تێکـرای دانیشتوانی تەیموری خۆرهەڵات.

ئیندۆنیزیا ناوچەیەکی کۆلۆنیالی هۆڵەندی بوو، لە سـاڵی ١٩٤٧ بەسـەرکردایەتی (ئەحمـەد سۆکارنۆ) سەربەخۆیی وەرگرت و لەدەستی هۆڵەنـدا رزگـاری بـوو، بـەڵام تـەیموری خۆرهـەڵات نەبووە بەشێك لە ئیندۆنیزیاو هەر لە ژێر دەسـتی کۆلۆنیالیـەتی پورتوگـال مایـەوە. لەسـاڵی

(١) معتصم محمد احمد عودة الله، جغرافيا العالم الجديد،ط١، دار أجنادين للنشر والتوزيع، رياض، سعودية، ٢٠٠٧، لا١٣٩.

(٢) راپۆرتێکی رۆژنامەوانی، بڵاوکراوە لە رۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە (٤٢٨)، ٢٠٠٧/٥/١٠، لا٦٦.



١٩٦٦ جەنەراڵ (سۆهارتۆ) کودەتایـەکی خوێنـاوی ئـەنجام داو لـە سـاڵی ١٩٦٩ هاتـە سـەر حوکم[1]. لەناوەڕاسـتی سـاڵی ١٩٧٤ هەریەکـە لـە یـەکێتی دیموکراتی تـەیموری (یـودت) و هاوبەندی تەیموری سۆسیالیستی دیموکرات کـە دواتـر بـووە (بـەرەی شۆڕشـگێڕی تـەیموری) و هاوبەندی تەیموری دیموکراتی (ئیودت) دروست بوون.

جولانەوەو نارەزایی دژی پورتوگال پەرەیان سەندو لەسەرەتای سـاڵی ١٩٧٥ پرۆژەیـەك بـۆ بەنێو دەوڵەتی کردنی تەیموری خۆرهەڵات پێشکەش کراو پورتوگال پرۆژەکەی رەتکردەوە.

لـە ١٩٧٥/٧/٢٩ بەسەرپەرشـتی پورتوگـال هەڵبـژاردنێك لـە تـەیمور ئـەنجام دراو بـەرەی شۆڕشگێری تەیموری توانی (٥٥٪)ی دەنگـەکان بەدەسـت بهێنێـت. رەوشـەکە بـەرەو ئـاڵۆزی رۆیشت و لەلایەن حزبی یودت هەوڵی کودەتا بەسەر حکومەتی پورتوگال درا، بەڵام هەوڵـەکان شکستیان هێنـا . لـە ١٩٧٥/٨/٢٧ حـاکمی پورتوگـال کـشایەوە لـە تـەیمور. لـەدوای ئـەوە ئیندۆنیزیا هەوڵەکانی خستە گەڕ بۆ دەست بەسەر داگرتنی تەیمورو لە ١٩٧٥/١٢/٧ هێزەکانی خۆی بەفراوانی ناردە سەر تەیمورو لە بەیانی ئەو رۆژە پایتەختەکـەی (دیلـی) داگیر کـرد. لـە ١٩٧٥/١٢/٢٢ نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو کارەی ئیندۆنیزیای بـەنارەوا دانـا و داوای کـرد بـە پەلە بکشێتەوە. لە ١٩٧٦/٤/٢٢ لە بریارێکی تـری نێودەوڵـەتی جـەخت لەسـەر نارەوایـەتی دەست بەسەر داگرتنی تەیموری خۆرهـەڵات کرایـەوە، بـەڵام سـۆهارتۆی سـەرۆکی ئینـدۆنیزیا بریاری دا کەتـەیمور هـەرێمی (٢٧)ە مـینی ئینـدۆنیزیا دەبێت. لـە سـاڵی ١٩٧٧ بـە دواوە رووبەرووبوونەوەکان دژوارتر بوون و هەر لەو ساڵە بەرەی شۆڕشـگێری تـەیموری رایگەیانـد کـە ٨٠٪ لە خاکی تـەیموری لـە ژێـر دەسـەڵاتی دایـە. لـە سـاڵی (١٩٧٨) ئوسـتراليا بـە هـۆی بەرژەوەندی ئـابوری دانـی نـا بـە حـوکمی ئینـدۆنیزیا بەسـەر تـەیموری خـۆر هـەڵات (٢) لـە ١٩٧٨/٧/٢٨ بـەرەی شۆڕشـگێری تـەیموری خۆرهـەڵات کۆمـاری تـەیموری راگەیانـد، بـەڵام کۆمارەکە چەند رۆژێك تەمەنی بوو دواتر نەما [3]

(١) علي أسماعيل نصار، بعد انفصال تيمور واشنطن تزرع الفوضى الأقليمية، ووتار، مجلة شؤن الأوسط، مركز الدراسات الأستراتيجية و البحوث والتوثيق، عدد (٨٩)، ١٩٩٩ ، لا١٠٣-١٠٨.

(٢) احداث تيمور الشرقية في ربع قرن، راپۆرتێکی بڵاوکراوە لە سەر پێگەی ئەلکترۆنی: <<http://www.islamonline.net/arabic/politics>>. رۆژی سەردان ٢-٤-٢٠٠٧

(٣) صهيب جاسم، من يحكم تيمور الشرقية؟، وتارێکی بڵاوکراوە لە سە رهەمان پێگەی ئەلکترۆنی.

رووداوەکان بەردەوام بوون و لەسەرەتای ساڵی هەشتاکانی سەدەی بیستەم پێشێل کاریەکانی ئیندۆنیزیا بەرامبەر تەیموریەکان زیاتر بوون و هەڵمەتێکی فراوان بۆ بە ئیندۆنیزی کردنی تەیمور دەستی پێکرد. لە ١٩٨٦/٧/١١ پەرلەمانی ئەوروپا پرۆتستۆی حوکمی ئیندۆنیزیای کرد لە تەیمورو داوای کرد تەیموریەکان مافی بڕیاردانی چارەنووسیان پێ بدرێت. لە ساڵی ١٩٨٨ هەوڵەکان بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووسی تەیموری خۆرهەڵات زیاتر بوون و (١٢) دەوڵەتی ئەوروپی و سکرتێری گشتی (UN) داوایان کرد ئیندۆنیزیا بکێشێتەوەو تەیموریەکان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن.

لە ساڵی ١٩٩١ پەرلەمانی ئەوروپی داوای کرد کە چیتر چەك نەفرۆشرێتە ئیندۆنیزیا، بەڵام ئەمە جێبەجێ نەکرا[١]. لەسەرەتا پورتوگال دژی ئیندۆنیزیا پەنای بردە بەر دادگای دادی نێودەوڵەتی، بەو پێیەی کە لە رووی یاسای نێودەوڵەتی و بە پێی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان تەیمور ناوچەیەکی بە خود موختاری نەگەیشتووەو لە ژێر بەڕێوەبردنی پورتوگال دایە، لە بەرامبەردا دادگای دادی نێودەوڵەتی جەختی کردەوە کە مافی بڕیاردانی چارەنووس پرنسیپێکی بنەڕەتیە لە یاسای نێو دەوڵەتی هاوچەرخ، هەروەها ئەو پرنسیپە سیفەتی پابەندی هەیە بۆ دەوڵەتان. دادگای دادی نێودەوڵەتی ئەوەی جەخت لەسەر کردەوە کە تەیموری خۆرهەڵات هەرێمێکی بەخود موختاری نەگەیشتووەو مافی بڕیاردانی چارەنووسی هەیە[٢]. لە ساڵی ١٩٩٦ خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی درایە کەسێتی تەیموری (ئەسقەف بیلۆ) ئەمەش وای کرد کە (بیلۆ) لە لایەن (١٠٠) هەزار تەیموری لە (دیلی) پێشوازی لێ بکرێت. لە ساڵی ١٩٩٧ قەیرانی ئابوری لە ناوچەی ئاسیا دەستی پێکرد و ئەو قەیرانە ئابوریە کاریگەری زۆریشی کردە سەر ئیندۆنیزیا.

بەشێکی زۆر لە چاودێرانی سیاسی پێیان وایە ئەو گۆڕانانەی لەناوچەکە روویاندا بە تایبەتی قەیرانی ئابوری لە ئاسیا و نەمانی شەری سارد لە نێوان بلۆکی سەرمایە داری و سۆسیالیستی وای کرد کە تەیمور لە سەربەخۆیی نزیك ببێتەوەو هاوسەنگی هێز لە ناوچەکە گۆڕانی تێکەوت[٣].

(١) أحداث تيمور الشرقية في ربع قرن، هەمان پێگەی پێشوو.

(٢) د. طالب کاکەیی، کۆمەڵە وانەیەك، سەرچاوەی پێشوو.

(٣) علي اسماعیل نصار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣-١٠٨.



لە ساڵی ١٩٩٨ (بشارەدین یوسف حبیبی) لە جێگای سۆهارتۆ بووە سەرۆکی ئیندۆنیزیا. ئەو سەرۆکە نوێیە میان رەوانە تر لەگەڵ تەیموری خۆرهەڵات مامەڵەی کرد و هەر بۆیەش لە ١٩٩٩/١/٢٧ ئیندۆنیزیا رەزامەندی دا لەسەر ئەوەی کە تەیموری خۆرهەڵات مافی چارەنووسی خۆی دیاری بکات.

لە مارسی ساڵی ١٩٩٩ وەزیری دەرەوەی ئیندۆنیزیا و پورتوگال لەگەڵ کۆفی ئەنانی سکرتێری گشتی (UN) رێکەوتن لەسەر ئەنجام دانی راپرسیەکی گشتی لە تەیموری خۆرهەڵات بۆ دیاری کردنی مافی چارەووس. لە ١٩٩٩/٦/٢٣ کۆفی ئەنان بڕیاری دا راپرسیەکە دوابخات بۆ ١٩٩٩/٨/٣٠، ئەمەش بە هۆی خراپ بوونی باری ئاسایش و زۆربوونی گرژی و توندوتیژی لەنێوان سەربەخۆ خوازەکان و میلیشیاکانی دژی سەربەخۆیی. لە ١٩٩٩/٨/٣٠ راپرسی یەکە بەسەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجام دراو ٧٨,٥٪ لە تەیموریەکان دەنگیان دا بۆ سەربەخۆیی و داوای جیابوونەوەیان کرد لە ئیندۆنیزیا[١].

## رۆڵی ڤاتیکان لە سەربەخۆیی تەیموری خۆرهەڵات

لە ماوەی چوارسەدەی مانەوەی پورتوگال لە تەیموری خۆرهەڵات ئاینی مەسیحی کاسۆلیکی بەشێوەیەکی فراوان بڵاوبوەوە. کشانەوەی پورتوگال لە ساڵی ١٩٧٦ کاریگەری نەبوو بۆ سەر لایەنی ئاینی تەیمور و بگرە خەڵکی تەیمور زیاتر پەیوەست بوون بە ئاینەکەیان. ئەمەش زیاتر لەوە سەرچاوەی گرتبوو کە خەڵکی تەیمور بە چاوی داگیرکەر و ستەم کار دەیان روانیە ئیندیۆنیزیا، کە زیاتر ٩٠٪ لە خەڵکی ئیندۆنیزیاش موسڵمانن، بۆیە تێڕوانینی تەیمور بۆ ئاینی ئیسلامیش وەك ئاینێکی کۆلۆنیالی بوو.

لە ماوەی ساڵانی هەشتاو نۆوەدەکان بەردەوام کەنیسە و رێکخراوەکانی مەسیحی لەولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئوسترالیا و کەنەدا و بەریتانیا و پورتوگال پاڵپشتی کەنیسەی تەیمور و خەڵکی تەیموریان دەکرد. هەوڵیان دەدا زمانی (تیتۆم) کە زمانی دایکی تەیموریەکانە بپارێزن و بمێنێتەوە. لە ساڵی ١٩٨٢ پاپای ڤاتیکان بەیانێکی دەرکرد و تیایدا ئەوەی رەت کردەوە کە تەیموری خۆرهەڵات بەشێك بێت لە ئیندۆنیزیا. لە ساڵی ١٩٨٥ ئەنجومەنی ئەسقەفی کاسۆلیکی تەیموری داوای مافی بڕیاردانی چارەنووسیان بۆتەیمور کرد و هەوڵەکانی ئیندۆنیزیایان بە دژایەتی کردنی مەسیحیەت ناساند.

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٦.

له ساڵی ١٩٨٩ سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆنی تەیموری سەردانی ڤاتیکانیان کـرد و هـەر لـەو ساڵەش پاپای ڤاتیکان هاتە (دیلی) پایتەختی ڤاتیکـان و زیـاتر لـە (١٠٠) هـەزار تـەیموری پێشوازیان کرد و هەر لە دوای ئەو سـەردانە خۆپیـشاندانەکان بـۆ داوای سـەربەخۆیی پـەرەیان سەند. ڤاتیکان رۆڵی سەرەکی بینی لە رێکخستنی گفتوگۆ لە نێـوان تـەیمور و ئینـدۆنیزیا لـە سەردەمی (حبیبی) کە سـەرۆکی ئینـدۆنیزیا بـوو لـە ١٩٩٨/٦/٢٤. دوای (٧) مـانگ لـەو بەرواره (حبیبی) سەرۆکی ئیندۆنیزیا رایگەیاند کە رازین راپرسی (ریفراندۆم-استفتاء)لە تەیمور ئەنجام بدرێت، ئاخۆ دەیانەوێ لەگەڵ ئیندۆنیزیا بن یان جیا دەبنەوە.

لـە ١٩٩٨/٣/١٤ لـە تـەیمور (یـەکێتی دیمـوکراتی مەسـیحی تـەیمور) دامـەزرا و لـە ٢٠٠١/٨/٥ حزبی دیموکراتی مەسیحی دامەزراوە. ئەو دوو حزبە لـە لایـەن حزبـە مەسـیحیە ئەوروپییەکان پاڵپشتیان لێ دەکرا. لە حکومەتی گواستنەوەو پەرلەمان و پۆستە گرنگـەکانیش پیاوانی ئاینی مەسیحی تەیموری پێگەی گرنگیان هەبوو[١].

(١) صهیب جاسم، الكنیسة و السیاسة في (تیمور أرض الصلبان، وتارێکی بلاۆکراوەلە سەر پێگەی ئەلکترۆنی: <<http://www.islamonline.net/arbic/politics.>> رۆژی سەردان:٢-٤-٢٠٠٧>>.

# تەوەری دووەم

## بەنێو دەوڵەتی کردنی تەیموری خۆرهەڵات لە قۆناغی گواستنەوە (١٩٩٩-٢٠٠٢)

### یەکەم: ڕاپرسی و دیاری کردنی مافی چارەنووس

لە ١٩٩٩/٨/٣٠ بەسەرپەرشتی و چاودێری ڕاسەوخۆی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاپرسی بۆ دیاری کردنی مافی چارەنووسی تەیموریـەکان ئـەنجام درا. ڕاپرسـیەکە دوو هەڵبـژاردەی خـستبووە بـەردەم دەنگدەران ئایا دەیانەوێ لەگەڵ ئیندۆنیزیا بمێننەوە یان جیابوونەوەو سەربەخۆیی هەڵدەبژێرن؟.

لە ئەنجام دا بە ڕێژەی ٧٨,٥٪ دەنگیان بۆ سەربەخۆیی تەیموری خۆرهەڵات و جیابوونـەوەی لــە ئینـدۆنیزیا دا. دوای ڕاپرسـیەکە بـارگرژی ڕووی کـردە تەیموریـەکان و لەلایــەن هێـزە میلیشیاکانی سەر بە ئیندۆنیزیا مافەکانی مرۆڤ پێشێلکران و لە ماوەی مانگی سـێبتیمبەری سـاڵی ١٩٩٩ نزیکـەی (١٠٠٠) هـەزار تـەیموری سـەربەخۆخواز بوونـە قوربـانی و نزیکـەی (٧٠٪)ی دانیشتوانی تەیموریش ئاوارەبوون و نزیکەی (٦٠٪)ی ئـەو ئاوارانـە چـوونە تـەیموری خۆرئاوای ئیندۆنیزیا.

لە ١٩٩٩/٩/١٢ سەرۆکی ئیندۆنیزی ئەو کات (بشارەدین یوسف حبـیبی) ڕەزامەنـدی پیشاندا کە هێزی ئاشتی پارێزی نێودەوڵەتی بێنە تـەیمور، ئـەوە بـوو دوای سـێ ڕۆژ لـەو بـەرواری ئەنجومــەنی ئاسـایش بڕیـاری پێـك هێنــانی هێزێکـی نێودەوڵـەتی (ئیـنترفیر)ی بەسەرۆکایەتی ئوستralیادا. بەشێکی هێزەکە لە ١٩٩٩/٩/٢٠ گەیشتە فرۆکەخانەی دیلـی لە تەیموری خۆرهەڵات[1].

(١) أحداث تيمور في ربع قرن، سەرچاوەی پێشوو.



ئەو ڕاپرسیەی لە تەیموری خۆرهەڵات ئەنجام درا لەسەر ئەو بنەمایە دامەزرا بوو کە دوورگـەی تەیموری خۆرهەڵات لە ساڵی ١٩٦٠ بە پێی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی لە (UN) بە پشت بەستن بـە بەندی یازدەمی چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە هەرێمێکی بە خودموختاری نەگەیشتوو ناسرا لـە ژێر بەڕێوەبردنی پورتوگال. وە دیـاری کردنـی مـافی چـارەنووس بـۆ هەرێمـە بـە خودموختیـاری نەگەیشتووەکان زۆر بە ڕوونی لە بڕیارەکانی کۆمەڵەی گشتی ئاماژەی پێ کراوە.

لە خولی (XV) کۆمەڵەی گشتی بـە بڕیـاری (١٥١٤) هـەروەها لـە خـولی (XXV) بـە بڕیاری ژمارە (٢٦٢٥) جـەختی کردۆتـەوە لەسـەر مـافی بڕیـاردانی چارەنووسـی هەرێمـە بـە خودموختاری نەگەیشتووەکان[1].

### دووەم: تەیموری خۆرهەڵات لە ژێر بەڕێوەبردنی نەتەوە یەکگرتووەکان

نەتەوە یەکگرتووەکان هیچ کات دانی نەناوە بە دەسەڵاتی ئیندۆنیزیا بەسەر تـەیموری خـۆر هەڵات هەر لە ساڵی ١٩٧٥ تا ساڵی ١٩٩٩ کە ڕاپرسی تێدا ئەنجام دراو تـەیموری خۆرهــەڵات جیابوونەوەی دیاری کرد، تەیمور لە ڕووی یاسـای نێودەوڵـەتی هـەرێمێکی بـە خودموختیـاری نەگەیشتوو بوو.

دەست تێوەردانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە تەیموری خۆرهەڵات بـە شـێوەی ئاشـتیانە بـوو، هەروەها ڕاستەوخۆ لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجام درا، چونکە دەست تێـوەردانی تونـدو تیژیش هەیە ، هەروەها هەندێ جار دەست تێوەردان لە ڕێگەی دەوڵـەتان دەبێـت، وەك ئـەوەی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ساڵی ٢٠٠٣ لە عێراق کردیان، بـە بـێ گەڕانەوە بۆ بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان[2]. لـە ١٩٩٩/٦/١١ ئەنجومـەنی ئاسـایش بڕیـاری ژمـارە (١٢٤٦)ی دەرکـرد و تیایـدا بڕیـاری کردنـەوەی نێردەیـەکی (UN) ی لـە تـەیموری خۆرهەڵاتـدا، بـەناوی هێـزی یونامیـت (United nations mission in East Timor)[3].

هەروەها لـە ١٩٩٩/٩/١٥ ئەنجومـەنی ئاسـایش بڕیـاری ژمـارە (١٢٦٤)ی دەرکـرد، تیایـدا ڕێگەی بە هێزەکانی ئاشتی پارێزی سەربە (UN)دا کە پێشێل کاریەکانی مافی مرۆڤ لە تـەیمور

(١) د. طالب کاکەیی، کۆمەڵە وانەیەك، سەرچاوەی پێشوو.

(٢) د. مهدي جابر، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٦.

(٣) د. جاسم محمد زكريا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٢.

رابگرن و یارمەتی گەلەکەی بدەن بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی تەواو[1]. ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بە پێی بڕیاری ژمارە (١٢٧٢) لە (٢٥)ی تشرینی یەکەمی (١٩٩٩) ئەوەی خستەروو کە بەرپرسیاریەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە تەیموری خۆرهەڵات بەرپرسیاریەتێکی تایبەتە و تەنها ئەرکی دروست کردنی حکومەتی دیفاکتۆنییە، بەڵکو ئەرکی راسپاردەیی و چاودێری و سەرپەرشتیشی لەسەر شانە بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆیی تەواو لەگەڵ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ. لە ١٩٩٩/١٠/٢٦ بە فەرمی دەسەڵاتی تەیموری خۆرهەڵات لە ئیندۆنیزیا وەرگیرایەوەو درایە دەسەڵاتی بەرێوەبردنی گواستنەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان. (عبدول رەحمان وەحید) کە تەنها شەش رۆژ بوو پۆستی سەرۆکی ئیندۆنیزیای وەرگرتبوو بڕیاری گواستنەوەی دەسەڵاتی واژوو کرد. لە ١٩٩٩/١١/١ دوای (٢٤)ساڵ مانەوەیان لە تەیموری خۆرهەڵات هێزەکانی ئیندۆنیزیا کشانەوەو (زنانا گۆسماو)[2] ئامادەی مەراسیمەکە بوو.

## ١- گرنگترین ئەرك و ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە تەیموری خۆرهەڵات

دوای ئەوەی (سیرجیۆ دی میلیۆ)[3]وەك نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی لە تەیموری خۆرهەڵات دانراو دواتریش بووە سەرۆکی حکومەتی گواستنەوە، ئەوەی رایگەیاند کە ئێمە دڵنیاین تەیموری خۆرهەڵات یەکەم دەوڵەت دەبێت لە هەزارەی سێیەم سەربەخۆیی وەردەگرێت

(١) د.مهدی جابر، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٦.

(٢) زنانا گۆسماو: سەرکردەی بەرەی شۆرشگێری تەیموری خۆرهەڵات بوو. لە ساڵی ١٩٩٢ دەست گیرکراو تا شوباتی ساڵی ١٩٩٩ لە بەندیخانە مایەوەو پاشان گوازرایەوە بۆ ماڵەکەی لە جاکارتا، بەڵام بەدەست بەسەری (اقامة الجبرية). لە ١٩٩٩/٩/٧ ئازاد کراو چووە باڵوێزخانەی بەریتانی لە جاکارتا و دواتر لە ٢٢/ ٩/ ١٩٩٩ دوای حەوت ساڵ هاتەوە تەیموری خۆرهەڵات لە ٢٠٠٠/١٠/٢٣ کرایە سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانانی کاتی تەیموری خۆرهەڵات کە لە لایەن (UN) پێك هێنرابوو، بەڵام دەستی لەو پۆستە لە کارکێشایەوە، بەوەی کە ئەنجومەنەکە نوێنەرایەتی گەلی تەیمور ناکات. (زنانا) لەگەڵ لێبوردەیی دا بوو، دەیویست لاپەرەیەکی سپی لەگەڵ ئیندۆنیزیا هەڵبداتەوە. لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی تەیمور لە ساڵی (٢٠٠٢)بەسەرۆکی تەیموری خۆرهەڵات هەڵبژاردرا.

(٣) لە دوای روخانی رژێمی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ (سیرجیو دی میلیۆ) بووە نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، لە کاتی تەقینەوە تیرۆریستیەکەی بارەگای (UN) لە بەغدا گیانی لە دەست دا.



و یەکەم دەوڵەتیشە کە نەتەوە یەکگرتووەکان راستەوخۆ بەشداردەبێت لە دروست کردنی و ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیشی لە تەیموری خۆرهەڵات بەم شێوەیە خستە روو:

١-دەستە بەرکردن و چەسپاندنی سەقامگیری سیاسی و ئاسایش.

٢-ئاراستە کردنی تەیموری خۆرهەڵات لەسەر رێگای بنیات نانی دامەزراوەی دیموکراتی، لەوانەش سەرکەوتنی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی و هەروەها ئامادەکردنی دەستورو دروست کردنی سوپایەکی رێکخراوی پێشکەوتوو.

٣-دانانی بنچینەی سەرەکی بۆ بەرێوەبردنی کاروباری دارایی و گەشە پێدانی ئابوری.

٤-بنیات نان و دروست کردنی حکومەتێکی کاراو جێگیرکە توانای بەرێوەبردنی هەرێمەکەی خۆی هەبێت[1].

بەرپرسیاریەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە تەیموری خۆرهەڵات بارێکی تایبەتە و دەسەڵاتی بەرێوەبردنی کاتی (UN) خۆی لە هەموو دەسەڵاتەکانی تەیمور بەرپرسیار بوو، ئەو رەوایەتەشی لە پرنسیپی مافی چارەنوس و راپرسی (١٩٩٩/٨/٣٠) و بڕیاری ژمارە (١٢٧٢)ی ئەنجومەنی ئاسایش وەرگرتبوو. کەواتە ئەرکی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ماوەی گواستنەوە لە چەند خاڵێك کورت دەکەینەوە:

١- پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بە هەموو ووردەکاریەکانیەوە، لەلایەنی سیاسی و کلتوری و ئابوری و کۆمەڵایەتی و مافی بەشداری لە بەرێوەبردن و کاروباری گشتی و دروست کردنی بڕیار و هەڵبژاردن و مافی سوودمەند بوون لە سامانی سروشتی و پارێزگاری لێکردنی بە پێی بنچینەکانی یاسای نێودەوڵەتی.

٢-مەبەست لە دەسەڵاتی بەرێوەبردنی کاتی (UN) تەنها گەڕاندنەوەی تەیمور نیە بۆ گەلی تەیموری، بەڵکو راهێنان و ئامادەکردنیشیانە بۆ بەرێوەبردن و سەربەخۆیی.

٣-دەبێ دەسەڵاتی بەرێوەبردنی کاتی (UN) لە تەیمور راپۆرتی پوخت و رێکخراو بداتە سکرتێری گشتی (UN) و ئەنجومەنی ئاسایش و کۆمەڵەی گشتی لەسەر هەموو لایەنەکانی ئاسایش و مافی مرۆڤ و بەرێوەبردن لە تەیموری خۆرهەڵات.

٤-ئەرکی (UN) لە تەیمور پێك هێنانی حکومەتێکی کاتی دیفاکتۆیە بۆ بەرێوەبردنی تەیمور تا گەلی تەیموری لە رێگای هەڵبژاردنێکی ئازاد و راستەقینە حکومەتی خۆی هەڵدەبژێرێت[1].

(١) راپۆرت لە ژێر ناوی (الأنتخابات الرئاسية في تيمور الشرقية) ، لە سەر پێگەی ئەلکترۆنی: <<http://www.kuna.net.kw>>. رۆژی سەردان:١٤-٨-٢٠٠٧.

کەواتە بە گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە تەیموری خۆرهەڵات لە قۆناغی گواستنەوە چەند ئەرکێکی گرنگی لەسەر شان بووە ئەوانیش:

ا-سەرپەرشتی و چاودێری.

ب-هاوکاری مرۆیی دانیشتوان و پارێزگاری لێ کردنیان.

ج- دروست کردنی دامەزراوەی یاسایی و دەستوری.

د- رێکخستنی هەڵبژاردن و راپرسیەکان.

**٢- حکومەتی گواستنەوە لە ژێر بەرێوەبردنی نەتەوە یەکگرتووەکان**

حکومەتی گواستنەوەی تەیموری خۆرهەڵات بە دوو قۆناغ تێپەڕی ئەوەی کە لە ژێر بەرێوەبردنی نەتەوە یەکگرتووەکان پێك هات و وەزیرو هەڵسوڕێنەری نێودەوڵەتی لە دەوڵەتە جیاجیاکان بەرێوەیان دەبرد لە ١٩٩٩/١٠/٢٥ دەستی پێکرد تا ٢٠٠٠/٩/٢٠. حکومەتی نیشتیمانیش لە دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠١/٨/١٥ دەست پێدەکات کە لە ٢٠٠١/٩/٢٠ پێك هات بە بێ بوونی وەزیری بێگانە، بەڵام دیسان نەتەوە یەکگرتووەکان چاودێری و سەرپەرشتی کارەکانی دەکردن.دەتوانین ناوی بنێین حکومەتی نیشتمانی گواستنەوە کە تا ئایاری ساڵی ٢٠٠٢ بەردەوام بوو، لەو بەرواره بە دواوە بە تەواوی دەسەڵات درایەوە تەیموریەکان و سەربەخۆیی تەواویان وەرگرت.[٢] یەکەم حکومەتی گواستنەوە بە سەرۆکایەتی (سێرجیۆ دی میلیو) لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان لە وەزیر و هەڵسوڕێنەری نێودەوڵەتی لە دەوڵەتە جیاجیاکان پێك هاتبوو ستافی حکومەتەکە لە مانەپێك هاتبوون[٣]:

---

(١) راپۆرتێکی تایبەت بە بارودۆخی تەیمور، لە سەر پێگەی ئەلکترۆنی: <<http://www.almustaqbal.com>> رۆژی سەردان: ٢٥-٧-٢٠٠٧.

(٢) دەبوایە لە سێبتێمبەری ساڵی ٢٠٠١ دەسەڵاتی تەواو بۆ تەیمور بگەڕابوایەوەو سەربەخۆیی وەرگرتبا، بەڵام بە پێی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ژمارە (١٣٣٨) لە ٢٠٠١/١/٣١ ماوەکە درێژکرایەوە، ئەمەش بە مەبەستی ئامادەکاری زیاتر تا تەیموریەکان بتوانن لە ژێر سەرپەرشتی UN هەموو دامەزاروەکانیان ئامادەبکەن بۆ سەربەخۆیی.

(٣) راپۆرتێك لە ژێر ناوی (أول نموذج لدولة تبنيها و تحكمها الأمم المحدة)، لە سەر پێگەی ئەلکترۆنی: <<http://www.islamonline.net/arabic/politics.>> رۆژی سەردان: ٢-٤-٢٠٠٧.



| ژ | پۆستی حکومەت | ناوی هەڵسوڕێنەر | رەگەزنامەکەی |
|---|---|---|---|
| ١ | سەرۆکی حکومەتی گواستنەوەی تەیموری خۆرهەڵات | سێرجیو ڤیرا دی میلیۆ | بەرازیلی |
| ٢ | جێگری سەرۆکی حکومەتی گواستنەوە | دینیس مکنمارا | نیوزیلەندا |
| ٣ | راوێژکاری تایبەتی بۆ گەشەپێدان و کاروباری مرۆیی | شین ئیشی سوزوکی | یابان |
| ٤ | بەرێوەبەری نوسینگەی جاکارتا | لافان لال مهروترا | هیند |
| ٥ | بەرێوەبەری هێزە سەربازیە نێودەوڵەتی و نێوخۆییەکان | جەنەرال بۆنسرانگ نویبرادین | تایلاند |
| ٦ | چاودێری سەرەکی سەربازی | جەنەرال جوزیف گاردینر | نیوزیلەندا |
| ٧ | سەرۆکی پۆلیسی شار | کارلۆس لیما | پورتوگال |
| ٨ | وەزیری دارایی | مایکل فرانسینو | کەنەدا |
| ٩ | وەزیری داد | غینا هونوانا ویلتش | مۆزەنبیق |
| ١٠ | وەزیری خزمەتگوزاری پۆلیس و باری تەنگەتاو | جیان کریستین کادی | فەرەنسا |
| ١١ | وەزیری کاروباری سیاسی و دەستوری و هەڵبژاردن | پیتر دەبلیو گالبریس | ولایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا |
| ١٢ | وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی | فیلو مینۆ یەعقوب | تەیموری خۆرهەڵات |
| ١٣ | سەرۆکی پۆلیس | ماریا نۆلۆبیزدا کرۆز | تەیموری خۆرهەڵات |
| ١٤ | وەزیری دەرەوە | خوسیە راموس هورتا[١] | تەیموری خۆرهەڵات |

---

(١) لە ١٩٩٩/١٢/١ (خوسیە راموس هورتا) گەڕایەوە بۆ تەیموری خۆرهەڵات، ناوبراو بە نوێنەری نێودەوڵەتی بەرگری لە تەیمورناسرابوو لە دەرەوە، دوای (٢٤) ساڵ لە تاراوگە گەڕایەوە تەیمور و لە حکومەتی گواستنەوەی (UN) کرایە وەزیری دەرەوە.

حکومەتی گواستنەوە کۆمەڵێك ئەرکی گرنگی لەسەر شان بوو کە دەبوایە کاریان لەسەر بکات.

تەیموری خۆرهەلاّت کێشەی بنیات نانی دامەزراوەی یاسایی و دەستوری هەبوو، هەروەها کێشەی کەسی پسپۆڕو شارەزای هەبوو بۆ بەرێوەبردنی ئەو دامەزراوانەی کە دەیانەوێ دایبمەرزێنن، چونکە زۆربەی هەڵسوڕێنەرانی کاروباری بەرێوەبردن لە ئیندۆنیزیا هاتبوون بۆ تەیمور، دوای کشانەوەی ئیندۆنیزیا ئەو کەسانە گەڕانەوە. لایەنێکی تری کارەکانی ئەو حکومەتە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بوو لە تەیموری خۆرهەلاّت، چونکە وەك لە پێشەوە ئاماژەمان پێ کرد پێشێل کاری گەورە لە دژی مافەکانی مرۆڤ ئەنجام دران، بەتایبەتی لەقۆناغی دوای راپرسی لە ١٩٩٩/٨/٣٠ کە لەلایەن میلیشیاکانی سەر بە ئیندۆنیزیا بە سەدان تەیموری کوژران و بە هەزارانیش ئاوارە بوون[1]. بۆ ئەمەش لیژنەیەکی نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە لە پێشێل کاریەکانی تەیمور لە ١٩٩٩/١٢/٣١ داوای کرد کە دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ پێشێل کاریەکانی مافی مرۆڤ لە تەیمور پێك بهێنرێت. بریاری ژمارە (١٢٧٢)ی ئەنجومەنی ئاسایش لە (٢٥)ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٩ رێگای بەدەسەلاّتی بەرێوەبردنی گواستنەوە داوە کە دامەزراوەیەکی سەربەخۆ بۆ مافەکانی مرۆڤ لە تەیموری خۆرهەلاّت دروست بکات[2].

لە نیسانی ساڵی (٢٠٠٠) لە نێوان ئیندۆنیزیا و دەسەلاّتی گواستنەوەی (UN) یادداشتێکی لێك تێگەیشتن واژووکرا بۆ هاوکاری کردن لە بوارەکانی یاسایی و دادوەری و مافەکانی مرۆڤ، بەلاّم ئیندۆنیزیا هەنگاوەکانی بۆ ئەم مەبەستە کرداری نەبوون، بۆیە رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی داوای کرد کە دادگایەکی تاوانی نێودەوڵەتی تایبەت بۆ ئەو تاوانانە دروست بکرێت کە لە تەیمور روویان داوە. لە ساڵی ١٩٩٩ دەسەلاّتی بەرێوەبردن لە قۆناغی گواستنەوە لائحەیەکی دانا کە تیایدا هاتووە هەموو دەسەلاّتەکانی یاسادانان و جێبەجێ کردن و دادوەری دەبێ رەچاوی پێوەرەکانی مافی مرۆڤ بکەن کە لە رووی نێودەوڵەتی دانیان پێدانراوە بەتایبەتی:

(١) لە ١٩٩٩/١٢/٢٠ گۆڕێکی بە کۆمەڵ دۆزرایەوە کە تەرمی (٥٢) تەیموری تێدابوو.

(٢) راپۆرتی رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە سیبتێمبەری ٢٠٠٠، ژمارەی بەڵگەنامە ASA57/005/00، لە سەرپێگەی ئەلکترۆنی: <<.http://amnesty.org/library/intex.htm رۆژی سەردان: ٢٥-٧-٢٠٠٧. >>



ا-جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ.

ب- هەردوو پەیماننامەی نێودەوڵەتی بە مافە مەدەنی و سیاسی و کلتوری و کۆمەلاّیەتی و ئابوریەکان، لەگەڵ هەردوو پاشکۆی پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسیەکان.

ج- رێکەوتنامەی زاڵ بوون بەسەرهەموو شێوە جیاکاریەك دژی ئافرەتان.

د- رێکەوتنامەی نێودەوڵەتی بۆ زاڵ بوون بەسەر هەموو جۆرە جیاکاریەکانی رەگەزی.

هـ- رێکەوتنامەی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەدان.

و- رێکەوتنامەی مافەکانی منداڵ.

ئەو لائحەیە بنەڕەتێکی زۆر گرنگ بوو بۆ جێبەجێ کردنی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی لە تەیموری خۆرهەلاّت. رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی ئەرکی پاراستنی مافەکانی مرۆڤی لە تەیموری خۆرهەلاّت خستە ئەستۆی دەسەلاّتی بەرێوەبردنی کاتی کە دەبێ گەرەنتی پاراستنی بکات[1].

لە بریاری (١٢٧٢)ی ئەنجومەنی ئاسایش هاتووە کە دەبێ هێزەکانی پۆلیس و ئاشتی پارێز و فەرمانبەرانی گشتی رابهێنرێن و مەشقیان پێ بکرێت لەسەر پابەندبوون بە بنچینەکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و مافەکانی مرۆڤ.

دەست کرا بە چاکسازی لە زیندانەکان و دوو زیندانی نوێ لە (دیلی و ئیمرا) کرانەوەو مەرجی گونجاوی سەردەمیانەیان تێدابوو کە پێشتر تەنها یەك زیندان لە دیلی هەبوو تا ئایاری ساڵی (٢٠٠٧).

لە ٢٠٠٠/٢/١٧ سکرتێری گشتی (UN) کۆفی ئەنان یەکەم سەردانی خۆی بۆ تەیموری خۆرهەلاّت ئەنجام داو لە ٢٠٠٠/٢/٢٣ هێزە نیودەوڵەتییەکان هەموو دەسەلاّتەکانی خۆیان دایەوە بۆ دەسەلاّتی بەرێوەبردن لە قۆناغی گواستنەوە.

### ٣-پێکهێنانی سوپای تەیموری خۆرهەلاّت

نەتەوە یەکگرتووەکان گرنگی دا بە پێکهێنانی سوپایەکی تۆکمەی تەیموری ئەمەش وەك ئامادەکاری بۆ سەربەخۆیی تەیمور. بۆ ئەم مەبەستەش ژمارەیەك دەوڵەت ئامادەییان پیشاندا

(١) راپۆرتێکی بلاّوکراوە لەسەر رەوشی مرۆیی لەتەیموری خۆرهەلاّت، لە سەر پێگەی ئەلکترۆنی: <<http://thereport.amnesty.org/ara/regions/asiapacific/timor-leste رۆژی سەردان:٢٥-٧-٢٠٠٧>>.

که مەشق بە هێزەکانی سوپا بکەن. سەرەتا (١٥٠٠) سەربازی تەیموری خرانە نێو سوپا و دواتر (١٥٠٠) سەربازی تریش لە هێزەکانی بەرەی شۆرشگێری تەیموری خرانە نێو سوپا. لەو ژمارەیە (٦٠٠) سەرباز بۆ ماوەی (١٢) هەفتە لە پورتوگال مەشقیان پێ کرا. هەروەها ئەوانی تر لە ئوسترالیا مەشقیان پێ کرا. لە ئۆکتۆبەری ساڵی (٢٠٠١) سوپا فراوانتر کرا. هەروەها سەنگاپور (٣) وەجبەی تری لە پۆلیسی تەیموری مەشق پێ کرد.

لە یونیۆی ساڵی ٢٠٠١ لە پایتەختی تەیموری خۆرهەڵات (دیلی) دوازدە دەوڵەت [1] کۆبوونەوەو بریاریاندا پاڵپشتی لۆجستی بۆ سەربازەکان و دەستەبەرکردنی چەك بگرنە ئەستۆ. پورتوگال بەڵێنی دا کە دوو فرۆکە پێشکەشی سوپای تەیموری بکات. هەروەها میزانیەکی باش بۆ بنیات نانی سوپا تەرخان کرا و لە یۆلیۆی ٢٠٠٠ تا یونیۆی ٢٠٠١ گەیشتە ٥٦٣ ملیۆن دۆلار. لە مارسی ساڵی ٢٠٠٠ کۆلیژی مەشق لە (دیلی) کرایەوە. لە ساڵی ٢٠٠٠ قۆناغی یەکەمی کۆلیژەکە دەرچوون کە ژمارەیان (٥٠) کەس بوون. ئەو پەنجا کەسەش وەك مامۆستا خولی راهێنانی دیکە دەکردەوە بۆ مەشقی سەربازی. قۆناغ بە قۆناغ یاسا کۆنەکانی ئیندۆنیزی سەبارەت بە پۆلیس و گرتن و سەربازی رەت کرانەوەو یاسای نوێ بۆ ئەو مەبەستە دانران[2].

### ٤- باری ئابووریی تەیمور لە قۆناغی گواستنەوە

بەشێکی کەمی داهاتی تەیمور پشتی بە باج و گومرگ و قاوە دەبەست ئەوەی تر گشتی لەلایەن دەوڵەتانی بەخشەر (مانح) و بانکی نێودەوڵەتی دابین دەکرا. بەشی زۆری بودجەی تەیمور بۆ خەرجی سەربازی بوو. تەیمور لە ماوەی گواستنەوە دراوی خۆی نەبوو، پابەندیش نەبوو بە (روپیەی) ئیندۆنیزی لە جیاتی ئەمە کاری بە دۆلاری ئەمریکی دەکرد[3].

---

(١) ئەو دوازدە دەوڵەتە بریتی بوون لە (ئوسترالیا- بەرازیل-یابان- مالیزیا-مۆزەمبیق-نیوزیلەندە - فلیپین-پورتوگال-کۆریای باشوور-سەنگاپور-تایلەند-بەریتانیا).

(٢) زانیاری بەڵگە نامەیی تایبەت بە تەیمور، لە سەر پێگەی ئەلکترۆنی: http://www.UNmis.org/arabic/documents.htm. رۆژی سەردان: ١٤-٨-٢٠٠٧.

(٣) صهیب جاسم، راپۆرت، لە ژێر ناوی (تیمور لوروساي...هندسة الطریق للأستقلال) ، لە سەر پێگەی ئەلکترۆنی: http://www.islamonline.net/arabic/politics رۆژی سەردان: ٢-٤-٢٠٠٧.



### ٥- دەسەڵاتی یاسادانان

دەسەڵاتی یاسادانان سەرەتا بە ئەنجومەنی راوێژکاری ناسرابوو کە خەڵکی تەیمور لە رێگای ئەو ئەنجومەنە بەشداری بریاری سیاسی بکەن. ئەنجومەنەکە لە ٢٠٠٠/٦/١٧ دروست بوو، زۆربەی ئەنجومەنەکە لە ئەندامانی ئەنجومەنی نەتەوەیی بۆ بەرگری لە تەیمور پێکهاتن.

دواتر ئەنجومەنەکە ناوی گۆڕاو بووە ئەنجومەنی نیشتیمانی تەیموری خۆرهەڵات. ئەو ئەنجومەنە لە قۆناغی گواستنەوەی ژێر بەرێوەبردنی (UN) لە (١٥) ئەندام پێك هاتبوو، لەو ژمارەیە (١١) یان تەیموری بوون و (٤)یشیان (UN) دیاری کردبوون. دواتر ژمارەیان زیاد کرا بۆ (٣٣)، ئەوانەی زیادکران هەموویان تەیموری بوون و نوێنەری رێکخراوەکانی ناحکومی و ئافرەتان بوون.

ئەو زیاد کردنەی ژمارەی تەیموریەکان وەك هەنگاوێك بوو بۆ زیاتر پێدانی رۆڵ بە خودی تەیموریەکان لە بەرێوەبردنی وڵاتەکەیان، چونکە لە ناو خەڵکی تەیمور و سەرکردەکانی تەیموریش رەخنە و گازاندە لەسەر ئەوە هەبوو کە وەك پێویست رۆڵ بە تەیموریەکان نەدراوە لە بەرێوەبردن. هەربۆیەش (زنانا گۆسماو) کە سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی تەیموری بوو دەستی لە کارکێشایەوەو گوتی ئەو ئەنجومەنە دەسەڵاتەکانی وەك پێویست نین[1].

### ٦- دەسەڵاتی دادوەری

لیژنەیەکی داداوەری کاتی لە (٥) پێنج دادوەر پێك هات لە قۆناغی گواستنەوە. لەو ژمارەیەی لیژنەی دادوەری سیانیان تەیموری بوون و دوانیشیان پسپۆری نێودەوڵەتی. لیژنەکە لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٠ دەست بەکاربوون. تا مانگی تەمموزی هەمان ساڵ هەڵسان بە دیاری کردنی (٤٦) دادوەر و دادوەری لێکۆڵینەوەو داواکاری گشتی و پارێزەر. جەختیان کردەوە کە دەبێ دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ بێت و لە تەیموریەکانیش ئەو دەسەڵاتە پێك بێت. لە تەیمور کێشەی کەمی دادوەرو پارێزەر هەبوو، ئەوانەشی کە هەبوون کەم شارەزابوون پێویستیان بە راهێنان بوو. دەست کرا بە دامەزراندنی دادوەر و فەرمانبەری پێویست لە شارەکانی (بۆکاو — سوایی-ئوسکوسی). لە دوای سەربەخۆی تەیمور سزای لە سێدارەدان لە

---

(١) راپۆرتێك لە ژێرناوی (استقلال دولة تیمور الشرقیة)، لە سەر پێگەی ئەلکترۆنی: http://vb.eqla3.com/showthread.php رۆژی سەردان: ٢٥-٧-٢٠٠٧.

تەیمور هەڵوەشایەوە.دەست کرا بە گۆڕینی یاساکانی سەردەمی ئیندۆنیزیا و چاکسازی کرا لە یاساکان و باری زیندانەکان و شێوازی گرتن و لێکۆڵینەوەو....هتد[1].

ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە ڕاپۆرتی ساڵی (٢٠٠٠) لەسەر تەیمور پێشوازی کرد لەو چاکسازیانەو ئەوەی خستە ڕوو کە ئەندامانی دەسەڵاتی دادوەری دەبێ مەشق و ڕاهێنانیان پێ بکرێت. بۆ ئەو تاوانانەش کە لە ساڵی ١٩٩٩ لە دوای ڕاپرسی لەلایەن میلیشیاکانی سەر بە ئیندۆنیزیا ئەنجام دران یەکەیەك دروست کرا بەناوی (یەکەی تاوانە تایبەتیەکان) کە ئەرکی لێکۆڵینەوە بوو لەو تاوانانە. دواترلەساڵی ١٩٩٩ دادگایەگی تاوان لە دیلی دروست کرا بۆ ئەو تاوانانە کە ئەنجام درابوون. دادگاکە لە دادوەری نێودەوڵەتی و تەیموری پێك هاتبوون.[2]

## سێیەم: هەڵبژاردنی ئابی ساڵی ٢٠٠١ لە تەیموری خۆرهەڵات

لە ٢٠٠١/٨/٣٠ یەکەم هەڵبژاردنی نیشتمانی لە دوای ڕاپرسی لە ١٩٩٩/٨/٣٠ ئەنجام درا، لە هەڵبژاردنەکە (٩٣٪)ی دەنگدەران بەشداریان کرد. شازدە حزبی تەیموری کەوتنە ململانێ و لە ئەنجامدا بەرەی شۆڕشگێڕی تەیموری زۆرینەی لە هەڵبژاردنەکان بەدەست هێنا. (٨٨) ئەندامی پەرلەمان هەڵبژێردران کە ئەرکی سەرەکیان بریتی بوو لە ئامادەکردنی دەستوری وڵات ودەبوایە لە ماوەی (٩٠) ڕۆژ ئامادەی بکەن. لە ٢٠٠١/٩/٢٠ حکومەتی نیشتمانی تەیموری بە بێ وەزیری بێگانە دامەزرا، بەڵام ئەو حکومەتەش لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کاری دەکرد.

هەڵبژاردنەکەی تەیمور بە سەرپەرشتی (UN) بەڕێوەچوو. (٩٠٠) چاودێری نێودەوڵەتی سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکەیان کرد لە (٤٠) چل وڵات، ئەمە جگە لە ژمارەیەکی زۆر لە پەیمانگا و سەنتەری دیموکراتی لە جیهان. هەڵبژاردنەکە لە ژێر پارێزگاری (١٣٠٠) ئاسایش و (١٥٠٠) پۆلیس و (٨٠٠) سەرباز بەڕێوەچوو کە (٥٠٠) لەو سەربازانە تەیموری بوون. یەکێتی نێودەوڵەتی بۆ تەیموری خۆرهەڵات کە لە (٢٧) ڕێکخراوی ناحوکمی و(٢٢) دەوڵەت پێك هاتبوو شایەتیان دا کە هە ڵبژاردنەکان پاك و دیموکراتی بوونە.

(١) د.عامر عبد الفتاح الجمرود و د.عبداللة علي عبو، المحاكم الجنائية المدولة، توێژینەوە، مجلة الرافدين للحقوق، جامعة الموصل، ع(٢٩)، ٢٠٠٦، لا ٢٠٥.

(٢) ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی ، سەرچاوەی پێشوو.



کێشەی سەرەکی تەیموریەکان لە هەڵبژاردن زۆری ڕێژەی نەخوێندەواری بوو کە نەیان دەتوانی وەك پێویست لە سیستەمی هەڵبژاردن تێ بگەن و دەنگ بدەن بۆ ئەوەی دەیانەوێ. ماوەی سەربەخۆیی تەیمور بۆ ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٢ درێژکرایەوە، واتە (UN) تا ئەو کاتە سەرپەرشتی و بەرپرسیاریەتی تەیموری لە ئەستۆ دابوو. ئەنجومەنی ئاسایش بە پێی بڕیاری (١٣٣٨) لە ساڵی (٢٠٠١) داوای لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کرد کە یارمەتی دارایی و لۆجستی بۆ تەیمور پێشکەش بکەن تا بتواندرێت دەوڵەتێکی نوێ و بەهێز بۆ تەیموریەکان دروست بکەن. سەرپەرشتی (UN) بۆ تەیمور بەردەوام بوو تا مانگی ئایاری ساڵی (٢٠٠٢) کە تەیموری خۆرهەڵات بە تەواوی سەربەخۆیی وەرگرت و بووە خاوەنی سەروەری تەواو بەسەر وڵاتەکەی.هەر لەو ساڵە هەڵبژاردن لە تەیموری خۆرهەڵات ئەنجام دراو (زنانا گوسماو) بووە سەرۆکی تەیمور . تەیموری خۆرهەڵات لە خولی (٥٧)ی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بێ دەنگدان بە پێی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی (A/RES/57/3) لە ٢٧/ئەیلولی ساڵی ٢٠٠٢ بووە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژێر ناوی کۆماری تەیموری خۆرهەڵاتی دیموکراتی (لیشتی)[1].

## چوارەم: پێگەی یاسایی تەیموری خۆرهەڵات لە قۆناغی گواستنەوە

پێشتر ئاماژەمان پێ کرد کە تەیموری خۆرهەڵات ناوچەیەکی کۆلۆنیالی ژێر دەستی پورتوگال بوو. هەروەها لەساڵی ١٩٦٠ لەلایەن کۆمەڵەی گشتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان بە هەرێمێکی خودموختاری نەگەیشتوو ناسراو بۆ ئەمەش پشتیان بەست بە بەندی یازدەیەمی چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان. واتە پێگەی یاسایی تەیموری خۆرهەڵات تا ساڵی ١٩٩٩ لە ڕووی یاسای نێودەوڵەتی هەرێمێکی بەخودموختاری نەگەیشتوو بووە. هەرچەندە لە دوای ساڵی ١٩٧٥ کەوتە ژێر دەستی ئیندۆنیزیا، بەڵام لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو کارەی ئیندۆنیزیا بە داگیرکاری دانراو تەیمور وەك هەرێمێکی بە خودموختاری نەگەیشتووە مایەوە.

لە ساڵی ١٩٩٩ ڕاپرسیەکی گشتی بۆ تەیمور لە ژێر سەرپەرشتی (UN) ئەنجام درا، ئەمەش بە پشت بەستن بە بڕیاری ژمارە (١٥١٤) لە خولی (XV) و بڕیاری (٢٦٢٥) لە

(١) بۆ خوێندنەوەی ئەو بڕیارانە بڕوانە پێگەی ئەلکترۆنی:
<<.http;//www.UN.org/Arabic/documents>>

خولی (XXV) کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو کە ماف دراوەتە هەرێمە بە خودموختاری نەگەیشتووەکان بۆ دیار کردنی مافی چارەنووسی خۆیان. پرسیار لێرە دایە ئایا پێگەی یاسایی تەیموری خۆرهەڵات لە ساڵی ١٩٩٩ کە راپرسی تێداکرا تا ساڵی ٢٠٠٢ کە سەربەخۆیی وەرگرت چیە؟. ئایا پرنسیپ و مەرجەکانی بەنێودەوڵەتی بوون لەسەر هەرێمی تەیموری خۆرهەڵات جێبەجێ دەبن؟.

رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی وای دەبینێ کە پەیوەندی تەیمور و (UN) لە قۆناغی گواستنەوە لە شێوەی راسپاردەیی دایە کە لە ماددەی (٧٦)ی چارتی (UN) ئاماژەی پێ کراوە (لە بەشی دووەم سیستەمی راسپاردەیمان روون کردەوە).

لە سیستەمی راسپاردەیی دەوڵەتێك رادەسپێردرێت سەرپەرشتی ئەو هەرێمانە بکات کە دەخرێنە ژێر سیستەمی راسپاردەیی، هەروەها سیستەمی راسپاردەیی ئەو هەرێمانەشی دیاری کرد کە سیستەمی راسپاردەیی دەیان گرێتەوەو تەیموری تێدا نەبوو. بۆیە باری یاسایی تەیموری خۆرهەڵات ناچێتە چوارچێوەی سیستەمی راسپاردەیی، چونکە (UN) خۆی سەرپەرشتی هەرێمەکەی دەکرد لە قۆناغی گواستنەوە. ئەگەر بگەڕێینەوە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەمان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە باری یاسایی تەیموری خۆرهەڵات لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٩٩ تا مانگی ئایاری ساڵی ٢٠٠٢ وەك هەرێمێکی بەنێودەوڵەتی کراو بەدەر دەکەوێت و هەموو تایبەتمەندی و مەرجەکانی بەنێودەوڵەتی کردنیشی لەسەر جێبەجێ دەبن.

هەرچەندە دەسەڵاتەکانی بەرێوەبردنی نێودەوڵەتی (الأدارة الدولية) لە هەرێمی تەیموری خۆر هەڵات بەهێز بوون و تارادەیەك بارەکە جیاواز بوو لەوەی کە لە نموونەکانی مێژوویی بەشی یەکەم خستنامە روو، بەڵام پێشتریش ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازەو رژێمێکی جێگیر و دیاری کراویان نیە و لە چارتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئەو سیستەمە رێك نەخراوە.

بە بۆچوونی ئێمە باری تەیموری خۆرهەڵات لە ماوەی گواستنەوە پێگەی یاسایی هەرێمێکی بەنێودەوڵەتی کراو بوو، ئەمەش بە پشت بەستن بە بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش تایبەت بە تەیمور و بوونی دەسەڵاتی کارگێری نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەرێمەکە و بوونی هێزی سەربازی ئاشتی پارێز بۆ پاراستنی ئاسایشی هەرێمە. بۆیە بە گەڕانەوە بۆ ئەو چەند لاپەرەیەی کە لەسەر تەیموری خۆرهەڵات لەو باسە خستمانە روو، هەروەها بەراوورد کردنی لەگەڵ چەمك و



تایبەتمەندی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان ئەوە بەدەردەکەوێت کە تەیموری خۆرهەڵات لە قۆناغی گواستنەوە پێگەی یاسایی هەرێمێکی بەنێودەوڵەتی کراوی هەبووە[1].

(١) تەیموری خۆرهەڵات لە مانگی نیسان و ئایاری ساڵی (٢٠٠٦) رووبەرووی کۆمەڵێك توندوتیژی ناوخۆ بووەو رەوشەکە تێك چوو، بۆیە ئەنجومەنی ئاسایش کۆمەڵێك بڕیاری تایبەت بە تەیموری دەرکرد و نێردەی (بعثة) نەتەوە یەکگرتووەکان لە تەیمور هەوڵەکانی بۆ چارەسەری کێشەکان خستە گەر. لە پێش هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٧) ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری ژمارە (١٧٤٥)ی لە ٢٢ی شوباتی ساڵی ٢٠٠٧ دەرکرد و تیایدا کۆمەڵە راسپاردەیەکی گرنگی بۆ سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکانی تەیمور خستەروو، هەروەها پێشوازی کرد لەو چاکسازیانەی لەم دواییە لە تەیمور کراون. هەروەها بڕیاردرا ماوەی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان تا ٢٦ شەباتی ٢٠٠٨ درێژ بکرێتەوە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە پێگەی ئەلکترۆنی:
http://www.UN.org/arabic/sc/archived/scRes/scres.htm

### بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی[1] تایبەت بە تەیموری خۆرهەڵات (١٩٩٩ تا شوباتی ٢٠٠٧)

| ز | ژمارەی بریار | مێژووی دەرچوونی |
|---|---|---|
| ١ | ١٢٣٦ | ٧ی ئایاری ١٩٩٩ |
| ٢ | ١٢٤٦ | ١١ی حوزەیرانی ١٩٩٩ |
| ٣ | ١٢٥٧ | ١٣ی ئابی ١٩٩٩ |
| ٤ | ١٢٦٢ | ١٣ی ئەیلولی ١٩٩٩ |
| ٥ | ١٢٦٤ | ١٥ی ئەیلولی ١٩٩٩ |
| ٦ | ١٢٧٢ | ٢٥ی تشرینی یەکەم ١٩٩٩ |
| ٧ | ١٣١٩ | ٨ی ئەیلول ٢٠٠٠ |
| ٨ | ١٣٣٨ | ٣١ کانونی دووەم٢٠٠١ |
| ٩ | ١٣٩٣ | ٣١ی کانوونی دووەم ٢٠٠٢ |
| ١٠ | ١٤١٠ | ١٧ی ئایاری ٢٠٠٢ |
| ١١ | ١٤١٤ | ٢٣ی ئایاری ٢٠٠٢ |
| ١٢ | ١٤٧٣ | ٨ی نیسانی ٢٠٠٣ |
| ١٣ | ١٤٨٠ | ١٩ی ئایاری ٢٠٠٣ |
| ١٤ | ١٥٧٣ | ١٧ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٤ |
| ١٥ | ١٥٩٩ | ٢٨ی نیسانی ٢٠٠٥ |
| ١٦ | ١٦٧٧ | ١٢ی ئایاری ٢٠٠٦ |
| ١٧ | ١٦٩٠ | ٢٠ی حوزەیرانی ٢٠٠٦ |
| ١٨ | ١٧٠٣ | ١٨ی ئابی ٢٠٠٦ |
| ١٩ | ١٧٠٤ | ٢٥ی ئابی ٢٠٠٦ |
| ٢٠ | ١٧٤٥ | ٢٢ی شوباتی ٢٠٠٧ |

(١) بۆ خوێندنەوەی ناوەرۆکی ئەو بریارانە بروانە پێگەی ئەلکترۆنی:
http://www.UN.org/arabic/sc/archived/scres/scres.htm

# باسی سێیەم

## هەرێمی کۆسۆڤا

**دابەش کردن:**

**تەوەری یەکەم:** دەروازەیەك بۆ ناسینی هەرێمی کۆسۆڤا

**تەوەری دووەم:** پێگەی یاسایی هەرێمی کۆسۆڤا

# تەوەری یەکەم

## دەروازەیەك بۆ ناسینی هەرێمی کۆسۆڤا

هەرێمی کۆسۆڤا کەوتۆتە ناوچەی بەلکان و بەدیاری کراوی دەکەوێتە باشووری کۆماری سربیا و دراوسێی هەریە لە ئەلبانیا و مەکدۆنیا و مۆنتی نیگرۆیە. رووبەرەکەی (١١٠٠٠٠)کم٢ یە و ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی دوو ملیۆن و نیوە. کۆسۆڤا ٩٠٪ ئەلبانن و ٨٪ سرب و ٢٪ نەتەوەکانی تری تورك و مۆنتیگری و بۆسنی و میسری و غەجەری پێك دەهێنن[(١)]. ئاینی فەرمی لەکۆسۆڤا ئیسلامە و زۆرینەی رەهای دانیشتوانی موسڵمانن[(٢)]. عوسمانیەکان لە سەدەی (١٤) لە ساڵی ١٣٨٩ بۆ یەکەم جار گەیشتنە ناوچەی بەلکان و کۆسۆڤایان داگیر کرد. کۆسۆڤا ناوچەی شەر و پێکدادانەکان بوو لەنێوان عوسمانیەکان و سربەکاندا[(٣)]. لە کۆنگرەی بەرلین لە ساڵی ١٨٧٨ سربیا سەربەخۆیی وەرگرت و کۆسۆڤا هەر

(١) کەمینەیەکی زۆر کەم لە ئەلبانەکان مەسیحی کاسۆلیك بوون.

(٢) ئەیوب حسین، کۆسۆڤو نزیك بوونەوە لە خەونی سەربەخۆیی، راپۆرتێکی بڵاوکراوە لە رۆژنامەی هەولێر پۆست، ژمارە (١٢٧)، ٢٠٠٧/٤/٢٩، ل١٣.

(٣) ناوچەکە بە گشتی مل ملانێی زۆری تێدابوو بە تایبەتی مل ملانێی نێوان سرب و کرواتیا کە ئەنجومەنی ئاسایش لە ١٩٩٢/٧/٢٣ بڕیاری ژمارە (٧٢٣)ی دەرکرد بۆ ناردنی هێزی ئاشتی پارێز بەناوی (ForPronu) بۆ کۆتایی هێنان بەو ململانێیەی نێوان سرب و کرواتەکان. هەروەها لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٢ کاتێك کە لە بۆسنە و هرسك رەوشەکە ئاڵۆزبوو هێزی زیاتری ئاشتی پارێز نێردران، چونکە هەردوو لایەنی سربی و بۆسنە و هرسك بە گژیەکداچوون. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د.مهدي جابر مهدي، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٢-١٠٥.



لە دەستی عوسمانیەکان مایەوە[(١)]. لە ساڵی ١٩١٢ سرب و هاوپەیمانەکانی کۆسۆڤایان دەست بەسەر داگرت و عوسمانیەکانیان لێ دەرکرد. لەو کاتەی ئەلبانیا لە ساڵی ١٩١٢ دروست بوو داوای (کۆسۆڤا) شیان دەکرد بەو پێیەی کە زۆرینەی رەهای دانیشتوانی کۆسۆڤا ئەلبانین. لە ساڵی ١٩١٨ شانشینی سربیا دروست بوو، دواتر لە ساڵی ١٩٤٥ لەسەر دەستی (تیتۆ) یەکێتی یوگۆسلاڤیا دروست بوو، هەریەکە لە (کرواتیا — سلۆڤینیا-مەگدۆنیا- سربیا-مۆنتی نیگرۆ- بۆسنەو هرسك) کۆمارەکەیان پێك دەهێنا.

هەرێمی کۆسۆڤا بووە بەشێك لە کۆماری سربیا، لە دەستوری ساڵی (١٩٧٤)ی یوگۆسلاڤیا ئۆتۆنۆمی دایە هەرێمی کۆسۆڤا. قەیرانی کۆسۆڤا لە رووی کرداری لە ساڵی ١٩٨٠ دەستی پێکرد و گرژی و ئاڵۆزی لە هەرێمە کە دروست بوو. خۆپیشاندانەکان لە ساڵی ١٩٨١ لە زانکۆی (بریشتینا)ی کۆسۆڤا دەستیان پێکرد و داوای سەربەخۆیی هەرێمەکەیان دەکرد[(٢)]. خواستی دانیشتوانی ئەلبانی کۆسۆڤا ئەوە بوو کە یان سەربەخۆیی وەربگرن یان ببنە بەشێك لەوڵاتی ئەلبانیا. رۆژ بە رۆژ رەوشەکە بەرەو خراپ بوون دەچوو، بێکاری زیادی دەکرد، سەرکوت کردن و چەوساندنەوەی دانیشتوانی ئەلبانی کۆسۆڤا بە دەستی سربەکان پەرەی سەندبوو[(٣)]. لە ساڵی ١٩٨٩ دەسەڵاتی سربیا بۆ سەرکوت کردنی بزوتنەوەی نەتەوەیی ئەلبانی لە کۆسۆڤا کۆمەڵێك رێوشوێنیان گرتە بەر لەوانە:

١-هەڵوەشاندنەوەی ئۆتۆنۆمی کە لە ساڵی ١٩٧٤ هەرێمی کۆسۆڤا وەری گرتبوو.

٢-راگەیاندنی باری تەنگەتاو (حالة الطوارئ) لە هەرێمەکە.

٣-رەت کردنەوەو پەراوێز خستنی دامەزراوە سیاسیەکانی ئەلبانی کۆسۆڤا.

٤-قەدەغەکردنی زمانی ئەلبانی لە خوێندن و رادیۆ و تەلەفزیۆنەکان.

لەو کاتەش کۆمەڵەی کۆسۆڤای دیموکراتی بەسەرکردایەتی (ئیبراهیم رۆگۆڤا) دروست بوو. ئەو کۆمەڵەیە بڕیاری دا بەشێوازێکی نەرم و ناتوندوتیژ بەرگری بکەن. لە ساڵی ١٩٩١ لە کۆسۆڤا راپرسیەکیان سازداو ٩٩٪ لە دانیشتوانی داوای سەربەخۆییان کرد. ئەوە بوو کۆماری

(١) رضا عبدالودود، الغموض یحیط بمستقبل کوسوفا، وتاری بڵاوکراوە، لە سەر پێگەی ئەلکترۆنی: http://www.ikhwanonline.com\article.asp>> رۆژی سەردان:١-٩-٢٠٠٧.

(٢) راپۆرنێکی تایبەت بە رەوشی کۆسۆڤا، گۆڤاری ستاندەر، ژمارە (١٧)، تەموزی٢٠٠٧، ل٣٦.

(3 (Kosovo between covenants, an report available at: <<http: //www.islamonline. net/arabic/politics.>> accessedin:2-8-2007.

کۆسۆڤایان ڕاگەیاند و هەرزوو ئەلبانیا دانی پێدانا، بەڵام سربیا بە توندی ڕووبەڕووی ئەو هەوڵە بووەو پێشێل کاری گەورەی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمە کە لەلایەن دەسەڵاتی سربی ئەنجام دران[1].

لەساڵی ١٩٩٦ سوپای ڕزگاری کۆسۆڤا (KLA) دامەزراو توندوتیژیەکان زیاتر بوون. گرنگترین ئەو پێشێل کاریانەی کە لە کۆسۆڤا ئەنجام دران لەلایەن دەسەڵاتی سربیا و یوگۆسلاڤیا بریتی بوون لە پرۆسەی ڕاگوستنی بە زۆر و بۆمبارانی هەرەمەکی و گرتن و ئەشکەنجە دان و توندوتیژی دژی منداڵان و ئافرەتان لە کوشتن و دەست درێژی و..هتد.

بە پێی ڕاپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ سەربە (UN) ٦٩٪ لەوانەی دەگیران ڕووبەڕووی ئەشکەنجەدان بوونەتەوە ئەمەش بە مەبەستی دانپێدانان و وەرگرتنی زانیاری[2]. بە پێی ئامارەکان لە ئەنجامی ئەو پێشێل کاریانە سێ سەد هەزار ئەلبانی کۆسۆڤا بوونە قوربانی[3]. نزیکەی (١٥٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن و نیو لە ئەلبانەکان دەرکران و ئاوارەبوون، لەو ژمارەیە (٨٦٠٠٠٠) هەشت سەد و شەست هەزار چوونە ئەلبانیا، تاوان و پێشێل کاریەکان لە ساڵی ١٩٩٩ گەیشتنە بەرزترین ئاست و ئەمەش وای کرد کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەست وەربداتە هەرێمەکە و سنورێك بۆ پێشێل کاریەکان دابنێت[4] .

---

(١) هیڤی امجد حسن، اثر عولمة حقوق الانسان علی مبدأ السیادة، رسالة ماجستر، مطبعة وزارة الزراعة، هەولێر،٢٠٠٧، ١٨٨-١٨٩.

(٢) هەمان سەرچاوە، لا١٩٠.

(٣) هەواڵێکی ڕۆژنامەوانی لە سەر ڕەوشی کۆسۆڤا، لە سەر پێگەی ئەلکترۆنی: http://www.barasy.com/index.php ڕۆژی سەردان:٢٠-٩-٢٠٠٧.

(٤) د. حسن ابو طالب، حرب کوسوفو وحدود التغیر في النظام الدولي، وتاری بلاوکراوە، مجلة السیاسة الدولیة، القاهرة، العدد ١٣٧، تموز ١٩٩٩، لا٩٥.

## تەوەری دووەم

### بەنێو دەوڵەتی کردنی هەرێمی کۆسۆڤا

پێشێل کاریەکانی مافی مرۆڤ لە کۆسۆڤا بەردەوام بوون و ژمارەی قوربانیان و پەنابەران لە زیادبووندا بوون. ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ٣١ ئاداری ساڵی ١٩٩٨ بڕیاری ژمارە (١١٦٠)ی تایبەت بە کۆسۆڤا دەرکرد. بڕیارەکە بە پێی بەندی حەوتەمی چارتی (UN) دەرچوو.

گرنگترین خاڵەکانی ئەو بڕیارە بریتی بوون لە چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کۆسۆڤا، هەروەها قەدەغەکردنی فرۆشتنی چەك بۆ یوگۆسلاڤیا و کۆسۆڤا، بڕیارەکەئەوەی خستەروو کە لیژنەیەك بۆ بە دواداچوونی رەوشی کۆسۆڤا لە نوێنەری هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش پێك بێت و داواش کرا لە نوسینگەی داواکاری گشتی دادگای نێودەوڵەتی کە دەست بکات بە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر توندوتیژیەکانی کۆسۆڤا.

بڕیارەکە داوای لە یوگۆسلاڤیا کرد کە رێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرێت و دەست بکات بە ئەنجام دانی چاکسازی، بەڵام بڕیارەکە ئەوەشی تێدابوو کە ئەنجومەنی ئاسایش پابەندە بە سەروەری و یەك پارچەیی یوگۆسلاڤیا. دوای شەش مانگی تر ئەنجومەنی ئاسایش لە (٢٣)ی ئەیلولی ساڵی ١٩٩٨ بڕیاری ژمارە (١١٩٩)ی دەرکرد. لەو بڕیارە جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە ئەوەی لە کۆسۆڤا روودەدات مەترسی هەیە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، بڕیارەکە داوای لە یوگۆسلاڤیا کرد کە پابەندبێت بە راگرتنی کردەوەی دوژمنکاری و یەکە سەربازیەکانی سربیا لە کۆسۆڤا بکێشێتەوە. لە (٢٤)ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٨ ئەنجومەنی ئاسایش بڕیارێکی تری تایبەت بە هەرێمی کۆسۆڤای دەرکرد بە ژمارە (١٢٠٣)



ئەوبڕیارە نیگەرانی ئەنجومەنی ئاسایشی دەربڕی بەرامبەر بەردەوام بوونی پێشێل کاریەکان لەلایەن هێزەکانی سربیا دژ بە ئەلبانەکانی کۆسۆڤا[1].

پەرەسەندنی پێشێل کاریەکان گەیشتە ئەو رادەیەی کە هێزەکانی پەیمانی باکوری ئەتلەسی (NATO) لە مانگی ئاداری ساڵی ١٩٩٩ هێرشی ئاسمانیان بۆ سەر بە لگراد دەست پێکرد و بە بڕیاری تاك لایەنە بە بێ پشت بەستن بە بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان لە (٩)ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٩ هێزەکانی ناتۆ لە کۆسۆڤا جێگیربوون[2].

ناتۆ (NATO) ئەو دەست تێوەردانەی بۆ یوگۆسلاڤیا گەڕاندەوە بۆ بنەمای ئەخلاقی، بە پێی پرنسیپی پێویستی مرۆڤایەتی (Principles of Humanitarian Necessity)[3].

(خافیرسۆلانا) سکرتێری گشتی پەیمانی ئەتلەسی ئەو کات رایگەیاند کە رۆڵی ناتۆ لە پەیمانێکی بەرگری گۆڕا بۆ دەزگایەکی سەربازی کە مافی هەیە دەست وەربداتە مل ملانێ هەرێمیەکان لە پێناو مافەکانی مرۆڤ.

روسیا پرۆژە بڕیارێکی پێشکەش کرد بۆ ئەنجومەنی ئاسایش بە مەبەستی پرۆتستۆ کردنی ئەو دەست تێوەردانەی ناتۆ، بەو پێیەی کە دەست تێوەردانەکە پێچەوانەیە لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی،بەڵام پرۆژە بڕیارەکە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایش بە کۆی (١٣) دەنگ رەت کرایەوە. بۆیە ئەو دەست تێوەردانەی ناتۆ جۆرێك لە رەوایەتی پێدرا، چونکە هەر بڕیارێك لە ئەنجومەنی ئاسایش بۆ پەلاماری سەربازی بۆ سەر یوگۆسلاڤیا رووبەرووی ڤیتۆی روسیا دەبووەوە[4].

### یەکەم: بەنێودەوڵەتی کردن

لە (١٤)ی ئایاری ساڵی ١٩٩٩ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری ژمارە (١٢٣٩)ی تایبەت بە هەرێمی کۆسۆڤا دەرکرد، تیایدا ئەوە خرایە روو کە ئەوەی لە کۆسۆڤا روودەدات

---

(١) بۆ زیاتر زانیاری و خوێندنەوەی ئەو بڕیارانە بروانە پێگەی ئەلکترۆنی: http://www.UN.org/Arabic/sc/archived/scres.htm

(٢) د. عبدالفتاح عبدالرزاق محمود، با کوردستانیش چاو لە کۆسۆڤا بکات، ووتار، گۆڤاری ستاندەر، ژمارە (١٧)، تەموزی ٢٠٠٧، ل٢٨.

(٣) د. مهدي جابر مهدي، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٥.

(٤) هیڤی امجد حسن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٦-١٩٨.

کارەساتێکی مرۆییە و پێشێل کاریەکان گەیشتوونەتە بەزرترین ئاست[1]، بەڵام ئەو بڕیارەی لە هەمووی گرنگتر بوو بۆ بەنێودەوڵەتی کردنی هەرێمی کۆسۆڤا بڕیاری ژمارە (١٢٤٤)ی ئەنجومەنی ئاسایش بوو کە لە (١٠)ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٩ دەری کرد. بە پێی بڕیارەکە هەرێمی کۆسۆڤا کەوتە ژێر دەسەڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکان و بووە ناوچەیەکی پارێزراوی نێودەوڵەتی (المحمية الدولية).

بە پێی بڕیارەکە راستەوخۆ نەتەوە یەکگرتووەکان سەرپەرشتی باری کارگێری هەرێمی کۆسۆڤا دەکات. بە پێی بڕگەی (١٠) لە بڕیاری (١٢٤٤)ی ئەنجومەنی ئاسایش سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان رادەسپێرێت کە بە هاوکاری رێکخراوە نیودەوڵەتییەکان ی تایبەتمەند ئامادەیی نێودەوڵەتی بەشێوەی مەدەنی لە کۆسۆڤا پەرەپێ بدرێت. ئەمەش بە ئامانجی دروست کردنی قەوارەیەکی بەرێوەبردنی کاتی لە کۆسۆڤا کە ئاستێکی زۆری سەربەخۆیی و دەسەڵاتی خۆبەرێوەبردن (أدارة الذاتية) بۆ کۆسۆڤا دەستەبەر بکات لە چوارچێوەی کۆماری یوگۆسلاڤیا[2]. بە گشتی بڕیاری (١٢٤٤) دوو تەوەری سەرەکی بەخۆوە دەگرێت:

یەکەم: لایەنی مەدەنی لەو بڕیارە کە هەرێمی کۆسۆڤا دەکەوێتە ژێر بەرێوەبردنی مەدەنی نەتەوەیەکگرتووەکان. (unmik).

بە پێی ماددەی (١١) لەو بڕیارە بەرپرسیاریەتی مەدەنی (UN) لەو چەند خاڵە دایە:

١-پاڵپشتی لە حوکمی خۆبەرێوەبردنی کۆسۆڤا تا یەکلاکردنەوەی کۆتایی.

٢-بەرێوەبردنی ئەرکە سەرەکیەکانی کارگێری و مەدەنی.

٣-دروست کردنی دامەزراوەی دیموکراتی لەو قۆناغە کە کاروباری کۆسۆڤا بەرێوەببەن تایەکلاکردنەوەی کۆتایی.

٤-بەهێز کردنی دامەزراوەکانی ناوخۆی کۆسۆڤا و گواستنەوەی دەسەڵاتی بەرێوەبردن بۆ کۆسۆڤا.

٥-بەردەوامی پرۆسەی سیاسی لە کۆسۆڤا تا پێگەی یاسایی کۆسۆڤا لە زووترین دەم دیاری بکرێت.

---

(١) بۆ خوێندنەوەی ئەو بڕیارانە بروانە، پێگەی ئەلکترۆنی پێشوو.

(٢) هەمان پێگەی ئەلکترۆنی.



٦-پاڵپشتی لە بنیات نانی ئابوری و دامەزراوەکانی تری بنیات نان.

٧-پاڵپشتی لە هاریکاریە فریاگوزاری و مرۆییەکان لەلایەن رێکخراوە مرۆییەکان.

٨-پارێزگاری لە یاسا و سیستەمی مەدەنی، هەروەها دروست کردنی هێزی پۆلیسی ناوخۆ، بەسوود وەرگرتن لە پۆلیسی نێودەوڵەتی.

٩-پارێزگاری لە مافەکانی مرۆڤ و گەشەپێدانی.

١٠-گەرەنتی گەڕاندنەوەی هەموو پەنابەرە دەرکراوەکان بۆ کۆسۆڤا.

١١-سەرپەرشتی قۆناغی کۆتایی گواستنەوەی دەسەڵات بۆ ئەو یەکەیەی کە لە یەکلاکردنەوەی کۆتایی بڕیاری لەسەر دەدرێت.

دووەم: لایەنی سەربازی لە بڕیارەکە لە چوارچێوەی چەند خاڵێك باسیان کراوەو بەرپرسیارەیەتی (UN) لە رووی سەربازی بەم شێوەیە دیاری کراوە.

١-چارەسەری ناکۆیەکان و رێگەگرتن لەشەروکشاندنەوەی هێزە سەربازیەکانی سربی لە کۆسۆڤا و قەدەغەکردنی گەڕانەوەیان.

٢- لەچەك داماڵێنی سوپای رزگاری کۆسۆڤا و هەموو کۆمەڵە و گروپێکی چەکداری ئەلبانی.

٣-رەخساندنی کەشێکی گونجاو بۆ گەڕاندنەوەی پەنابەر و دەرکراوەکان بۆ کۆسۆڤا.

٤-دەستە بەرکردنی کەشێکی گونجاو بۆ دەسەڵاتی مەدەنی (UN) کە بتوانن بە ئەرکی خۆیان هەڵبستن.

٥-سەرپەرشتی لابردنی مین (الغام).

٦-چاودێری سنورەکان.

٧-دەستەبەرکردن و پارێزگاری لە گواستنەوەو سەفەر بۆ دەسەڵاتی مەدەنی نێودەوڵەتی و رێکخراوە مرۆییەکان[1].

بە پێی بڕیاری (١٢٤٤) دەسەڵاتی مەدەنی هەڵبژاردنی گشتی لە هەرێمەکە ئەنجام دەدات. بە پێی بڕیارەکە بوونی مەدەنی و سەربازی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ماوەی (١٢)

---

(١) ئەو سەربازانەی لە ژێر سەرپەرشتی (UN) لە کۆسۆڤا دانران لەسەر پێنج ناوچەی کۆسۆڤا دابەش کران و لەلایەن هەریەکە لە (ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا و ئیتالیا) سەرکردایەتی هێزەکان دەکرا. ژمارەی هێزە سەربازیەکان (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار بوو، لەلایەن (٣٩) دەوڵەت ئامادەکرابوون.

مانگ دەبێت، دوای ئەو ماوەیەش بوونیان بەردەوام دەبێت ئەگەر بڕیارێکی پێچەوانە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایش دەرنەچێت[1]. یەکەم سەرۆکی دەسەڵاتی نێودەوڵەتی لە کۆسۆڤا (برنارد کۆشنەر)ی فەرەنسی بوو. (کۆشنەر) تا ساڵی (٢٠٠١) وەك سەرۆکی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی نێودەوڵەتی مایەوە. لەو ماوەیە هەوڵدرا دامەزراوەکانی کۆسۆڤا بنیات بنرێن و لە ساڵی (٢٠٠٠) بەسەرپەرشتی (UN) هەڵبژادرنی ناوخۆیی شارەوانیەکان لە هەرێمی کۆسۆڤا ئەنجام درا[2].

مەترسی زۆر هەبوو کە لەو هەڵبژاردنە توندوتیژی ڕووبدات، بەتایبەتی لەنێوان حزبی هاوبەندی دیموکراتی کۆسۆڤا کە (ئیبراهیم ڕۆگۆڤا)[3] سەرکردایەتی دەکرد، لەگەڵ حزبی دیموکراتی کۆسۆڤا کە (هاشم ساتشی) سەرکردایەتی دەکرد. ئەوەی دووەمیان پێشتر سوپای ڕزگاری کۆسۆڤا بوو، بە پێی بڕیاری (١٢٤٤) خەباتی مەدەنی دەست پێکرد.

لە هەڵبژاردنەکان حزبەکەی (ئیبراهیم ڕۆگۆڤا) بردیەوەو دەرەنجامەکان بە سروشتی وەرگیران، لە بەدیهێنانی ئەوەش (کۆشنەر) ڕۆڵی سەرەکی بینی و هەوڵ و تێکۆشانەکانی لەپێناو کۆسۆڤا ئەنجامی باشی لێکەوتەوە، بەتایبەتی لە کرانەوەو دیموکراسی بوونی هەرێمەکە[4]. لە (١٥)ی کانونی دووەمی ساڵی ٢٠٠١ لە جێگای (برنارد کۆشنەر) لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان (هانزهاکروب)بووە سەرۆکی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی نێودەوڵەتی لە کۆسۆڤا.

(هانز هاکروب) جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە پێش هەڵژاردنی گشتی پەرلەمانی دەبێ (یاسای بنەڕەتی – دەستور) بۆ دیاری کردنی دەسەڵاتی دامەزراوەکانی کۆسۆڤا دابنرێت. هەڵبژاردنی گشتی پەرلەمانی لە (١٧)ی نۆڤێمبەری ساڵی (٢٠٠١) ئەنجامدرا.هەڵبژاردنەکە

(١) هیڤی أمجد حسن، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٩٩-٢٠١ . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانەپێگەی ئەلکترونی: http://www.UN.org/arabic/sc/archived/scres/scres.htm

(٢) ڕاپۆرتێکی بڵاوکراوە لە ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە (٣٨٣)، لە ٢٠٠٧/٣/٧، لا ٥.

(٣) ئیبراهیم ڕۆگۆڤا: دکتۆرای هەبوو لە ئەدەب، ماوەیەك لە زانکۆی سۆربۆنی فەرەنسی مامۆستا بوو، لە ڕووی ئاین کاسۆلیکی مەسیحی بوو.

(٤) علي عبدالعال، کوسوفا بین رحیل روجوفاوالتاهب للمستقبل، وتاری بڵاوکراوە لە سەر پێگەی ئەلکترۆنی: <<http://www.grenc.com/sho_article_main.>> ڕۆژی سەردان:٢٠-٩-٢٠٠٧.



لە ژێرچاودێری (UN) لە لایەن(٣٨) هەزار سەربازی پەیمانی ئەتلەسی و حەوت هەزار پۆلیسی ناوخۆ و نێودەوڵەتی بەڕێوەچوون.

لەو هەڵبژاردنە حزبەکەی (ئیبراهیم ڕۆگۆڤا) چل و حەوت کورسی بەدەست هێنا لە کۆی (١٢٠) کورسی پەرلەمان. حزبی دیموکراتی کۆسۆڤا (٢٦) کورسی بەدەست هێنا، هەروەها حزبی هاوپەیمانی لە پێناو ئاینده (٨) کورسی هێنا. بۆ سربەکان (١٠) کورسی دانران و بۆ نەتەوەکانی تریش (١٠) کورسی، ئەمە جگە لەو کورسیانەی کە خۆیان بە دەستی دەهێنن. دەبوایە ئەوەی دەبێتە سەرۆکی کۆسۆڤا (٦٦٪)ی دەنگی پەرلەمان بەدەست بهێنێت. دوای سێ جار هەڵبژاردن لە نێو پەرلەمان (ئیبراهیم ڕۆگۆڤا) نەیتوانی ئەو ڕێژەیە بەدەست بهێنێت، دواتر بەدەست تێوەردانی نێودەوڵەتی (ڕۆگۆڤا) بووە سەرۆکی کۆسۆڤا[1]. لەکۆی (٩) وەزارەت بە شێوەی ڕێکەوتن بە سەر حزبەکان و نەتەوەکان دابەش کران و (بیرام رجیم) بووە سەرۆك وەزیر لە حزبی دیموکراتی کۆسۆڤا کە پێشتر سوپای ڕزگاری کۆسۆڤا بوو[2]. لە ساڵی ٢٠٠٤ (ڤاتمێر سیدیۆ) کە بەرەگەز ئەلبانیە بووە سەرۆکی هەرێمی کۆسۆڤا. هەر لە هەمان ساڵدا (مایکل ستانیز)ی ئەڵمانی وەك سەرۆکی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی نێودەوڵەتی دەست نیشان کرا[3].

لە (٢٧) مایۆی ساڵی ٢٠٠٥ لە بارەگای (UN) لە نیۆرك دانیشتنێکی تایبەت بە کۆسۆڤا بەستراو سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆفی ئەنانی ئەو کات نێردەیەکی تایبەتی خۆی نارده کۆسۆڤا کە (کای ئێدا)[4] بوو، ئەمەش بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەوشی هەرێمەکە. لە ساڵی ٢٠٠٦ ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پرۆژەیەکی پێشکەش کرد کە کۆسۆڤا بەمەرج سەربەخۆیی وەربگرێت، بە شێوەیەك کە سربەکانی کۆسۆڤا خۆیان ئەو شوێنانە بەڕێوە ببەن کە زۆرینەن تیایاندا بۆ ئەوەی مافەکانیان پارێزراو بن، هەروەها سربیاش دوای (٧) ساڵ لەسەربەخۆیی کۆسۆڤا بچێتە یەکێتی ئەوروپا.

(١) بوونە سەرۆکی (ڕۆگۆڤا) نارەزایی لێ کەوتەوە کە کەسێکی مەسیحی سەرۆکی هەرێمێك بێت زۆرینەی ڕەهای موسڵمان بن.

(2) kosova..poison killed in the emergence of muslim,anreport,available at: <<http:// www. islamicnews.net/document/showdoc08.>> accessedin:2-8-2007.

(3) abetter plan for Kosovo, an artical by hurst hanhum, available at: <<http://www. asharqalawsat.com/details.asp>> accessedin:2-8-2007.

(٤) سەرۆك وەزیری پێشووی نەرویج بوو.

له ساڵی ٢٠٠٦ (مارتی ئەهتساری)[١] وەك نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی لە کۆسۆڤا دەست بەکاربوو. (مارتی ئیهتساری) لە (٢)ی شوباتی ساڵی ٢٠٠٧ پلانێکی پێشکەش بە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد بۆ چارەسەری کۆتایی هەرێمی کۆسۆڤا. لە پلانەکە ئەوە خراوەتە روو کە هەرێمی کۆسۆڤا بە چەند قۆناغێك لە ژێر سەرپەرشتی (UN) سەربەخۆیی وەربگرێت.

پلانەکەی (مارتی ئیهتساری) لەلایەن سربیا و روسیا بە توندی رەت کرایەوەو (روسیا)[٢] ئەوەی راگەیاند کە بۆ هەر هەوڵێکی سەربەخۆیی کۆسۆڤا ئامادەیی هەیە ڤیتۆ بەکاربهێنێ و دژی بوەستێتەوەو هەرەشەی ئەوەشی کرد کە ئەندامێتی خۆی لە پەیماننامەی بڵاوبوونەوەی چەکی تەقلیدی هەڵدەپەسێرێت[٣]. لە ٢٠٠٧/٥/١١ پرۆژە بڕیارێك بە پاڵپشتی هەریەکە لە (بەریتانیا و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و فەرەنسا و بەریتانیا و ئەڵمانیا) ئامادەکرا بۆ جێبەجێ کردنی پلانەکەی (مارتی ئیهتساری). بە شێوەیەك کە لە قۆناغی یەکەم هەرێمەکە لە ژێر سەرپەرشتی نێودەوڵەتی دەبێت، بەڵام مافی هەیە بچێتە نێو رێکخراوە نیودەوڵەتییەکان و ئاڵا و سرودی نیشتمانی خۆشی دەبێت، ئینجا لە قۆناغی دووەم سەربەخۆیی تەواو وەربگرێت.

(زاڵمای خەلیل زاد) باڵوێزی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە (UN) گوتی (١١) ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایش رەزامەندن لەسەر پرۆژەکە،[٤] بەڵام ڤیتۆی روسیا بەربەستە لە بەرامبەر رۆیشتنی (مرور) پرۆژە بڕیارەکە[٥]. هەر بۆیەش مەسەلەی سەربەخۆیی کۆسۆڤا نەتوانرا بە بڕیاری نێودەوڵەتی کۆتایی پێ بهێنرێت. دواین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کۆسۆڤا لە

---

(١) سەرۆکی پێشووی فنلندا بوو.

(٢) پەیوەندییەکی توندوتۆڵ هەیە لەنێوان سربەکان و روسەکان، هەردووکیان نەتەوەی سلاڤین هەروەها هەردووکیان ئەرسەدۆکسن و لە زمانیش لە یەکتر نزیکن ئەمە جگە لەوەی کە لە کاتی جەنگی سارد هاوپەیمانی یەکتربوون.

(٣) پاشماوەی جەنگی سارد ئێشتاش کاریگەری هەیە بۆ سە ر چارەنووسی کۆسۆڤا.

(٤) بۆ هەر پرۆژە بڕیارێك کە لە ئەنجومەنی ئاسایش سەرکەوتن بەدەست بێنێ و قبوڵ بکرێ دەبێ لە کۆی (١٥) ئەندامەکەی ئەنجومەنی ئاسایش (٩) دەنگی لەگەڵ بێت، بەمەرجێك هیچ کام لەو پێنج دەوڵەتانەی مافی ڤیتۆیان هەیە دژی بڕیارەکە نەبن.

(٥) احمد التلاوي، هل تعرقل ازمات صربيا الداخلية مشروع استقلال كوسوفا، وتارێکی بڵاوکراوەیە، لە سەر پێگەی ئەلکترۆنی: http://www.mniaonline.com\show.phb رۆژی سەردان: ١٥-٧-٢٠٠٧



تشرینی دووەمی ٢٠٠٧ ئەنجام درا. کۆسۆڤا قۆناغێکی گەورەی بڕیوە لە پێشکەوتن و دیمۆکراسی و بنیات نانی دامەزراوەی یاسایی و دەستوری.

## دووەم: پێگەی یاسایی هەرێمی کۆسۆڤا

هەموو بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش کە تایبەت بە کۆسۆڤا دەرچوونە، جەخت لەسەر یەك پارچەیی و سەروەری خاکی یوگۆسلاڤیا دەکەنەوەو داوای خودموختیاریەکی بەهێز و دەسەڵاتێکی خۆبەڕێوەبردنی فراون بۆ کۆسۆڤا دەکەن، بەڵام دوای هەڵوەشانەوەی یوگۆسلاڤیا و پێشکەوتنەکانی بەڕێوەبردن و دیموکراسی لە هەرێمی کۆسۆڤا بیرۆکەی سەربەخۆیی هەرێمەکە لە ناو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەهێز بوو.

باری یاسایی هەرێمی کۆسۆڤا بەپێی بڕیاری (١٢٤٤)ی ئەنجومەنی ئاسایش لە ژێر بەڕێوەبردنی نەتەوە یەکگرتووەکان دایە. (UN) سەرۆکی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی نێودەوڵەتی لە هەرێمەکە دیاری دەکات و ئەو سەرۆکەش پێویستە بەردەوام و بەشێوەی خولی راپۆرتی فراوان لەسەر رەوشی کۆسۆڤا بداتە سکرتێری گشتی (UN) . هەرێمی کۆسۆڤا لە رێگای هەڵبژاردن دەسەڵاتی یاسادانان هەڵدەبژێرێت کە بریتی یە لە پەرلەمانێکی (١٢٠) کەسی، ئەو پەرلەمانەش هەڵدەستێت بە هەڵبژاردنی سەرۆکی کۆسۆڤا و دیاری کردنی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن. لەلایەن هێزی سەربازی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی هەرێمەکە دەپارێزرێ و کۆسۆڤا ناوچەیەکی پارێزراوی نێودەوڵەتیە. دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆیی هەیە، ئەو تاوانانەش کە لەلایەن دەسەڵاتی یوگۆسلاڤیا و سربیا دژی ئەلبانەکانی کۆسۆڤا ئەنجام دران، خرانە بەردەم دادگای تاوانی نێودەوڵەتی تایبەت بە یوگۆسلاڤیا. ئەو دادگایە بە پێی بڕیاری (٨٢٧)ی ئەنجومەنی ئاسایش لە (٢٥)ی ئایاری ١٩٩٣ دامەزرا. دادگاکە هەموو ئەو تاوانانە بە خۆوە دەگرێت کە لەسەرەتای ساڵی ١٩٩١ لە کۆمارەکانی یوگۆسلاڤیا ئەنجام دراون تا هەڵوەشانەوەی یوگۆسلاڤیا[١].

تۆمەت باران راکێشرانە بەردەم ئەو دادگایە و تا ١٩٩٩/٦/٩ ژمارەی (٩٠) کەس رووبەرووی ئەو دادگایە بوونەوە لە نێویشیاندا (سلۆ بۆدان میلۆسۆڤیچ)ی سەرۆکی یوگۆسلاڤیا

---

(١) بۆ زیاتر زانیاری بروانە: د.حسين الشيخ محمد طه الباليساني، القضاء الدولي الجنائي، رسالة دكتوراه، مطبعة الثقافة، اربيل، ٢٠٠٥، لا ٢٦٥وئەوانی دواتر.

بوو کەدواتر لە زیندان مرد[1]. بە تێڕوانینی ئێمە هەرێمی کۆسۆڤا تا ڕێکەوتی (١٧)ی شوباتی ساڵی ٢٠٠٨ هەموو پێوەرو تایبەت مەندیەکانی هەرێمێکی بەنێودەوڵەتی کراوی تێدابوو، پێگەی یاسایی کۆسۆڤا لە ساڵی ١٩٩٩ تا ئەو بەرواره وەك هەرێمێکی بەنێودەوڵەتی کراو لە ژێر سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەدەردەکەوێت.

دوای ئەوەی کۆسۆڤا بە پاڵپشتی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو یەکێتی ئەوروپاو ئەلبانیاو چەند ولاتێکی دیکە سەربەخۆیی ڕاگەیاند. کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە سەر دانپێدانانی کۆسۆڤا دابەشبوون و روسیا وەك ئەندامێکی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش بەتوندی دژی سەربەخۆی کۆسۆڤا وەستایەوە. وێرای ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆری دەوڵەتان دانیان ناوە بە سەربەخۆیی کۆسۆڤا، بەلاّم تائێستا کۆسۆڤا نەبۆتە ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

(١) علی عبدالله الحمادة، محاکمة ومعاقبة مرتکبي الجرائم الکبری امام القضاء الدولی، توێژینەویەکی بلاّوکراوەیە، لەسەر پێگەی ئەلکترۆنی <<http://www.barasy.com/index.php>>: رۆژی سەردان:١٥-٧-٢٠٠٧.

# باسی چوارەم

## هەرێمی دارفۆر

**دابەشکردن:**

**تەوەری یەکەم:** پێناسەیەك بۆ هەرێمی دارفۆر

**تەوەری دووەم:** ئاراستەکانی بەنێودەوڵەتی کردنی هەرێمی دارفۆر

# تەوەری یەکەم

## پێناسەیەك بۆ هەرێمی دارفۆر

هەرێمی دارفۆر کەوتۆتە خۆرئاوای سودان و دراوسێی هەریەکە لە لیبیا و کۆماری ئەفریقیای ناوەراست و چادە. گروپی نەتەوەیی (أثني) ئەفریقی و عەرەبی لە هەرێمەکە دەژین، گرنگترین ئەو گروپانە بریتین لە (فۆر-زەغاوەت-مەسالیت-بقارەت- زوریقات-مسیریەت-تەعایشە)[1]

دارفۆر بە واتای مالّی فۆر کە پێکهاتەی سەرەکین لە هەرێمەکە. دارفۆر لە سالّی ١٨٩٨ تا ١٩١٦ سەلتەنەتێکی سەربەخۆ بوو لە ژێر دەسەلاّتی سولّتان (عەلی دینار)، لە سالّی ١٩١٦ هەرێمی دارفۆر بە فەرمی خرایە سەر سودان. رووبەری هەرێمی دارفۆر (٥٠٠) هەزار کم٢یە کە بە قەدەر رووبەری ولاّتی فەرەنسایە و لە سیّ بەشی باشور و رۆژئاواو باکور پێك دێت، ژمارەی دانیشتوانی هەرێمەکە زیاتر لە (٦) ملیۆنە و ئەفریقیەکان نزیکەی ٦٠٪ پێك دەهێنن و عەرەبەکانیش ٤٠٪ پێك دەهێنن، ئاینی سەرەکیش لە هەرێمی دارفۆر ئیسلامە[2]. بەخێو کردنی ئاژەلّ و کشتوکالّ سەرچاوەی سەرەکیە بۆ گوزەرانی دانیشتوانی هەرێمەکە، هەروەها نەوت و یۆرانیۆم و مس لە ژێر زەوی هەرێمی دارفۆر دا هەن[3].

(١) هۆزە ئەفریقیەکان بریتین لە هۆزی (فۆر-مەسالیت-زەغاوەت)، هۆزە عەرەبیەکانیش بریتین لە (مەسریەت-زورەیقات-تعایشە-بقارەت).

(٢) اقليم دارفور: جذور ألأزمة التاريخية و تطورات الصراع الدامي، وتاری بلاّوکراوە، جريدة السياسة، عدد ١٢٨٢٤، ٢٠٠٤/٨/١، لا٣.

(٣) محمد عثمان حبيب الله، شرق السودان بين مخاطر التدويل وافاق الحل السلمي، توێژینەوە،مجلة السياسة الدولية، عدد (١٥٨)، اكتوبر ٢٠٠٤، لا٢٠٤.



سەرەتا کێشەی هەرێمی دارفۆر لە نێوان هۆزەکانی هەرێمەکە بوو بەتایبەتی هۆزە عەرەبی و ئەفریقیەکان، بەلاّم دواتر چوارچێوەی ململانێکان گەورەتر کرایەوەو حکومەتیش بۆ پالّپشتی هۆز و میلیشیا عەرەبەکان دژی هۆزە ئەفریقیەکان کاری دەکرد. لە سالّی ١٩٩٤ حکومەتی (عومەر بەشیر) لە سودان گرنگی یەکی زۆری بە گروپ و هۆزە عەرەبیەکانی هەرێمی دارفۆردا و دەسەلاّت و پۆستە گرنگەکانی ئەو هەرێمەی خستنە ژێر دەست. کاتێك ئاشت بوونەوە لە نێوان هۆزە ئەفریقی و عەرەبەکانی دارفۆر راگەیاندرا لە سالّی ١٩٩٥، حکومەتی سودان ئەفریقیەکانی دارفۆری چەك کرد، بەلاّم عەرەبەکان هەربەچەکداری مانەوە.

هەلّمەتی بە عەرەب کردنی هەرێمی دارفۆر و پەراوێزخستنی دارفۆریەکان و چەوساندنەوەیان لەلایەن حکومەتی سودان دەستی پێکرد. میلیشیاکانی (جنجاوید)[1] کە لەلایەن حکومەتی سودانی پالّپشتی دەکران و سەربە هۆزە عەرەبەکان بوون دەستیان کرد بە پەلاماردانی هۆزەکانی ئەفریقی، لەو کاتەوە بارێکی مرۆیی مەترسی دار لە هەرێمە کە سەری هەلّداوە[2]. لە هەرێمی دارفۆر هەریەکە لە (بزوتنەوەی دادپەوەری و یەکسانی لەگەلّ بزوتنەوەی رزگاریخوازی سودان) وەك دوو هێزی سەرەکی ئۆپۆزسیۆن دژی حکومەتی سودان و میلیشیاکانی جنجاوید خەبات دەکەن. جگە لەو دووانە حزب و گروپی تریش هەن وەك حزبی هاوپەیمانی فیدرالی و ژمارەیەکی تریش، بەلاّم بچووکن و کاریگەریەکانیان سنوردارە، هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی دارفۆر داوای جیابوونەوە ناکەن، بەلّکو داوای دابەش کردنی یەکسانی دەسەلاّت و سامانەکان دەکەن.

ململانێی بنەڕەتی لە هەرێمی دارفۆر لە سالّی (٢٠٠٣) دەستی پێکرد، هەرچەندە پێشتریش هەبوو، بەلاّم بەو ئاستە نەبوو. پێشێل کاریەکان پەرەیان سەند و حکومەتی سودان گوێی بۆ داواکانی هەردوو هێزە سەرەکیەکەی دارفۆر نەگرت، بۆیە ئەوانیش پەنایان بردە بەر خەباتی چەکداری[3]. هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان لە هەرێمی دارفۆر گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە تەنها بە هێزی چەکداری دەتوانن حکومەتی سودان بێننە سەرمێزی گفتوگۆ، چونکە پێشتر

(١) جنجاوید: بە مانای ئەوە دێت کە پیاوێك بە سواری ئەسپ چەکی رەشاشی هەلّگرتووە، ئەو میلیشیا چەکدارانە سەربە هۆزی (بقارەتی عەرەبین).

(٢) میلاد حسن، أزمة دارفور من التدويل الى السودانة، جريدة الأهرام، عدد (٤٢٩٦٧)، ٢٠٠٤/٧/٢٧، لا١١.

(٣) نبيل عبدالعطى، جذور أزمة دارفور، الأهرام المسائي، عدد (٤٨٤٢)، ٢٠٠٤/٧/٣٠، لا ١٤.

ئەزمونیان هەبوو کە هێزەکانی باشووری سودان بە خەباتی چەکداری وایان کرد داواکانی خۆیان لە گفتوگۆکانی (ماشاکوس) بێننەدی[1]. پێشێل کاریەکانی مـافی مـرۆڤ لـە هـەرێمی دارفـۆر گەیشتنە ئاستێکی زۆر، بە هەزاران دارفۆری بوونە قوربانی و نزیکەی دوو ملیـۆنیش ئـاوارە و دەربەدەربوون. دەست درێژی بۆ سەر ئافرەتان و منداڵانی دارفۆر لەلایەن میلیشاکانی جنجاوید بووە دیاردەیەکی بەربڵاو.

راپۆرتی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ زۆربەرروونی ئاماژەیان بۆ مەترسی داری رەوشـەکە کـرد لە هەرێمی دارفۆر. هەربۆیە نەتەوەیەکگرتووەکان و رێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمیـەکانی تـر دەست تێوەردانی مرۆییان بۆ هەرێمەکە دەست پێکرد.[2]

(([1]) د.طلال صالح بنان، أزمه دارفور..التدويل ليست خياراً، وتـاری بلاۆكـراوە لـە سـەرپێگەی ئـەلكترۆنی: <<http://www.okaz.com.sa/okaz/osf.htm>> رۆژی سەردان: ٦-٧-٢٠٠٧.

([2]) عبدالله ادم، الوجدان العربي يستيقظ على جراحات دارفور، وتاری بلاۆكراوە لە سەر پێگەی ئـەلكترۆنی: <<http://darfuronline.com/index.php>> رۆژی سەردان: ٦-٧-٢٠٠٧.

# تەوەری دووەم

## ئاراستەکانی بەنێودەوڵەتی کردنی هەرێمی دارفۆر

نەتەوەیەکگرتووەکان لە دوای ساڵی (٢٠٠٣) بە گرنگی یەوە ئەروانێتە هەرێمی دارفۆر. لە (١١)ی حوزەیرانی ساڵی (٢٠٠٤) ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری (١٥٤٧)ی دەرکرد لەسەر رەوشی مرۆیی لە دارفۆر و سودان، ئەمەش لەسەر بنەمای ئەو راپۆرتە بوو کە سکرتێری گشتی بە ژمارە (٤٥٣) لە ساڵی (٢٠٠٤) پێشکەشی کرد بوو. بڕیارەکە نیگەرانی نەتەوە یەکگرتووەکانی بەرامبەر پێشێل کاریەکانی مافی مرۆڤ دەربڕی و داوای کرد حکومەتی سودان پابەندبێت بە پرنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی. لە (١٤و١٥)ی ئابی ساڵی ٢٠٠٤ یەکەم وەجبەی هێزەکانی یەکێتی ئەفریقیا گەیشتە دارفۆر، وەك هێزی ئاشتی پارێزی هەرێمی. لە (١٨)ی ئاداری ساڵی ٢٠٠٤ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی سەربە (UN)، رایگەیاند کە ئەوەی لە دارفۆر روودەدات گەورەترین قەیرانی مرۆییە لە جیهان، هەر لە (٤)ی ئاداری ساڵی ٢٠٠٤ راسپێردراوی (مفوض) کاروباری پەنابەران باسی لە مەرگەساتی دارفۆریەکان کرد.

لە (٧)ی نیسانی (٢٠٠٤) سکرتێری گشتی (UN) لە وتارێکیدا بە بۆنەی (١٠) ساڵ تێپەربوون بە سەر کۆمەڵ کوژی (رواندا) رایگەیاند کە لیژنەیەکی نێودەوڵەتی دەنێرێتە دارفۆر بۆ لێکۆڵینەوەی رەوشی هەرێمەکە. لە (٧)ی ئایاری ٢٠٠٤ رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ حکومەتی سودانی تاوانبار کرد بە بەرپرسیاریەتی لە پاکتاوی رەگەزی و تاوانی دژی مرۆڤایەتی بەرامبەر دارفۆریەکان[1]. لە (٣٠)ی تەمموزی ساڵی (٢٠٠٤) ئەنجومەنی ئاسایش

(١) راپۆرتی رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ، لە ساڵی٢٠٠٤، بڵاوکراوە لە سەر پێگەی ئەلکترۆنی: http://hrw.org/Arabic/docs/2004/05/07/darfur855.txt.htm رۆژی سەردان:٦-٧-٢٠٠٧



هەر لە بەر رۆشنایی راپۆرتەکەی سکرتێری گشتی (UN) بڕیاری ژمارە (١٥٥٦)ی دەرکرد. وێرای پرۆتستۆکردنی پێشێل کاریەکانی لە دارفۆر روودەدەن، حکومەتی سودانی بە بەرپرسیاردانا بەرامبەر ئەوەی لە هەرێمەکە روو دەدات.

هەروەها بڕیارەکە رەوشی دارفۆری بە مەترسی دانا بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، بۆیە قەدەغەکردنی فرۆشتنی چەکی بۆ یەکە ناحکومیەکانی سودان لەو بڕیارە چەسپاند. بڕیارەکە بە پێویستی زانی کە سەرکردەکانی میلیشیای جنجاوید دەست گیربکرێن و ماوەی (٣٠) رۆژی بۆ حکومەتی سودان دیاری کرد کە میلیشیاکانی چەك بکات و پەنابەران بگەڕێنێتەوەو توندوتیژیەکان کۆتاییان بێت. هەروەها سکرتێری گشتی (UN) ی راسپاد کە لە ماوەی (٣٠) رۆژ راپۆرتێك ئامادەبکات ئاخۆ تا چەند ناوەڕۆکی بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایش جێبەجێ کراوە.

لە ٢٠٠٤/٦/٢٩ سکرتێری گشتی (UN) سەردانی سودانی کرد و بەیانێکی هاوبەشیان لەگەڵ حکومەتی سودان دەرکرد و گرنگترین خاڵەکانی بریتی بوون لە:

١-حکومەتی سودانی بەڵێن دەدات کە ئەو گەمارۆیەی لەسەر کاری مرۆیی لە دارفۆر دایناوە هەڵی دەگرێت.

٢-جەخت کرایەوە کە پێشێل کارانی مافی مرۆڤ رووبەرووی دادگا دەبنەوە بە بێ دواخستن.

٣-هێزی پۆلیس لە کەمپی ئاوارە و دەرکراوەکان بڵاودەبنەوە بۆ پاراستنیان و دوورخستنەوەی میلیشیاکان لەو کەمپانە.

٤-بە پەلە میلیشیاکانی جنجاوید لە چەك دابماڵدرێن.

٥-تێهەڵچوونەوەو نوێ کردنەوەی گفتوگۆی سیاسی بۆ چارەسەری کێشەی دارفۆر[1].

لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠٠٤ گفتوگۆ لە نێوان حکومەتی سودان و هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی دارفۆردەستیان پێکردەوە، بەڵام ئەنجامی نەبوو، رەوشەکە هەر بەرەو خراپ بوون دەڕۆیشت و ئەو ماوەیەش کۆتایی هات کە ئەنجومەنی ئاسایش دیاری کرد بوو[2]. لە (١٨)ی ئەیلولی

(١) هاني رسلان، أزمة دارفور والأنتقال الى التدويل، توێژینەوە، مجلة السياسة الدولية، عدد (١٥٨)، أكتوبر ٢٠٠٤، ل٢٠٢.

(٢) المركز الدبلوماسي للدراسات، أزمة دارفور بين التسوية و التدويل، راپۆرتی رۆژنامەوانی، جريدة السياسة الكوتية، عدد (١٢٨٩١)، ٢٠٠٤/١٠/٧، ل٢٠.

ساڵی ٢٠٠٤ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری ژمارە (١٥٦٤)ی دەرکرد.ئەو بڕیارەش جەختی کردەوە لەسەر گەڕانەوەی دەرکراوەکان ودەست گیرکردنی ئەوانەی پێشێل کاریان کردوە بەرامبەر بەمافەکانی مرۆڤ. لە هەمووشی گرنگتر لەو بڕیارە ئەوە بوو کە هەڵسانی فڕۆکەی حکومەتی سودانی بەسەر ئاسمانی هەرێمی دارفۆر قەدەغەکرد.

هەروەها بڕیارەکە داوای لە سکرتێری گشتی (UN) کرد لیژنەیەکی نێودەوڵەتی دروست بکات و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو پێشێل کاریانەی مافی مرۆڤ بکات کە لە دارفۆر روویان داوە. هەروەها لە بڕگەی (١٤)ی بڕیارەکە هاتووە ئەنجومەنی ئاسایش هەنگاوی کارا دەنێت بە پێی ماددەی (٤١)ی چارتی (UN) ئەگەر سودان بەردەوام بێت لەسەر پابەندنەبوون بە ئەرکەکانی[1]. لە ساڵی (٢٠٠٥) ئەنجومەنی ئاسایش کۆمەڵێك بڕیاری یەك لە دوای یەکی تایبەت بە بارودۆخی گشتی سودان دەرکرد لەوانەش گرنگترینیان بڕیاری ژمارە (١٥٨٨) لە (١٧)ی ئادار، هەروەها بڕیاری ١٥٩٠ لە (٢٤)ی ئادار و بڕیاری (١٥٩١) لە (٢٩)ی ئادار و بڕیاری ١٥٩٣ لە (٣١)ی ئادار.

ئەو بڕیارانەش جەختیان لەسەر بڕیارەکانی پێشوو ترکردەوە، وێرای گرنگی دان بە بەهێزکردن و ڕێکخستنی نێردەی (UN) لە دارفۆر، هەروەها ناردنی هێزی سەربازی ئاشتی پارێزی نێودەوڵەتی و ئەفریقی بۆ دارفۆر تێدابوو. باری هەرێمی دارفۆر بەرەو بەنێودەوڵەتی کردنی زیاتر چوو، وێرای بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش تایبەت بە دارفۆر، راپۆرتەکانی سکرتێری گشتی (UN) و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و یەکێتی ئەفریقیا رۆڵی سەرەکیان هەبوو لە دەست تێوەردانی مرۆیی لە هەرێمەکە[2]. لە (٢٣)ی ئەیلولی ساڵی ٢٠٠٥ ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری ژمارە (١٦٢٧)ی دەرکرد لەسەر هەرێمی دارفۆر و رەوشی سودان. هەرلە ئەنجومەنی ئاسایش لە (٢١)ی کانونی یەکەمی ساڵی (٢٠٠٥) بڕیاری ژمارە (١٦٥١)ی دەرکرد سەبارەت بە بارودۆخی سودان[3]. لە ساڵی (٢٠٠٦) ئەنجومەنی ئاسایش لەبەر رۆشنایی راپۆرتەکانی سکرتێری گشتی (UN) و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ زنجیرەیەك بڕیاری

---

(١) هیڤی امجد حسن، سەرچاوەی پێشوو، لا٢١٤-٢١٨.

(٢) عدنان ابو عودة، دارفورمن نزاع محلی الی مشکلة دولیة، وتاری بلاوکراوە، جریدة الحیاة، عدد (١٥١٢٨)، ٢٠٠٤/٨/٢٨، لا٢.

(٣) بۆ زیاتر زانیاری لەسەر ئەو بڕیارە بڕوانە پێگەی ئەلکترونی:
<< http://www.UN.org/Arabic/sc/archived/scres/scres.htm >>



تری لەسەر رەوشی سودان دەرکرد. لەوانەش بڕیاری ژمارە ١٦٦٣ لە (٢٤)ی ئادار، بڕیاری (١٦٦٥) لە (٢٩)ی ئادار، بڕیاری ژمارە (١٦٧١) لە (٢٥)ی نیسان، بڕیاری (١٦٧٩) لە (١٦)ی ئایار، بڕیاری ژمارە (١٧٠٦) لە (٣١)ی ئاب، بڕیاری (١٧٠٩) لە (٢٢)ی ئەیلول، بڕیاری (١٧١٣) لە (٢٩)ی ئەیلول، بڕیاری (١٧١٤) لە (٦) ی تشرینی یەکەم.

بە پێی بڕیاری (١٧٠٦) ئەنجومەنی ئاسایش رەزامەندیدا لەسەر ناردنی (٢٢,٥٠٠) بیست و دوو هەزار و پێنج سەد سەربازی سەر بە (UN) بۆ دارفۆر. بۆ دەرکردنی ئەو بڕیارەش هەریەکە لە چین و روسیا دەنگیان نەدا[1]. هەوڵەکانی ئاشتی لە هەرێمی دارفۆر بەردەوام بوون، لە ساڵی ٢٠٠٦ کۆمەڵێك گفتوگۆ ئەنجام دران، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون. سودان رەتی دەکردەوە کە کێشەی دارفۆر بە نێودەوڵەتی بکرێت و وەك کێشەیەکی ناوخۆ سەیری دەکرد، هەرچی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی دارفۆریش بوون دەیان ویست هەر گفتوگۆیەك کە دەکرێت بە چاودێری لایەنی نێودەوڵەتی بێت. داداگای تاوانە نیودەوڵەتییەکان لە (٢)ی ئایاری ساڵی (٢٠٠٧) بڕیاری دەست گیرکردنی دا بۆ هەر یەکە لە (ئەحمەد هارون)وەزیری پێشووی کاروباری ناوخۆی سودان (ئێستا وزیری کاروباری مرۆییە لەحکومەتی سودان)، هەروەها (عەلی قوشەیب) کە یەکێکە لە سەرکردەکانی میلیشیای جنجاوید[2].

لە (٢٠٠٧/٤/٣٠) ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری ژمارە (١٧٥٥) تایبەت بە هەرێمی دارفۆر دەرکرد. لە (٧)ی حوزەیرانی ساڵی (٢٠٠٧) پێشنیاری بەستنی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی سەبارەت بە هەرێمی دارفۆر لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان پێشکەش کرا، بەڵام لەلایەن حکومەتی سودان ڕەت کرایەوە. لە (١٢)ی حوزەیرانی ساڵی (٢٠٠٧) لە ژێر فشاری دبلۆماسی سودان رازی بوو بە ناردنی هێزی هاوبەشی (UN) و یەکێتی ئەفریقیا[3]. ئەنجومەنی ئاسایش لە ٢٠٠٧/٧/٣١ بڕیاری ژمارە (١٧٦٩)ی سەبارەت بە ململانێکانی

---

(١) راپۆرتی رۆژنامەوانی، بلاوکراوە لەسەر پێگەی ئەلکترۆنی:
http://www.newsbbc.com.uk/hi/Arabic/world-news/newsid4682000/46825040.stm

(٢) بەپێی گوتەی (مۆرینۆ) داواکاری گشتی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایش لە ڕێکەوتی ٥-١٢-٢٠٠٧ ئەمانە تۆمەتبارن بە (٥٠ ) تاوانی جەنگ و دژی مرۆڤایەتی، داوای کرد حکومەتی سودانی بیان داتە دەست دادگای تاوانی نێودەوڵەتی. ئەو زانیاریانە لە کەناڵی ئاسمانی ( الجزیرة مباشر ) لە بەرنامەکانی رۆژی ٥-١٢-٢٠٠٧ ورگیراون.

(٣) راپۆرتێکی بلاوکراوە، رۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە (٤٨١)، ٢٠٠٧/٧/١ ، لا٦٧.

سودان دەرکرد. هەروەها لە ٢٠٠٧/٩/٢٩ بۆ هەمان مەبەست ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری ژمارە (١٧٧٩)ی دەرکرد[1]. ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە (٣١)ی تشرینی یەکەمی ساڵی (٢٠٠٧) بڕیاری ژمارە (١٧٨٤)ی دەرکرد بۆ رەوشی گشتی لە سودان. ئەو بڕیارە کۆمەڵێك خاڵی تێدابوو لە خوارەوە روونیان دەکەینەوە:

١-داوای لە حکومەتی سودانی کرد کە هەڵبستێت بە ئەنجام دانی سەرژمێریەکی گشتی و دواتر هەڵبژاردنێکی دیموکراتی و پاك و ئازادانە.

٢-ئەنجومەنی ئاسایش پێشوازی کرد لە دامەزراندنی (ئەشەرف قازی)[2] وەك نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی و بەرپرسی نێردەی (UN) لە سودان.

٣-نیگەرانی خۆی دەربڕی بەرامبەر هەموو ئەو بەربەستانەی لە بەردەم نێردەی (UN) و کاری رێکخراوە مرۆییەکان لە سودان دروست دەکرێت.

٤-بڕیارەکە جەختی کردەوە کە ئەوەی لە سودان روودەدات مەترسی هەیە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی.

٥-بڕیاری دا کە ماوەی نێردەی (بعثة) نەتەوە یەکگرتووەکان تا (٣٠)ی نیسانی ساڵی (٢٠٠٨) درێژبکرێتەوە، هەروەها ئەگەر پێویستی کرد جارێکی تر ماوەکە درێژ بکرێتەوە.

٦-داوای لە سکرتێری گشتی (UN) کرد کە هەموو سێ مانگ راپۆرتێك لەسەر پێشکەوتنەکانی ئاشتی و پابەندبوون بە راگرتنی شەرو توندوتیژی پێشکەش بکات.

٧-داوای کرد کە هەموو لایەك پابەند بن بە رێکەوتنامەکانی ئاشتی کە پێشتر ئەنجام دراون.

٨-جەختی کردەوە لەسەر چەك کردن و لە چەك داماڵینی هێزەکانی دەرەوەی یاسا[3] بەوام بوونی حکومەتی سودانی لەسەر پێشێل کاریەکانی مافی مرۆڤ لە هەرێمی دارفۆر وای کرد

(١) بۆ زانیاری زیاتری و خوێندنەوەی ئەو بڕیارانە بڕوانە پێگەی ئەلکترۆنی:
<<http://www.en.wikipedia.org/wiku/list-of-UNited-national-security-coUNcil >>
رۆژی سەردان:٢٨-٨-٢٠٠٧.

(٢) ئەشەرف قازی: لە دوای تیرۆرکردنی (سیرجیودی میلیۆ) وەك نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی ((UN لە عێراق دانراو تا مانگی ئەیلولی ساڵی ٢٠٠٧ لە عێراق مایەوە.

(٣) بۆ ناوەرۆکی بڕیاری (١٧٨٤) بڕوانە پێگەی ئەلکترۆنی:
<< http://www.UN.org/Arabic/sc/archived/scres.htm>>>



نەتەوە یەکگرتووەکان بە شێوەیەکی فروانتر بێتە ناو مەسەلەکە، تاگەیشتە ئەوەی لەمانگی تەمموزی ساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بڕیاری تۆمەت بارکردنی (عومەر بەشیر)ی سەرۆکی سودان دەرچوو، هەروەها خەرمانی دەست گیرکردنیشی راگەیەنرا، حکومەتی سودان ئامادەنییە بچێتە ژێر باری بڕیارەکانی ئەو دادگایە، بەر بەهانەیەی کە نیزامی بنەڕەتی دادگاکەی واژوو نەکردووەو ئەندام نییە لە دامەزراندنی دادگا کەکاتێك لە ساڵی ١٩٩٨ لە رۆما دامەزرا.

قەیرانی هەرێمی دافۆر و پێشل کاریەکانی مافی مرۆڤ لەو هەرێمە بەردەوامەو بەرەوشێکی مرۆیی خراپ تێپەر دەبن، بەشداری نێودەوڵەتیش رۆژ لەو هەرێمە رووی لە زیاد بوون دایە.

## پێگەی یاسایی هەرێمی دارفۆر

هەموو ئەو بڕیارانەی کە لە پێشەوە ئاماژەمان پێکردن سەبارەت بەرەوشی سودان جەختیان لەسەر یەك پارچەیی و سەروەری خاکی سودان کردۆتەوە. تا ئێستاش هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی هەرێمی دارفۆر داوای دانانی رژێمێکی نوێ دەکەن کە بەشداری سیاسی و دابەش کردنی سامانەکان و مافی یەکسانی و دادپەروەری بۆ هەموو لایەك دەستە بەربکات، بەڵام داوای جیابوونەوەو سەربەخۆیی ناکەن. پێشێل کاریەکانی مافی مرۆڤ و زۆری ژمارەی ئاوارەو دەرکراوەکان و کوشتن و دەست درێژی بۆ سەر ئافرەت و منداڵان و پەراوێز خستنی هەرێمی دارفۆر لە رووی بنیات نان و خۆشگوزەرانی بووە مایەی دەست تێوەردانی مرۆیی لە هەرێمەکە.

بە هۆی ئەو پێشێل کاریانە کە بە رێکخراوی (منظم) لەلایەن حکومەتی سودانی دژی هەرێمی دارفۆر ئەنجام دراون، لەلایەن رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی و ژمارەیەك لە دەوڵەتانی زلهێزی دنیا وەك ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەو رەوشەی لە هەرێمی دارفۆر روودەدات بە جینۆساید و تاوانی دژی مرۆڤایەتی دەناسێنن. لەبەر ئەو پێشێل کاریانەش هەرێمی دارفۆر بەرەو بە نێودەوڵەتی کردن دەچێت و ئاراستەکانی بەنێودەوڵەتی کردنی هەرێمەکە بە روونی بەدیارکەوتوون[1]. ناردنی هێزی ئاشتی پارێزی

(١) بۆ زیاتر زانیاری لە سەرتاوانەکانی جینۆسایدو دژی مرۆڤایەتی بڕوانە: د.حسین الشیخ محمد طة البالیسانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧-٨٥.

نێودەوڵەتی بۆ هەرێمی دارفۆر، هەروەها بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کە لە ساڵی ٢٠٠٤ تا ٢٠٠٧/١٠/٣١ نۆزدە بڕیاری دەرکردووەو دەتوانین بڵێین تێکرای بریارەکان لە ژێر بەشی حەوتەمی چارتی نەتەوەیەکگرتووەکان دەرچوونە .

هەروەها سەردانی سکرتێری گشتی (UN) بۆ هەرێمەکە و قەدەغەکردنی فرینی فرۆکەی سودانی لەسەر ئاسمانی دارفۆر و بڕیاری لە چەکداماڵینی هێزە میلیشیاکان و راپۆرت و هەوڵەکانی رێکخراوە نێودەوڵەتی و مرۆییەکان و هەوڵەکانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بۆ دادگایی کردنی تۆمەت بارانی حکومەتی سودانی و میلیشیاکانی جنجاوید، هەموو ئەوانە ئاراستەن بۆ بەنێودەوڵەتی کردنی هەرێمی دارفۆر.

---

هەروەها بۆ زیاتر زانیاری لە سەرهەمان بابەت بروانە: ڤالا فرید، المسؤلية المدنية الدولية عن جريمة الابادة الجماعية، رسالة ماجستر، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل،٢٠٠٤، لا١٠-٥٠.

# کۆتایی

له دوای کۆتایی هاتنی توێژینەوەکەمان (پێگەی یاسایی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان) گەیشتینە ئەو ئەنجام وپێشنیارانەی خوارەوە:

**یەکەم: ئەنجامەکان**

١- سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردن لە سەدەی (١٩) سەری هەڵداوەو نەکەوتۆتە ژێر ڕژێمێکی یاسایی جێگیر و دیاری کراو. سیستەمەکە پشتی بەستووە بە عورفی نێودەوڵەتی، بەڵێننامەی کۆمەڵەی گەلان و چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان سیستەمەکەی ڕێك نەخستووە، بۆیەش هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان لە بارێکەوە بۆ یەکێکی دیکە و لە قۆناغێکیش بۆ قۆناغێکی تر لە یەکدی جیاوازن.

٢- بەنێودەوڵەتی کردن یان بە پێی پەیماننامەیەکی بە کۆمەڵ یان بڕیاری ڕێکخراوی نێودوڵەتی دێتە دی. ئەمەش لەو کاتە دەبێت کە هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکە ناکۆکی لەسەر بێت و گرنگی یەکی ستراتیجی هەبێت جا ناکۆکی و مل ملانێیکان لە رووی نەتەوەیی بێت یان ئابوری یان ئاینی یان سیاسی یان هەر لایەنێکی دیکە.

٣-هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان پێناسەیەکی گشتگیر و تەواویان بۆ نەکراوەو تێڕوانینی جیاواز هەن بۆ پێناسەو چەمکی ئەو هەرێمانە.

٤-کۆمەڵێك هەرێم و ناوچە پێشنیاری بەنێودەوڵەتی کردنیان کرا، بەڵام نەکەوتە واری جێبەجێ کردن، ئەمەش لەبەر ململانێی نێودەوڵەتی و بەرژوەندی دەوڵەتانی زلهێز و گەورە، وەك پێشنیاری بەنێودەوڵەتی کردنی هەریەکە لە (ئیستانبۆڵ – مۆنتی ئسۆس- هەرێمی میمیل – شاری فیوم – ناوچە کۆلۆنیالیەکان – شاری بەرلین).



٥-بەنێودەوڵەتی کردن بۆ ئەو هەرێمانەی دانیشتوانی لێیە کاتی دەبێت، ئەمە لە پێناوی پاراستنی مافی چارەنووسی دانیشتوانی ئەو هەرێمانە، بەڵام بۆ ئەو هەرێم و ناوچانەی دانیشتوانی لێ نیە، وەك ناوچە جەمسەریەکان دەکرێ بە نێودەوڵەتی کردن هەمیشەیی بێت.

٦-سەروەری هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان بۆ گەلی هەرێمەکە دەگەڕێتەوە، بەڵام سەروەریەکە وەستاوە (موقوفة)، چونکە ئەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پیادەی دەکات روخسارەکانی سەروەریە نەك خودی سەروەری کە ئەرکی بریتی یە لەسەرپەرشتی و چاودێری.

٧- هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان چەند پرینسیپێکی سەرەکیان هەیە لەوانەش:

أ-بە ئامانجی دوورخستنەوەی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان لەشەرو ململانێ، ئەو هەرێمانە لە چەك دادەماڵدرێن و بێلایەن دەکرێن (تحید).

ب-بوونی نێردەیەك یان حاکمێکی نێو دەوڵەتی لە هەرێمە بەنێو دەوڵەتی کراوەکە بۆ چاودێری و سەرپەرشتی .

ج-هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان خاوەنی دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبردنی خۆیانن، لە ڕێگای هەڵبژاردنی دەسەڵاتی یاسادانان دیاری دەکرێت و حکومەت و دەستەی دادوەری تایبەت بە خۆشیان هەیە.

د- لە کاتی پا بەند نەبوون بە بنچینەکانی یاسایی نێودەوڵەتی، هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان خۆیان بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتیان دەکەوێتە سەر، نەك ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کە سەرپەرشتی هەرێمەکە دەکات.

ه- هەرێمە بە نێودەوڵەتی کراوەکان سیستەمی یاسایی و دەستوری و ڕەگەزنامەی تایبەت بە خۆیان هەیە.

و- هەرێمی بەنێودەوڵەتی کراو دەتوانێ پەیماننامە ببەستێ و نێردەی دبلۆماسی هەبێت و پێشوازی نێردە دبلۆماسیەکانیش بکات.

٨- یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی بەنێودەوڵەتی کردن بریتی یە لە دەستەبەرکردنی کەشێکی گونجاو بۆ گەلی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکە بۆ گەیشتن بە مافی چارەنوس و سەربەخۆیی سیاسی.

٩- سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردن لەگەڵ هەرێمە سەروەری ناتەواوەکانی ژێر سیستەمی پاشکۆیەتی و پارێزگاری و ماندێت و راسپاردەیی و هەرێمە بە خود موختاری نەگەیشتووەکان لە یەك دەچن، بەڵام جیاوازی سەرەکیان لەوەدایە کە هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان لەلایەن

کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سەرپەرشتی دەکرێن، کەچی ئەوانی دیکە لەلایەن یەك دەوڵەت.
هەروەها سیستەمی ماندێت و راسپاردەیی و هەرێمە بەخود موختاری نەگەیشتووەکان لە چارتی رێکخراوی نێودەوڵەتی رێك خراون، بەڵام سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردن نەچۆتە نێو چارتی رێکخراوە نیودەوڵەتییەکان . هەروەها ئەو یەکانەی بارێکی تایبەتیان هەیە لەگەڵ هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان زۆر لێك نزیك و لێك چوون، وەك باری بیابانی رۆژئاواو ناوچە جەمسەریەکان و ڤاتیکان و ئەوانی دیکە.

١٠- هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی پاشکۆی ریزپەری (استثناء) کاتیان هەیە، هەروەها دانپێدانان بۆ ئەو هەرێمانە بە کۆمەڵ و بنیات نەرە (منشأ).

١١- لە نموونە هاو چەرخەکانی بەنێودەوڵەتی کردن کێشەی نەتەوەیی هۆکاری سەرەکی بەنێودەوڵەتی کردن بووە. هەروەك ئەوەی لە باری هەریەکە لە تەیموری خۆرهەلات و هەرێمی کۆسۆڤا و دارفۆر بەرجەستەمان کرد.

١٢- دەسەلاتی ڤاتیکان و حزب و رێکخراوە مەسیحیەکانی ئەوروپا رۆڵی کارایان هەبوو لە بەنێودەوڵەتی کردنی تەیموری خۆرهەلات و دواجاریش سەربەخۆیی هەرێمەکە، بەو پێیەی کە زۆرینەی رەهای دانیشتوانی تەیمور بە ئاین مەسیحی کاسۆلیکن، بەلام وێرای ئەوەی کە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە سەرووی ٩٠٪ موسلمانن، تا ئێستا وڵاتانی ئیسلامی و رێکخراوە ئیسلامیەکان رۆڵێکی پۆزەتیڤیان نەبووە بۆ پاڵپشتی هەرێمی کوردستانی عێراق.

بەهەمان شێوە بۆ هەرێمی دارفۆریش کە زۆرینەی رەهای دانیشتوانی هەرێمەکە موسڵمانن و لەلایەن حکومەتی سودانی رووبەرووی کۆمەڵ کوژی دەبنەوە، کەچی دەوڵەتانی ئیسلامی و عەرەبی و کۆنگرەی وڵاتانی ئیسلامی رۆڵیان نەبووە بۆ راگرتنی ئەو پێشێل کاریانە.

١٣- کۆتایی هاتنی جەنگی سارد لە نێوان بلۆکی سەرمایەداری و سۆسیالیستی دەروازەیەکی نوێ بوو بۆ دەست تێوەردانی مرۆیی، ئەمەش لە هەرێمی کوردستانی عێراق دەستی پێکرد و دواتر زۆر هەرێم و ناوچەی دیکەشی گرتەوە. دەست تێوەردانی مرۆیش بەنێودەوڵەتی کردنی زۆر لەو هەرێمانەی بە دواوە هات. بەنێودەوڵەتی کردنی تەیموری خۆرهەلات و هەرێمی کۆسۆڤا بەرەنجامی دەست تێوەردانی مرۆیی کۆمەڵگای بەنێودەوڵەتی بوو لەو دوو هەرێمە.

١٤- بڕیاری (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی قۆناغێکی گرنگ و تازە بوو بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە گشتی و هەرێمی کوردستانی عێراق بەتایبەتی. بڕیارەکە بۆ



کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بووە پێشینەیەك کە دەست تێوەردانی زیاتریشی بە دواوە هات لە چەند دەوڵەت و هەرێمی دیکە.

بۆ هەرێمی کوردستانیش ئامادەبوونەوەی دووەمی مەسەلەی کورد بوو لە نێو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە دوای پەیماننامەی سیڤەر لە ساڵی ١٩٢٠. ئەو بڕیارە نەوای ئارامی بۆ هەرێمی کوردستان دەستەبەر کرد و بووە مایەی دروست بوونی دەسەلاتی خۆ بەرێوەبردنی دیفاکتۆ لە ساڵی ١٩٩١ تا ٢٠٠٣. مەسەلەی کورد بە پێی بڕیارەکە و رێو شوێنەکانی دوای بڕیارەکەش بەرەو بەنێودەوڵەتی کردن دەچوو، بەلام کۆمەڵێك هۆکار وایان کرد کێشەی هەرێمی کوردستان قۆناغ بە قۆناغ ببێتەوە مەسەلەیەکی ناوخۆیی لەوانەش:

ا- بەرژوەندی سیاسی دەوڵەتانی زلهێزی دنیاو مەترسی دەوڵەتانی هەرێمی (أقليمى) لە ئایندەی هەرێمی کوردستان.

ب- سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی بە بێ بوونی لایەنی نێودەوڵەتی لەگەڵ دەسەلاتی عێراق لە ساڵی ١٩٩١چووە نێو گفتوگۆ. ئەمەش وای کرد کە مەسەلەی هەرێمی کوردستان رەهەندە نێودەوڵەتیەکەی کاڵتر ببێتەوە.

ئەگەر ئەمە بەراوورد بکەین لەگەڵ باری هەرێمی دارفۆر دەبینین جیاوازی هەیە، چونکە هەردوو هێزی سەرەکی ئۆپۆزسیۆن (بزوتنەوەی دادپەروەری و یەکسانی — بزوتنەوەی رزگاریخوازی سودان) ئامادەنین بە بێ لایەنی نێودەوڵەتی هیچ گفتوگۆیەك لەگەڵ حکومەتی سودانی سازبکەن. ئەمەش وای کردوە پرسگرێکی هەرێمی دارفۆر رۆژ بەرۆژ بەرەو بەنێودەوڵەتی کردنی زیاتر بچێت.

هەروەها لە هەرێمی کۆسۆڤا هەر دانوسانێك لەگەڵ حکومەتی سربیا کرا بێت بە ئامادەبوونی لایەنی نێودەوڵەتی کراوە.

ج- پەرلەمانی کوردستان لە ١٩٩٢/١٠/٤ بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە سیستەمی فیدرالیەتی راگەیاند. دیسان ئەمەش وای کرد لە رووی یاسایی و دەستوری هەرێمی کوردستان جارێکی تر بە عێراق ببەسترێتەوە. ئەگەر باری کوردستان لەگەڵ هەرێمی کۆسۆڤا بەراوورد بکەین جیاوازیەکی زۆر دەبینین، چونکە وێرای ئەوەی کە سەرجەم بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش تایبەت بە کۆسۆڤا جەختیان لەسەر یەك پارچەیی خاکی یوگۆسلاڤیا دەکردەوە، بەلام کۆسۆڤا دەست بەرداری خواستی خۆیان نەبوون تا لە (١٧)ی شوباتی ساڵی ٢٠٠٨ سەربەخۆیی خۆیان راگەیاند.

١٥- ئەگەر هەرێمی کوردستانی عێراق لە ماوەی نێوان ساڵی ١٩٩١-٢٠٠٣ وەك هەرێمێکی بەنێودەوڵەتی کراو دەرکەوتبا زۆر گرنگ بوو بۆ هەرێمەکە لەبەر ئەو خاڵانە:

أ- دەرفەتێك بوو کە لە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزراوەی مەدەنی و دیموکراتی پێشکەوتوو لە کوردستان بنیات نرابان..

ب- هەروەك ئاماژەمان پێکرد بێلایەن کردن و لە چەك داماڵین پرنسیپی سەرەکی بەنێودەوڵەتی کردنن، ئەمەش بۆ هەرێمی کوردستان پێویست بوو، چونکە لە چەك داماڵینی هێزەکانی کوردستان دەبووە هۆی ئەوەی شەڕی ناوخۆ روونەدات.

لە هەرێمی کۆسۆڤا مەترسی روودانی شەری ناوخۆ لە ئارادابوو، بەڵام ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بە پێی بریاری (١٢٤٤) لە (١٠)ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٩ بریاری لە چەك داماڵینی سوپای رزگاری کۆسۆڤا و هەموو هێزە چەکدارەکانی دیکەی دا لە هەرێمەکە، ئەوەش وای کرد کە سوپای رزگاری کۆسۆڤا ببێتە حزبێکی مەدەنی بەناوی حزبی دیموکراتی کۆسۆڤا و شەری ناوخۆیی لە هەرێمەکە روونەدات.

ج- لە کاتی دیاری کردنی چارەنووسی کۆتایی هەرێمە بەنێو دەوڵەتی کراوەکان لە زۆربەی بارەکان خواستی دانیشتوانی ئەو هەرێمانە لە بەرچاو گیراوە، بۆیە بە نێودەوڵەتی کردنی هەرێمی کوردستانیش قۆناغێکی گرنگ بوو بۆ دیاری کردنی مافی بریاردانی چارەنووس لە ژێر سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

١٦- سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردن بەردەوامی هەیە و ئێستا هەرێمی کۆسۆڤا لە ژێر ئەو سیستەمە دایە و هەرێمی دارفۆریش بەرەو بەنێودەوڵەتی کردن دەچێت.

١٧- لەبەرامبەر تاوانەکانی کە دژ بە خەڵکی هەریەکە لە تەیموری خۆرهەڵات و کۆسۆڤا و دارفۆر ئەنجام دران، دادگای تایبەتی نێو دەوڵەتی هاتنە بۆ مەسەلەکە و تاوانەکان وەك تاوانی جینۆساید و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی ناسران، بەڵام تاوانبارانی رژێمی بەعس کە رێکخراوی بەرامبەر بەخەڵکی کوردستان هەڵسان بەرامبەر بەخەڵکی کوردستان هەڵسان بە تاوانی جینۆساید و دژی مرۆڤایەتی وتاوانی جەنگ لە بەرامبەر دادگایەکی عیراقی دادگایی کران، ئەمەش دیسان وای کرد پرسگرێکی کوردستان رەهەندێکی دیکەی نێودەوڵەتی لێکەم ببێتەوە.

**دووەم: پێشنیارەکان**

١-هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان ناکەونە ژێر رژێمێکی یاسایی جێگیر و دیاری کراو، بەڵکو پشت دەبەستن بە عورفی نێودەوڵەتی و لە بارێکەوە بۆ یەکێکی تر و لە قۆناغێکیش بۆ



قۆناغێکی دیکە لە یەکتر جیاوازن و سیستەمەکەش بەردەوامی هەیە. بۆیەکاتی ئەوەیەکە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو سیستەمە لە چوارچێوەی رژێمێکی یاسایی بنووسێتەوەو رێکی بخات.

٢-لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان بە پێی سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردن، کەشێکی گونجاو بۆ ئەو گەلانە دەستەبەر بکرێت کە رووبەرووی چەوسانەوەو داپلۆسین و کۆمەڵ کوژی دەبن، تا بتوانن مافی چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، بە بێ ئەوەی بەرژەوەندی دەوڵەتانی زلهێز بۆ گەیشتن بەو مافە بەربەست دروست بکات.

٣-لە برگەی هەشتەمی بریاری (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسیاش هاتووە کە ئەنجومەنی ئاسایش (بریار دەدات ئەو مەسەلەیە لەبەر چاو بمێنێتەوە)، بەڵام وێرای پێشێل کاریەکان مەسەلەکە لە ئەنجومەنی ئاسایش جارێکی تر باسی نەکرایەوە. بنەمای دەرچوونی بریاری (٦٨٨) لەسەر ئەو داپلۆسینە (قمع) سەرچاوەی گرتبوو کە رژێمی عێراق دژی کورد لە هەرێمی کوردستان کردی، بۆیە لەکاتی هەردەست درێژیەکی هەرێمی یان ناوخۆیی لە پێناو دووبارە نەبوونەوەی داپلۆسینی گەلی کوردستان، گرنگە کە ئەنجومەنی ئاسایش بە پشت بەستن بە برگەی (٨)ی بریارەکە جارێکی دیکە بە پێی پرنسیپی دەست تێوەردانی مرۆیی رێگا لە دەست درێژیەکان بگرێت و مەسەلەکە بێنێتەوە بەرباس.

٤-هەندێ لە روخسارەکانی بەنێودەوڵەتی کردن بۆ ئایندەی کەرکوك بەدی دەکرێن. ئێمە پێمان وایە لەو قۆناغە بەنێودەوڵەتی کردنی شاری کەرکوك لەبەرژەوەندی هەرێمی کوردستان دانیە لە بەردوو خاڵ:

أ- بەنێودەوڵەتی کردنی شاری کەرکوك ئایندەی شارەکە دەخاتە بەردەم چەند گریمانێك، یان شارەکە دەبێتە هەرێمێکی سەربەخۆ یان لەگەڵ هەرێمی کوردستان یەك دەگەرێتەوە، یان لەگەڵ دوو پارێزگای تری عێراق هەرێمێکی فیدرالی پێك دەهێنن یان بارێکی تایبەتی دەبێت. واتە شارێك کە بەدرێژایی مێژووی خەباتی کوردستان سازش لەسەر کوردستانی بوونی نەکراوە، لەکاتی بەنێودەوڵەتی بوون دەخرێتە بەردەم گریمانەوە.

ب- ئەگەر شاری کەرکوك لە رێگای بەنێودەوڵەتی کردن بخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستانیش ئەوا چەند ساڵێك دەخایەنێ و تا ماوەیەکی تر دەبێ دەست بەرداری کەرکوك ببین. بۆیە وەك راسپاردەیەکی توێژینەوەکەمان بۆ بەردەم پەرلەمان و سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بەنێودەوڵەتی کردنی شاری کەرکوك پەسەند ناکەین، بەڵام ئەگەر هەرێمی کوردستان

به کەرکوکیشەوە بخرێتە ژێر سەرپەرشتی و پارێزگاری نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوا بۆ ئایندەی هەرێمی کوردستان ئەنجامی باشی دەبێت.

٥- لە توێژینەوەکەمان ئەوە خرایە روو کە باری هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ تا ساڵی ٢٠٠٣ بارێکی تایبەتی بێ وێنەی دیفاکتۆبوو. هەروەها لە دوای رووخانی دەسەڵاتی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ هەرێمی کوردستان وێرای ئەوەی بە پێی دەستوری عێراق بووە هەرێمیکی فیدرالی، بەڵام تایبەتمەندی خۆی هەرپاراست، تا ئێستاش لەنێوان هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی ناوەندی عێراق دابرانێك هەیە و نەتوانراوە ئیندماج بکەن و کاربکرێت بەدەستور.

بۆیە راسپاردەمان ئەوەیەکە سیستەمی یەك دەوڵەت و دوو رژێم ئەوەی چین لەگەڵ هەریەکە لە هۆنگ گۆنگ و ماکاو پەیرەوی لێ کرد، گونجاوترین سیستەمە بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان ( لە گەڵ رەچاوکردنی جیاوازیەکان) کە ببێتە خواستی داهاتووی هەرێمی کوردستان لەگەڵ عێراق، چونکە تا ئێستا سیستەمی فیدرالی سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە.

## پاشکۆی ژمارە(١)

## پوختەیەك لە پەیماننامەی بەنێودەوڵەتی کردنی هەرێمی تریستا

له پەیماننامەی ئاشتی پاریس لە (١٠) فێبرایەری ساڵی ١٩٤٧ بەنێودەوڵەتی کردنی تریستا بڕیاری لەسەر درا. بەپێی ئەو پەیماننامەیەکە لە جێگای دەستوری هەرێمی تریستا بوو، هەرێمەکە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی راستەوخۆی ئەنجوومەنی ئاسایش کەلەلایەن حاکمێك بەڕێوەدەبرێت و ئەو حاکمەش لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان دیاری دەکرێت. هەوڵ دەدەین لە خوارەوە پوختەیەك لە دەستوری هەرێمی تریستا وەك نموونەیەك لە سیستەمی هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان بخەینەروو.

**یەکەم: مەرجە گشتییەکان**

ا- ماددەی (٢): هەرێمی تریستا راستەوخۆ دەکەوێتە ژێر بەڕێوەبردنی ئەنجوومەنی ئاسایش لە نەتەوە یەکگرتووەکان. هەروەها ئەنجومەنی ئاسایش بەرپرسیارە لە گەرەنتی سەربەخۆیی و یەك پارچەیی هەرێمەکە لە ڕێگای چاودێری کردنی دەستورەکە و ئەو حاکمەی دای دەمەزرێنێ. هەروەها بەرپرسیارە لە پارێزگاری کردن لە مافە بنەڕەتییەکانی دانیشتوانی هەرێمەکە و داکۆکی کردنی لە ئاسایش و دابی گشتی.

ب-ماددەی (٣): هەرێمەکە دەستوری خۆی دەبێت و هەریەکە لە دەسەڵاتەکانی یاسا دانان و جێبەجێ کردن و دادوەریشی هەیە. هەروەها دەتوانن پەیوەندی دەرەوەش ببەستێت و سیستەمی دارایی تایبەت بە خۆشی دەبێت. هەروەها نابێ هێزی سەربازی بێگانە لە هەرێمەکە بمێننەوەو ئەو هێزانەش کە هەرێمی تریستا هەیەتی دەبێ یاسایی و ڕێکخراوبن.

ج- ماددەکانی (٤-٥-١٠): لەو ماددانە ئەوە روون کراوەتەوە کە لیژنەیەکی دەستوری پرۆژەی دەستورێك ئامادە دەکەن و دەبێ سێیەکی (ثلثي) دانیشتوانی هەرێمەکە دەنگی بۆ بدەن، بەمەرجێك ئەو دەستورەی پەسەند دەکرێت پێچەوانە نەبێت لەگەڵ ناوەرۆکی پەیماننامەی بەنێودەوڵەتی کردنی تریستا، بەتایبەتی لە گەرەنتی کردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتیەکانی دانیشتوانی هەرێمەکە بە بێ جیاوازی.

د- ماددەی (٦): هەموو هاوڵاتیانی ئیتاڵیا کە لە هەرێمی تریستا نیشتەجێ بوونە لە بەرواری (١٠)ی یۆلیۆی ساڵی ١٩٤٠ هەروەها منداڵەکانیشیان کە لە دوای ئەو مێژووە لە دایك بوونە، دەبنە هاوڵاتی هەرێمی تریستا.



ه- ماددەی (٧): زمانی فەرمی بریتی یە لە ئیتاڵی و یوگسلافی (سلۆڤینی)، هەروەها دەتوانرێ زمانی کرواتیش بەکاربهێنرێت وەك زمانی فەرمی لەو ناوچانەی بە کرواتی قسە دەکەن.

و- ماددەی (٨): هەرێمی تریستا ئاڵای تایبەتی خۆی هەیە.

**دووەم: حاکمی تریستا و دەسەڵاتەکانی**

أ- ماددەی (١١): حاکمی تریستا ئەندامێکی سەرەکیە لە حکومەتی هەرێمەکە و لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایش بۆ ماوەی پێنج ساڵ دیاری دەکرێت، ئەمەش بەراویژ لەگەڵ ئیتاڵیا و یوگوسلاڤیا، بەڵام نابێ حاکمەکە خەڵکی ئیتاڵیا و یوگسلافیا و تریستا بێت. موچەکەشی لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکان پێ دەدرێت. حاکم مافی دیاری کردنی یاریدەدەرێکی بۆ خۆی هەیە، ئەو کاتەی مۆڵەتی هەیە یان ناتوانێ کارەکان راپەڕێنێت یاریدەدەرەکە جێگای دەگرێتەوە. حاکم راستەوخۆ بەرپرسیارە بەرامبەر ئەنجومەنی ئاسایش کە ئەو ئەنجومەنە لە توانای هەیە لەکار رای بگرێت و دەری بکات و بشی گەڕێنێتەوە.

ب- حاکم لە هەموو کۆبوونەوەکانی حکومەت بەشداری دەکات، بەڵام مافی دەنگدانی نیە.

ج- ماددەی (١٦): حاکم بەشدار دەبێت لە پەسەند کردنی دادوەران کەلەلایەن حکومەت پێشنیار دەکرێت، بەڵام دەبێ لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی گەل (دەسەڵاتی یاسادانان) رەزامەندی لەسەر بدرێت.

د- ماددەکانی (١٧-١٩): حاکم راپۆرتی ساڵانە پێشکەشی ئەنجومەنی ئاسایش دەکات لەسەر بارودۆخی گشتی هەرێمەکەو یاساکان و ئاسایشی گشتی.

ه- ماددەی (٢٢): لەو کاتانەی کە مەترسی بۆ سەربەخۆیی ئاسایشی هەرێمی تریستا دروست دەبێت، پێویستە حاکم هەڵبستێ بە بەڕێوەبردنی کاروباری ئاسایش و پۆلیس. هەروەها ڕێوشوێنی خۆپارێزی تایبەت بگرێتە بەرو راپۆرتی خێر بداتە ئەنجومەنی ئاسایش.

و- حاکم دەسەڵاتی لێبوردنی بۆ هەندێ حاڵەت هەیە لەگەڵ پێداچوونەوە بە جێبەجێ کردنی حوکمەکان.

ز- ماددەی (٢٤): بەڕێوەبردنی کاروباری دەرەوە بۆ هەرێمی تریستا لە ژێر سەرپەرشتی حاکم دایە و ئەو گەرەنتی ئەوە دەکات کە چۆن پەیوەندیەکانی دەرەوە هاودژ نەبن لەگەڵ پەیماننامەی بەنێودەوڵەتی کردن.

هەروەها حاکم ڕێورەسمی دەست بەکاربوونی کۆنسولی بێگانە دەکات و هەرخۆشی بەنوێنەرایەتی حکومەت پەیماننامەکان واژوو دەکات.

ع- حاکم بەراوێژ لەگەڵ حوکمەت لەنێولیستی پاڵێوراوەکان کە حکومەت پێشکەشی کردوە، بەرێوەبەری ئاسایشی گشتی و پۆلیس دیاری دەکات.

ت- بەرێوەبەری مینای ئازادی تریستا لەلایەن حاکم بەراوێژ لەگەڵ حکومەت لە نێولیستی پاڵێوراوەکان دیاری دەکرێت، دەبێ بەرێوەبەری مینا ساڵانە راپۆرت بداتە حاکم.

**سێیەم: دەسەڵاتی یاسادانان**

أ- ماددەی (١٢) دەسەڵاتی یاسادانان کە بە ئەنجومەنی گەل ناونراوە، بەشێوەیەکی نهێنی و راستەوخۆ لەلایەن گەل هەڵدەبژێردرێ و ئەرکی یاسادانانی لەسەر شانە.

ب- ئەنجومەنی گەل بە زۆرینەی سێیەکی (ثلثي) بڕیاری هەموار کردنی دەستور دەدات کەلەلایەن گەل دەنگی بۆ دراوە.

ج- ماددەی (١٨): ئەنجومەنی گەل مافی توێژنەوە و گفتوگۆکردنی هەیە لەسەر هەر بابەتێك کە کاریگەری لەسەر هەرێمی تریستا هەبێت.

د- ماددەی (١٣): ئەنجومەنی گەل حکومەت دیاری دەکات و حکومەتیش بەرپرسیارە بەرامبەر ئەو ئەنجومەنە لە راپەراندنی کارەکانی.

هـ- ماددەی (٢١): ئەنجومەنی گەل بڕیار لەسەر پەسەندکردنی میزانیەی ساڵانە دەدات کەلەلایەن حکومەت ئامادە دەکرێ و پێشکەش دەکرێت.

و- ماددەی (١٦): ئەنجومەنی گەل بە زۆرینەی سێیەکی دەنگەکان بۆی هەیە داوا لە حاکم بکات کە لێکۆڵینەوە بەرامبەر ئەندامانی دەستەی دادوەری بکات.

ز- ماددەی (١٩): ئەنجومەنی گەل بۆی هەیە یاسادابنێت. بەڵام حاکم دەتوانێ لەماوەی (١٠) رۆژ دوای بینینی یاساکە تانەی لێ بدات (طعن)، ئەگەر حاکم یاساکەی رەت کردەوەو ئەنجومەنی گەلیش سووروبوو لەسەر پەسەندکردنی یاساکە ئەوا حاکم راپۆرتێکی خێرا دەداتە ئەنجومەنی ئاسایش، لە هەمان کاتدا ئەنجومەنی گەلیش لەسەر هەمان بابەت راپۆرت بۆ ئەنجومەنی ئاسایش ئامادە دەکات. دواتر بڕیاری یەکلا کەرەوە بۆ ئەنجومەنی ئاسایش دەبێت .

ع- ماددەی (٣٧): ئەنجومەنی گەل دەتوانێ بە زۆرینەی سێیەکی (ثلثي) ئەندامانی داوای هەموارکردنی پەیماننامەی بەنێودەوڵەتی کردنی تریستا لە ئەنجومەنی ئاسایش بکات.



**چوارەم: دەسەڵاتی راپەراندن**

أ- حکومەت بۆی هەیە یاسا ئامادە بکات و بیداتە ئەنجومەنی گەل. هەروەها دەسەڵاتی جێبەجێ کردن لە ژێر سەرپەرشتی راستەوخۆی حاکم دایە.

ب- حکومەت بە هەماهەنگی لەگەڵ حاکم کاروباری دەرەوە بەرێوە دەبات و مەزەندەیی میزانیەی ساڵانە ئامادە دەکات و پەیماننامەکانیش گرێ دەدات.

ج- ماددەی (٢٠): حکومەت دەتوانێ داوای حاکم رەت بکاتەوە کاتێك دەیەوێ رێوشوێنی بەرێوەبردن رابگرێت، لەو بارەش مەسەلەکە دەخرێتە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایش.

د- ماددەی (٢٢): ئاسایشی گشتی و پۆلیس لە سەر رەوشی ئاسایشی تریستا راپۆرت دەداتە حکومەت و حاکم.

**پێنجەم: دەسەڵاتی دادوەری**

ماددەکانی (١٤-١٥): دەسەڵاتی دادوەری بە پێی یاساکانی تریستا کار دەکات و دادگا سەربەخۆیی تەواوی هەیە.

**شەشەم: چەند مەرجێکی تایبەت کە سروشتی ئابووریان هەیە**

أ- ماددەی (٢٤): هەرێمی تریستا دەتوانێ بەشداری بکات لە رێکخراوە نیودەوڵەتییەکان ئەوانەی ئامانجیان ئابوری و تەکنەلۆژی و کلتوری و کۆمەڵایەتی و تەندروستیە. واتە هەرێمی تریستا دەتوانێ ببێتە ئەندام لە هەموو رێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان و وکالاتی تایبەت مەند جگە لە خودی (un) خۆی.

ب- ماددەی (٣٠): سیستەمێکی دارایی و مالی و گومرگی تایبەت بە تریستا دادەنرێت.

ج- ماددەی (٣١): هێڵی ئاسنینی تریستا موڵکی هەرێمەکەیە و حکومەت بۆی هەیە رێکەوتنامە لەگەڵ ئیتاڵیا و یوگسلافیا ببەستێت بۆ گەرەنتی ئابوری و کاروباری هێڵێ ئاسنین کە تریستا دەبەستێتەوە بە هەموو هەرێمەکە .

**حەوتەم: بەشێکی تایبەت بە مینای ئازادی تریستا**

ئەو بەشە لە (٢٦) مادده پێك هاتبوو کە ئەمانە گرنترینیان بوون.

أ- ماددەکانی (٤,٣,١): مینای تریستا ئازادە و ئیتاڵیا و یوگسلافیا و دەوڵەتانی ئەوروپاش بەیەکسانی بەکاری دەهێنن ، بەڵام یوگسلافیا و ئیتاڵیا مافی دیاری کردنی شوێنی تایبەتیان هەیە بۆ کەشتیەکانیان. هەروەها میناکە بەشێکی تەواوکەری هەرێمی تریستایەو یاساکانی تریستای لەسەر جێبەجێ دەبێت.

ب- ماددەکانی (٥-١٠): باجی پێویست بەسەر خزمەت گوزاریەکانی بارکردن و داگرتن دادەنرێ. بەڵام باجی گومرگی بۆ ئەو کەل و پەلانە دانانرێت کە بۆ هەرێمی تریستا بەکاردەبرێت.

ج- ماددەکانی (١٨-١٩-٢٠): بەرێوەبەری مینای ئازاد بەراوێژ لەگەڵ حکومەت لەلایەن حاکم لە نێو لیستی پاڵێوراوان دیاری دەکرێت.

د- ماددەکانی (٨-١٤) حکومەتی تریستا دەتوانێ پشکنین لە میناکە دابکات و رێگە بگرێت لە تەهریبی کە لو پەلەکان و پاراستنی ئاسایشی میناکە.

هـ- ماددەکانی (٢١-٣٢): لیژنەیەك کە لە (١١) دەوڵەت پێك هاتبوو ئەرکی چاودێری کردن و چارەسەر کردنی کێشەکانی مینای تریستای لەسەر شان بوو.



## پاشکۆی ژمارە (٢)

**خشتەی ئەو هەرێمانە روون دەکاتەوە کە بە نێو دەوڵەتی کراون یا پێشنیاری بەنێودەوڵەتی کردنیان کراوە.**

| | هەرێمەکان | مێژووی بەنێودەوڵەتی کردنیان | چارەنووسی کۆتایی هەرێمەکان |
|---|---|---|---|
| ١- | پێشنیاری بەنێودەوڵەتی کردنی ئیستانبۆڵ | لەساڵی ١٨٩٥ دوو پرۆژە بۆ بەنێودەوڵەتی کردنی ئیستانبۆڵ پێشکەش کران | پرۆژەکان نەکەوتنە واری جێبەجێ کردن و ئیستانبۆڵ شارێکە لە کۆماری تورکیا. |
| ٢ | پێشنیاری بەنێودەوڵەتی کردنی مۆنتی ئسۆس (Mount athos) | لەساڵی ١٩١٣ پێشنیار کرا ئەو هەرێمە بخرێتە ژێر بەرێوەبردنی هاوبەشی دەوڵەتانی ئاینی مەسیحی ئەرسەدۆکسی. | پێشنیارەکە نەکەوتەواری جێبەجێ کردن و دواتر بووە بەشێك لە یۆنان. |
| ٣- | شاری کراکاوی ئازاد (Cracow) | لەساڵی ١٨١٥ بەپێی پەیماننامەیەکی بەکۆمەڵ بەنێودەوڵەتی کرا. | لەساڵی ١٨٣٣ بەنەمسای مەجەری لکێندرا. |
| ٤- | بەنێودەوڵەتی کردنی شەنگەهای | لەساڵی ١٨٤٥ لەلایەن فەرەنسا و ئەمریکا و بەریتانیا بەرێوەدەبرا، ئەمەش بەهۆی شکستی چین لەجەنگی ئەفیون. | لەساڵی ١٩٤٤ بۆ چین گەڕایەوە و بووە بەشێك لەو وڵاتە. |
| ٥- | دەوڵەتی کۆنگۆی ئازاد (Congo Freestate) | لەساڵی ١٨٨٥ بەپێی پەیماننامەیەکی بەکۆمەڵ بەنێودەوڵەتی کرا. | لەساڵی ١٩٠٨ بووە ناوچەیەکی کۆلونیالی ژێردەستی بەلجیکا، تاوەرگرتنی سەربەخۆیی. |
| ٦- | حکومەتی کریتی نێودەوڵەتی | لەساڵی ١٨٧٩ بەنێودەوڵەتی کرا. | تا ساڵی ١٩٠٨ لە ژێر سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردن مایەوە و پاشان بووە بەشێك لە یۆنان. |
| ٧- | بەنێودەوڵەتی کردنی ئەلبانیا | لەساڵی ١٩١٢ خرایە ژێر بەرێوەبردنی بە کۆمەڵی دەوڵەتان | لەساڵی ١٩١٤ بەهۆی هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی سیستەمەکە کۆتایی هات و ئەلبانیا سەربەخۆیی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | وەرگرت. |
| ٨- | شاری دانزیگ<br>Free City of danzig | لەساڵی ١٩٢٠ لە ئەنجامی ناکۆکی نێوان ئەڵمانیا و پۆلۆنیا بە نێودەوڵەتی کرا. | لەساڵی ١٩٣٩ شارەکە لەلایەن ئەڵمانیا داگیرکرا و دوای جەنگی دووەمی جیهانی بووە بەشێك لە پۆلۆنیا بەناوی شاری (گدانسکا) |
| ٩- | هەرێمی سار | لەساڵی ١٩١٩ لە ئەنجامی ناکۆکی نێوان فەرەنسا و ئەڵمانیا بەنێودەوڵەتی کرا. | لەساڵی ١٩٣٥ لە ئەنجامی راپرسیەك بۆ ئەڵمانیا گەڕایەوە. لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی لە ساڵی ١٩٤٧ جارێکی دیکە بەنێودەوڵەتی کرایەوە و تا ساڵی ١٩٥٦ بەردەوام بوو، پاشان گەڕایەوە بۆ سەر ئەڵمانیا. |
| ١٠- | ناوچەی تەنجە | لەساڵی ١٩٢٣ فەرەنسا و ئیسپانیا و بەریتانیا لەسەر بەنێودەوڵەتی کردنی ناوچەی تەنجە رێککەوتن بەپێی پەیماننامەیەکی بەکۆمەڵ. | سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردنی ناوچەی تەنجە بۆماوەی سێ جار درێژ کرایەوە و بەردەوام بوو تا ساڵی ١٩٥٦، لەو کاتەبووە بەشێك لە مەغریب. |
| ١١- | هەرێمی لیتشیا<br>Leticia | لەساڵی ١٩٣٣ لە ئەنجامی ناکۆکی نێوان پیرۆ و کۆلۆمبیا هەرێمەکە لەلایەن کۆمەڵەی گەلان بەنێودەوڵەتی کرا. | سیستەمەکە کەمتر لە ساڵێکی خایاند و لەساڵی ١٩٣٣ گەڕایەوە بۆ کۆلۆمبیا. |
| ١٢- | پێشنیاری بەنێودەوڵەتی کردنی هەرێمی میمیل (Memel) | لەساڵی ١٩١٢ تا ساڵی ١٩٢٣ کۆمەڵێك پرۆژە بۆ بەنێودەوڵەتی کردنی میمیل خرانەروو. | کۆمەڵەی گەلان هەوڵیدا پێشنیارەکان بخاتە واری جێبەجێ کردن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، هەر لە چوارچێوەی پرۆژە مایەوە، تا ساڵی ١٩٤٨ بووە بەشێك لە لیتوانیا. |
| ١٣- | پێشنیاری بەنێودەوڵەتی کردنی شاری فیوم | لەساڵی ١٩٢٠ بەهۆی ناکۆکی نێوان ئیتالیا و یوگسلافیا هەوڵدرا بکرێتە | لەساڵی ١٩٢٤ بووە بەشێك لە ئیتالیا، پاشان لەساڵی ١٩٤٧ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | | شارێکی بەنێودەوڵەتی کراو. | چووە سەر یوگسلافیا. دواتر بۆ کرواتیا گەڕایەوە. |
| ١٤- | بیرۆکەی بەنێودەوڵەتی کردنی ناوچە کۆلۆنیالیەکان | لەساڵی ١٩٤١ لەلایەن بەریتانیا و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێشنیاری بە نێودەوڵەتی کردنی ناوچە کۆلۆنیالیەکان خرایە روو. لەساڵی ١٩٤٢، هەروەها لە ساڵی ١٩٤٥ جەخت لەسەر هەمان ئەو پێشنیارە کرایەوە. | دواتر بەریتانیا هەر خۆشی دژی ئەوە وەستایەوە کە ناوچە کۆلۆنیالیەکان بەنێودەوڵەتی بکرێن، پێشنیارەکان نەکەوتنە واری جێبەجێ کردن. |
| ١٥- | هەرێمی تریستای ئازاد (Trieste) | لەساڵی ١٩٤٧ بەهۆی مل ملانێی نێوان ئیتالیا و یەگوسلافیا ئەو هەرێمە بەنێودەوڵەتی کرا. | لەساڵی ١٩٥٤ هەرێمی تریستا دابەش بوو بە دوو بەش، بەشێکیان بەر ئیتاڵیا کەوت و بەشەکەی دیکە بۆ یوگسلافیا. |
| ١٦- | شاری قودس | بەپێی بریاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٧ شاری قودس بەنێودەوڵەتی کرا. | بەنێودەوڵەتی کردنی شاری قودس نەکەوتە واری جێبەجێی کردن و تا ئێستاش ناکۆکی لەسەرە و لەژێر دەسەڵاتی ئیسرائیل دایە. |
| ١٧- | نامیبیا | لەساڵی ١٩٦٦ کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵی بەنێودەوڵەتی کردنی نامیبیای دا لە ئەنجامی پیادەکردنی سیاسەتی ئاپارتاید لەلایەن حکومەتی باشوری ئەفریقیا. | لەساڵی حەفتاکانیش کۆمەڵێك هەوڵدران بۆ بەنێودەوڵەتی کردنی نامیبیا، بەڵام سیستەمی بە نێودەوڵەتی کردن نە چەسپا، تا ساڵی ١٩٩٠ سەربەخۆی وەرگرت. |
| ١٨- | پێشنیاری بەنێودەوڵەتی کردنی شاری بەرلین | لەساڵی ١٩٥٨ خرۆشۆفی سەرۆکی ئەوکاتی یەکێتی سۆڤیەت پێشنیاری بە نێودەوڵەتی کردنی شاری بەرلینی کرد. | پێشنیارەکە پەسەند نەکراو دابەش بوونی بەرلین بەردەوام بوو تا ساڵی ١٩٩٠ کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات و ئەڵمانیای فیدراڵی یەکیان گرتەوە. |
| ١٩- | بەنێودەوڵەتی کردنی | لەساڵی ١٩٩٩ تا ساڵی ٢٠٠٢ بە | لە ساڵی ٢٠٠٢ لە ئەنجامی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | تەیموری خۆرهەڵات | نێودەوڵـــەتی کـــراو لەلایـــەن نەتـــەوە یەکگرتووەکان سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی کرا. | راپرسـیەکی گـشتی تـەیموری خـۆر هەڵات سەربەخۆیی خۆی راگەیاند. |
| -٢٠ | هەرێمی کۆسۆڤا | لەساڵی ١٩٩٩ تا ساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن نەتـەوە یـەکگرتووەکان بـەڕێوەدەبرا و هەرێمەکە بەنێودەوڵەتی کرا. | لـــە ٢٠٠٨/٢/١٧ ســـەربەخۆی راگەیاند. |

# سەرچاوەکان

## یەکەم: بە زمانی کوردی

### أ- کتێبەکان:

١- جاسم تۆفیق خۆشناو، دەخالەتی مرۆڤانە لەکوردستان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

٢- خلیل عەبدوڵڵا، سیستەمی سیاسی چین، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك).

٣- عومەر نوردەینی، سەروەری دەوڵەت و پەیوەندی بە دۆزی کوردەوە، چاپی یەکەم، چاپ خانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٥.

٤- فەرمانگەی زانیاریەکانی ئەنجومەنی دەوڵەتی کۆماری گەلی چین، خودموختاری هەرێمایەتی بۆ کەمینە نەتەوەییەکان لە(چین)، وەرگێرانی لە ئینگلیزیەوە:مەجید ئاسنگەر، ئامادەکردنی: تاریق جامباز، لە چاپ کراوەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کورددستان،٢٠٠٦.

٥- مارف عومەر گوڵ، کێشەی کەسایەتی یاسایی نێودەوڵەتی گەلی کورد، چاپی دووەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٥.

### ب-گۆڤار و رۆژنامە:

٦- سعدی بەرزنجی- عبدالفتاح عبدالرزاق محمود، دەستێوەردانی مرۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کوردستانی عێراق ( بریاری ٦٨٨)، توێژینەوە، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (٢١)، پایزی ٢٠٠١.



٧- عەبدول محەمەد ئەحمەد، دورگەی قوبرس قەیرانێکی تاقەت پڕوکێن، دۆسیێی تورکیا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، ژمارە (٣)، نیسانی ٢٠٠٦.

٨- فازل زەهاوی، بڕیاری ژمارە (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایش و سەرەنجامە دەولی یەکانی، توێژینەوە، گۆڤاری سیاسەتی دەولی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، ژمارە (٣)، تشرینی یەکەمی ١٩٩٣.

٩- مارف عومەر گوڵ، مەسەلەی کورد لە رێکەوتنامە نیودەوڵەتییەکان ی سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە (٤٩)، ئابی ٢٠٠٦.

١٠- نجدت ئاکرەیی، رێکخراوە نیودەوڵەتییەکان ،توێژینەوە، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (٦)، حوزەیرانی ١٩٩٨.

١١- رۆژنامەی خەبات، ژمارە (٢٥٨٤) لە ٢٠٠٧/٨/١١.

١٢- رۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە (٤٢٨)، لە١٠/٥/٢٠٠٧ و ژمارە (٤٨١)، لە ٢٠٠٧/٧/١٢ و ژمارە (٣٨٣)، لە ٢٠٠٧/٣/٧.

١٣- رۆژنامەی هەولێر پۆست، ژمارە (١٢٧)، ٢٠٠٧/٤/٢٩ .

١٤- رۆژنامەی رۆژنامە، ژمارە(١٥٥)، ٢٠٠٨/٢/١٠.

١٥- گۆڤاری ستاندەر، ژمارە (١٧)، تەمموزی٢٠٠٧.

### ج- چاوپێکەوتن و پەیوەندی تەلەفۆنی:

١٦- چاوپێکەتنێك لەگەڵ بەرێز (جەوهەر نامق سالم) سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی کوردستان. لە رێکەوتی ١-١٢- ٢٠٠٧.

١٧- پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ بەرێز ( فازڵ میرانی) سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان. لە رێکەوتی ١٢-١٢-٢٠٠٧.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی**

أ-الكتب العربية:

١٨- د.احمد ابو الوفا، الوسيط في القانون الدولي العام، ط٤، دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠٠٤.

١٩- أبراهيم نافع، صين معجزة نهاية القرن العشرين، ط١، مركز الأهرام للتنمية والنشر، قاهرة، ١٩٩٩.

٢٠- د.ابراهيم أحمد شلبى، مباديء القانون الدولي العام، الدار الجامعية، القاهرة، ١٩٨٦.

٢١- د.ابراهيم محمد العناني، القانون الدولي العام، ط٥، دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠٠٤- ٢٠٠٥.

٢٢- د.إحسان هندي، مباديء القانون الدولي العام في السلم و الحرب، ط١، دار الجليل للطباعة والنشر، دمشق،١٩٨٤.

٢٣- د. الشافعي محمد بشير، القانون الدولي العام في السلم و الحرب، ط٣، دار الفكر العربي، القاهرة، بەبێ ساڵی چاپ.

٢٤- د. بدرية عبداللة العوضي، القانون الدولي العام في وقت السلم والحرب وتطبيقه في دولة الكويت، ط١، دار الفكر، دمشق، ١٩٧٨-١٩٧٩.

٢٥- د. بطرس غالي، التنظيم الدولي، مكتبة الانجلوالمصري، القاهرة، ١٩٥٦.

٢٦- د. جاسم محمد زكريا، مفهوم العالمية - التنظيم الدولي المعاصر، ط١، منشورات الحلبي الحقوقية، سوريا، ٢٠٠٦.

٢٧- د.جعفر عبدالسلام، مبادىء القانون الدولي العام، ط٥، بەبێ شوێن ولایەنی چاپ، ١٩٩٦.

٢٨- د. حازم محمد عتلم، أصول القانون الدولي العام، القسم الثاني (اشخاص القانون الدولي)، ط١، دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠٠١.

٢٩- د. حامد سلطان، القانون الدولي العام في وقت السلم، ط٦، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٧٦.

٣٠- د.حسن نافعة، الامم المتحدة في نصف قرن، سلسلة عالم المعرفة، الكويت،

٣١- حسن علي ابراهيم، الدول الصغيرة والنظام الدولي، مؤسسة الأبحاث العربية، بيروت، ١٩٨٢.



٣٢- د. حسام احمد الهنداوي، التدخل الدولي الأنساني، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٩٦-١٩٩٧.

٣٣- حسني محمد جابر، القانون الدولي، ط١، دار النهضة العربية، القاهرة، بەبێ ساڵی چاپ.

٣٤- حسين علي الحبيشي، تقرير المصير، دار الكاتب العربي، بەبێ شوێنی چاپ، ١٩٦٧.

٣٥- د. حسن الچلبى، القانون الدولي العام، ج١، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٦٤.

٣٦- د. حكمت شبر، القانون الدولي العام، ج١، مطبعة دار السلام، بغداد، ١٩٧٥.

٣٧- رائد فوزى داود، فكرة التدويل في القانون الدولي و تطبيقها في ضوء قرارات الآمم المتحدة المتعلقة بمدينة القدس، مركز الأمارات للدراسات والبحوث الأستراتيجية، بەبێ ساڵی چاپ.

٣٨- د. رشاد السيد، القانون الدولي العام في ثوبة الجديد، ط٢ ، مكتبة الوطنية، عَمان، ٢٠٠٥.

٣٩- د. سموحي فوق العادة، القانون الدولي العام، مطبعةالانشاد، دمشق، ١٩٦٠.

٤٠- د. صلاح الدين عامر، قانون التنظيم الدولي، ط٣، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٨٤.

٤١- صالح جواد الكاظم، مباحث في القانون الدولي، دار الشؤن الثقافة العامة، بغداد، ١٩٩١.

٤٢- صلاح سعدالله، المسألة الكردية في العراق، ط١، مكتبة مدبولي، القاهرة، ٢٠٠٦.

٤٣- د. عاكف يوسف صوفان، المنظمات الأقليمية والدولية، ط١، دار الأحمدي للنشر، القاهرة، ٢٠٠٤.

٤٤- د. عبدالحسين شعبان، السيادة و مبدأ التدخل الأنساني، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل، ٢٠٠٠.

٤٥- د. عبدالكريم علوان، الوسيط في القانون الدولي العام، الكتاب الآول، ط١، دار الثقافة، عمان، الأردن، ١٩٩٧.

٤٦- د. عبدالله عبدالطيف المسلماني، نظرات في القانون الدولي، مطابع عبور الحديثة، القاهرة، ٢٠٠٥.

٤٧- د. عصام العطية، القانون الدولي العام، مطبعة دار السلام، بغداد، ١٩٧٨.

٤٨- د. علي صادق ابوهيف، القانون الدولي العام، منشأة المعارف، اسكندرية، بەبێ سالّی چاپ.

٤٩- د. عائشة راتب، العلاقات الدولية العربية، ط١، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٦٨.

٥٠- د. عائشة راتب، النظرية المعاصرة للحياد، دار النهضة العربية، القاهرة،١٩٦٨.

٥١- د. عبدالعزيز سرحان، مبادىء القانون الدولي العام، دار النهضة العربية، القاهرة،١٩٨٠.

٥٢- عزالدين فودة، قضية القدس في محيط العلاقات الدولية، بيروت، ١٩٦٩.

٥٣- علي الحركة، الامم المتحدة والدول الصغيرة،الدار الجامعية للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٩٩.

٥٤- علي عباس حبيب، الفدرالية والأنفصالية في افريقيا، ط١، مكتبة مدبولي، قاهرة، ١٩٩٩.

٥٥- د.عبدالحسين القطيفي، مذكرات في القانون الدولي العام، مجموعة محاضرات القيت علي طلبة الصف الثالث في كلية الحقوق، ١٩٥١-١٩٥٢، مطبعة المعارف، بغداد.

٥٦- د.غازي حسن صباريني، الوجيزفي مبادىء القانون الدولي العام، ط١،دارالثقافة للنشروالتوزيع، عمان،٢٠٠٤.

٥٧- د. كمال سعدي مصطفى، حقوق الانسان، ط١، منشورات مكتب تنظيم البشمركة، مطبعة التربية، اربيل، ٢٠٠٤.

٥٨- د. مأمون مصطفى، مدخل الى القانون الدولي العام، ط١، بەبێ شوێنی چاپ، ٢٠٠٢.

٥٩- د.مفيد محمود شهاب، القانون الدولي العام، القاهرة، ١٩٨٥.

٦٠- د. محسن أفكيرين، القانون الدولي العام، ط١، دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠٠٥.

٦١- د. محمد السعيد الدقاق، عدم ألاعتراف بالأوضاع ألاقليمية غير المشروعة، دار المطبوعات الجامعية، اسكندرية، ١٩٨٤.

٦٢- د. محمد المجذوب، التنظيم الدولي، الدار الجماعية للطباعة واالنشر، بيروت، بەبێ سالی چاپ.

٦٣- د. محمد المجذوب، القانون الدولي العام، ط٥، منشورات الحلبى الحقوقية، بيروت، ٢٠٠٤.

٦٤- د. محمد حافظ غانم، مبادىء القانون الدولي العام، ط١، مطبعة نهضة، القاهرة، ١٩٥٦.

٦٥- د. محمد رفعت عبدالوهاب، الآنظمة السياسية، منشورات الحلبى الحقوقية، سوريا، ٢٠٠٥.

٦٦- د. محمد سامي عبدالحميد، اصول القانون الدولي العام ، ج٢، ط٦، دار الجامعية، مصر، ١٩٨٤.

٦٧- د. محمد سامي عبدالحميد، د.محمدسعيدالدقاق، د. ابراهيم احمد خليفة، التنظيم الدولي، منشاة المعارف، اسكندرية، ٢٠٠٤.

٦٨- د. محمد سعيد الدقاق، القانون الدولي، ط٢، الدار الجامعية، مصر،١٩٨٢.

٦٩- د. محمد طلعت الغنيمي، الاحكام العامة في قانون الامم، منشاة المعارف، الاسكندرية،٢٠٠٥.

٧٠- د. محمد طلعت الغنيمي، الوسيط في قانون السلام، منشأة المعارف، الآسكندرية، بەبێ سالّی چاپ.

٧١- د. محمد عزيز شكري، المدخل الى القانون الدولي العام وقت السلم، ط٣، دار الفكر، دمشق، بەبێ سالّی چاپ.

٧٢- د. محمدالمجذوب، الوسيط في القانون الدولي العام، دار الجامعية، بيروت، ١٩٩٩.

٧٣- د.محمد حافظ غانم، الوجيز في القانون الدولي العام، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٧٣.

٧٤- د.محمد يوسف علوان، القانون الدولي العام، ط٣، دار وائل للنشر، بەبێ شوێنی چاپ، ٢٠٠٣.

٧٥- د.محمد سامي عبدالحميد،اصول القانون الدولي العام، المجلدالاول ط١، مؤسسة شباب الجامعية، مصر، ١٩٧٢.

٧٦- محمد فهيم درويش، الشرعية الدولية وأزمة الخليج من الغزو الى التحرير، ط١، الزهراء للأعلام العربي، ١٩٩١.

٧٧- د. مصطفى الأنصاري، العراق و الأمم المتحدة، بنك المعلومات العراق، ١٩٩٨.

٧٨- د. مصطفى سيد عبدالرحمن، الوضع القانوني لمنظمةالتحرير الفلسطينية في الآمم المتحدة، ط١، دار النهضة، القاهرة، ١٩٨٨.

٧٩- مصطفى احمد فؤاد، النظام القانوني للاماكن المقدسة، كلية حقوق، جامعة طنطا، مصر، ١٩٩٠.

٨٠- د. منذرالشاوي، في الدولة، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٦٥.

٨١- د. مهدي جابر، السيادة والتدخل الانساني،ط١، مؤسسة O.P.L.Cللطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠٤.

٨٢- معتصم محمد احمد عودة الله، جغرافيا العالم الجديد،ط١، دار أجنادين للنشر والتوزيع، رياض، ٢٠٠٧.

٨٣- موسى جيل الدويك، القدس والقانون الدولي ، القدس، ٢٠٠٢.

٨٤- موسوعة المعارف الكبرى، اعداد:أ.يوسف نجيم، مجلد(١٥-١٧-١٨)، دارنوبليس، ٢٠٠٦.

٨٥- د. نادر محمد ابراهيم، تسوية منازعات المنطقة الأقتصادية ذات الطبيعة الخاصة، ط١، دار الفكر الجامعي، اسكندرية، ٢٠٠٤.

٨٦- د. وليد بيطار، القانون الدولي العام، ط١، مؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ٢٠٠٨.

٨٧- يوسف محمد يوسف القراعين، حق الشعب الفلسطيني في تقرير المصير،ط١، دار الجليل للنشر، عمان ، ١٩٨٣.

٨٨- د. يحيى الجمل، الاعتراف في القانون الدولي العام، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٦٣.

## ب- الكتب المترجمة:

٨٩- أدمون جوڤ، علاقات دولية، ترجمة: منصور قاضي، ط١، مؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٩٣.

٩٠- ج.أ.تونكين،القانون الدولي العام قضايا نظرية، ترجمة: احمد رضا، هيئة المصرية للكتاب، ١٩٧٢.

٩١- جيرهارد فان غلان، القانون بين ألامم، ترجمة: عباس العمر، ج١، منشورات دار الأفاق الجديدة، بيروت، بەبێ ساڵی چاپ.



٩٢- دانيل بورشتاين و ارنيةدي كيز، التنين الاكبر- الصين في القرن الواحد و العشرين، ترجمة: شوقي جلال، كويت، عالم المعرفة ٢٠٠١.

٩٣- رينة جان دوبوي، القانون الدولي، ترجمة:د. سموحي فوق العادة، ط١، منشورات عويدات، بيروت، ١٩٨٣.

٩٤- شارل روسو، القانون الدولي العام، ترجمة: شكرالله خليفة وعبدالمحسن سعد، بيروت، ١٩٨٢.

٩٥- هنري غريمال، حركات التحر الوطني في اسيا و افريقيا، ترجمة: د. صباح كعدان، دمشق، ١٩٩٤.

٩٦- هيلين تورار، تدويل الدساتير الوطنية، ترجمة: باسيل يوسف، ط١، بيت الحكمة، بغداد، ٢٠٠٤.

## ج- الرسائل والأطاريح الجامعية

٩٧- د. حسين الشيخ محمد طة الباليساني، القضاء الدولي الجنائي، اطرحة دكتوراه، مطبعة الثقافة، اربيل،٢٠٠٥.

٩٨- د.سالم يوسف الكسواني، المركز القانوني لمدينة القدس، اطروحة دكتوراه، كلية حقوق، جامعة قاهرة، ١٩٧٧.

٩٩- د. عبدالفتاح عبدالرزاق، مبدء عدم التدخل والتدخل في القانون الدولي العام، رسالة ماجستر، ط١، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠٢.

١٠٠- عبدالرحمن سليمان الزيباري، الوضع القانوني لآقليم كوردستان العراق في ظل قواعد القانون الدولي العام، ط١، رسالة ماجستر، مؤسسة موكرياني لطباعة والنشر، اربيل، كوردستان، ٢٠٠٢.

١٠١- د. عبدالمليك يونس محمد، مسؤلية المنظمات الدولية عن اعمالها والقضاء المختص بمنازعاتها، اطروحة دكتوراه، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل، ٢٠٠٥.

١٠٢- ڤالا فريد، المسؤلية المدنية الدولية عن جريمة الابادة الجماعية، رسالة ماجستر، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل،٢٠٠٤.

١٠٣- فراس علي حسن الجبوري، اشخاص القانون الدولي العام في ظل العولمة، رسالة ماجستير، جامعة الموصل، ٢٠٠٣.

١٠٤- محمد جمال الدين حسين العلوي، اسرائيل وتصفية الاستعمارفي الامم المتحدة، رسالة ماجستير، معهد البحوث والدراسات العربية،١٩٧٦.

١٠٥- د. نجدت صبري ئاكرةيي، الأطار القانوني للأمن القومي، اطروحة دكتوراه، ط١ مطبعة زانكو، اربيل، ٢٠٠٤.

١٠٦- ناصر احمد يحيى، تدويل حقوق الأنسان، رسالة ماجستير، كلية القانون، جامعة صلالدين-اربيل، ٢٠٠٦.

١٠٧- هيڤى امجد حسن، اثر عولمة حقوق الانسان على المبدء السيادة، رسالة ماجستر، مطبعة وزارة الزراعة، هەولێر،٢٠٠٧.

## د: البحوث والمحاضرات العلمية والدوريات:

١٠٨- أحمد المرشيدي، قضية التدويل وصراع القوى في لبنان، وتارى بلاْوكراوه ، مجلة (السيا سة الدولية)، عدد (٥٥)، يناير ١٩٧٩.

١٠٩- أريك لوبك، التاريخ السري لدبلوماسية الفاتيكان،ووتار، ترجمة: غسان العزي، مجلة شؤن الاوسط،مركز الدراسات الاستراتيجية والبحوث والتوثيق، عدد (٨٥-٨٦)، ١٩٩٩.

١١٠- اقليم دارفور: جذور الأزمة التاريخية و تطورات الصراع الدامي، وتارى بلاْوكراوه، جريدة السياسة، عدد ١٢٨٢٤، ٢٠٠٤/٨/١.

١١١- أزمة دارفور بين التسوية و التدويل، راپۆرتى رۆژنامەوانى، جريدة السياسة الكوتية، المركز الدبلوماسي للدراسات، عدد (١٢٨٩١)، ٢٠٠٤/١٠/٧.

١١٢- د.پشتيوان علي عبدالقادر، القيمة القانونية الدولية لقرار مجلس الامن الدولي المرقم٦٨٨ لسنة١٩٩١، باسى بلاْوكراوه، گۆڤارى زانكۆى كۆيه، ژماره(٧)، تشرينى يەكەمى ٢٠٠٧.

١١٣- د. حسن ابو طالب، حرب كوسوفو وحدود التغير في النظام الدولي، وتارى بلاْوكراوه، مجلة السياسة الدولية، القاهرة، العدد ١٣٧، تموز١٩٩٩.

١١٤- د. سعدي اسماعيل البرزنجي، المسألة الكوردية في القانون الدولي، وتارى بلاْوكراوه، مجلة (گولاْن العربي)، العدد (٠)، تموز ١٩٩٦.

١١٥- د. سعدي البرزنجي، تجربة أقليم الكوردستان في قولبة وبناء نظام القانوني للاقليم بعد انتفاضة اذار عام ١٩٩١ المجيدة، باسى بلاْوكراوه، گۆڤارى ياسا و راميارى، ژماره (٣)، ٢٠٠٥.



١١٦- عدنان ابو عودة، دارفورمن نزاع محلى الى مشكلة دولية، وتارى بلاْوكراوه، جريدة الحياة، عدد (١٥١٢٨)، ٢٠٠٤/٨/٢٨.

١١٧- علي أسماعيل نصار، بعد انفصال تيمور واشنطن تزرع الفوضى الأقليمية، مجلة شؤن الأوسط، مركز الدراسات الأستراتيجية و البحوث والتوثيق، عدد (٨٩)، ١٩٩٩.

١١٨- د.عامر عبد الفتاح الجمرود و د.عبداللة علي عبو، المحاكم الجنائية المدولة، توێژینەوه، مجلة الرافدين للحقوق، جامعة الموصل، ع(٢٩)، ٢٠٠٦.

١١٩- د. طالب رشيد يادكار، بعض الجوانب القانونية الدولية لآقليم الدولة، باسێكى بلاْوكراوه، گۆڤارى تەرازوو، ژماره (٢٩-٣٠)، يەكێتى ماف پەروەرانى كوردستان، ٢٠٠٦.

١٢٠- د. طالب كاكەيي، القانون الدولي العام كۆمەڵە وانەيەكن بۆ قوتابيانى ماستەر لە بەشى ياساى گشتى نێودەوڵەتى، كۆلێژى ياسا، زانكۆى سەلاحەددين، ٢٠٠٥-٢٠٠٦.

١٢١- محسن محمد المتولي، كورد العراق في المؤتمرات والمعاهدات والاتفاقيات الدولية، باسێكى بلاْوكراوه، مجلة سردم العربي، دار سردم للطباعة والنشر، سليمانية،عدد (١٠)، ٢٠٠٥.

١٢٢- د. محمد نورالدين، المسالة القبرصية امام مفترق طرق جديد، وتارى بلاْوكراوه، مجلة شؤن تركية، مركز الدراسات الآستراتجية و البحوث والتوثيق ، عدد (١)، ١٩٩٢.

١٢٣- محمد عثمان حبيب الله، شرق السودان بين مخاطر التدويل وافاق الحل السلمي، توێژینەوه، مجلة السياسة الدولية، عدد (١٥٨)، اكتوبر ٢٠٠٤.

١٢٤- ميلاد حسن، أزمة دارفور من التدويل الى السودنة، جريدة الأهرام، عدد (٤٢٩٦٧)، ٢٠٠٤/٧/٢٧.

١٢٥- نبيل عبدالعطى، جذور أزمة دارفور، الأهرام المسائي، عدد (٤٨٤٢)، ٢٠٠٤/٧/٣٠.

١٢٦- نجدت صبري عقراوي، الوضع القانوني للقطبين الشمالي والجنوبي في العالم، وتارى بلاْوكراوه، جريدة الجمهورية، العدد (٦٠٩١)، ١٩٨٦/٥/١٢.

١٢٧- نجدت صبرى عقراوى، نحو نظام قانوني للمسؤلية الدولية، جريدة الجمهورية، عدد (٦٣١٧)، حزيران١٩٨٧.

١٢٨-هانى رسلان، أزمة دارفور والأنتقال الى التدويل، توێژینەوه، مجلة السياسة الدولية، عدد (١٥٨)، أكتوبر ٢٠٠٤.

١٢٩- هكار اتروشي، طبعية الفاتيكان القانونية والسياسية، وتار، مجلة شؤون الآوروبيـة، مركز الدراسات الاستراتيجية، عدد (٢)، شوبات (٢٠٠٠).

## هـ- البحوث والمقالات الألكترونية:

١٣٠- علي الذكري، التدويل في القانون الدولي، وتاری بلاوكراوه لە سەر پێگەی ئەلكترۆنی:
<<http://www.siironline.org/alabwab/motamarat/011.htm>>
رۆژی سەردان: ٢-٤-٢٠٠٧.

١٣١- ڕاپۆرتێكی بلاو كراوه له سەر پێگەی ئەلكترۆنی:
<<http://www.china.org.cn/a-taiwan/index>>
رۆژی سەردان ٢٠-٥-٢٠٠٧.

١٣٢-تطورات ألآزمة القبرسية والصراع التركي يوناني، لێكۆڵینەوەیەكی بلاوكراوه لە سەر پێگەی ئەلكترۆنی:
<<http://www.mogatel.com/MOKATEL/Data/Behoth/siasia-askria-4/sera/1/Mokatel6-22-2.htm.>>
رۆژی سەردان: ٢٥-٨-٢٠٠٧

١٣٣- بەڵگەنامەیەكی تایبەت به سیستمی یەك دەوڵەت و دوورژێم، بلاوكراوەتەوه له سە پێگەی ئەلكترۆنی:
<<http://www.msnbc.msn.com/id/3037881/site/newseek>>
رۆژی سەردان٢٥-٧/٢٠٠٧

١٣٤- ترودي روبين، وتارێكی بلاوكراوه له ڕۆژنامەی (الوطن) بۆ زیاتر زانیاری بروانە پێگەی ئەلكترۆنی:
<<http://en.wikipe.org/wiki/main-page >>

١٣٥- باسێكی بلاوكراوه لە ژێر ناوی ( تدويل الاراضي المقدسة) لەسەر پێگەی ئەلكترۆنی:
.<<http://www.siironline.org/alabwab/aloda_culture/084.htm>>



رۆژی سەردان: ٢٠٠٧/٧/٣٠

١٣٦- احداث تيمور الشرقية في ربع قرن، ڕاپۆرتێكی بلاوكراوه له سەر پێگەی ئەلكترۆنی:
.<<http://www.islamonline.net/arabic/politics>>
رۆژی سەردان ٢-٤-٢٠٠٧

١٣٧- صهيب جاسم، الكنيسة و السياسة في (تيمور أرض الصلبان)، وتارێكی بلاوكراوەله سەر پێگەی ئەلكترۆنی:
<<.http://www.islamonline.net/arbic/politics>>
رۆژی سەردان:٢-٤-٢٠٠٧.

١٣٨- ڕاپۆرت له ژێر ناوی (الأنتخابات الرئاسية في تيمور الشرقية )، لە سەر پێگەی ئەلكترۆتی:
<<.http://www.kuna.net.kw>>
رۆژی سەردان:١٤-٨-٢٠٠٧.

١٣٩- ڕاپۆرتێكی تایبەت به بارودۆخی تەیمور، له سەر پێگەی ئەلكترۆنی:
<<http://www.almustaqbal.com>>
رۆژی سەردان: ٢٥-٧-٢٠٠٧.

١٤٠- ڕاپۆرتێك له ژێر ناوی (أول نموذج لدولة تبنيها و تحكمها الأمم المحدة)، لە سەر پێگەی ئەلكترۆنی:
<<.http://www.islamonline.net/arabic/politics
<< رۆژی سەردان: ٢-٤-٢٠٠٧.

١٤١- ڕاپۆرتی ڕێكخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە سیبتێمبەری ٢٠٠٠، ژمارەی بەڵگەنامەASA57/005/00 ، له سەرپێگەی ئەلكترۆنی:
<<http://amnesty.org/library/intex.htm.>>
رۆژی سەردان: ٢٥-٧-٢٠٠٧

١٤٢- ڕاپۆرتێكی بلاوكراوه لەسەر ڕەوشی مرۆیی لەتەیموری خۆرهەلات، له سەر پێگەی ئەلكترۆنی:
<<http://thereport.amnesty.org/ara/regions/asiapacific/timor-leste>>
رۆژی سەردان:٢٥-٧-٢٠٠٧ .

١٤٣- زانیاری بەڵگە نامەیی تایبەت بە تەیمور، لە سەر پێگەی ئەلکترۆنی:

<<http://www.unmis.org/arabic/documents.htm.>>

ڕۆژی سەردان: ١٤-٨-٢٠٠٧.

١٤٤- صهيب جاسم، ڕاپۆرت، لە ژێر ناوی (تيمور لوروساي...هندسة الطريق للأستقلال)، لە سەر پێگەی ئەلکترۆنی:

<<.http://www.islamonline.net/arabic/politics>>

ڕۆژی سەردان: ٢-٤-٢٠٠٧.

١٤٥- ڕاپۆرتێك لە ژێرناوی (استقلال دولة تيمور الشرقية)، لە سەر پێگەی ئەلکترۆنی:

<< http://vb.eqla3.com/showthread.php>>

ڕۆژی سەردان: ٢٥-٧-٢٠٠٧

١٤٦- رضا عبدالودود، الغموض يحيط بمستقبل كوسوفا، وتاری بڵاوکراوە، لە سەر پێگەی ئەلکترۆنی:

<<.http://www.ikhwanonline.com\article.asp>>

ڕۆژی سەردان:١-٩-٢٠٠٧.

١٤٧- هەواڵێکی ڕۆژنامەوانی لە سەر ڕەوشی کۆسۆڤا، لە سەر پێگەی ئەلکترۆنی:

<< http://www.barasy.com/index.php >>

ڕۆژی سەردان:٢٠-٩-٢٠٠٧.

١٤٨- علي عبدالعال، كوسوفا بين رحيل روجوفاوالتاهب للمستقبل، وتاری بڵاوکراوە لە سەر پێگەی ئەلکترۆنی:

<<.http://www.grenc.com/sho_article_main>>

ڕۆژی سەردان:٢٠-٩-٢٠٠٧.

١٤٩- احمد التلاوي، هل تعرقل ازمات صربيا الداخلية مشروع استقلال كوسوفا، وتارێکی بڵاوکراوەیە، لە سەر پێگەی ئەلکترۆنی:

<<http://www.mniaonline.com\show.phb>>

ڕۆژی سەردان: ١٥-٧-٢٠٠٧

١٥٠- على عبدالله الحمادة، محاكمة ومعاقبة مرتكيي الجرائم الكبرى امام القضاء الدولى، توێژینەویەکی بڵاوکراوەیە، لەسەر پێگەی ئەلکترۆنی:



<<http://www.barasy.com/index.php >>

ڕۆژی سەردان:١٥-٧-٢٠٠٧.

١٥١- د.طلال صالح بنان، أزمه دارفور..التدويل ليست خياراً، وتاری بڵاوکراوە لە سەرپێگەی ئەلکترۆنی:

<< http://www.okaz.com.sa/okaz/osf.htm>>

ڕۆژی سەردان:٦-٧-٢٠٠٧.

١٥٢- عبدالله ادم، الوجدان العربي يستيقظ على جراحات دارفور، وتاری بڵاوکراوە لە سەر پێگەی ئەلکترۆنی:

<<http://darfuronline.com/index.php>>

ڕۆژی سەردان:٦-٧-٢٠٠٧.

١٥٣- ڕاپۆرتی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ، لە ساڵی٢٠٠٤، بڵاوکراوە لە سەر پێگەی ئەلکترۆنی:

<<http://hrw.org/Arabic/docs/2004/05/07/darfur855.txt.htm>> ڕۆژی سەردان:٦-٧-٢٠٠٧

١٥٤- ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی، بڵاوکراوە لەسەر پێگەی ئەلکترۆنی:

<<http://www.newsbbc.com.uk/hi/Arabic/world-news/newsid4682000/46825040.stm>>

155- <http://www.en.wikipedia.org/wiku/list-of-united-national-security-council >>

156- <<http://www.un.org/arabic/sc/archived/scres/scres.htm>>

### و- القوانين والدساتير:

**١٥٧- ميثاق الأمم المتحدة**

**١٥٨- دستور العراق الفدرالي**

**١٥٩- مشروع دستور أقليم كوردستان**

**١٦٠- قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الأنتقالية**

ز- القنوات التلفزيونية:

١٦١- فضائية العربية

١٦٢- فضائية الجزيرة مباشر

## سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی

A: books

163. Charles. G. Fenwick, international law, third edition, new York.

164.Yditmeir,internationalisedTerritories,D.RER.Pol.A.W.Sythoff,Leyden,1961.

165. Ger hard van glahn, the law among nations: an introduction to publicinternational ,7 thed, newyork:macillanpublisingco,1996 .

166. Ian brown lie, principles of public international law, 4 thed, 1990.

167. James craw ford, the creation of state in international law, second edition,oxforduniversepress,2006.

168.J.G.starke,Anintroductiontointernationallaw,Butterworth.8co.publishers,LTD,London,1947.

169. Nkam bomugerwa, “subjects of international law manuel ; of public international law, edited by mat Sorensen, 1968.

170. Henry G.schermers & Niels M.blokker, international institutional law,Ed.forthrevised,matrtinusNijhoffpublicshers,Boston/leiden,2003.

171. web ster,s seventh new collegiate dictionary, U.S.A , 1965.



B: e. sites

172.Kosovobetweencovenants,anreportavailableat: <<http://www.islamonline.net/arabic/politics.>>accessedin:2-8-2007.

173. Kosovo.. poison killed in the emergence of Muslim, an report,availableat: <<http://www.islamicnews.net/document/showdoc08.>> accessedin:2-8-2007.

174. a better plan for Kosovo, an article by hurst hanhum, available at: <<http://www.asharqalawsat.com/details.asp>> accessedin: 2-8-2007.

## چوارەم: بەزمانی ئەڵمانی

175. Der Fischer Weltalmanach 2007: Zahlen, Daten, Fakten, Fischer Taschenbuch Verlag, Frankfurt am Main, 2006.

176. Stephan Hobe Otto Kimminek, 8Aufl, EinfÜhrung in das VÖlkerrecht, UTB, TÜbingen Basel, 2004.

# پوختە

باسەکە خوێندنەوەیەکی یاساییە بۆ ئەو هەرێمانەی بە نێودەوڵتی کراون و لە ژێر سەرپەرشتی کۆمەڵگای نێودەوڵتی بەرێوەدەچن . سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردن لە سەدەی (١٩) سەری هەڵداوەونەکەوتۆتە ژێر رژێمێکی یاسایی جێگیرو دیاری کراو، بەڵکو پشتی بەستووە بە عورفی نێودەوڵەتی. لەسەردەمی کۆمەڵەی گەلان و نەتەوەیەکگرتووەکان بەبێ ئەوەی لە چارتەکانیان ئاماژەی پێکرابێت کۆمەڵێك هەرێم بەنێودەوڵەتی کران و خرانە ژێر سەرپەرشتی رێکخراوی نێودەوڵەتی.

هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان بە شێوەیەکی کاتی و بەپێی پەیماننامەیەکی بەکۆمەڵ یان بریاری رێکخراوی نێودەوڵەتی دەخرێنە ژێر سیستەمەکە و لە چەك دادەماڵدرێن و لە باری بێلایەنکراوی دادەبن.

ئەو هەرێمانە مافی دیاری کردنی چارەی خۆنووسینیان هەیەو بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتیشیان دەکەوێتە سەر. هەروەها کەسێتیەکی یاسایی نێودەوڵەتی پاشکۆی ریزپەری کاتیان هەیەو دانپێدانانیش بۆیان بە کۆمەڵ و دورست کەرە. هەرێمە بەنێودەوڵەتی کراوەکان لە گەڵ کۆمەڵێك هەرێم کە سەروەریان ناتەواوە یان لە بارێکی تایبەتیان دان لەیەك دەچن.

لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد دەست تێوەردانی مرۆیی پانتاییەکەی فراوانتر بوو، ئەودەست تێوەردانەش بەنێودەوڵەتی کردنی کۆمەڵێك هەرێمی بەدوای خۆیەوە هێنا.ئەمەش لە هەرێمی کوردستان عێراق دەستی پێکرد، بەلاّم باری هەرێمی کوردستان نەکەوتە ژێر سیستەمەکەو وەك بارێکی دیفاکتۆمایەوە.

لە کۆتایش گەیشتینە کۆمەڵێك ئەنجام لەوانەش گرینگترینیان بریتیە لەوەی کە سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردن نەکەوتۆتە ژێر بنچینەی یاسایی جێگیرو دیاری کراو، بەڵکو سیستەمەکە



پشتی بەستووە بە عورفی نێودەوڵەتی. هەروەها گەیشتینە کۆمەڵێك راسپاردە لەوانەش گرینگترینیان ئەوەیە کە نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵبدات سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردن بخاتە ژێر رژێمێکی یاسایی جێگیرو رێکی بخات.

# الخلاصه

البحث عبارة عن دراسة قانونية تحليلية للاقاليم المدولة التي تـتم ادارتهـا مـن قبـل المجتمـع الدولي، حيث ظهر هذا النظام في القرن التاسـع عـشر، ولم يخضع لنظـام ثابـت ومحـدد، ولكـن تم الاعتماد على العرف الدولي في الاخذ بـه في عهـد عـصبة الامـم والامـم المتحـدة، دون ان تـتم الاشارة الى هذا النظام حيث تم اخضاع مجموعـة مـن الاقـاليم الى نظـام التـدويل تحت اشـراف المنظمة الدولية.

ان الاقاليم المدولة، تكون بشكل مؤقت وحسب معاهدة جماعية او قـرار منظمـة دوليـة يـتم اخضاعها لنظام التدويل ويتم نزعها من السلاح وتحيدها. لهذه الاقـاليم الحـق في تقريـر المـصير وتقـع عليهـا المـسؤلية الدوليـة وعليـه فانهـا تتمتـع بالشخـصية القانونيـة الدوليـة التبعيـة الاستثنائية المؤقتة. ويتم الاعتراف بالاقاليم المدولـة عـادة بـشكل جمـاعي و منـشيء. وتـشابه الاقاليم المدولة حالات اخرى متمثلة في الدول الناقصة السيادة والاقاليم ذات الاوضاع الخاصة.

لقد اتسع التدخل الانساني بعد انتهاء الحرب الباردة ، بشكل واسع، وهذا التـدخل ادى الى تدويل مجموعة من الاقاليم، وهذا ما بـدأ في اقلـيم كوردسـتان العـراق، لكـن بقـى وضـع اقلـيم كوردسـتان كـاقليم امرالواقـع(ديفـاكتو) لحـين سـقوط النظـام الـسياسي العراقـي الـسابق في ٢٠٠٣/٤/٩. لقد توصلنا في هذه الدراسة الى مجموعة مـن الاسـتنتاجات ومـن اهمهـا ان نظـام التدويل لم يتم تنظيمه وفق قواعد قانونية ثابتة ومحددة وانما تم الاعتماد على العرف الدولي بهذا الصدد. ومن اهم توصيات هذا البحث، انـه علـى الامـم المتحـدة ان تـسعى نحـو تنظـيم نظـام التدويل وتضعها في اطار قانوني ثابت ومحدد.



# Summary

This thesis encompassed a legal study of Internationalized territories which run by International society.Internationalization system appeared since 19th century although it was not overpowered by a certain and stable legal system, but it was built on International custom.In the era of League of Nation and United Nations, without indication of their charters, many territories internationalized and submitted to the supervision of International Organization.The internationalized territories will be submitted to the system, Temporarily and according to collective treaty or a decision by international organization and will be disarmed and also will be in neutralized state. All these territories have the right of self-determination and should comply with international responsibility. Also they have exceptional, emergency and subordinated international personality and the recognition to them is collective and constructive. The internationalized territories are similar to the other territories which have imperfect sovereignty or they in private state they have relationship with each other.

After the ending of the cold war, the humanitarian intervention has increased and this is led to internationalizing many territories. and that began in Iraqi Kurdistan region. But this region's condition was not submitted to the system, it remained as a unique private situation (de facto).

Finally we got several conclusions and the most important is that: the internationalizing systems of territories have not been submitted to a certain stable legal system, but they depend on international custom. Therefore the most important suggestion of this thesis is the necessity of placing the internationalization system by the UN, to the stable system and organizing it.